# گزینگ ۲۸

گۆڤاریکی ودرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە هاوینی ۲۰۰۰ (۱۳۷۹)


- ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆڵستان: وتوویژێکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیر و ڕۆماننووس: سەلیم بەرەکات
- چەند پرسیارێک لە ئەمیری حەسەنپوور لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی
- ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی (۲)
- خرنووکیش لە بیابانداا دەرختە!
- سەرێک و حەوت سەودا
- لاهووتی کرماشانی، شاعیری شۆڕشگێڕی ئێران (۱۹۵۷-۱۸۵۵)
- «تامی تاڵی قاوە...»، وتوویژێک لەگەڵ هونەرمەند: مستەفا دادار
- کورتە ئاوڕێک لە ژیان و بەسەرهاتی شاعیری ئازادیخواز و جوانپەرست ئێریخ فرید «Erich Fried»
- ڕەوشتی خێزان لە کۆمەڵی کوردەواریدا
- با شوێن پێی تاوانبار هەڵگرین
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، ڕاپانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## ئاگاداریی

بەمجۆرە، بە هەموو نووسەرانی بەڕێز و خوێنەرەوان و بەشدارانی خۆشەویست لە دەرەوە و ناوەوەی سوێد ڕادەگەیێنین کە ئادرێسی پۆستیی و ژمارە تەلەفۆن و فاکسی گۆڤاری گزینگ گۆڕاوە، تکایە لەمەودوا بەو ئادرێس و ژمارانەی خوارەوە پێوەندی بە گۆڤارەکەوە بکەن و، هەروەها سپاستان دەکەین ئەگەر ئەو خاڵانەش لە بارچاو بگرن:

ـ لە ناردنی نامە و بەستە و ڕاسپاردەی پۆستیی و بانکییدا، تکایە نێوی (Solaiman Chireh) بەرپرس و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بنووسن و لە یادی مەکەن.

ـ ئەو کەسانەی کە بەرهەم و نووسراوە بۆ گۆڤارەکە دەنێرن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ وەلامیان بدرێتەوە، تکایە ئادرێسی پۆستیی خۆیان بنووسن و فەرامۆشی مەفەرموون. وێڕای ڕێز و سپاسی دووبارە.

(گزینگ)


**Gzing**
**Valstavägen 62, 2tr**
**195 50 Märsta - sweden**

**Tel/fax: +46 - 08 59 11 36 50**
**Mobail:+46 - 070 23 59 687**

# گزینگ ـ ژمارە ٢٨

هاوینی ٢٠٠٠ (١٣٧٩)

## نێوەرۆک


ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆلستان: وتوێژێکی ئەدەبی لەگەڵ ٤
شاعیر و ڕۆمانnووس: سەلیم بەرەکات..... وەرگێڕان:..... هەندرێن
چەند پرسیارێک لە ئەمیری حەسەنپوور لە سەر مەسەلەی ئەتەوەیی: ١٤
..... موصلیح شێخولئیسلامی(ڕێبوار)
ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی (٢): ..... نازاد حەمە ١٨
خرنووکیش لە بیاباندا دردختە!: ..... د. حوسێن محەمەد عەزیز ٢٣
سەرێک و حەوت سەودا : ..... حەمە سەعید حەسەن ٢٨
لاهووتی کرماشانی، شاعیری شۆڕشگێڕی ئێران (١٨٥٥-١٩٥٧):..... ٣٢
نووسین و وەرگێڕان: ..... ئەنوەر سولتانی
«تامی تاڵی قاوە...»وتوێژێک لەگەڵ هونەرمەند:..... مستەفا دادار ٣٧
کورتە ناوڕێک لە ژیان و بەسەرهاتی شاعیری نازادیخواز و جوانپەرست ٤٢
ئێریخ فرید «Erich Fried» .... وەرگێڕان لە ئالمانییەوە: ئاکۆ ئەلیاسی
شێعر: شەڕنامەکانی «من»ی بەهەشتیی ..... جەمال غەمبار ٤٤
شێعر: دوو پارچە هۆنراوە ..... سارا ژوان ٤٥
کورتەچیرۆک: ئۆلیەنز ..... کوردان کەریم مەحموود ٤٦
کورتەچیرۆک: دوولی ..... مەرزە ٥٠
تەنزی کۆمەڵایەتی: لە کوردستانی سەربەرزەوە ..... ناسۆ بیارەیی ٥١
ڕکەبەرکێی ڕەنگاوڕەنگ: ..... پیرۆت ئەسکەندەری ٥٢
شێعر: چاوەڕوان ..... ئەحمەد دەشتی ٥٣
ڕەوشتی خێزان لە کۆمەڵی کوردەواریدا: ..... مستەفا قەرەداغی ٥٤
با شوێن پێی تاوانبار هەڵگرین: ..... سەلام عەبدوللا ئیبراهیم ٥٨
ڕاڤانی کتێب: ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ..... عەبدولقادری دەباغی ٦١
ڕەخنە: ڕەنجی شەهیدان، سەروەتی گەلە، با لە دەسکاریکردنی خۆ بپارێزین: ٦٤
..... سەعید سەقزی
ڕاڤانی کتێب: «ئێوارەی پەروانە» لە نێوان جەنگی عەشق و جەنگی فیکردا ٦٨
..... هیوا قادر
ڕاڤانی کتێب: ساتیر و هونەری ڕاوەژن و چەند پەیڤێک: .. فەخرەدین تایەر ٧٤
چاپەمەنی ..... ٧٦



ISSN 1104 - 3473 چاپ، کتێبی هەرزان: هاوینی ٢٠٠٠



**بەڕێوەبەر و بەرپەرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1



• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووبردنی ناستی ئەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.
• گزینگ، بە ناکاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکانا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.
• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ناست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.
• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.
• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناگێڕدرێنەوە.

# ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆڵستان

وتوێژێکی نەدەبی لەگەڵ شاعیر و ڕۆمانووس: سەلیم بەرەکات

**ئامادەکردنی: ناصر مونس و صلاح عبداللطیف**

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: هەندرێن

**پ: با مەحمود دەرویش بە غوونە وەربگرین، کە جارێک تۆی بە کەلەشێرێکی زۆڵاڵی زیندوو باوبێژکرد، هەرچەندە ئەویش نازانێت کەنگێ لە لای تۆدا ڕۆمانی گێڕەرەوە «السرد» دەستپێدەکا و کەنگێش شاعیریەتیش دوایی دێت. ئایا تۆ خۆت تخووبی ئەو دوو شوێنە دەزانیت؟**

بەرەکات: دوو چاوم هەیە هەمان دیەن دەبینن. چڕێتییەکانی گێڕانەوە «السرد» و، سێبەرەکانی شیعر لە پوختەکردنەوەی ئاماژەکانیاندایە. سێبەر بەبێ چڕێتی، بوونی نییە. چڕێتیش بەبێ سێبەر بوونی نییە. پەیڤەکان، بەبێ جیاوازی دانان، پۆڵێنکراوەکان لەبەردەم تەرازووەکەی ئاپۆرە دەکات: ئەوانەی کە لە لایەکی تەرازووەکەدا دانراون کە بۆ شیعر دەگونجێین لەهەمان کاتدا بۆ گێڕانەوەش «السرد» دەگونجێین. ئەز زمان لە ناسینی واژە، چین و پلەکاندا پۆڵێن ناکەم، ئابرووی هەندێکیان دەبەم و، ڕێز لە هەندێکیشیان دەنێم. زمان پێشبینیکەری کۆتایی خەیاڵ و، ڕۆشنایی گومڕاییە ڕوونەکەیەتی. خودی ڕۆشنایی لە بەربلاوییەکەدا دەرچوونێکە لە دیلی مانا و یاسایەکەی.

لەو دەرفەتە دۆستایەتییە بەرفراوانەیدا، بە جەستەیەکەوە بەردو لای دەچم، چڕێتییەکی هەیە کە کۆڵەکەی سێبەرەکەیەتی: ئەز لەناو ڕاڕەوەکانیدا سنووڕێک لە نێوان شیعریەت و لەنێوان گێڕانەوەی پەخشانیەتدا، بە نووسینەوە، نەک حیکایەتی، ناسناکەم. ئەزیش بەردو ناقارێکم تاکوو ڕۆمان لە شێوەی حیکایەتی ڕزگاربکەم، هەتا ئاماژەیەک و شەڕەنگێزی ئاماژەیەک ڕابگەیەنێ، بۆئەوەی مەعریفە لە پایەی بارەکاندا بێتە بەربلاوی و داڕێژراوییەکەی، بۆئەوەی تا دەتوانێت بەسەرنجڕاکێشییەکانی، تاڵانەکەی خۆی ببات.

دەکرێ ئیحاکانی شیعر ڕێکبخرێت، بەڵام نەک بە هەڵبژاردنی چەپۆکەوانەکانی سەرواکانی دێڕ و، بە بەجێهێشتنی گوتنگەلێکی وەک پێوەندییەکانی جێلەقکردن لە دۆزینەوەی بەرزەخە زۆر شاراوەکاندا، بەڵکە بە سەرچاوەیەک، کە ئەویش پەخشانی گێڕانەوەیە بەردو تاقیکردنەوەیەکی بالای جۆشبەدی، تا جوانی بکا و، گەرمی بکاتەوە و، بە کەماڵ و جوانی گومڕایی کە خۆی لە خۆیدا شیعرە دایڕێژیتەوە.

**بەمجۆرە پەخشانیەت بۆ شیعریەت کێڵدەبێتەوە، کە ئەویش وەک سیحر تایبەتمەندییەکەیەتی، هەر لەو کاتەی کە ئەزەل سیحر بووە، بوون سیحرە و، بوونەوەرەکان بە شکۆمەندی سەرهەڵدانیانەوە سیحرن.**

**پ: لە «کوللەی ئاسنین/الجندب الحدیدی»دا (ژیاننامەی زارۆکایەتی)ت نووسی و، لە «بە بەرزیەوە بمدەرێ / هاتە عالیا»دا (ژیاننامەی لاویەتی)ت نووسی. لێ، دەبێ لەم پێکهاتنەدا تەوەری ساتێکی سێیەمیش هەبێت؛ کەی لەسەر شریتی فۆتۆگرافیدا تۆمارەدەکرێ؟**

بەرەکات: نووسین بە چاوی زارۆکەکەوە لاساییەکی زامدارانە نییە، بگرە گەر وێنەکانیش زامدار و دڕاویش بن. ئەو کەسانەی کە لە دێڕەکانی هەردوو ژیاننامە دەرچوون، هەمان هەوالیان خوێندەوە، کە دەیانزانی لە بەرپرسیارییەکانی ئەخلاقی و یاسای پەیوەندییەکان بێ خەوشن. ئەو کەسانەی کە مەملەکەتی مەرەکەب نووسینیانەوە بچووک بوون، کە بالغەکان سزا نادەن.

بەتەمەنەکان، بۆ ئەو واقیعەی کە پەیوەندی بە بارودۆخەکانیانەوە هەیە بۆ خۆیان بیانوو دەدۆزنەوە. نووسینەوەیەکە نووسینی زارۆیە و لە فتوادان دانایی وەرناگرێ. هەروەک پێیان گوتم، گەر لەسەر ئەو شێوەیەی کە دەمامکی مەرەکەبم لەبەرکردن بە خۆیان خوێندیانەوە (یان بۆیان خوێندنەوە)، هەموویان پێکەنین. لێ، ئێستا ئەگەر من فتوام دابێ و هەوڵمدابێ زیندە نییە پچڕاوەکانم لە گێڕانەوەی ژیاننامەکانییان بهێنمە دەرێ، ئەوکات من لەسەر جۆخین(خەرمان)دا، حوکمی ـ با ـ م هەیە. بە هەمەحاڵ، نیازی ئەوەم نییە، لە قەزاوە بۆ قەدەرەکان ببمە چاودێر، کەچی خوای پرسیارکەر کە وەک پێشنیاز بۆ نووسینێک دەیڵێیم، کە ئازاردەر، یان بڕیندارکەر، یان پشتڵێکەر، یان ڕیسواکەر، یان تانەلێدەر، یان فراوانکەر، یان سەرگێژکەر، یان ئاشکراکەر، نییە. ئەز لەسەر دەیان مرۆڤ و، داپۆشینی خەوشەکان و، پارێزگاری ڕووتێتی و، زیان پێنەگەیاندنی ژیان، وێڕای بەختکردنی ئاسایش بۆ هاتوچۆی نێوان پەیوەندییە تێکچووەکان، بە بەخشراوی نووسینێک دادەنێم. ڕەنگە بتوانم ژیاننامەی سێیەمیش بنووسم، کە نیوەی بەخشراو بێ لە دارشتنی شتە



بچووک و، دڵە بچووک و، سەفەر و، هاوسێیە مێهرەبان و ڕەزاگرانەکانمان، وەڵێ، لەلایەک لە لایەنەکان ئەوانە ساختە دەردەچن. زامداریی، گێلیی، تووڕەیی، نهێنێتی، تووندووتیژی، کاروبارێکی لایەقدارن بەوەی ببنە پێشەنگی ژیاننامە؛ پەیکەرەکە بە شوێنی کێ بگۆڕمەوە؟

**پ: ئێمە وا دەبینین، کە ئەمڕۆ ئەوەی بە ئەدەبی باو ناودەبرێ، بە ئامێرێکی تەمبەڵ دەچێ،کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەوڵێکی فرە دەدات.. ئێمە بەرهەمگەلێکی فرەی عەرەبی ئێستاکە دەبینین، تەنیا بە دەگمەن نەبێ، هێشتا لە کێڵگەی گیانلەبەرەکانی نەچوتە دەرەوە (بارودۆخێکی بێ ڕادە بەرتەنگە، کەچی هاوکات غوونەی داهێنانە شیعرییەکانت خۆیان پێشکەش دەکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بەها ڕاگەیەنراوەی شیعر ببنەوە، کە لە مەرجەعە ڕەسمییەکانی ئاخاوتنەوە بلاوکراونەتەوە).**

**چامەکانی تۆ بە پرسیارێک هاوار دەکەن و نووسین جۆشدەدەن: تا ئێرە ئیتر بەسە، شیعر بەشی خۆی لە دەنگدانەوە وەرگرت. ڕای تۆ چییە؟**

بەڕێز: کە لە پەنجا و شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، خەیاڵی شیعر خەباتی دەکرد بۆئەوەی لەو بارە دابڕشتنە وێکچوونەی شیعری عەرەبی دەربازبێ، بۆ ئەمەش بۆ داوەتکردنێک سەنەدێکی وەرگرت، کە شیعر بتوانێ پشتی خۆی زیاتر بە زانستە مەزنەکان قایم بکات. هاوکات بۆئەوەی نەزمە خاوەکان لە نێوەڕۆکەکەیدا توانادار بێت؛ شیعر دەبێ ببێتە پانتایی گشت ڕۆشنبیرییەکان؛ لە تایبەتمەندیی شۆڕشگێرییە کۆپیکراوەکان ڕزگاری بێت.

ئەو خەیاڵە شیعرییە مەرام باشە، تەنیا گرێیەک یان نیو گرێی سەدەیەک زیاتر نەژیا، لە شەستەکانەوە تا سەرەتای هەفتاکان، پاشان شیعری (نامادەی شەرمنامە(!)/الغضه الاهاب) بەرەو ئاژاوە ڕۆیشت، ڤێجا خودی ئاژاوەش بوو بە فۆرمێک. ئاژاوەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە دەکرێ ڕێکبخرێ و، بەشبکرێ وەک چۆن «مەبەستەکان»ی شیعری وەزنکراو بەشدەکرا: کرچ و کاڵیی کە بناغەکەی لە سەر بۆشایی، نەزانییەکی تەواو لە زماندایە لەلای ئەوانەدا ڕسکانێکی کوێرانە بەرەو نەزانی لە کەلەپووری ڕابردوودا هەیە، جگە لە زانین لە کەلەپووری هەنووکە نەبێ. ئازابوون لەسەر سووک و سانایی. بۆ ئەم گاڵتەجاڕیکردنە بە شیعر هۆگەلێک هەیە، هۆیەکەش لە بنەڕەتدا بۆ «مردنی ڕەخنەی ئەدەبی» دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵکردنی گێژەنی سامانی نەوتی عەرەب، کەمێک بەر لە ناوەڕاستی هەفتاکان، ڕۆژنامە و، گۆڤارە پرۆپاگەندەچییەکانی ڕژێمەکان گەشەیان سەند. زۆربوونی ئەو کاغەزە بە مەرەکەب چاپکراوانەی کە بەنرخی هەرزان کڕدراون و، تەقلیدی کردنەوەی بەربلاوی لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکان بوو بە واقیعێک لەسەر ئەو گەڕەلاوژەیە. دامەزراندنی فەرمانبەران گەیشتە ئاستێک کە هەرکەسێک بتوانێ، بەبێ هیچ شارەزاییەک، لەو چاپەمەنییانە دابمەزرێن. «چالاک»ی بوو بە ڕوانگە، ئەو پێوانەیەی، کە تا چەند دەتوانێ ئەو لاپەڕە پان و پۆڕانە پڕبکاتەوە، کرا بە سەند بۆ پیشەی نووسەریی. نرخاندن کوژرا، هاوەڵی هەڵبژاردن، هۆشمەندیی ڕەخنەی کوشت. هەڵبژاردنی بە باشتردانانی نەزمە نەخوێندەوارەکان بەو سەرنجانەی کە لە زمانی بەگشتیکردنی تەمبەڵیی، کە لەسەر هەموو دەقێک بگونجێ، بۆ چێژ وەرگرتن دەستی بە بانگەشەی ساختەکاری کرد.

بەر لەو نەخۆشییە، چەند گۆڤارێکی دەگمەن هەبوون، بە ڕێژەیەکی زرینگانەی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی دەق، ئەرکی «ڕێنیشاندەر»ی چێژیان ئەنجامدەدا. چەند ئەدیبێکی کەم هەبوون کە لە پیشەی خۆیان پسپۆر بن و، ڕۆژنامەکان بەڕێوەببەن، نووسەرە ئەماتۆرەکان بە زانیاریی دەقەکان نەدەویران، کە بە بڕوادارییەوە پێشکەشیان بکەن. ڕەخنەگرە شارەزاکان لە کەرەسەی زمانەکەیان پەرش و بڵاو بوون. ئەوان لەناو ئەو ئاپۆڕەیەی کە بەردو یاریگە چوون، شەکەت بوون و توانەوە، ساویلکەکان بەبێ شارەزابوون لە کێشەکان ڕەخنە لە شیعر دەگرن، بێ ئەوەی لە زمانەوانی تێبگەن، ڕەخنە لە زمان دەگرن. پسپۆریش «الفقه» خۆی لە خۆیدا گوتنە لە زانستی قوفڵدراودا.

چۆن جیاوازییەکانی بونیاتی زمانەوانی، لە نێوان یەکێک و یەکێکی تردا، دەزانن؟ وێڕای ئەمەش ڕەخنەگرەکان چێژی شیعریی حاڵی حازر و، «لێخوڕی» نەزانییەکانن.

هەڵبەت، لە هەموو سەردەمێکدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەمان غوونەیە کە دووبارە دەبێتەوە. بەرهەمی باش و ڕاستەقینە دەگمەن دەبێ، هەمیشەش غوونەی بەرهەمی میراتهەڵگر، باو و داسەپاو دەبێ. بەڵام نێستا نەزانی لە پۆلێنکردنی دەقەکاندا، هەموو نەزانییەکی بێدارکردۆتەوە. بەمجۆرە بەهۆی ئاسانکردنی ئەوانەی کە سەرپەرشتی بلاوکراوەکان دەکەن، بلاوکردنەوەش بارێکی لە ڕادەبەدەری جەڵەبی وەرگرتووە. پەیوەندییەکانی شاعیرە خاوەن کەسایەتییە کرچ و کاڵەکان وایلێهات لەپێناوی ڕێخۆشکردن بۆ کتێبە هەلهەڵە بۆ کراوەکان و، ئەو وتارانەی کە بۆ پەسندانی باشی دەقێکەی دەنووسرێت لە ژمارەدا بەدەرن. لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، خوێنەری ڕاستەقینە، نادیار، ئاژاوەکە ڕەتدەکاتەوە، ئەم جۆرە خوێنەرەش لە ڕۆژنامەکاندا لەپێناوی نووسینی پیاهەڵدەر، کار ناکات، بە خوێندنەوەی خولقێنەرانەکەی دەقەکەت، کە

دەقەکەی تۆ تینووی نەوە، بە دڵنەواییەوە پیرۆزبایی لە ڕۆحت دەکا.

**پ: لە دوا دیوانەکەت (سەرکێشیی یاقووت/ طیش الیاقوت)دا «بە پۆڵێنکردنی تاڵانەکان» دەستپێدەکەی و، بە زمانێکی خەیاڵاندن لەگەڵ مەرگدا دیالۆگەکان دەخوێنینەوە، هەروەک مەرگ خۆی کردار بێت، یان مەرگ خۆی ئامادەییەکە کە تیایدا نیشتەجێین. ئەوەش کەڵێنێکە نەک چوارچێوە، ئەو شاولەیە کە ئاسۆی دەقەکە پشتی پێدەبەستێ. ئایا چونکو دیمەنەکە ناگۆڕێت؟ یان چونکو ئێستاش خەیاڵمان پڕە لە ئاشی وهمی و، کەڵەشێری مالیکراو، تائێستایش لەناو دیمەنە نەبەستركتەدا ماوینەتەوە بە پەیکەرێکی گەردن شکاو دەچین؟**

بەڕێز: خودی جەستەیە کە مەرگ دروستدەکا. لەم داهێنانەی کە بە مەرگ ناوی دەبەین، بە لەکارکەوتنەکەی ئامێرە حەشاردراوەکەی دەستپێدەکا. لەوێدا مەرگ بە نائامادەییەکەی، نادیارییەکەی، نادیارییەکەی لێڵ نییە. ئەو زوقمە چاوەڕوانە بۆڵای تۆ نایێ. ئەو دیلی تۆیە: دیلی شانەکانتە. لە کۆتاییدا کە پێشکەشی یەقینەکەی دەکەی لەدایکدەبێتەوە. بوونەکەشی دەبێتە دەستکەوتێکی ئامادە. بەبێ بوونی تۆ ئەویش نابێت. ژیانی تۆ مەشقکردنە بۆ ئامادەکردنی مەرگ تاکو پەیدابوونێک بە ساغی دەربازبێت. هەر لەو کاتەی کە تۆ دەمامکی زیندوویەتیت پۆشیوە تۆ خۆت مەرگەکەی، چونکو هەموو ئادەمیزادێک لە خودی خۆیدا دووردەکەوێتەوە، کە ئەوەش لە پەیوەندییەکانیدا نەریتێکە لەگەڵ بوونەوەرە زیندوو و بەستەڵۆکەکاندا، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی خۆی و پایەکانی بناسێ، ئادەمیزاد ـ پێویستە ـ بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە مەرگ بناسێ، چونکو مەرگیش بوونیەتی.

باغچە، شەقام، لۆری، تۆز و با، بێهوودەیی، یەقین، گشتی، ساکار، ناکار، دۆستی کێ، برادەر، دۆستایەتی، زەوی، خودێ، نامەعقوول، شفافیەت، ڕۆناکی، تاریکی: هەموویان بەشێکن لە خودە تاکەکەی تۆدا. ئەزیش گەر لە بەشە چکۆلەکاندا لەگەڵ مەرگ دەدوێم ئەوە ڕێژەیەکە لە بوونم؛ بەڵکە لەگەڵ خودی خۆمدا دەدوێم، کە لە شەستەکان و، خوڵقاندنەکاندا دابەشمکردوون، کە ئارەزوو ئامێزانە لە ناوکۆیی دەستپێکردنەکەیەوە ـ مەبەستم زمانە ـ بیگێڕمەوە.

**پ: لە زۆربەی دەقە شیعرەکانتدا وشەگەلێکی وەک «کەڵە»، «بزنەکێوی»، «وەشەک/الوشق» دەبینرێن، کە چەمکی «نازادی» و «درندایەتی» و «دژواری»یان بەیاد دێنێتەوە. لێ، ئاکارەکانی زمانی دەلالیەتی کەڵەشێر کە چەمکی «مالیکردن»، یان «لێزانی»مان بەیاد دێنێتەوە. ئایا تۆ هاوڕای لەگەڵ ئێمەدا، کە غوونەی دەلالی «بازیار»، کە لە کۆشیعری «البازیار»دا پێشنیازت کردووە، کە زۆربەی بەرهەمەکانت لەدەورەبەری خۆیدا دەچنێتەوە؟**

بەڕێز: ڕەنگە، گوتنگەلێکم هەڵبژاردبێ کە دەلالەتی گیانلەبەر بگەیەنن، کە ئەمەش لە نێوان پەیڤەکاندا لە کاکڵەی خەیاڵی لێڵی منداید. دەکرێ ڕۆیشتنم بۆڵای گیانلەبەر «لە زۆر وتار و ئاخاوتنەکان» لەبەرئەوە بێ کە «گیانلەبەر» بە تەماهیەکی ڕەها لەگەڵ غەریزەدا خودی نازادی یە. بۆ پێویستییەکانیش یاسای بچووک هەیە، هیچی تر نا. ئەمەش لە خودی لێپرسراوییەکانی ئەویتر بێ خەوشترە. لەسەر ئارەزوودا بێدارە، نەک لەسەر شتی تر. ڕوانینەکەی وەک خەیاڵ بەسەر نەزانیبوونە نەجیبزادەکەیدا بەرهەڵدراوە؛ لەنێوان بوونەوەرەکاندا ناگاییەکەی دەبێتە وەفاداریەک بۆ ئامادەیی سەرهەڵدانە فەرهەنگییەکەی. سروشت بۆ عەدەم وەفاداریەکەی بە پوختەکراوەیی ڕادەگەیەنێ، کە لە بیرۆکەیەکی کۆیردا هاتووە. پەرینەوەیەکی بێ هەرا و زەنا، یان لاواندنەوە، یاخود پەشیمانبوونەوەیە. بێ ئومێد و بێ ڕەشبینی یە. ئەو سەهوویە کە لەدەرەوەی فیکری هەڵە یان ڕاستدا سەریهەڵداوە، سەهوویەکی ڕاستیش، جوانترە، پڕە لە ڕۆڵی کۆیرانەی بێگەرد. گیانلەبەریش ناوەگڵ نییە.

پێویستە چەمکی «مالیکردن» بەشێوەیەکی تر تەماشابکرێ، کە من پێموایە لە پەیڤی «هاتنەگۆ» وەفادارترە. من نامەوێ درندەیەکی نەجیبزادە مالی بکەم، بەڵکە من هاتنەگۆی چیەتی«ماهییات»ەکانم گەرەکە. ئەمەش مانایەکی تری بۆ ڕاو کە نزیکە لە «دەستبەسەرداگرتن»ی جادووگەر بۆ تایبەتمەندییەکانی، لای من «البازیار»یش هەمان شێوەیە. من مەبەستم مانا تەنویلیکەیەتی، لێ ئەو دیمەنە سروشتییەی، کە بەسەر زۆرانبازییەکەیدا بەرانبەر ئەنجامدانی بازی ڕاوکەری ناوەڵا دەکەم، ڕەنگە سەرکەوتنی تەمتومانی هەست بگەیەنێ، هۆیەکەشی وێنەگرتنی هەستکردنەکەیە، دەڵالەتەکەیە. لێوردبوونەوەی ئەو تێگەیشتنە ڕاستدەکاتەوە.

**پ: چامەی «مەهاباد»ت سروشتێکی نوێی هەیە «واقیعیانەیە»، لەم چامەیەدا وێڕای ڕامانی دەلالەتیانە دەلالەتی ئیدیۆلۆژیی لەخۆیدا هەڵگرتووە.**

**شوێن، کات و فیکریەت دەنووسێتەوە و، شوێن دەپارێزێ و، بەهۆی ئەمەشەوە ئەوەی کە داپۆشراوبوو، شوێنەکە ـ مەهاباد ـ بۆ ئێمە دەردەخات.**

بەڕێز: وابزانم لەم پرسیارەدا بەسەهوو چوونێک هەیە. ئەز شوێنێک بە خەیاڵ ناکەم کە تایبەت بێ بە دەلالەتی گوتن لە «مەهاباد»دا، کە لە نیوەی ئەم سەدەیەدا بەم ناوەش کۆماری کوردی ناودێرکرا.

واقیعیەتی هەبوونی ئەم کۆمارە و، ڕووخانی پاش چەند هەفتەیەک لەدوای دامەزراندنی، چەند جیاوازییەکی تێدایە کە تایبەتە بە ڕووحی کوردییەوە. لەو کاتەی کە کوردان بە کۆمەڵ بە کیمیا قەسابخانەیان بۆ بەرپاکرا، ئەو ناوە «مەهاباد»م وەرگرت، هیچی تر نا. بەڵێ ڕووداوێک بوو. بەڵام ناکۆکیی ناوکۆیی «السیاق»ەکەم بە تێکەڵاوکردنی واقیعیەتەکانی ئۆلومپیادەکان بونیاتنا، کە لەو ساڵەدا ئەنجامدران. ئەوە بوو من چامەکەم بە «ئۆلومپیادەکانی خوا» پێشکەشکرد، ئەو قەدەرەی کە ماندوویەتی دوژمنی دۆڕاو لە نێوان هاوباریکەرانی جەختدەکاتەوە، قەدەرێکە کە بە هانکە هانک لە یاریگەیەکدا ڕادەکا، بازنەکەشی لە سنوور بەدەرە. مەبەستم کورد (بێ بوونی هیچ ئاماژەیەکی نیدیۆلۆژی لە بوونی چامەکەدا) هەموویان بەر لەوەی یاریبەکە ڕووبدا بەرانبەر حوکمڕانەکان حوکمیان دەکرد. ئەز «پلان»ێکی لۆژیکی بۆ ئەم تەفسیردم پێشکەشدەکەم، چامەکەش لەوە دوورترە. ئەو چامەیە ڕاستیی ژانە

بالادارەکانە.

**پ: وا دەبینرێ کە دەقە شیعرییەکانت زۆربەیان خۆیان لە بناغەیەکی چەمکی تەنویلدا دەبیننەوە، تۆش نێوان سیمۆتیکی سومبولەکان و سیمۆتیکی دەق یەکدەخەی. ئایا تا ئێستاش لەسەر پەیرەوکردنی ئەو خیتابە خەریکی و لێی بەردەوامی؟**

بەڕێز: چامەکانی من لەسەر سەرکێشیی بەرفرەی خەیالدا بونیاتنراون، ڕەخنەش دەبێ بە تایبەتمەندییەکانی تەنویلکردن ڕێگەیەک بۆ لێنزیکبوونەوەیان بدۆزێتەوە، کە ئەمەش خەسڵەتێکی هاوماناى خوێندنەوەکانی «دەقی سیحری»یە، کە لە هاڵاوی ماناوە نموونەی زمانەکەی دەستپێدەکا: ئەز و گەردوون لە ڕووبەڕوو بوونەوەدایین بۆ بە پڵەکردنی لوغزەکان. یەقینیش کە بوونی نییە. سەرگێژی کەینونە بە نامێرەکانی ناوەزێکی یاسا نامێز سەرهەڵدەگرێ کە لەوێدا چامە لەپێشەوەیانە، ئەزیش قەزا «چارەنووس»ی هەڵاتوو دەگێڕمەوە.

**پ: ناونیشانی کۆشیعرەکانت «بگرە ڕۆمانەکانیشت» بریتێ لە وێنەیەکی تەنویلکراو. بە هەستێکی ڕۆشنەوە لە بەیاننامەیەکی زەینی وسفکراو دەچن. بەڕەکات چۆن دیاری بە ناونیشان دەبەخشێ؟**

بەڕێز: لەڕاستیدا، ناونیشان خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. ئەو ناونیشانەی کە دەگونجێ بۆ کتێبێک، دەکرێ ناونیشانێکی تری هەبێ. هەمووماڵ رستە لە کلیلەکەیەوە بەسەر دەرگەی دەقدا سەردو ژێر دەکەینەوە. یەکێک لەوانە بە قوفڵی ڕامان دەچێ. یەکێکیش جا هەڵە بێ یان ڕاست، هەڵبژاردنە دڵنیایەکەتە، گەر تۆ تیرەکەت بە چاکی بەردو ناخی مەرەکەبەکەت پاڵنا. لە نێوان شیعر و ڕۆماندا «شەکەتی» هەڵبژاردنی ناوی دڵنیا بۆ وەرەقە لەدایکبووەکەت جیاوازی هەیە. ڕۆمان بۆ درەخشانەوە و ڕزگاربوون پێکڤە بەربەیانێکی نامێتەیە. روانینی پێوانەکارەکە تخوبی دەستنیشاندەکا و، بۆ پێوانەیەک کە بەشی داپۆشینی شەو بکا پێتە پێویستەکان دیاریدەکات. شیعر کۆمەڵێ گوڕزەیە، ئەمەیە کە سەر گێژ دەکا: چۆن بە تاکە بەرقێک فەزای تەمتومان(سدیم)ە پانوپۆڕەکەت ناودێردەکەی؟ دەکرێ لە پێتێکی تردا مەسەلەکە ئاسانتر بێ، جا کەسێک هەیە لە گونجانی کتومتی ناوەکە لەسەر ناولێنراوەکە لێت ناڕازی بێ، چۆنت دەوێ، بە داڕشتنێکی کەمتر یان زیاتر؛ بە ناناشکرایی یان ناشکرایی ناوێک لە کتێبە شیعرەکانم بنێ. نا، بەتوانادارییەکی خۆم بڕوادارم، پێویست بە کەسێکی تر ناکات، هەراوزەنای تەمتومانەکەم، وڕێنەدەکا، کۆبۆتەوە، بێ پێوەندە، یەک مەرەکەبە ڕەنگ هەڵبژاردنی تیادا دەگونجێ. ناونیشانی کۆشیعرەکانم ڕەنگی خۆیانن.

**پ: چامەکانت.. «کێڵگەیەکی فەرهەنگین»، کەسانێک هەن کە پێیان وایە سەلیم بەرەکات ڕەوانبێژییەکی زۆر بەکاردێنێ. شیعری عەرەبیش، بەدرێژایی مێژوویەکەی، ڕەوانبێژی بارەکەی گرانکردووە، ئێمە دەبێ ئێستا لەم خەسڵەتە ڕزگاری بکەین. تۆ چۆن وەڵامی ئەو بانگەشانە دەدەیتەوە؟**

بەڕێز: وا تۆ خۆتان بە بانگەشە ناویان دەبەن. راستییەکەی هەروایە. لێ، ئەز دەمەوێ ئەوە ڕوونبکەمەوە. شیعری من لە زمانەوانیی زمان و، پرۆڤەی گوتن «لفظ» و، ڕێبازەکانی خستنەڕوو سەرچاوەی گرتووە، کە بۆ ڕەخساندنی وتەی شیعری بارە هەڵگرتووەکان ناودەنێ.

ئەوە یاساگەلێکە زاڵ دەبێ بە سەریدا تاکو لە ساختمانی کەسێک نەچێت. کاتێ وێکدەچێ دەبێتە جۆرێک. کاتێکیش بەخشینەکەی دووبارەدەبێتەوە لە دەستەپاچەیی بێ قسەییدا خودی تۆ ڕەتدەکاتەوە.

ئەگەر من واز لە ڕەوانبێژی بێنم، ئەو کاتە دەبێ واز لە هەموو زمان بێنم، چونکو پەیڤەکان لە سەلەفەوە بۆ دواوە ڕێشاژۆ بوون. بەڵام، هەڵبەت، دەبێ لە نوێکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان گوتنەکانەوە بەردو وێڵیی شیعری بەزەییدار بڕۆین، هەرچی وشە هەیە لە بەشارکردنی ماناداً لە دانیشتنێکی تردا دایبنێین. ئەوانەی کە بە گوتنەکان هاوێریان دەکەین، بە بارتەقای ڕزگارکردنی ئەو گوتنانە لە دیلێتی بەکارهێنانە توندوتیژییەکانیاندا لە ناوکۆییەکی دوور و درێژی میراتەوە، کە ئەوە ڕەوانبێژیی «دووەم» بەرهەمدێنێتەوە.

پێشەنگە مەزنەکان، لە "والت وایتمان"ەوە هەتا "سان ژۆن پێرس" و "ئێلیۆت" (دەبوورن لە دیاریکردنی ناوەکان) «دۆزینەوەی» زمانی ئەوان بەوە پێوانە دەکرێ، کە ئەوان بۆ وشەگەلێکی وەک «بێبایەخ» و «درندە»و دەستلێنەدراوەکان دەگەڕانەوە، پسپۆرییەکانی ئەوانە لە ناوکۆیی(سیاق)یکی نەمردا ڕۆشناییەکی نەمرە.

«عەرەب»ی «ئێستاکە» گلاوییەک لە وشەگەلی «درندە» و «بێبایەخ» و «نامۆ» دەبینێ کە «نوێگەری» بێگەرد لێیان نزیک نابنەوە(!!). زمانی «ڕاکردوو» لە خەیاڵە ڕابردوویەکەیدا، لەکوێوە دەتوانێ بە درندەیی و هۆگرییەکەی: بێبایەخ و بەکارهێنراوییەکەی؛ بە نامۆ و نامۆییەکەی، ئایندەیەک بە زمان دروستبکات؟ زمانی «نوێگەرەکان» بەو بەرهەمانەی کە بەرهەمی دێنن، لە جۆری دووپاتەیەکی مردووی بێ خەیاڵ و بێ ئومێددا، لەکارەدەکەون.

شیعری کۆییکراو و وێکچوو، بۆ هەر ڕۆمانسییەکی عەرەب تا ڕادەی بەزەیی پێپاتن گوتن (لفظ)یکی هەژارە. ئەوانە [نوێگەرەکان] بە ناگادار بوونیان لە «زەنگینی» شاعیری ڕۆژئاوا بەرزەفڕ دەبن، بێنەوەی سەرنجبدەنە ئەو کۆڵەمەرگی و شەونخوونییەی کە ئەو شاعیرانە بۆ پاراستنی زەنگینیی زمان و، پەیامەکەی تەرخانیانکردووە.

بە عەرەبی دەنووسین، عەرەبیش ڕێسای خۆی هەیە. بە پێ دەڕۆین، هەنگاو هاویشتن و، شێوەکانی ڕۆیشتن و سەما و واقیعی هەنگاوەکان ئەوە دیاریدەکەن، لێ پێیەکان لەزیان نییە. زمان وریابکەیتەوە وریاتدەکاتەوە. کەرامەتی پێشێل بکەی کەرامەتت پێشێل دەکا. ڕەوانبێژی قیبلەنومای چاوقایمی زمانی تۆیە. هەر لەگەڵ ئەم ڕەوانبێژییە دەمێنمەوە بۆئەوەی ئامادەبووان زمانەکەم بناسن، ئامادەبوونیش ئامادەیی بەدواوە دێت کە ئەویش ئایندەکەمە. ئەمەش هەوڵدانە بۆ بەشکۆمەندیکردنی شیعر، کە هێزەکەی زمانێکی فرەوان و چێکردنی

ڕەوانبێژی یە.

**پ: لە فەلسەفەی تیۆرییدا بە برایەتی هەموو بوونەوەرەکان دەپەیڤی، ئێمە دەبینین لە زۆرینەی دەقە شیعرییەکانتدا پەیوەندییەکی ڕوحی و مادی لە نێوان بوونەوەر و، گیانلەبەر و، کانەکان و، بەردەکان و بگرە هەتا نووسینیشدا هەیە. تۆ چۆن ئەو کۆکردنەوە سۆسیۆلۆژییە پڕ لە هاوئاهەنگییە دەئافرێنی، کە کتومت بە نیشانەکانی فەلەک و، ئەستێرەکان دەچن، بگرە دەقە شیعرییەکانت بە جادووگەر دەچن. گەلۆ، بەلای تۆوە شیعر هونەری مەزەندەیە، یان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئەودیوی چارەنووس؟**

بەڕکان: شیعر، هەروەک نووسەرە کۆنینەکانمان دەڵێن، ئەو کێڵگەیەیە کە هەموو زانیارییەکی تیادا گەشەدەکا. هەڵبەت، «کێڵگە»یەکیش بەو فەرهانییەوە، هەرگیز بوونی نەبووە، تەنیا گەردوونی گەردوون نەبێ. ئەزیش لەناو ئەم بوونەدا فەلەک و ئەستێرەکان، ڕەوانی و، بەرزەخەکان و، گوڵەئەستێرەکان و، ناسکییەکان و، داخراوی و ناسۆکانی ئەودیوی داخراوییەکان و، دۆزینەوەکان و، ڕافراندنەکان و، سەرنجکێشی و تریوەکان و، هەرتەقە و ڕابواردنی سەرواکانم، گشتیانم تیادا کۆکردۆتەوە. خودی شیعر، زمانی ئەو یەکەم سەرگێژییەیە کە خودی ئامادەبووە بینراوەکان لە چاوکردنەوەی دەرەوەیاندا ڕووتەدەکاتەوە؛ واتە شیعر زرینگانەوەی ڕوودانی نەشناسراوەکانە: تۆمار کردنێکی وردێنەکردووی دەرپەڕووی تریشقەی گەردوونە، لە نەبوونی «عەدەم»دا. هەموو شتێک، لە دیدی شیعرەدا، لەسەر ئەو پرنسیپە نهێنییەی کە لە خۆیدایە، سیحرە. هەموو شتێک لە سەرگوزشتەی ناوەکیی چاوەڕوانهێنانە نامەعقولییەکەیدا، بازنەیەکە، شیعر هونەری مەزەندە نییە، چونکو خودی مەزەندە زانستەکان دەهێنێ تاوەکو مەزەندەکەر شکۆدار بکات. شیعر گەیشتن نییە بە ئەودیو، چونکو زمانی ئەودیو بوو بە ڕووداوێک.

شیعر بۆ بۆشاییەکەی خۆی کە شێوەگەلێکی بینراوە لە بوونی بینراوی توانایی و قەدەرەکانماندا. لە نێو شیعردا گوزارشت لە گشت شتەکان دەکرێ و گشتیان دەفراژێن. هەندێک ئەو تایبەتمەندییە بە هەق «یەکێتی بوون» ناودێردەکەن، لەوەش زیاتر شیعر «یەکێتی نهێنی یە».

**پ: لەلای تۆدا ڕۆمان لە شیعر ئاڵۆزتر، بە مەسەلەکانی سیمۆلۆژی دەڵەمەنەدکراوە، وێرای ئەمەش لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمی ڕۆمانت لە شیعر زیاترە. بۆچی؟**

بەڕکان: ئەز لە سی و دوو ساڵیمەوە، لەسەر ڕۆمان خەریک نەبوویە بۆنەوەی خولیای «ئەزموونگەریی» نەنجام بدەم. ئەز، لەو کاتەوە، لە هەر دوو ساڵێکدا بەرهەمێک تەواودەکەم، لەمەشدا، بێ وچان وەک وچانی سەعات، بێ ڕاوەستان؛ بێ پشوو کاردەکەم؛ هەریەکەمان (من و ڕۆمان) بۆ فێڵەکانمان پڵە بە یەکتری دەدەین.

مەبەستم لەوەدا ئەوەیە، ئەز هەر لە یەکەم دانیشتنمدا لەگەڵ لاپەڕەی سپیدا، تاوەکو ڕۆمان بنووسم، بڕیارم داوە لەناو ئەو واقیعە بێنومێدەی ڕۆماندا بوێرانە یەخەی بگرم و، لەسەر بناغەی دێرێکی جیاواز لە زانستی نووسیندا، بە ئومێدێکی بوێرانە خودی خۆم بنووسمەوە، بێ گوێدان بە ڕاپەڕینی هەموو شتێک و، دوور لە جۆشدانی گشت کەردەسەکان.

ئەز دوای دەستبلاوی شیعری ئازاراویم، لەپێناوی ئەوە ڕۆمان نانووسم تاوەکو مەیلی خوێنەرێک بۆ «توانایی»یەکی ترم ڕابکێشم. بەمجۆرە لەگەڵ خۆمدا دەپەیڤم: «دوای تەواوبوونی هەر ڕۆمانێک کە بەرهەمی دێنم بە خۆم دەڵێم: ئاوا ڕۆمانێکت خوێندەوە». دەنووسم تاوەکو تەواوی بکەم جا دەزانم کە من خوێندوومەتەوە. ڕۆمانەکانم سەختن: ئەوە دەزانم. کاشیی مەڕمەڕی داڕێژراون: ئەوە دەزانم. وەک یارییەکی بێ ڕێکەوتنامە ڕووداوەکانی پچڕپچڕن: ئەوە دەزانم. وەک هۆگری پەخشان شیعر بە پەیامە هۆگرییانەکەی تیایدا ئامادەیە. چارەنووسەکان ئیشکالن: ئەوەیە بوێرییەکەی من. بێ ئیشکال دەست بە ڕۆمان ناکەم. ژیان ئیشکالە. هیواش وەک ڕەشبینی ئیشکالە. ئامادەیی و نائامادەیی ئیشکالن. واقیعێک تاقیدەکەمەوە تاوەکو واقیعی مەشقەکەم لە گەیشتن بۆ دەربازبوون تاقیبکاتەوە. هەندێ جار هەموومان دەکەوینە وێڵییەک. دەبا ببێ. گەر حەزم لە ئاسانی گێڕانەوە ـ السرد ـ و حەشاماتی زیندەنییەکانی شەقام کردبا، ئەوکات بە دیاریکردن دەستبلاوییەکەم لە پەسندان و وەرگێڕاندا، لە واقیعی بوودەلەی ڕۆمانی عەرەبیدا، خەیاڵ و ئیشکالی تێکشکاوم بەسەر خۆمدا ئاوەڵا دەکردەوە. ئەز سەختم، قەدەرەکەم سەختە، نووسینشم سەرقاڵبوونی قەدەرەکەمە لەسەر من، سەرقاڵبوونەکەی منیش لە پێناو قەدەرەکەمدایە.

**پ: هەندێ کەس هەن وا دەبینن سەلیم بەرەکات کاتێ دەنووسێ بڕیاری بونیاتی ڕۆمانەکەی داوە، بوولێڵ قاڵدەکاتەوە، دەخوازێ دنیا گلداتەوە بیکاتە دەندەیەک و، بە جۆرێکی بەهێز بیپارچێنێتەوە تاوەکو مێژوو لە تەنکیی دەندەدا بێتەدەرێ. زۆر جاران وەک خانووسازەکان چەوری مانا و وێنەی بەپێتێنکراو (لقاح) بەکاردێنێ. ئایا ڕاستە لەم گۆشەنیگایەوە لە سروشتی گەردوون ڕابێنی و بەخشینەکانی بگێڕدرێتەوە؟**

بەڕکان: مەبەستی تەواوی ئەو پرسیارە تێنەگەیشتم. ئایا من ڕۆمان تەنیا لەسەر دووبارە هێنانەوەی مێژووکورتدەکەمەوە؟ بەڕەهاییەوە، هەموو ڕۆمانێک «بۆ ناوەوە» و «دەرەوە» خودی مێژووە. مێژوو کۆڵەکەی ناودڕۆکەکەیەتی.

**پ: «بێکەس» قارەمانی ڕۆمانی «فقهاء الظلام»ەکەتە، کە لە زمانی کوردییدا بێکەس، مانای «تەنیا» یان «نامۆ» دەگەیەنێ، لەکوێوە ئەم کەسایەتییەت هێناوە؟ خەسڵەتەکەی چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟ ئایا ئەو کەسایەتییە لە هێما و واقیعییەتەکەیدا گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی پێگەکانی، لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی دەوروبەری خۆی ڕەتدەکاتەوە، یاخود ئەو لە هەموو قارەمانەتییەک بەدوورە، یانیش لە قارەمانەتییەکی لەچاو ونبوو لە حەشارگەیەکەوە نزیکە و ناتوانێ تێبگا و پێمان**

**نیشانبدا: له ناخدا لەچاو ونبووە، له بەپەراوێزێکراویدا نیشتەجێکراوە، نیگای کەمتەرخەمانە له (الراوی)داستانبێژەکە دەبڕێ کە بازنەکەی مشتوماڵ دەکا تاکو تیایدا تووڕمان بدات؟**

بەڕێکار: من گوتم ئەز بەبێ ئیشکال ڕۆمان دەستپێناکەم. بێکەسیش کتومت «ئیشکالی قەدەرەکەمە». هەموو کەسەکانی دەوروبەری ئەو هەوڵدەدەن لەسەر هەقیقەتەکەی سەڵماندنێک پێشکەش بکەن. بوونی نامادەیی بێکەس بۆ لۆژیک تەلەزگەیە، ئالۆزە بە هۆگرییەکی ئالۆز دەڕوات. نامەعقوولە و بەو بیانوویانەی کە دەوروبەرەکەی لەسەریدا دەیچنەوە مەعقوولانە دەڕوات، بۆ ئەوەی قەناعەت بکەن، کەمێکی تر ئەوە شیدەکەمەوە و دەگەڕێمەوە سەر بێکەس:

هەموو بوونێک تەلەزگە و ئیشکالی خۆی هەیە. بوونی کوردی لەو ئیشکالەدا بەشداربوونێکی زێدەتری هەیە، بە مامۆستاکەی زمانی عەرەبیم گوت ئەز کوردم لە زەندەق چوونداً حەپەسا و، بە بڵێمەبڵێمەوە: «لێرە چی دەکەی؟ بڕۆ بۆ تورکیا». دەبێ خۆت فێری دەمکوتکردن بکەی کە تۆ تۆی. هەندێک لەدایک دەبن و گەورەدەبن و دەمرن، لەهەمان شوێن ناسنامەکەیان ڕووپۆشکراوە. دەبێ وەڕەقەی «دەرچوونی قەیدکراوە»ت لەسەر پشتی سەر بنووسرێ «لە کەنگێوە تۆ عەرەبی؟»، لەگەڵ خۆت هەڵبگری، تاوەکو نەژادە پاکەکەت جەخت بکەی. بۆ نموونە، گەر تۆ عەرەب نەبیت بۆت نییە خۆشەویستیت بۆ وڵاتەکەت ڕابگەیەنی. ناوت عەرەبی نەبێ، کەواتە وێرای ناوی خۆت بە ناوی نەژادەکەتەوە ناوبێژ بکەی، ئەوکات سووکایەتیت پێ دەکەن. منداڵێک ناوی «بارزان» بوو لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی دەرکرا. بێکەس گەنجێکە لەگەڵ ژنەکەی لە قوبرس دەژی. تەزکەرەیەکی ساختە لەسەرەتای لاوێتی پێکدێنێ و، خەونەکەی بۆ مۆسکۆ سەربەخۆ بوو. خوێندی و دەرچوو. پاشان چیتر؟ ژنە قوبرسییەکەی، هاتنێکی یاسایی بێ تەزکەرەیەکی بڕواپێکراو بۆ وڵاتەکەی بۆ دابینکرد. لێرە بە بانگی نیگەرانی دەژی: هەموو خاوەن کارێک داوای پاسەپۆرتی سەفەریی لێدەکەن. ئەو پاسەپۆرتی سەفەرکردنی نییە. سوورییەکی بێ کونییەیە. تاکە تەزکەرەیەکی هەیە کە ئەو لە دەستەیەکی «تۆمارکراو نییە» وشەگەلێکی ئالۆزە.

بێکەس بۆ خەڵکی قوبرس ئەوە شیدەکاتەوە، کە کونییە(جنسە)کەی «لەمەڕ مەسەلەکەی ئەودا وردووخاشکراوە» کەچی ئەوان لێی تێناگەن. تاکوو بتوانێ سەردانی ماڵەوە بکات، هەوڵیدا لە بالۆێزخانەی سووریادا تەزکەرەیەک پەیدابکات، بەڕوویدا تەقینەوە: «چۆن لە سووریا دەرچووی؟» مافی دەرچوونی نییە. کەواتە؛ مافی چوونە ژوورەوەشی نییە.

بۆ نموونە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، نەژادگەلێکی جیاواز لە وڵاتێکدا کۆدەبنەوە، لە یاساوە تایبەتمەندیی پێگەی ناسنامەکەیان پێدەدرێ. نەژادگەلێک بەر لە چەند سەدە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون، لەپێناو ئەوەی تایبەتمەندییەکی بەکۆمەڵی یەکگرتوو، ناسنامەی جیاواز، کیانێکی «ڕێزدار» بۆ خۆیان دابمەزرێنن. (بێجگە لە تەفروتوونا‌کردنی هیندییە سوور پێستەکان)، لەسەر کەنارەکانی ئوسترالیادا، پیاوکوژان، حومکراوان، زیندانییە سەختەچییەکان حەزلێنەکراوان، سوڕگومان، فڕێدەدرێن، ماوە دوای ماوە ڕۆژگار دانیان پێدەنێن، کە میتروویەکی خێرمەندانەی ئامێتەکراو، لەژێر بنمیچی دەوڵەتێکدا «بخولقێنن».

کوردیش؟؟؟ بە میژوو، سەدەکان و میراتەکانییەوە، بێجگە لە «بوونێکی ئیشکالی»، لە هیچ شوێنێکدا حیسابی تری بۆ ناکرێ. بێکەس بەمجۆرە لە «فەقێکانی تاریکی»دا لەدایک بوو: قەدەر لەسەر شانی خێزانەکەیدا دۆشدامانی گەردوون و سەرگێژییەکەی بارەکات. زارۆ لەدایکدەبێ و هەراشدەبێ و لە ڕۆژێکی حیسابکراو بە سەعاتی مرۆ ئاو و ئاو دەچێ. گەر خێزانەکەی قەبوڵی بکەن و، وەک بەشێک لە قەدەرێکی ئاسایی جەختی بکەن لە هەر قۆناغێکی ژیانییدا. هەڵبەت، ڕاست نییە، بێکەس ئا بەم شێوەیە بەرتەنگبکرێتەوە. لەهەمان کاتدا بێکەس لە مەعریفەدا هاومانای پووچگەرایی یە، ئەو هەقیقەتەی کە نائاسایی سەرەوخوار دەبێتەوە، وێنەی پەیوەندییەکانی ناخی بە خورافەتەوە، لەسەر واقیعدا ڕەفتارێک دەکێشێتەوە. ئەم سێ مەسەلەیە، لەو ناوکۆییە کوردییەی کە باسمکرد، دوورتر لە بێکەسدا مانا دادەڕێژن.

ئەمەش مەعریفەیەکی دڵگیرە و هاوکاتیش، نازاردار و نازاردەرە.

**پ: ڕۆمانی «ارواح هندسیە/گیانە ئەندازەییەکان» تۆڕێکی وردەکارانەیە، کەس و کردار و کۆپلە نووسراوەکان بوونیان بۆ مەبەستی بەردەوامانە ئاوەڵایە، وێڕای ئەو کردارانەی کە لە تەونێکی سیمۆتیکدا، توخمەکان هاندەدا، تا بەپێی توانای توخمەکان توخمەکانی تر تەئویل بکەن. چۆن سەلیم بەرەکات ئەو سومبولە هاوردەییانەی بەدەستهێناوە؟**

بەڕێکار: چۆن دەتوانین واقیعێکی بەهێزی وڕێنە، جیاوازی، پووچیەتی، نامەعقوول، بۆ ناو نووسین بگوازینەوە؟ هەڵبەت ئەوەمان لەتواناندا نییە. شەڕی لوبنان لە شێتی هەموو دەقێک گەورەتر بوو. خەیاڵێک بوو هەموو ڕۆژێک سەرپێچییەکی لەسەر سەرپێچییەکەی، بە دروستکردنی دژێبوونەوە شەیتانییەکەی لە پیاوکوشتندا دادەهێنا.

گوتم لە خەسڵەتی شوێن دایدەبڕم و، دەیگەیەنمە ئاستی «بەگشتیکردن» کە بۆ هەموو شەڕێکی ڕابردوو و هاتوو شیاو بێ. نیازەکە ئەرکێکی لەڕادەبەدەر بوو نازانم ئەوەی کە بەرهەمیهێنا چی بوو.

تەنیا دوو ناو لە ڕۆمانەکەدا هەیە: ناوی کەسێک کە یەکەم پیتم بۆی لە هیجا (ئەلف و بێ) وەرگرت، سەرباری ئەوەش زەمەنێکی فراوانترە کە بە خەسڵەتی نەمری ناوئاخنکراوە؛ ناوی بالەخانەکەشم لە ئامێتر و داگیرسانی ئاگر وەرگرت، (بۆ هەردوو ناوەکە لە توانادا هەیە تەئویلی دەروونییان بدرێتێ، کە ئاماژەکردن بە هەندێکیان بە ئەرکی خۆم نازانم). لە ڕۆژمێری مانگانەکەدا لە ناوکۆییە حیسابکراوەکەدا ڕۆژەکان نادیارن. کەشتییەکان بەرەو ئاقارێک دەڕۆیشتن هەروەک لەوێ گەڕابوبێتبەوە. پیاوە نەناسراوەکان کاروانێک ڕێکدەخەن منیش ڕێکخستنەکەی لەسەر ئەواندا دەبەستمەوە. دووردرێژی ئەو کارە خەمینەم بەیاد نایێتەوە، کە بەشەکانیم بە ڕستەیەک نووسی کە لە یەکەم دێڕدا دەستپێدەکا و تا کۆتاییەکەی ڕاناوەستێ. بەڵام ناچاربووم (لە قسەی خۆم بێمە خوارێ) بۆ دابەشکردنی نووسین بگەڕێمەوە و بیکەم بە پەرەگرافی ئاسایی، هەر پەرەگرافێک بکەمە چەند دێڕێک کە سەرەتا و کۆتایی هەبێ، ئێجا دوای

ئەوەی پەڕەگرافێکی تر دەستپێبکا، پاشان زنجیرەبەندییەکی بەدوای یەکداهاتوو بوو چەشنی شەڕەکە هەناسە ڕادەگرێ. لەوە ترسام کە خوێنەر نەتوانێ ئاگای لەو گرفتە بێت.

ئەو ڕۆمانە وەک ناونیشانەکەی بەڕاستی، ڕۆمانێکی ئەندازەیی یە. وەک لەبەر ئاوێنەکان توخمەکانی دەکەونە بەرانبەر یەکتر و ڕووداوەکانیش تەریب دەبن. چارەنووسەکانیش بەپێی ئەوەی لەسەری وەستاوە، کە لەسەری نەوەستابوو، لەسەریشی ناوەستێ. خودی غەیب، لە پارچە پارچەبوونی واقیعدا لە سەلماندنێک دەگەڕێ تا ئەوە جەخت بکا کە ئەوە غەیبە.

لەڕاستیدا ئەو ڕۆمانە لە ئالۆزترین ڕۆمانەکانی منە، قومارچییەکان خۆشیاندەوێ.

**پ: بنەمای ڕووداو لە ڕۆمانی «پەڕ ـ ڕیش»دا بنەمایەکی داڕێژراوە، ئارەزوویەکی بەهێز دەبینرێ لە تێکشکاندنی نەریتەکانی گێڕانەوە (السرد) کە خوێنەر دەقی پێوە گرتووە، دەڵێی تەنافی ڕستن (چنین) دەگری و تا کۆتاییەکەی بچنیتەوە، خوێنەر ئەو دیمەنە نابینێ و، لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەشدا تێڕوانینەکەی وەهمی یە... نووسەر لە بەشی دووەمدا، ئەو تێڕوانینە جێلەقدەکا، تا خوێنەر خۆی لەبەردەم تووناوتوونێکی (متاهە) تازەدا ببینێتەوە، هەر دەڵێی تۆ ژانەکانت دەپژێنی و لە جیاوازیی نێوان ساختە و ڕاستی ئاگادارمان ناکەیتەوە، بەڵکە لەگەڵماندا دێیتە ناوکایەکانی لوغز تاوەکو هەریەکە بۆ خۆی تەڵەی مانا کۆبکاتەوە.**

بەڕێز: دەشێ ئەوانە هەموویان ڕاست بن. بۆ وێنە، ئەز بە مەبەست کارم لەگەڵ وردەکاریی گێڕانەوەدا کردووە، بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەو بەڵگانەی کە لە کۆپلەکانی داستانبێژەکە و بینایییەکەی پیشاندەدا ڕزگاربکەم: ڕووەک لەگەڵ ڕووەک دەناخڤێ. باڵندەکان لەگەڵ باڵندەکان دەپەیڤن. شتەکان لەگەڵ شتەکان دەدوێن. توخمە زیندووە قسەکەرەکان، بۆ خۆیان پایە دروستدەکەن کە لەناو کۆپییەکەدا هەڵیدەبژێرێ. شوێن بیرکەرەوەیە، لە دروستکردنی گەمەکەدا هاوبەشە، ئەوە دەرەنجامی دەقەکەیە. لەوێدا بێجگە لە گێڕانەوەکە، نیشکاڵێک هەیە کە بەندە بە کەسە ئامادەبووەکە «میم ئازاد»: ئایا بەڕاستی هاتنەکەی بۆ ئەوە بوو تاوەکو لە «پیاوە گەورەکە» بگەڕێ، کە پێکڤە قەدەر و یەقینەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێ، یان ئەو ڕووداوەی کە لە قوبرس بەسەریهات، خەونێک بوو لە خەونەکانی برا جمکانەکەی «دینۆ»؟ ئەو لێردەیە و لەوێشە. هاتووە و نەشهاتووە. سوراغەکەی ئەو لە یەقیندا، وەک سوراغەکەی باوکیەتی بەدوای ئەو تارماییانەی کە نامە ناردراوەکانی بۆ «مەهاباد»ی ونبوو و نادیار، حەوالەی ئەو دەکا.

چاوەڕوانییەکەی چاوەڕوانی باوکیەتی. ئازاد دەبێ، بوونەکەی لەبار دەبێ، شێوەی گیانلەبەرێکی بەژن ڕێکی خۆشبەز، لە سنووری قەدەغەکراو لە پێش کورد، لە دەڤەرێکی حەشاردراوی ناو دەڤەرەکانی ناخی خۆی دەنوێنێ.

بۆ ئەوەی خوێنەر، بچێتە ناو کێڵگەکانی «پەڕ» دەبێ بە کیانێکی تر، خۆی گیانلەڕانە بنوێنێ.

**پ: لە ڕۆمانی «سەربازگەکانی ئەبەدی/معسکرات الابد»دا لە سکی بوومەلەرزەدا پرسیاری ئیرادەیەکی خەملێو یەخەمان دەگرێ، پرسیاری بوونێک کە شێوە مادییەکەی دادەڕێژی تاکوو بەڕەو ڕووی میتۆلۆژیای کەسایەتی و، گێڕانەوەیی ببینەوە. بە شێوەیەکی نزیک لە دوورنمایی ستوونی و هزری یەکگرتووانە دەریاندەبڕی، پەیوەندییەکەی بە میتۆلۆژیاوە دەبێ نەک میژوو. بە هێمنیش لە شینگێڕیدا دەنگ لێوەهاتن فێردەبێ و لە میتۆلۆژیاوە بۆ میتۆلۆژیا دەمانبات، بۆ نووسینی کاکڵەدارمان دەبات، کە بنەما سەرکەش و کۆنەکان دەکاتە دالانێکی تاریک، لە کۆتاییدا، بۆ تازە، بۆ یەکگرتوویی و نووسینی مەرجدارمان پەلکێش دەکات. سەلیم بەرەکات چۆن ئەو قەدەرە ڕیسواکراوە دادەمەزرێنێ، کە بەوەش گەلێک لەسەر گەلی زەوییەکی ئامادەکراو، بۆ هاودۆستی پووچگەرایی، هەلکۆڵینەکەی قوواڵدەبێتەوە؟**

بەڕێز: لەم ڕۆمانە لەدایک شیرینەکەمدا چوار دارشتن بۆ قەدەر لەئارادایە: ژیانی خێزانێکی ئاسایی لە بنارێک، وەک دیاردەیەکی لە ئاوەز بەدەر کەردەسەی سناعەت دێتە ئەوێ؛ مێژووی مێژوویەک کە کوردان خوڵقاندیان، کەچی لە هاوبەشیکردنی خوڵقاندنیدا، دەریدەهاوێژن؛ لە دیدی مردووواندا، زیندووەکان شەیتانن. هەموویانم لە چڕێتییەک، لە یەکگرتنێکدا تواندەوە، بەسەر شەڕی هەردوو کەڵەشێرەکە، کە شەڕێکە لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، سەرنجدان ئاوەڵا دەکاتەوە، مێز لە زماندا بۆ هەر پلەیەکی مشت ومڕەکانی گوتن بەختەکان دەپارێزێ.

بۆ بنارێک فرە قەدەرێک هەیە فەرهەنگییەکان بەسەریدا هەڵدەگەڕێن و، فریشتەکەش لەو مەخلوقەی کە لە شوێنێک خۆی حەشارداوە ڕزگاری دەبێ و، کۆژراوەکان و، تارمایی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد بە دژی فەرهەنگییەکانیش، ڕزگاردەبن، ئەوەش ڕووداوی ڕاستی تێدا هەیە، کە من زانیاریەکانم لەو پیرە پیاوانەی کە هێشتا زیندوون وەرگرتووە. لەجیاتی ئەوەی میژووی نووسراوە بێنن، لەبەردەستی قوتابخانەدا دابنێن، کەچی لەسەر پێتێکی ئەو میژوودا، کەرامەتی نیشتمانی بریقەداریان لەسەر سێ تایەفە دابەشکرد: شۆڕشێک لە ناوچەی سونیەکان و ئەویتریش دروزی و سێیەمیش عەلەوی یە، واتە دابەشکردنی "عادل"، "هەقبێژ"انە، لە بنەڕەتدا، وەک قەوارەیەک، سەیری دەڵەتی نەکرد، کە "شۆڕش" بەشداریکارانی تەنیا بە پێی "نیشتمانپەروەر"ی ـ هیچیترنا ـ لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەڵکە بەپێی هاوسەنگی تایەفەگەریی بە حیسابکردنی «شەرعیەتی» شوێن «بڕیاریدا»، کە ئەمەش بە ئاشکرا دەخوێندرێ، بگرە هەتا لە جەم «سیاقی سوننی»شدا، ناوی سەرکردە کوردەکانی «شۆڕشی عامودا» نەنووسران.

ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی ئەم کەمە پێداچوونەوەیەم بە پێویست زانی. لێ سەبارەت بە لایەنی میتۆلۆژی و، ئەودیوی ئەمەش لە «سەربازگەکانی ئەبەدی»دا، سەرچاوەکەی، بۆ پرسیاری بوونمان لە سەرهەڵدان و، لوغزە بێ گەردەکان و، لە جەبر و قەدەری دارشتنەکانی ئایینی و، خێر و شەڕ و، هەقیقەت و وەهمەکان، تا دەگاتە ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە ڕێکخستنی «غەیب» لەگەڵ مەعریفەدا دژن و، لە دامەزراندنی ئامادەبوون لەسەر پرنسیپی هەڵە و ڕاستدا، دەگەڕێتەوە.

ناخوازم «سەربازگەکانی ئەبەدی» بە شەیتان لەقەڵەم بدەم. خودی خۆی، قەدەرەی ئاوێکە کە خۆی بە دژی قەوارەکەی وەسفکرد و، بە شارستانیکردنی (فسطاط) جێنشینی خوداوەندی بوو.

**پ: تۆ لە ئەدەبەکەتدا زۆر جاران، مەسەلەی ناسنامە (هویە)ی کوردیت وروژاندووە. چۆن لە پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەم ناسنامەیە دەڕوانی؟ هەندێک کەس ئەدەبەکەی تۆ بە ئەدەبێکی تۆکمەی خودگەرایی دادەنێن، ڕەنگە - لەژێر ڕۆشنایی مەسەلەی ئەو ناسنامەیە - بۆ ئینتیماکردن بەم ناسنامەیەوە نوێنەرایەتیکردنێکی کلاسیکی گەرەک بێ؟ بۆ وێنە جۆرێک لە «نەجیب مەحفوز» کوردانە لە ڕۆماندا؟***

بەرەکات: وا بزانم خودی «ناسنامە» گوتنێکی زۆر ئالۆزکاوە، بەڵای منەوە مانای ناوکۆیی (سیاق)ێکی کەمێک نەژادگەرایی دەگەیەنێ، هەرچەندە تێکەڵاوی بکەی، دواجار مانای ناوکۆیی (سیاق)ێکی «گونجاو» و، سنوورێک بۆ خۆ جیاکردنەوە لە «ئەویتر» دەگەیەنێ، تاوەکو لەپاڵ «یەکێتییەکی هارمۆنی»، «گشتگیری»یدا خودی خۆت جەخت بکەی. لەمەشدا قەدەرێکی قەبە لە خورافەدا هەیە.

هارمۆنیایەکی تەواو لە هیچ «یەکێتییەکی ئادەمیزاد»دا بوونی نییە، هەرچەند شەقڵە ڕۆشنبیریی و، ئایینی و، نەژادگەریی و بیچمە «گۆشەگیری»یەکەی، لەو «یەکێتی ئادەمیزاد»ەدا بسێنرێتەوە، کەچی بێ چەندوچوون، جیاوازی لە «مەیل»و، لە «خێویی» و، لە «بااڵدەستی کەسایەتی» و لە دەسەاڵت بردنەوە، سەرهەڵدەداتەوە. هەموو ئەو شتانەی کە لە ماناکەدا ویستوومە بۆ دیدارێکە کە لەمدیوی ناسنامەیە، ئەویش دەربڕینی چارەنووسێکە، تاوەکو بۆ جەختکردن لە خودی منداِ ناوکۆیی «سیاق»ێکم بۆ دەستەبەر بکات، کە «ناسنامەکەم»، وەک قەدەرێک لە قەدەرەکان لەوێدایە. ئەز کوردم؟ بەڵێ. دەبا ئەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بێ کە بە هاوارێکی سادەوە دەبێژم ئەز کوردم ناوی باوکیشم ناوێکی کوردی یە، ئێمە بە کوردی لەگەڵ یەکتردا دەپەیڤین، لەگەڵ مریشک و، بەرخ و، مانگا و، میشەهەنگوین و، کێڵگەکانمان بە کوردی دەپەیڤین. هیچتر نا. هاووێنەیی خەونەکە بۆ ئێمە و، بۆ «غەیری ئێمە»ش، لە کۆڤان و، داپڵۆسین و، تاڵان و، ستەمگەریی و، زەوتکردنی خودی ئەو خەونەدایە. ئێ، گەر هات و پاڵەوانی ڕۆمانەکانم لە دەوروبەرێکی دیکە هاوردبایە، ئەوکات کارەکە دەبوو بە کارێکی «نامۆ». کام دەوروبەر؟ کوردان بەو جوگرافیایەی خۆیان و یادەوەرییەکەیەوە ناوێزانن.

بۆ پەرسڤدانەوەی ڕووەکەی تری پرسیارەکەت، دەڵێم بەو جۆرەی کە نەجیب مەحفوز هەڵسوکەوت لەگەڵ «دیمەنی میسر» دەکا، من ئەو کارەم نەکردووە (کە بەدڵنیاییەوە ئەو کارەم نەکردووە)، من نەهاتووم وەک دیمەنێک گوزارشت لە واقیعی کوردیدا بکەم. نا، من هەرگیز ئەمەم نەکردووە. ئەز هەوڵی شتێکی ترم داوە: ویستوومە ناخی ئەو بەکۆمەڵییەی کورد بگرم، کە وەک بوون «وجود»ێک لەناویدا جێگیرە، نەک وەک حیکایەتی ئەو ڕووداوانە بگێڕمەوە کە لە شەقام و مالەکانیاندا ڕووددەدن. ئەز ئەوانەم لە باڵاترین بۆسەی نووسیندا بەرزەفت کردووە، چارەنووسەکانیش دیمەن نین، بەڵکە لە چڕوپڕیی نەبینراوی ژیاندا هاژەهاژێکە.

**پ: ڕۆمانەکەت «ئەستێرەناسەکان لە سێ شەمەی مەرگ/ الفلکیون فی ثلثاء الموت»دا دەڵێی بە زمانی ئەستێرەناسێک نووسراوە، کە بە کراسە دریژەکەی ڕەوتی ئەستێرەکان بەرەو سەمتی خواستە بینراوەکەی دەبات. بەمجۆرەش ئەو پێویستییەی، کە سومبولیستەکان بە «پوختەی هەمیشە» ناودێری دەکەن، قووتدەبێتەوە، پێویستییەکی یادەوەری کە بەبیر نایێتەوە، بەڵکە مێژوو دەئافرێنێ؛ پێویستییەک بۆ دەق کە بە ئازایەتی و سوودمەندییەکەی ئەفراندن بەهاوار دەخات تاوەکو بڕواداریی بگێڕێتەوە. ئایا ئەو ڕۆمانەی کە بەرەکات خەون بە بەرهەمهێنانییەوە دەبینێ ئەوە ئەو ڕۆمانە تەمتومانە (سدیمیە)یە کە لەدەرەوەی سوورگەی مێژووە، بۆیە ئەو بە شەڕەنگیزی جادووکەر و وریایی سەرژمێرکار دەنووسێ؟**

بەرەکات: لێرەدا جەختکردنێک لەسەر ناوەکە هەیە، کە سێ ڕۆمان بەخۆیەوە دەگرێ، لەسەر گوتەی «مەرگ»دا: لە یەک شوێندا سێ چارەنووس هەیە. پۆڵێنکردنەکەی بێ گوێدان بە دابینکردنی یان نەکردنی لە «پێشبینییەکان» نزیکە. قەدەرەکە لەپێشڕا ڕاگەیەنراوە. بوونە ئالۆزەکەی ئەو کەسە شێوەی مردنە هێمایییەکەی دیاریدەکات: کە ئەو سەرگوزشتەی خۆکوژییەکەی دەگێڕێتەوە خۆی دەکوژێ. یان بڕیارەدا بۆ «تاف»ی نادیار بڕوات. کەچی ئەز لە جوڵانەوەی سێیەمی ئەو ڕۆمانەدا، پاش مردنە تازەکەی، دەستنیشان ناکەم. لە دواجاریشدا پاشەکشەکەی لە واقیعەوە بێت بۆ خەیاڵ، کە شوێنێکی جێنشینە نادیارەکەی دروستکرد (وێرای ئەمەش کارەکە بەو ساکارییە نەبێ).

چونکو دانانی چارەنووسەکان و، سەرپەرشتیکردنی، لە ناوکۆیی گێرانەوەکەدا، لە بناغەدا، ناوکۆیی نیشانەگرتنی غەیبناسانەیە، کە زمانی زانستە ناڕوونەکانی بۆ ناپۆڕە کرد. دەکرێ بەهۆی نزیکایەتییە بەهێزیەکەی لەگەڵ شێوەکانی هزری ماتماتیکی و، ئەندازە و جەبر و فیزیا و غەیب، نێوان ڕامان و بەچاوبینییندا، لە بەرزەخدا ببێتە زمانی مەعریفە، ئێجا هەموو لێکئاڵاوەکان بە خۆگری ڕایەڵی «ئەستێرەناسەکە» چڕێتییەکان لەدوای چڕێتییەکان ڕابکێشێ و، لە پێوانەی بورجەکاندا، بەو پێیەی کە پلەکان لە چینەکانی خولقان بن، پلەکانی بوونایەتی بخوولقێنێ.

**پ: پۆڵێنکردنی دەلالیەت لە دوا ڕۆمانەکەتدا «گەردوون/ الکون» کە لەڕادەبەدەر سومبولیکە، لەسەر بنەمای مەوسوعیەتدا بونیاتنراوە. گەڵۆ، تۆ هەوڵدەدەی تا لەڕێگەی ئەو ستراتیژییە دەقییەدا خوێنەری تایبەت بە خۆت دروستبکەی؟**

بەرەکات: وابزانم من «بە مەبەست» لە بەشکۆمەندیکردنی هەندێ «مەیلەو وێکچووە»کانی ئەم ڕۆمانەدا، کورتدەکەمەوە، کە بەشی یەکەمی وەستاوە لەسەر «غەیب»دا، کە خۆی بۆ شەڕی گروپە جیاوازەکان، سەرچاوەی «چەکەکانە»، کە هیچ لەو گروپانە داننانێن بە زمانی یەکتردا، واتە ڕەتدەکەنەوە، چونکو زمانە ئامادەکە ویژدان و کیانە، سەهوویەکی پەیدا کردووە. خۆدانووساندنێکی ڕەهایە. لەوانەیە خوێنەر مەسەلەکە بۆڵای

مەزهەبیەت و، ئیدیۆلۆژیەت کێل بکاتەوە، گروپەکان لەو هەوڵەدان بە دووبەرەکێ کردنیان لەگەڵ خوا لە یاسا و، ڕژێم و مەعریفەکەیەوە «تۆڵەبکەنەوە»، دواجاریش «نەویتر» لە دەرەوەی گوێرایەڵیدا دەبێ بەرتەکەکەی بۆ ئەستێرەکەی (فلکها) بێگەرد بێ، یان سێدارەکەی بێ. ئا ئەوە، واقیعی جیهانی ئێستاکە و، کۆن و هەروا داهاتووشە.

ئەوە «هاڤرکن»یەکی خوێناویی یە، کە لە زۆری ڕیشاژۆکەیدا، دەڵالەتی سەرهەڵدانی عیللەتەکە لە ئێمە دەشارێتەوە: ڕەگەزەکان دژی ڕەگەزەکانن؛ مەزهەبەکان دژی مەزهەبەکانن؛ هزرەکان، تەنیا بە وێکچوون لە یەکتر یان یەکتر هاڕین نەبێ، لێک رازی نابن. سەرهەڵدانەوەی شەڕەکان بە گەڕانەوەی بۆ بن بالی «خێزان» و، ڕەنگ و خوێن، لە «گروپی گەردوون»ییەکەدا، توندی و تیژییەکەی زێدەتر دەبێ.

«گەردوون» کێڵگەی مینەکانە بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ ئەو هێمایەی کە لەسەر دەڵالەتەکە، یان کە لە کتێبەکەمدا هەیە بە دەست بگرن، کە "زیاد"ییەکی بچووک جەستەبەر دەکا، کە "جیهان" لێی بێ ئاگایە.

**پ: لە ڕۆمانەکانتدا خەیاڵاکارەکە دەخشکێ، تاوەکو گێڕانەوەی وەقیع تەواو بکات، تا ئەوەی کە لە توانایدایە تەواوی بکات، بەردەوامی گێڕانەوەکە فڕیودانی خوێنەرە دوای ئەوەی کە دەرچوونەکەی لە خەیاڵگیرییەوە بۆ واقیع لێدەکەی بە وەهم، بەڵام فڕێیدەدێتە ناو تووناوتوون «متاهە»یێکی فراوانتر لە هی یەکەم. کاتێکیش خوێنەر ڕۆمانەکە تەواودەکات، داوێنگیری پلاتێک دەبێت کە بۆت داناوەتەوە. تۆ چۆن ئەو مینانە دروستدەکەی، کە دەق قوواڵدەکاتەوە و دەیتەقێنێتەوە؟**

بەڕکات: ڕاستییەکەی خوێنەر هەر لە بەرایییرا، کە هەوڵدەدا لە ڕۆمانەکەدا هەڵدێرەکانی واقیع و خەیاڵاندنەکە بدۆزێتەوە، پلانەکە بۆ خۆی دادەنێتەوە. جارێکیان برادەرێکم بە حەپەسانەوە بەڕوومدا هاواری کرد: «بە خودا، ئەو گۆڕستانەی کە بینیم لەوێ لە زدوییەکەدا بەرچاوم نەکەوتووە، کە ئێمە، ئەوە دە ساڵە لێرە دادەنیشین؟!». بەدرێژایی دەیان ساڵە کە ئێمە هەموو نیودڕۆیەک پێکڤە، لەو قاوەخانەیەدا دادەنیشین کە زەوییەکی بەیار و بەڵانراو لەبەردەمیدا هەیە.

ئەو پارچە زەوییەم لە ڕۆمانی «عبور بشروش»دا کرد بە گۆڕێکی نامۆ بۆ ئەو داستانبێژ (الراوی)ەی کە خۆی کوشت. کە من ئەو زەوییە «واقیع»ییەم، نە دەستەواکردووە و ـ نە هەرگیزیش هەستیپێکردووە، تاوەکو لەسەر ئەمەوە ڕوودواوێکی خەیاڵاگیرانە بخوڵقێنم. لەوێ لە شوێنەکەدا، گۆڕستانێکی شاراوە هەبوو. ئەو گۆڕستانە دە ساڵان لەبەرچاومدا بە ڕوونی دیاربوو، تاوەکو بۆ کەسێکم کرد بە دیاریی کە تیایدا حەشاری بدەم. ئەوەی کە خوێنەر بە واقیع مەزەندەی دەکا ـ ڕاستییەکەی ئەو پەیڤەی یەکەمە کە بەویش نووسینەکە دەستپێدەکەم ـ لە داڕشتنی واقیعییەتدا خەیاڵگیریی پۆلێنکراوە.

**پ: هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە بەرهەمی ڕۆمانەکانت مۆژدەی سەردەمی سەرهەڵدانی سیمۆلۆژی، لەناو ڕۆمانی عەرەبیدا، ڕادەگەیەنێ، بەو سیفەتەی کە «بە جیاکارانە کێڵگەیەکی فەرهەنگی»یە. ڕای تۆ چییە؟**

بەڕکات: ئەوە بۆ من زۆرە. لێ، لەناو بێدەنگی ڕەخنەدا ڕێزی لێدەگرم.

**پ: لە بەرهەمی ڕۆمانەکانتدا تەکنیکی گێڕانەوەیی داهێنەرانە پێشنیاز دەکەی، وەلێ ڕەخنە گرینگی پێنادات. بەڵای ئێمەوە چونکو ڕەخنە تۆی نەخوێندۆتەوە، هەروا ڕستە سومبولییەکانی تۆ پێویستییان بە شرۆڤەکردن هەیە، ڕەخنەی باویش، بەگشتی، لە ساختەکارییەوە نزیکە، بۆیە لە دروستکردنی ئەو شرۆڤەیەی کە دەقەکانی تۆ بەرهەمیاندێنێ دەستەپاچەیە، جا تەنیا دوو گرێانەی لەبەردەمدایە: یان پەنا بۆ ناوکۆیی ئامادەکراوەکان ببات و بە دەستەوڵژەی سومبولیکییانە شرۆڤەت بکات، یانیش بۆ ناو سەفەرە تەئویلییەکان بڕوات. بۆیە ڕەخنە مەهانەیەکی نییە، لە بەرانبەر باسکردنت خۆ بەدوورگرتنی هەڵبژاردووە، ڕای تۆ چییە؟**

بەڕکات: لای من هیچ وەهمێک نییە. مردنی ڕەخنەی ئەدەبی تەرخانکراو ڕیسواکراوە. ئێستا، ڕەخنەی ئینتباعی، ڕۆژنامەیی، دەربڕینی ئینشایی، بۆ هەموو بارێکی دەق دەگونجێ. ئەو ڕەخنەیە بۆ تاوتوێکردنی حیساباتی شەخسی و، دابینکردنی پەیوەندییەکانە. لەبەرانبەر هەموو دەقێکی ناتەمبەڵ، ترساو و شەرمەزارە. لەسەر کتێبێکی بوودەڵەدا، دەیان نووسین، بێ وەستان بەدوای یەکدا دێن، کەچی کتێبێکی «سەخت» کە بە ئەخلاقەوە سەرقاڵە، تەنیا لە ستوونێک یان هەواڵێک زیاتری لەسەر نییە. ئەو ڕەخنەیە لەسەر بناغەی وێنەیەکی مەزهەبی، ڕەگەزایەتی ڕاوەستاوە. برادەرایەتی و خزمایەتی، سوودوەرگرتن کۆڵەکەکەیەتی. هەڵبەت لە هەموو ئاستێکدا هیچ ڕەخنەیەک نییە لەناو ئەو وێرانەیەدا ساغ بێتەوە. کارێکی خەمهێنەرە. ڕەخنە دەتوانێ، لە ڕۆژنامەگەریدا، کە جۆرە «چێژێک» بە خوێنەری ڕاهێنراو ببەخشێ، لێ «مووچەخۆرییەکەی» وایلێکرد، یان بۆ پاشەوەی ببات، کە خوێندنەوە نەتوانێ بەراوردی بکات، یانیش بۆ پەسندانێکی ئاسایی بێ بەرزەفتکردنی بەرهەم. ئەو ڕەخنەیە بەقەد قەبارەی هەبوونی خودی عەرەب خۆش مەسرەفە.

**پ: ئایا بڕوات وایە کە لەوێدا، لە ئایندەدا، لە جەم ڕەخنەوە بۆ نزیکبوونەوەی دەقەکانت سەرکێشییەکی تەئویلی بێتە ئاراوە؟**

بەڕکات: بە دڵنیاییەوە، کاتێ «کرچوکاڵی»ی نووسین ئاستێک لە بێ ئەخلاقی دەپێکێ، کە بگرە هەتا «کرچوکاڵەکان»یش لێی بێزاردەبن، ئەو سەرکێشییە دەستپێدەکا. ئەمەش بە درەنگییەوە بۆ من گەڕاندنەوەیەکی «مەعنەوی»یە. هەموومان حەزمان لە کەمێک ئاوڕلێدانەوە هەیە بۆئەوەی بزانین لەبەرانبەر دڵ و مەرەکەبەکەماندا لە دۆخی «بەرپرسیاریەتی» داین. بێدەنگیی ناهەقانەی ئێستاکە، هەستێکی بایەخدار و خەمۆک دەوروووژێنێ.

نازانم بۆ دەبێ من هەموو ئێوارەیەک، حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، بە هاوین، زستان، پایز و بەهار، لە هەمان سەعاتدا، بۆ بەرزایی بەسەر داری پلیکانەیەکدا سەرکەوم، بۆئەوەی بە جەربەزانە خۆم تاقیبکەمەوە،

کە لە تەرازووی پەڕێکی سپی، لە فێڵ و، دۆڵ و، وێڵی و، بۆسە و، زوڵم و، چاوەڕوانکراو و، داخستن و شەڕەنگیزییەکان، دەمشارێتەوە، خراپ نییە، ئەمەش وەک ناوکۆیی ڕۆمانەکانم یارییەکی قەدەرییە. بەڵام خوێنەرێکی زۆرم هەیە کە دەقەکان ناتوانن سووکایەتی بە تواناکانیان بکەن. داخوازیکار و عادیلانەن.

**پ: تۆ خەیاڵێکی سینەمایییت هەیە. دەقەکانت بە وێنەگر ـ فۆتۆگراف ـ دەچێ، کە بەمەبەست بە شاشەکەی، یان کامیرا بزۆڵەکەی دەڵێی. ڕۆمانەکانت گێڕانەوەیەکی بزۆکە: شتێک لە نووسین و، پتێکیش لە وێنە؛ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئێمەدان. بە هەمان شێوەش شیعری تۆ دەربڕینێکی سینەمایی یە. بۆ چرپەکانی ناخ بێجگە لە کردار و خولیای کردار، نەبوونیەت شتێکی تر نییە. هەروەک یادوەرییەک کامیرایەکی لەسەر شان هەڵگرتبێ، گوتەکانیشت ڕاوکردنی دیمەنێکە لە هەوادا. چۆن سەلیم بەرەکات دەتوانێ ئەو تەڵەنانەوە کارامەیە دروستبکات؟**

بەرەکات: لەڕووی یەقینەوە، نازانم ئەو پێکهاتانە چین کە مەعریفە و خەیاڵم دەکەنە دوو بینایی. دیمەنێکی توند یان خاو بە چاوم وێنە دەگرم، ڤێجا بە پەیڤین دەینووسمەوە. لە پەیڤەکانمدا شێوە و ڕەهەندەکانی دوو کۆڵەکەن. سەرچاوەکەی ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ سەرسووڕمانی من، بە پێکهاتەیەکی ڕۆشنبیریانە، کە بە هەموو ئەدەبێک بۆ شەهوەتەکان بینینێک دروستبکات. ئەز لەبارەی ڕووحییەوە، بۆ نموونە، ڕۆمانی «الکریات الزجاجیە»ی "هێرمان هێسە"م، بە ئەبستراکتیی هزرییەکەیەوە خۆشویست، وەک چۆن گیانلەبەرە قسەکەرەکانم لە «کلیلە و دمنە»دا خۆشویست. بەڵام «روون و ئاشکرا»، وەک بەهای بینین کۆڵەکەکەی شێوەیە، کە لە زانستەکانی پێویستی و خوداوەندییەکاندا، مەبەستێکی کۆتایی یە، تاکوو لە روون و ئاشکراییدا مانا کۆتاییەکەی جوانییەک بۆ ناوەکیی وەربگرێت.

«ناوەکی/الباطن»، لە شرۆڤەکردندا، تەواوی مەعریفی، هەق، کۆکراوەیە، کە لە خەڵوەتی مانادا کۆبۆتەوە. خودی «ناوەکی» غەیبە و «دامەزرێنەری» توانا دیاریکراوەکانە. ئەوە عەدەمی دەستپێکردووە کە شێوەی لێ پێکهات؛ ئەو منداڵدانە نووتەکەیە کە دەزێ؛ ئەو گۆڕە تاریکە داخراوەیە کە تیایدا مردوو بۆ تاقیکردنەوەکەی ڕادەبێ.

لە کۆتایی ئەو «ناوەکییانە»دا ـ واتە: عەدەم و، گۆڕ دەبنە لەدایکبوونی روون و ئاشکرایی، ئەو لەدایکبوونەش لە کۆتایی مەبەستەکان ڕادەگەیەنرێ (مەبەستی گوڵ ئەوەیە ببێ بە بەرهەم ـ فەلسەفەی دانانێتی وا دەڵێ). خودی بوون مەبەستی عەدەمی روون و ئاشکرایە، لەدایکبوون مەبەستی منداڵدانی روون و ئاشکرایە، ڕابوونی مردوو مەبەستی گۆڕی روون و ئاشکرایە، فەردۆسی روون و ئاشکرایی و دۆزەخی روون و ئاشکرایی کۆتایی گشتی خواندەکانە. هەروەک خوای نادیار لە چاوان، کە سیفەتەکانی دیاری ناکرێ، ڕۆژێک دێ بە بینراویش و بێگەردی بۆ ئەوانەی وەڕەزی دەکەن بەدیاردەکەوێ.

ڕەنگە لەم کورتکردنەوەیەدا مەسەلەی پەیدابوونم ڕوونکردبێتەوە، کە مانای هەق، بێگەردی ـ هەمیشە ـ تەئویلدەکرێ بۆئەوەی لە وێنەیەکدا بەرجەستە بێتەوە، ئەوەی کە من ئەنجامیدەدەم ئەوەیە. ئەو دیمەنە بینناییە خەملێوانەی من، ئەوە بە شرۆڤە و تەئویلکردنەوە دەلالەتە هزرییەکەیەتی. ئەز پێشەکییە بینناییەکان بۆ خوێنەر ئاپۆرە دەکەم، تا ئەو بە خۆی، «ئاکامەکان»ی بە تێڕامان و بە ڕێکخستنی بیرکردنەوانە بنووسێتەوە و ماناکەی پوختەی بکاتەوە. ئەز دوو چاوی ساغی بۆ سەلماندنی دڵ و هەستەکانی پێدەبەخشم. لە دەقی منداو، پرپەکانی ناخ لەوێن: روون و ئاشکرایی بێ کۆتایی یە، روون و ئاشکرایی نەمرە.

**پ: میتۆلۆژیای کورد سەرچاوەی پالاوتنی تۆیە (لە شیعر، ڕۆمان، نووسینەکانی تردا). سەرچاوەکانی تری سەلیم بەرەکات چین؟**

بەرەکات: بوون لە پایە و، نەشوەکانی دایە. مەتەڵ و ئالۆزکاوی ـ فێڵبازین.

**پ: سەبارەت بە گۆڤاری «الکرمل» چی لەگۆڕێدایە؟ بۆچی یارییەکە دەرکی نەکرد؟ لەسەر حیسابی کێ لە کار وەستا؟**

بەرەکات: بە گوێرەی ئەوەی کە دۆست و برام محمود دەرویش ئاگاداری کردمەوە دەردەچێتەوە. ئەو لە «رام الله»دا حەزیدەکرد هەمان ئەرک کە هەمبوو لەئەستۆ بگرمەوە. حاسڵکردنی سەفەرێکی تازە بۆ کارەکان سەختە و باسکردنیشی درێژە دەکێشێ، وێرای بارودۆخی ژیانی گوزەرانمان، بەبێ سەرچاوەیەکی گوزەرانی بێجگە لە پچێک، پچێک پچێک نەبێ. لە سەرەتای سالی داهاتوودا [وا بزانم سالی ١٩٩٦] دەردەچێت. لە ئامادە نەبوونم غەمبار دەبم. بەڵام سەبارەت بە ڕونکردنەوەی پرسیارەکەت، کە یارییەکە نەیگرت بەخۆیەوە دوو هۆی جەوهەری لە پشتەوەیە: یەکەم کەسایەتی محمود دەرویش بەسەر گۆڤارەکەوە ئیعتباری یە. بەو پشت نەستوور بوو کە تواندارەکان بۆ نەهێشتنی لێی نزیک نەدەبوونەوە. دووەمیان ـ دوور لە بانگەشە کردن، تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی داهێنان نەبووایە، بە گوێرەی ئەوەی کە لەبەردەستمان بوو، لە هەڵوێستی خۆمان نەدەهاتینە خوارێ. گۆڤارێک بوو، فەلەستینییەکان، لە تاراوگەدا، کۆمەکیان دەکرد و، بەرهەمی ڕۆشنبیریی عەرەب و ڕۆژاوایی بەخۆوە دەگرت. پاشان، بە هۆی ئیعتیباراتی سیاسی گۆڤارەکە ڕاوەستا، کە ڕوونکردنەوەی سەختە.

**پ: دوا پرسیار، ئایا سەلیم بەرەکات بۆ ئێمە خۆی لە ڕستەیەکدا داناوە؟**

بەرەکات: ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆلستان.

***

* ئەم پرسیارە لە چاوپێکەوتنێکی تردا وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی «الحیاه».

**سەرچاوە:** گۆڤاری تافوکت، ژمارە ١ ـ ١٩٩٦

**سەرنج:** لە ژمارەی داهاتوودا شیعری (مەهاباد)ی سەلیم بەرەکات، وێرای پێشەکی وەرگێڕ پێشکێش دەکرێ.

# چەند پرسیارێک لە ئەمیری حەسەنپوور لە سەر مەسەلەی نەتەوە

موصلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)

**سەرەتا**

گۆڤاری «جهان امروز» وتوویژێکی کردووە لەگەڵ ئەمیری حەسەنپوور، سەبارەت بە نەتەوە، مەسەلەی نەتەوەیی و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردستان. ئەم وتوویژە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و لە گۆڤاری گزینگ ژمـــارە ٢٣، بەهاری ١٩٩٩ (١٣٧٨)دا بڵاوکـــراوەتەوە. ناوبراو لەم وتوویژەیدا هەندێک بیروڕای دەربڕیوە کە جێگای سەرنجن. من بە تەمام چەند پرسیارێکی ڕەخنەگرانەی لێ بکەم. بزانین هەندێک لە قسەکان چلۆن دەچنەوە سەریەک.

لەم باسەدا من دەقی کوردیی تەرجەمەکراوی گزینگ لە بەرچاوەدگرم، گەرچی بە پێی داوای لە خۆم لە کاک ئەمیریش، ئەو خۆی کۆپییەکی لە ئەسڵە فارسییەکەی بۆ ناردم کە بتوانم بە گوێرەی پێویست بچمە سەر دەقە فارسییەکەش.

وتارەکە دوورودرێژە و لێرەدا مەجالی ئەوە نییە بچینە سەر هەموو لایەنێکی. من بە تەمام پرسیارەکان لە مەسەلەی ناسیۆنالیسم و نەتەوە و لەوەی کە مەسەلەکە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا چلۆن دەبینرێ، دوورنەکەوێتەوە. باسەکان هێندە بەرین کە پێمواید فرسەت و مەجالی تری پێدەوێ تا لێکدانەوەکان بگەنە مەنزڵ. با جارێ ئەم هەنگاوەمان نابێ.

**نەتەوە عەینی یە یان ناسیۆنالیسم؟**

ئەمیر وەک مارکسیستێک دێتە نێو گفتوگۆکە و لە باسی ناسیۆنالیسمدا دەڵێ: "شک نییە کە لە ڕوانگەی مارکسیسمەوە، ناسیۆنالیزم (جوێکردنەوەی بەشەرییەت لە سەر بنەمای پێوەندی نەتەوەیی) وەک ئیدەئۆلۆژی هیچ ماکێکی پێشکەوتنخوازانەی نییە و بەو مانایە سەر بە ڕابوردوویە، بەرهەڵستی هەڵدانی کۆمەڵگایە و کۆنەپەرستانەیە. بەڵام ناسیۆنالیزم، وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی دژی زوڵمی نەتەوەیی، ناکرێ تەنیا بە پێوانەی ئیدەئۆلۆژی هەڵسەنگێندرێ".

ئەمیر لە درێژەی باسی خەباتی نەتەوەیی دا دەڵێ: "لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی خەباتی چینایەتی..دا دەورگەلێکی ئالۆز و پڕ گرۆڕان وەخۆدەگرێ کە بە ناچار لە هەڵوێستە ئیدەئۆلۆژیکەکانەوە سەرچاوەناگرێ" بەڵکوو بە ڕای ئەو "خەباتێکی سیاسی بۆرژوا ــ دیمۆکراتیکە کە پێوەندی نزیکی لەگەڵ شۆڕشی سۆسیالیستی هەیە". لێرەدا پرسیارێک دێتەپێش: ئەمیر، کە خۆی هیچ ماکێکی پێشکەوتنخوازانە لە ئایدۆلۆجی ناسیۆنالیسم نادا، کامە نموونەی عەینی لە "خەباتی" سیاسی ناسیۆنالیستی خەریکە لای ئەمیر ماکێکی پێشکەوتنخوازانەی دەست دەکەوێ؟ دیارە من مەبەستم حاڵی حازر و ئەم زەمانەیە؛ دەنا دەتوانێ لە نیتالیای سەدەی هەژدە نموونە بنێتەوە کە لە باری میژوویی یەوە جیاواز بوو. ئەمە وتوویژێکە و کتێبی تاریخ نییە دەنا زیاتر مەجال دەبوو ڕیاکاری و پارادۆکسی ئازادیخوازی بۆرژوایی بخرێتە ڕوو. بەڵام زیاتر پرسیارەکانی من دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەمیر ناوی دەنێ خەباتی ناسیۆنالیستی و کراسی تەبەڕوکی بە بەردا دەکا. ئایا پاش ئەو هەموو تەجرەبە تاڵە لە کوردستان و هەندەران ناکرێ خەبات بۆ لابردنی زوڵمی نەتەوەیی بە شێوەیەکی تر و بە نێوێکی تر بێ؟ کاتێک بۆرژوازی کورد سەدجار مەسەلەکەیان دۆڕاندووە، کاتێک بە نێونیشانی حیزبە ناسیۆنالیستییەکانی کوردستان، زوڵمی میللی، هەر بیانوویەکە بۆ بەشداربوون لە دەسەڵاتی بۆرژوایانەی دەوڵەتەکانی ناوچەدا و، وەسیلەیەکە بۆ موعامەلەی "سیاسی" و بۆ شەڕی نێوخۆیی بۆرژواکان؛ کاتێک ئەم حیزبانە، تا جارێک باسی مافی میللی بکەن سەدجار سوێند بە سەری دەوڵەتە مەرکەزییەکان دەخۆن کە لە خودموختاری زیاتر هیچیان ناوێ، ئایا ناشکراتر لە هەمیشە دەرنەکەوتووە کە نابەرابەری میللی، وەک سفرەیەکی پڕ برەکەت وایە بۆیان کە باوەشی بۆ دەگرنەوە و دوعای عومردرێژی بۆ دەکەن؟ ئایا میژووی سەدەی بیستەم و، بەتایبەت دەیەی ٩٠ (لە بالکان بۆ نموونە)، نیشانی نەداوە کە ناسیۆنالیسم، تەنانەت کە ئەمیریش نێوی بنێ بزووتنەوەیەکی دژی زوڵمی نەتەوەیی، هەر مەعنای بوحرانی بێبەرانەوە و پیسترین شەڕی نێوان ئەو بەشەرانەیە کە هەتا دوێنێ، هەتا نەچووبوونە خەڵسەی ناسیۆنالیسمەوە، وەک هاوسێ و خزم و خێش و تەنانەت ژن و میرد پێکەوە دەژیان؟ ئەو دەوڵەتە تازانەی ئاسیا و ئەفریقا، بەتایبەت دوای شەڕی دووهەم چەندە لە سەر ئەساسی ناسیۆنالیسمی میللەتی بندەست دروست بوون؟ ئەگەر هەندێک لە هاتوهاواری ڕۆژنامە و میدیا دووربکەوینەوە و، بە سەرنجی عیلمی و مارکسیستییەوە سەیری دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە بکەین چەندیان لە سەر داخوازی نەتەوەیی و چەندیان لە سەر مەسڵەحەتی سەرمایەی گەورە و بازاڕ و بەپێچەوانەی ئاشکرای داخوازە ناوچەیی و میللییەکان دروس



بوون؟ ئەمیر گەلێک جار لە وتوێژەکەیدا ئیشارە بە عەینیبوونی نەتەوە دەکا. هەرچیش ئیشارەی پێدەکا هەر عەینیبوونی ناسیۆنالیسم، وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆرژوایی، دەگرێتەوە، نەک نەتەوە وەک شتێکی عەینی! پرسیارێک ئەوەیە بۆچی تەماشایەکی غوونەی عەینی ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی، نزیکەی ٣٠ دەوڵەتی ئەفریقایی، ئەوانی ئەمریکای لاتین و هتد نەکەین؟ غوونەی وەک کوێت و پاناما تەنیا ناشکراترین غوونەکانن لە "دەوڵەت ـ بازار". ئیسرائیل ئایا دەوڵەتی نەتەوەیی یە؟ یەهوود نەتەوەیە یا ئایین؟ نیوسەدە شەڕی بێبڕانەوە کە درێژەکەی لە داهاتوویەکی تاریکدا ونە؛ زامی ناسۆری لە خۆشەوەبوون نەهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بووەتە خۆراک بۆ ئەنواعی فاناتیسم، فاشیسم بەس نییە بۆ ئەوەی چاوێک بەم پرسیارانەدا بگێڕینەوە؟ ئایا پێوستییەکی فەوری نییە کە مەسەلەحەتی کۆنەپەرستانە و دژی بەشەریی سەرمایە و بازار لە مافی چارەی خۆنووسین جیابکەینەوە؟ کۆنگۆ بە بەرچاوی «لۆمۆمبا»وە دابەش کرا. یەکێەتی نەتەوەیی عەرەب و، یەکێەتی ئەفریقا لە ئوسطورە بەولاوەتر نەچوو. هێشتا ئایا نەتەوە دیاردەیەکی عەینی یە یان ناسیۆنالیسم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆرژوایی، بێبڕەحمانە وکوێرانە نەتەوەکانی داتاشیوە؟ بۆچی کوێت و پاناما و سەنگاپوور ئاسان دەبنە دەوڵەت بەڵام لە ئاستی کوردستاندا مەسەلەکە هێندە گرێکوێرەیە؟ چونکە کورد، وەک ناسیۆنالیستەکان بە تەحقیرەوە دەڵێن، "میللەتێکی خۆخۆرن"؟ یان دەوڵەتی کوردستان لە سەر مەسەلەحەتی سیاسی و ئابووری سەرمایەداری نییە؟ بۆچی ئیمپریالیستەکان لە سەرەتای بیستەکاندا (١٩٢٣) بە پەیمانی «سیڤر» دەوڵەتی کوردییان سەڵماند بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بە پەیمانی «لۆزان» (١٩٢٥) لەوە پاشگەز بوونەوە؟ ئایا هۆی دیکتاتۆریی شێخ مەحمود بوو؟ یان پاش ئەوەی نەیانتوانیبوو سۆڤیەت بە شەڕ بڕۆخێنن، پێویستییان بە دیکتاتۆریی بەهێزتر، لە هاوسێیەتی سۆڤیەتدا بوو، کە پێش بە تەنینەوەی کۆمۆنیزم بگرێ و ڕەزاشا و ئاتاتورک باشتر ئەو مەبەستەیان دابین دەکرد و دەوڵەتی کوردی ئیستر دەبوو مووی لووتی ئەوان؟ ئەمیر ئەمانە نێو دەنێ حاشاکردن لە عەینیبوونی نەتەوە؟ بەڵام خۆی "دامەزراندنی سنوورە نەتەوەییەکان" و "پێکهێنانی بازار و دەوڵەتی نەتەوەیی" دەخاتە یەک کاتیگۆرییەوە. ئایا زیاتر لە دوو سەدە مێژوو نیشانی نەداوە کە هەر دەوڵەتێکی «نەتەوەیی» لەگەڵ مەسەلەحەتی چینایەتیی بۆرژوازی و خودای سەر زەوی، (بیخوێنەرەوە سەرمایە)، نەگونجا هاتن کلک وگوێیان کرد و پاکستان و بەنگاڵ و پەنجابیان لێ قرتاند؟ ئەمیر دەڵێ "ناسیۆنالیزم لایەنێکی زەینی یە و ناتوانێ خولقێنەری لایەنی عەینی بێ کە ناسیۆن و میللەتە". جارێ وەک کورد دەڵێ «کوێخا خۆی مەشموولە!» ئەوە خۆی پرسیارە کە ئایا ناسیۆن یا میللەت عەینی یە یان زەینی؟! ستالین زۆری حەولدا کە تاریف (defintion)یک لە میللەت بدا بە دەستەوە. نەتیجەکەی لە داوەشاندنی سۆڤیەت بە دیان «چیچەنستان» واوەتر نەچوو. بەڵام لایەنی عەینی خولقێنەر لەم پێوەندییەدا بازاڕی سەرمایەیە کە پەردەی ناسیۆنالیسم و مەسەلەحەتی میللی کێشاوە بە سەر مەنفەعەت پەرستیی درندانەی خۆیدا و دابەشکردنی بازاڕی گەورە و بچووک نێودەنێ دەوڵەتی نەتەوەیی و لە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی کوێت!! (بیخوێنەرەوە چالە نەوت) بە میلیۆن خەڵک بە کوشت دەدا. پاشانیش ئایا ناسیۆنالیسم، بە مەعنای بزووتنەوەی بۆرژوایی دابەشکردنی بازاڕەکان، خۆی کەم عەینی یە؟ ئەی کێ بوو لە سەدەی بیستەمدا چەندەها شەڕی جیهانی و ناوچەیی خولقاند؟ ئایا ناسیۆنالیسمی زەینی بوو یا عەینی کە نێزەی سەربازی فەرانسەیی کرد بە زگی سەربازی ئالمانیدا؟ یان چەقۆی هاوسێی ئەرمەنی کرد بە زگی ژنی نازەریدا؟ کێ بوو کارەساتی قارس و قەڵاتانی خولقاند؟ "نەتەوە"ی ئێران؟ "نەتەوە"ی فارس؟ یان تورک؟ یا ناسیۆنالیسمی ئێرانی؟ کێ بوو دێهاتی کوردستانی داگرت و ئاگری بەردایە کێو و دەشتی کوردستان؟ "نەتەوە"ی عەرەب بوو یان ناسیۆنالیسمی بەعسی؟ کێ یە شەڕی نێوخۆی حیزبە بۆرژواییەکانی کوردستان، بەپێچەوانەی مەیل و داخوازی خەڵکی کوردستان، دەخولقێنێ جگە لە ناسیۆنالیسمی کوردی؟

تەماشای دەوڵەتەکانی ئێستا بکە، کامەیان غوونەی عەینی نەتەوە بە دەستەوە دەدەن؟ دەتوانی بڵێی چالە نەوتەکانی کوێت، یان قەتەر، یان بەحرەین بەڵام ئەمانە بە هیچ مەعنایەک دەوڵەتی نەتەوەیی نین. بەڵکوو بەشبەشێکی حەساس لە بازاڕی جیهانین، کە نەک بە گوێرەی ئەوەی گوایە گشت لە نەتەوەی عەرەبن، بەڵکوو بە گوێرەی قازانجی شیرکەتە گەورە نەوتییەکان کراونە "دەوڵەت" (بیخوێنەرەوە قۆڵچۆماخی چالەوان). ناسیۆنالیسمی ئێرانی، تادۆزێ بەحرەینی بە بەشێک لە ئێران دادەنا. ناکاو بازاڕی گەورەتر وا دەخوازێ کە وانەبێ و بە چوونەدەری ئیستیعماری بریتانیا، بەحرەین دەبێتە دەوڵەت! کە واتە نەتەوەی ئێران کامەیە؟ نەتەوەکانی ئێران کامەن؟ کورد، ئایا یەک نەتەوەیە یا زیاتر؟ کوردی یەک زمانە یان زیاتر؟ بەڵێ پرسیار زۆرن؛ پرسیاری گەورە و بچووک کە وەڵامیان دەوێ. ئایا ئەگەر بەم جۆرە و بە چاوێکی عیلمی تەماشای مەسەلەی کورد و مێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد بکەین چارەسەری باشتر و ئینسانیتری بۆ نابینینەوە؟ تیۆری مەغشووش و سەرلێشێوێنی نەتەوە لە هیند و پاکستان زیاتر مایەی شەڕی بێبڕانەوەی دەوڵەتەکانیان بووە تا مەعنای شتێکی عەینی بدا. نەتەوەی عەرەب کامە دەوڵەتی بووە؟ تا قەدیمیش بوو خەلافەت و ئیمپراتوری بە خۆی نەدەگوت دەوڵەتی عەرەبی. (وشەی "ئەعراب" لە قورئاندا بە نیگاتیڤ باسکراوە). ئەوە ناسیۆنالیسمی ناوچەکە بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستکاریی مێژوویی کرد و، لەناکاو هەم خەلافەتی کرد بە عەرەب و هەم نەبوعەلی سینا و عومەری خەییام!! ئایا

دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەوڵەتی نەتەوەیی بوون؟ کام دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەراسەری جیهاندا شک دەبەی کە ئەگەر پێی بڵێی دەوڵەتی فلانە بازار، یان بەشێک لە بازارێک، یان یەکگرتووی چەند بازار، مەبەستەکە ڕۆشنتر نەبێ؟ تەماشای یەکیەتی نۆروپا بکە. تەماشای "ئۆپێک" یان هەر دەوڵەت و هەر هێزێکی سیاسی تر بکەی دەتوانی بەم میتۆدە باشتر بیخوێنیتەوە.

**تیۆڕیی ناسیۆنالیسم**

بەڵێ؛ من پێموایە تیۆڕیی ناسیۆن و ناسیۆنالیسم پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، تاوەکوو پێش ئەوەی بۆرژوازی ئەوەندەی تر دنیا بکاتە جەهننەمی زەحمەتکێشان و پێش ئەوەی شەڕەی ناوچەیی یان جیهانی دنیا کاول کەن، چارەسەرێکی ئینسانیی لێ بدۆزینەوە.

سەرەتا تیۆریسیەنە بۆرژواکان نەتەوەیان لە شکڵی ناسیۆنالیسمی خۆیان خوڵقاند بۆ ئەوەی بتوانن کارگەر تا ئاخرین پشوو بچەوسێننەوە هێشتاش بڵێن مەسەلەحەتی نەتەوە و نیشتمانپەروەری وادەخوازێ کە تۆ لە خۆبوردوو بی! ئایا دەیانتوانی پێی بڵێن تۆ لەبەر خاتری سەرمایە لە خۆبوردوو بە؟! لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و پێش شەڕی جیهانی یەکەم گەلێک قسە لەم مەسەلەیە کراوە. ئەوەی لە «لێنین»ەوە من داوا لە خوێنەران دەکەم سەرنج بدەن. ئایا لێنین مەبەستی ڕاستکردنەوەی پێناسەی نەتەوە بووە یان بە شێوەیەکی نیگاتیڤ دەیەوێ یەخەی چینی کرێکار لەم نەگبەتییە کە بۆرژوازی تووشی کردووە، ڕزگار بکا؟ کاتێک جیابوونەوەی هێمنانەی سوێد و نۆرویژ لە ۱۹۰۵دا بە نموونە دێنێتەوە ئایا بە ئاشکرا مەبەستی ئەوە نییە کە ئەگەر خەڵکی وڵاتێک نەیانویست پێکەوە و لە یەک دەوڵەتدا بژین، با چنگیان بە خوێنی یەکتردا نەچێ، با بە هێمنی و ئاشتی جیابێنەوە؟ ج لە نووسراوەکانی و ج لە کردەوەشیدا دیارە کە دەوڵەت و وڵاتی گەورەتری بە لاوە باشترە. کاتێکیش کرێکارانی جوو خەریکن لەگەڵ کرێکارانی ڕووس هاوڕەنگ بن و بوندیستەکان دەیانەوێ پێش بەوە بگرن و پێناسەی نەتەوەیی جوو بۆ کرێکاران دروست بکەن لێنین بەرانبەریان دەوەستێ و بە ڕاشکاوی لایەنی ئاسیمیلاسیۆن و یەکیەتی کرێکاران دەگرێ. لە نێو مارکسیستەکاندا، لێنین زیاترین کاری لە سەر مەسەلەی نەتەوە کردووە و قسەی ڕۆشنی زۆرن. کار و نوسراوەکانی ستالینیش جێی سەرنجن. بەڵام سەرنجێک کە بزانی چۆن لیباسی مارکسیسم دەکا بە بەر ناسیۆنالیسمدا!! ستالین لای من ناسیۆنالیستێکی ئیدەئۆلۆگە، نەک مارکسیست! گەرچی لە کورسیی "ڕێبەرایەتی پرۆلێتاریای جیهانییەوە" بۆی ڕەخساوە کە ببێتە هۆی سەرلێشێواوی گەلێک لە مارکسیستەکانی پاش لێنین. ستالین وەک ناسیۆنالیستێکی ئیدەئۆلۆگ، پێناسەیەک بە نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دەدا کە هەتا ئێستاش زەینی گەلێک مارکسیستی مەغشووش کردووە. من لە ئەمیر دەپرسم لە کوێی دنیای ئۆبژێکتیڤدا، بێجگە لە زەینی ناسیۆنالیستەکان نەتەوەیەک دەبینی کە لە تاریفی ستالین یان هەر تیۆریسیەنێکی تری بۆرژوادا بگونجێ؟ تیۆریسیەنەکان لە پەسا تاریفی "نەتەوە" بە گوێرەی مەسلەحەتی سەرمایە دەگۆڕن. لە سەرەتای سەدەی بیستدا کە هێشتا دوو شەڕی جیهانی و دەیان شەڕ و ترۆریسمی ناوچەیی ڕووینەدابوو، گەلێک لایەنی مەسەلەکە و مەینەتەکە بەم ڕۆشنییەی ئەمڕۆ نەبوو؛ دەنا، لە شێوە بۆچوونی لێنین دەدەشاوە کە هەر ئەوکات بە ڕاشکاوی باسی بکا. ئێستا، هەشتا ـ نەود ساڵ پاش لێنینو پاش ئەم هەموو لێڵاوە کە کراوە بە سەرچاوەی مارکسیسمدا، پاش ئەوەی کامپیۆتێر کۆرەی زەوی کردووەتە دێیەک، سەیر نییە ئەگەر مارکسیستێکی وەک من بڵێ ئێمە پێویستمان بە قسەی تازە هەیە و هەر تەنیا لێکدانەوەکانی لێنین ڕەسایی کاروبارمان ناکا! ئێستا پاش ئەوەی، نە ئەو تیۆرییانە و، نە هیچ تیۆرییەکی بۆرژوازی سەبارەت بە دەوڵەت جوابی بوحرانی سیاسی ئەمڕۆ ناداتەوە؛ بەپێچەوانە شەڕی گەورە و بچووکی نەتەوەیی و مەزهەبی هەر ڕۆژە لە گۆشەیەکەوە دەتەقێتەوە و شەڕ زیاتر لە هەمیشە قەبوڵ کراوە و (institutional) بووتەوە؛ پێویستە مارکسیستەکان بۆ نەجاتدانی بەشەر لەم شەڕە مالوێرانکەرانەش بووە، جارێکی تر جواب بۆ مەسەلەکە بخەنە دەستوورەوە. پرسیارەکە لێرەدا دووبارە دەکەمەوە؛ ئایا سەرچاوەی عەینیی ناسیۆنالیسمیش و خورافەی نەتەوەش مەسلەحەتی سەرمایە و بەشە جۆراوجۆرەکانی بازار نییە؟ من بە پێچەوانەی ئەمیر، مەسەلەکە هێندە سادە وڕۆشن نابینم، کە گوایە تیۆڕی مارکسیسم لەم بابەتەوە ڕۆشن بێ و هەرچی هەیە لە تەڕوپڕ، لە کتێبەکاندا هاتبێ. دووبارەی دەکەمەوە کە مارکسیسمیش، سەدەیەک پاش لێنین، دەبێ جارێکی تر سەرنجێکی ڕەخنەگرانە بدا لەم مەسەلە تایبەتییە. باکیشم لەوە نییە ئەمیر پێم بڵێ "تڕۆتسکیست" یان هەر دژنێوێکی تری یادگاری زەمانی ستالینم بیربخاتەوە.

**کێ جەوازی کۆمۆنیست بوون مۆر دەکا؟**

من یەکەم کەس نیم بەوەم زانیبێ کە مارکسیسم، وەک بیرورای کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، لە لایەن چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشەوە بە دەستەوەدەگیرێ. کاتێک چینی کرێکار هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرینە، چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ دەست بۆ مارکسیسم دەبەن تا چینی کرێکار بەرەو مەبەست و بەرژەوەندی خۆیان ڕابکێشن. بۆیە، هەر کەسە، بە گوێرەی تانداسی کۆمەڵایەتی خۆی، جۆرێک دەڕوانێتە مارکسیسم و بەم پێیەش، ڕیوایەتی جۆربەجۆر لە مارکسیسم هەیە. لە حیزبەکانی سەر بە سۆڤیەتی جارانەوە بیگرە، هەتا حیزب و گروپی گەورە و بچووکی چەپ، بە ناوی مارکسیسم و چینی کرێکارەوە بۆچوون و لێکدانەوەی جۆربەجۆریان هێناوەتە کایەوە. بە جێ یە بزانین لە نێو ئەم هەموو ڕیوایەتانەدا ڕیوایەتی بەڕاستی مارکسیستی و کۆمۆنیستی دەبێ کامە بێ؟ مانیفێست، کاتی خۆی جوابی بە مەسەلەیەکی وا دایەوە. لەویدا، کۆمۆنیزمێک کە لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە دەڕوانێتە کۆمەڵ ڕۆشن کراوەتەوە و لە ئەنواعی سۆسیالیسمی خەیاڵی و سوسیالیسمی سەر بە چینە کۆمەلایەتییەکانی تر جیاکراوەتەوە. لێنینیش هەمیشە لێکدانەوەی مارکسیستی بە ڕوانگە چینایەتییەکەیەوە دەناسی. لێرەشدا ئەو پرسیارە لە ئەمیر دەگونجێ کە بزانین داکۆکی لە سەر چ جۆرە مارکسیستێک دەکا. ئەمیر دەڵێ: "ئەورۆ ئەگەر کۆمۆنیستێک خۆی بە ئینترناسیۆنالیست دادەنێ سوور و بێبڕانەوە دژی تەواوی شێوەکانی زوڵمی نەتەوەیی خەبات نەکا لە ناسیۆنال شۆڤینیست بەدەر هیچی دیکە نییە". ئەمیر نەینووسیوە کە ئەم ڕستەی لە نووسراوەیەک دەرهێنابێ، بەڵام بۆ کەسێک کە لەگەڵ نووسراوەکانی لێنین ئاشنا بێ، دەزانێ کە لە زۆربەی ئەو نووسراوانەدا، لێنین، ئەم مەبەستەی کە ئەمیر لێرەدا ئیشارەی پێکردووە، بەوە تەکمیل دەکا کە ئەو کۆمۆنیستە ئەگەر بکەوێتە دیفاع و داکۆکی لە «فەرهەنگی نەتەوەیی" و جیاکردنەوەی نەتەوەکان، لە

ناسیۆنالیستێکی هەرە بەرچاوتەنگ (ئەوکات پێیاندەگوت فلستینی) بەدەر هیچی تر نییە! بە بێ سەرهەڵێنانەوە لە نووسراوەی لێنینیش ئاشکرایە کە کۆمۆنیستەکان دژی هەموو ناپەرابەرییەکی کۆمەڵایەتین. ئیتر لازم ناکا بکەوینە داوی "مارکسیسمێکی ناسیۆنالیستی"یەوە! ئایا ئەمیر چاوەڕوانە ناسیۆنالیستەکان جەوازی کۆمۆنیست بوونمان بۆ مۆر بکەن؟

**فەرهەنگی کام چین؟**

مەبەستی من لەم نووسراوەیەدا قوتکردنەوەی چەند پرسیارێکی پێویست بوو. وادیارە هەندێک لەوەش واوەتر چووم، بەڵام لە هەرحاڵدا، نامەوێ و ناشگونجێ کە لە نووسراوەیەکی کورتی وەهادا بچمە سەر هەموو ئەو مەسەلانەی ئەمیر هێناویەتەوە. لێرەدا پرسیارێکی ترم ئەوەیە مەبەستی ئەمیر لە دیفاعکردن لە فەرهەنگ، کام فەرهەنگە؟ ئەگەر ئەویش وەک مارکسیستەکان فەرهەنگ بە چینایەتی دەبینێ ناشێ دیفاع لە فەرهەنگێکی نەتەوەیی بکا کە جەژنی ڕەمەزانی تێدا پیرۆزە، بەڵام ئەوەڵی مانگی مەی و هەشتی مارسی لا فەرهەنگی بێگانەیە؟! ئایا دیفاع لە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆ، نابێ بە ڕاشکاوی جیابکرێتەوە لە مافی باوک بۆ کوشتنی کچی خۆی کە دەچێ بۆ دیسکۆ؟ بۆرژوازی لە سوێد و کاناداوە هەتا کوردستان، زمانی کوردی و ناموووسپەرستیی عەشایری بە یەکسان بە فەرهەنگی من و تۆ دادەنێن. کاتێکیش باسی بەرابەریی ژن و پیاو، یا ئازادیی بەیان بکەی و بڵێی ئەمە فەرهەنگی من و هەزاران هەزار سۆسیالیستە نەک ژن کوشتن، ناگونجێ! ئاخر فەرهەنگ بە گوێرەی جوغرافیا دابەشکراوە و، بەرابەریی ژن و پیاو و ئازادیی بەیان لە کوردستان پاسپۆرتی نییە! تەلەڤیزیۆنەکانی ئورووپا پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانت لێدەکەن، بەڵام پیرۆزبایی ئەوەڵی مانگی مەی لە تۆ ناکەن. هەزار سالیش هاوار بکەی بڵێی من کۆمۆنیستم، فەرهەنگی تۆ و خومەینی لای ئەوان یەک فەرهەنگە. تەعبیری چینایەتی لە فەرهەنگ، کە لێنین نزیکەی سەدساڵ لەمەوبەر، بە ڕۆشنی بەرانبەر بە بونديستەکان بەکاری هێناوە، تادۆینێ تەنانەت لە بەرزترین پلەی زانکۆکاندا، تەعبیرێکی ماتریالیستیی تاریخی و موعتەبەر بوو. ئێستا بەداخەوە ــ تەنانەت لای هەندێک لە مارکسیستەکانیش ــ لەبیرچووەتەوە. ئەوەی ئێستا موعتەبەرە تەعبیری جوغرافیایی کولتوور و فەرهەنگە کە من وتۆ لەگەڵ خامنەیی دەنێتە یەک کیسەی فەرهەنگییەوە. ئێستا و لە سەردەمی بیستویەکدا، تەعبیری چینایەتی لە فەرهەنگ، بەداخەوە، وەک قسەیەکی تازە وایە. ئایا مارکسیستەکان لەوانە یەکێکی وەک ئەمیر، نابێ لە بەکارهێنانی ئەم تەعبیرەدا بۆچوونی چینایەتی خۆی بە ڕۆشنی ڕابگەیێنێ؟

**بڕیاری جیابوونەوە**

گەرچی ناشمەوێ بچمە سەر کێشەی ئەمیر لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران بە گشتی و، ئەمانەی لێرەدا نووسیومە نەزەری شەخسیی منن، بەڵام ئەوەی کە ئەمیر دەڵێ: "ئەگەر ئەو حیزبە دەسەڵاتی دەوڵەتی دە دەستدابێ و خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن جوێ ببنەوە بڕیاری وان وا بە هاسانی قەبوڵ ناکرێ" بە شتێک زیاتر لە بێ ئینسافی دەزانم. بەتایبەت کە بەڵگە لە حککا دێنێتەوە و دەنووسێ: "حککا تەنیا لە حاڵێکدا ڕازی بە جوێبوونەوەی کوردستان دەبێ کە تەواو خاترجەم بێ کە ڕێگایەکی ئاوا بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان دە کوردستاندا دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی مافی شارستانیی پێشکەوتووتر و باری ئابووری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی یەکسانتر و ئەمنتر"

ئەگەر لێرەدا تەعبیری "ڕازی بە جوێبوونەوە.. دەبێ" بکەی بە "ڕەئی موافق بە جیابوونەوە دەدا" (وەک ئەسڵی عیبارەتی بەرنامەش وایە و ئەمیریش لە دەقە فارسییەکەدا وای نووسیوە) ئیتر نەک هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕەخنەکەی ئەمیر بە دەستەوە نادا، بەڵکوو بەپێچەوانەی مەبەستی ئەمیرە! ڕەئی موافق نادا مەعنای "قەبوڵ ناکرێ"نادا. مەسەلە ئەوەیە کە لە بەرنامەی حیزبە بۆرژوایییەکاندا باسی حەقی کرێکار و زەحمەتکێشی نەتەوەی ژێردەست لە پرۆسەی جیابوونەوەدا ناکرێ و ئەمە لای ئەوان غەریب دەنوێنێ. ئەو بەشەی بەرنامەی حککا ئاوایە: "حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، هەر زەمانێک بێ تەنیا کاتێک ڕەئی موافق بە جیابوونەوەی کوردستان دەدا کە بە ئاشکرا دیار بێ کە ئەم ڕێبازە کارگەران و زەحمەتکێشان لە کوردستان لە حقووقێکی مەدەنی پێشڕەوتر و هەل و مەرجێکی ئابووری و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەرابەرتر و دڵنیاتر بەهرەمەند دەکا. هەڵوێستی ڕەسمی حککا لە هەر زەمانێکدا بە گوێرەی لێکدانەوەی موشەخەس لە هەل و مەرجی حازر و بەرژەوەند و مەنفەعەتی گشتی چینی کرێکار و خەڵکی کارگەر و زەحمەتکێش بەتایبەت لە کوردستان دیاری دەکرێ". ئەم ڕستەی ئاخریش هەر هەڵوێستێکی لینینیی ناسراوە و لە باسەکانی لێنین و ڕۆزا لۆگزامبورگدا بە ڕۆشنی هاتووە. لێنین لە ڕوانگەی بەرژەوەندی گشتی چینی کرێکارەوە، واتە ڕوانگەی مارکسیستییەوە کە ئەمیریش خۆی بە موداڤیعی دەزانێ، دەڕوانێتە مەسەلەکە. ئایا ئەمیر موخالیفە کە ئەگەر پرۆسەیەک لە بەرژەوەندی گشتی چینی کرێکار و لە مەسڵەحەتی خەڵکی کارگەر و زەحمەتکێش نەبێ کۆمۆنیستەکان ڕەئی موافقی پێ نەدەن؟ دیاریشە کە فەرق هەیە لە بەینی ڕەئی موافق نەدان و قەبوڵ نەکردندا؛ ئەمە لای هەموو منداڵێک کە نووسینی سەرەتایی فێر دەبێ ڕۆشنە. کۆمۆنیستەکانیش، ئەگەر موافقی شتێک نەبن، خەبات دەکەن کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە زەرەر و زیانی ئاگادار بکەن بەشکم ئەوانیش ڕەئی موافق نەدەن ئەگینا بە تەما نین وەک ستالینیستەکان سواری سەری خەڵک بن! ئایا کۆمۆنیستەکان حەقیان هەیە نەزەری خۆیان بدەن؟ ئەگەر بۆرژواکانی بریتانی (شیمالی فەرانسە) ویستیان کیسەی خۆیان و بازاڕی خۆیان لە پاریس جیابکەنەوە (هەر ئێستا "خەبات"یکی وا بە بۆمبادانان و کوشتاری خەڵکی خەیابان دەستی پێکردووە) ئایا کۆمۆنیستەکان هەر نەپرسن ئایا ئەمە لە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکە یان نا؟ ئایا چاویان بقووچێنن و ڕەئی بدەن بە هەرچی تڕۆریستە بۆرژواکانی شیمالی فەرانسە دەیڵێن نەکا ناسیۆنالیستێک ڕەخنەیان لێ بگرێ؟

من بە شێوەی پرسیار هەندێک لە ڕەخنەکانم خستە بەرچاو، نەک هەر وەک شێوەی نووسین، بەڵکوو پێموایە ئەسڵی مەسەلەکە تووشی پرسیاری تازە بووە و دیالۆگی ئەوانەی بە دەربەستی مارکسیسمەوەن پێویستە. بە هیوام جوابی تازەش بدۆزینەوە. هێشتا لێنین و شۆڤینەواری لێنین لەم مەسەلەیەدا ڕێ نیشاندەرە؛ گەرچی پڕ بە دڵیش بە هیوام و بە پێویستی دەزانم لە لێنین واوەتر بچین تا بتوانین دەستی دزێوی دێوی ناسیۆنالیسم لە سەر منداڵ و گەوردی بەشەر کوتا کەین و ئەم دارە لە دەستی بۆرژوازی دابخەین.

بەهاری ۲۰۰۰

# ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی

## لەمیانەی خستنەڕووی بیری ژاک دریدا

ئازاد حەمە


- ئونیڤێرسالیسێرەبوونی پاش بنەماخوازی، دەستەبژێرگەریی ڕوناکبیری پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەری
- تیۆری زمانەوانی فردیناند دۆ سۆسێر ـ میتافیزیکی وتاری سیمیۆلۆژی
- دریدا و وتاری ئەنتی ـ لۆگۆسێنتریزم و ئەنتی ـ فۆنۆسێنتریزم، وانەی نووسیناسیی
- کردەی نووسینی هەڵوەشانەوەگەریی تێکستوالیتێتی ڕەخنە


**ئونیڤێرسالیسێرەبوونی پاش بنەماخوازی، دەستەبژێرگەریی ڕوناکبیری پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەری**

پاش بنەماخوازیی تەنیا پەرچەکردارێکی سادە نییە بۆ شەپۆلی فەلسەفی و ڕەخنەیی بنەماخوازی فەڕەنسی. بەڵکو پێداویستییەکی ئێپستمی و تیۆریی ژیانی کەلتووری و فکری فەڕەنسی و ڕۆژئاوایە. ئەوەبوو لە ماوەی ساڵانی هەشتاکانا لە ماسمێدیای جیهانی و نێوەندی ئەکادیمی بایەخێکی زۆر بە پاش بنەماخوازی درا و، ئەمەش پتر تیۆرییەکانی دریدا بەرگوێدەخاتەوە. پاش بنەماخوازیی لەگەڵ دەم و وەختی سەرهەڵدانیدا خۆی وەک مۆدێلێکی تیۆری دەرخست و شوێنی بۆ کارکردنی خۆی لەگەڵێ لە بوارە جۆراوجۆرەکانا (فەلسەفە، فێمینیزم، ئەدەب، ڕەخنەی کەلتووریی، ئێنتڕۆپۆلۆژیی) دۆزییەوە. ئەوی گرینگ بوو بۆ لێکۆڵەرەوان ئەوەبوو کە تیۆری زانینی پاش بنەماخوازیی هەر لەسەرەتاوە خۆی وەک تیۆرییەکی فرەشێوە و فراگمێنتاریسک (Fragmentaire) دەرخست. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرلەنوێ بابەتی وەک زمان، تێکست، مەرگی خود، چارەنووسی فەلسەفە، ئایندەی تیۆری زانینی ڕۆژئاوا بوونەوە بە شوێنی دێبات و گەڵێ بابەتی تریش وەک پەڕادیگمێکی ئونیڤێرسال خۆیان سەپاند، جا لەوانە: پەراوێزە زیاد لەپێویست بەرباسنەخراوەکانی ڕۆژئاوای نوێ، هۆمۆسێکسوێل، فێمینیست، پەناهەندە، هەندەرانییەکان و....هتد.

کێ پاش بنەماخوازە و کێ پاش بنەماخواز نییە ئەوە زۆر ئاشکرانییە و تەنانەت ئەو پرسیارە هەندێ جار بۆ ئەوانەی کە ویستوویانە بە وەڵامێکی دیاریکراو و گونجاو بگەن دوچاری گومڕایی کردوون و تەنانەت لە بەهەڵە تێگەیشتنێکیشدا ژیاون سەبارەت بە دیاردەی پاش بنەماخوازیی. بەڵام بەگشتی دەکرێ ئەوە بڵێین کە، دریدا ناوی لەپێش هەموو ئەوانەوەیە کە بە پاش بنەماخواز ناسراون و پاش بنەماخوازەکانیش دریدا بە باشترین سەرچاوەی خۆیان دەزانن. چونکە زۆربەی زۆری پاش بنەماخوازەکان مەسەلەی پاش بنەماخوازیی بە بەرهەمی ئەو ڕەخنە تیۆری و فکرییانە دەزانن کە دریدا لە بنەماخوازیی گرتووە. ئەڵبەتە ڕەخنەکانی دریدا لەو دوو کتێبەی (هوسرڵ و بنەچەی ژیۆمێتری، دەنگ و دیاردە) لەبارەی هوسرڵ دوە نووسیویەتی سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ دروستبوونی پاش بنەماخوازیی و ئەو سمینارەش دریدا لە ساڵی ١٩٦٦ خوێندوویەتیەوە لە بالتیمۆر، لە کۆنفرانسێ کە زانگۆی جۆن هۆپکنز ئامادەیکردبوو، بووە بە دەروازەیەک کە دریدا دواجار بەهۆیەوە لە ئەمریکا پێی ناسراوە و، خستنەڕووێ باشیش بووە بۆ بەرچاوخستی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بابەتی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و، هەروەها ڕووەکانی ئەو ڕەخنەیەشی والاکردبوو کە ناڕاستەی شەپۆلی بنەماخوازیی فەڕەنسی کردبوو. جگەلەوەی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا لەپشت هاتنەکایەوەی تیۆرە ڕەخنەگەرییەکانی پاش بنەماخوازییەوەیە، بەڵام گەلێک دوو هاوکاری بیریی تر لەمبارەیەوە بۆ دریدا پەیدا دەکەن یەکێکیان فۆکۆ یە (فەڕەنسا) و ئەوی تریان پۆل دۆ مان Paul de Man (ئەمریکا). ئەمە و لەم ساڵانەدا قسە لەسەر پاش بنەماخوازیی بارت، کریستیڤا و هتد.. دەکرێ. بەڵام ئەمڕۆ لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ گەلێ کەس ئەوە ئاشکرابووە کە پاش بنەماخوازیی سەرەتاکانی بۆ فەڕەنسا دەگەڕێتەوە و بۆ ئەو بارودۆخەی کە لەگەڵ ڕەخنە ناڕاستەکردنە پرۆژەی ئانترۆپۆلۆژی بنەمایی لیڤی ـ ستروس دەستی پێکرد و بەتایبەت لەگەڵ لەدەستدانی باوەڕ بە زانست و بانگەوازەکانی عەقڵ و، هەروەها بەرپەرچدانەوەی ڕاستییە ڕەها و هەقایەتە گەورەکان. گومانیشی ناوێ کە ئەم جۆرە تێندێنسە جێ بایەخی پۆست مۆدێرنەکانیش بووە.

بۆ بەشێک پاش بنەماخوازیی فەلسەفەیەکە ئاکامی ڕەوانبێژی و میتافۆری زمانە و بۆ بەشێکی تر لەگەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلی ڕەخنەی پاش بنەماخوازیی ڕەوانبێژی نەدەبی یان جۆرە ڕەوانبێژییەکی پاش بنەماخوازیی هاتەکایەوە. هەروەها بزاڤی پاش بنەماخوازیی تەنیا دژی لێکدانەوەکانی بنەماخوازەکان نییە بەڵکو دژی شەپۆلی هێرمینۆتیکیشە و، هەوڵیشی داوە لە دەرەوەی دیسیپلینە فەلسەفی و ترادیسیۆنەکان کاربکا.

لەڕاستییدا تیۆری ڕەخنەیی پاش بنەماخوازیی فەڕەنسی ڕۆڵێکی زۆری لە ژیانی کەلتووری و فکریی ئەمریکی دا دیوە و زۆربەی ڕوناکبیرانی ئەمریکی ساڵانی کۆتای هەفتاکان و هەشتاکان نەیانتوانیوە لە ژێر ڕۆشناییدا کارنەکەن و، ئەمە لەکاتێکدا تیۆرەکانی پاش بنەماخوازیی لە پشت باوبوونی هەڵوەشانەوەگەرییدا بووە. هەڵوەشانەوەگەرییش لە

ئەمریکا ڕوویەکی تر بووە لە هەڵوەشانەوەگەریی فەڕەنسی. دوای ئەوەی پاش بنەماخوازیی لەدوای هەشتاکانەوە خۆی وەک ڕەگەزێکی ڕوناکبیری و ڕادیکالیی سیاسی دەرخست ئەمە وایکرد زۆربەی ئەکادیمیکەرە فێمینیستییەکان لە ئەمریکا بکەونە بەکاربردنی پاش بنەماخوازیی. بەخۆی لە هەفتاکانی ئەم سەدەیەدا لە ئەمریکا کاتێ کە فۆکۆ و بیریارە پۆستمۆدێرنەکانی تر بایەخیان پێدەدرا، ئەوەبوو گروپێکی تر هات و دەستی بە کارکردنکرد و پەرەی بە بیریان دا. ئەڵبەتە لەوانەش دەکرێ ڕوناکبیرە هۆمۆسێکسوێلەکان و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان بەغوونە وەرگیرێ. ئەمە لەکاتێکدا کە وتاری پۆست کۆلۆنیالیزمیش توانی خۆی فرێداتە ناو پۆست بنەماخوازییەوە.

بەمجۆرە پاش بنەماخوازیی، دوای ئەوەی گەیشتە ئەمریکا گورج لەتەک تێکستی فێمینیزم و هۆمۆسێکسوێلیدا هاوتاکرا. ئەم هاوتاکردنە بەو مانایە نایێت کە پاش بنەماخوازیی فەڕەنسی لە پاش بنەماخوازیی ئەمریکی جوداواز نییە. چونکە پاش بنەماخوازی لە فەڕەنسا شۆڕشێکی زۆری دژ بە تراديسیۆنی مارکسیزم و بوونخوازیی کردووە. بەڵام پاش بنەماخوازیی لە ئەمریکا شانبەشانی مارکسیزم و فێمینیزم و هۆمۆسێکسوێلیتێت گەشەی کردووە. گەلێک پاش بنەما خوازیی وەک تیۆرییەکی ئەدەبی یان فەلسەفی و سیستەمی بیر تەماشادەکەن و گەلێکی تر وەک قۆناغێکی وەرچەرخاندنی نیهیلیستی تەماشایدەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەلێ هەوڵی دروستکردنی پردێک لەنێوان پاش بنەماخوازیی و مارکسیزم، وەک فریدریک جێنسۆن، دانیێل هارڤی دەدەن. هەروەها پاش بنەماخوازیی گەیشتە ئەمریکا لەسالانی هەفتاکان لە ڕێگای ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری بایەخدان بەخۆ. ئەمەش بەهۆی کارەکانی فۆکۆ وە بوو کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گرووپە فێمینیستی و هۆمۆسێکسوێلییەکانەوە هەبووە. دەشکرێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە فۆکۆ هەوڵی ئەوەی نەداوە کە کارەکانی هاوتای پاش بنەماخوازیی بکا، بەڵام ناڕاستەوخۆ هەوڵەکانی لە بواری تیۆری بایەخدان بەخۆ یان جەختکردنی فۆکۆ لە ڕۆڵی ڕەگەز (سێکس) نیشانەی نزیکبوونەوە لە پاش بنەماخوازیی تێدا بەدیدەکرێ. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە قسە لەسەر پاش بنەماخوازیی یان بنەماخوازیی فۆکۆ بکەین بەقەد ئەوەی مەبەستمان ئەوەیە کە قسە لەسەر چۆنیەتی گەیشتنی تیۆرییەکانی فۆکۆ بۆ ئەمریکا بکەین و هەروەها کارکردنی ئەم تیۆرییانە لەتەک تیۆری هەڵوەشانەوەی دریدا.

بەم شێوەیە، دریدا و فۆکۆ دوو ناوی دیارن لە ڕیزی پاش بنەماخوازەکان و، تیۆرییەکی ئەوتۆش لەئارادایە کە باس لە پاش تازەگەرییشیان دەکرێ. بەڵام دریدا بەهۆی ڕێڕەوی هەڵوەشانەوەگەرییەکەیەوە پتر لە فۆکۆ قسە لەسەر پاش تازەگەرییەکەی دەکرێ و، لەگەڵ هاتنەئارای دێباتیش لەسەر پاش تازەگەریی سەرلەنوێ دریدا بۆتەوە بە جێگای باس.

جێی سەرنجە، تیۆری پاش بنەماخوازیی، شانبەشانی ئانتڕۆپۆلۆژی و پۆپولیترکولتوور، یەکێکە لە ڕووەکانی نۆمادیزم (Nomadisme). پاش بنەماخوازەکان هەروەک ئانتڕۆپۆلۆژ و ژینگەناسەکان ڕەخنەیەکی زۆر ناڕاستەی شێوەی ژیانی سەردەمی نوێ و شارستانیەتی ئەمڕۆ دەکەن کە ئەمجۆرە ژیانە دەستی لە هەڵوەشانەوەی ژیانی نۆمادیزم (گەڕۆکەریی) دا هەیە. بە باوەڕی ژیل دۆلۆز، کە بیری نۆماد لەگەڵ ئەودا بەرجەستەبوو وەک ناونیشانێ فەلسەفی، وتاری نۆمادیزم مردووە و سەردەمی ئەمڕۆش لە پشت مەرگییەوەیە. ئەم دوو پاش بنەماخوازە، باس لەوەش دەکەن کە نۆمادەکان (کۆچەرەکان، گەڕۆکەکان) مێژوویان نییە و مێژووش هەمووکاتێ نۆمادەکانی لاداوە و ئەوی نۆمادەکان هەیانە تەنیا جوگرافیایە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پاش بنەماخوازییش هەروەک پاش تازەگەریی ڕەخنەی تایبەتی لە کۆمەڵگە و شارستانیی نوێ هەیە. بۆیە دەکرێ بگوترێ، پاش بنەماخوازیی و پاش تازەگەریی هەردوو دژایەتی بنەماخوازیی و کەلەپووری بیری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا و زانسگەریی دەکەن. ئەڵبەتە بواری کارکردنی پاش بنەماخوازیی لە پاش تازەگەریی جواداوازە. پاش تازەگەریی زۆرتر کار لەسەر بیری میتافیزیکی ڕۆژئاوا، هەر لە پلاتۆن دوە تادەگاتە هوسرل و سۆسێر و هایدگر و، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و هونەرییەکان دەکا. بەڵام هەردووڵاشیان کار لەسەر تیۆری: ڕەخنەیی، ئەدەبی، زمان، فەلسەفی پوخت و بابەتی وەک ڕاستی، مانا، جوانکاریی، خود و گەلێ دیاردەی تر دەکەن. گومانیشی ناوێ کە، دیدی نیچە سەرچاوەیەکی سەرەکی یە، بۆ ڕەخنەکانی پاش بنەماخواز و پاش تازەگەرەکان؛ هەروەها هایدگریش سەرچاوەیەکی تڕە بۆ ئەمانە. زۆربەی ڕوناکبیرانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەوانە: جێمسۆن، دۆمان، بۆدریار، لیۆتار، کڵەر، هارڤی، لە ماوەی سالانی هەفتا و هەشتاکانا بە بنەمای ڕوناکبیری جۆراوجۆر: بنەماخوازیی، سیمیۆلۆژیی، مارکسیستی، نیهیلیستی، کارێکی زۆریان لەسەر تیۆری پاش بنەماخوازیی و پاش تازەگەریی کردووە. سەرباری ئەوە پاش بنەماخوازەکان هەروەک پاش تازەگەرەکان دەستبەرداری فەلسەفەی ڕێژەگەریی دەبن و، بەڵام وابەستەیەتی ئەم دوو بزاڤە بۆ دیدگەریی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە.

**تیۆری زمانەوانی فردیناند دۆ سۆسێر، میتافیزیکی وتاری سیمیۆلۆژی**

زانستی زمانەوانی بنەماخوازیی بەرهەمی تیۆری زمانەوانی سۆسێرە و بەگشتیش سەرهەڵدانی بنەماخوازی پێوەندی بە تیۆری ناوبراوەوە هەیە.

تیۆری سۆسێر توانی نیشانەی زمانەوانی ئاشکرابکا و دان بەوە دابهێنێ کە زمان سیستەمێکە لە نیشانە و، نیشانە ش لە دوو جەمسەر پێکبهێنێ: دال (لایەنی دەنگیی پێکهاتەی نیشانەکە) و مەدلوول (لایەنی زەینیی پێکهاتەی نیشانەکە) کە پێوەندی نێوانیان هەڕەمەکی یە. بەپێی تیۆری ناوبراو مەودایەک لەنێوان زمان و لایەنی دەنگییدا هەیە، واتە ئەندامی دەنگیی شتێکە لە دەرەوەی سیستەمی زمان. سۆسێر لەنێو بنەماخوازە زمانەوانییەکانا بەدوو تێز بەناوبانگە: یەکێکیان جوداوازی کردنە لەنێوان زمان و ئاخاوتن و ئەویتر جوداوازی کردنە لەنێوان ئاراستەی دیاکرۆنیک (Diachronique) و سینکرۆنیک (Synchronique).

ئەڵبەتە سۆسێر و دواتریش تێکڕای بنەماخواز و سیمیۆلۆژە فەڕەنسییەکان لێکدانەوە زمانەوانییەکانیان بە لێکدانەوەی سینکرۆنی لەقەڵەم دەدەن.

نیشانە کە بەردی بناغەی کارە زمانەوانییەکانی بنەماخوازەکانە کە سەرچاوە لە تیۆری زمانەوانی سۆسێردوە هەڵدەگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش

سۆسێر زانستێکی تایبەت (کە پاشان زمانەوانی دەکا بە بەشێ لەو زانستەی دروستی دەکا) بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ نیشانە بەرهەمدێنێ بەنێوی سیمیۆلۆژی (Semiologie)، کە ئەمە دواجار دەبێ بەسەرچاوە بۆ ڕوناکبیرانی فرانکفۆنی ــ واتە زمانی فەڕەنسی قسەکەران) نەک ئەوی لەهەمان دەم و وەختدا لە ئەمریکا بەنێوی سیمیۆتیک (Semiotique) لەلایەن لۆژیکەر و دامەزرێنەری فەلسەفەی پراگماتی چارلس ساندەرس پێرس (Pierce) دامەزرا کە بوو بە سەرچاوە بۆ توێژەرەوانی ئانگلۆساکسۆنی.

تێزەکانی سۆسێر کە پاشان دەبن بە بەردی بناغەی بنەماخوازیی زمانەوانی، لەسەردەستی فۆرمالیستەکانی ڕووس (ڕۆما یاکۆبسۆن، تروبتسکۆی) و بازنەی پراگ و قوتابخانەی کۆپنهاگن (هێلمسلێڤ) گەشەیەکی زۆری پێدەدرێ و تا دەگاتە بنەماخوازە فەڕەنسییەکان کە هەر یەکە لە پۆلێکی زانینیدا (ئەدەب، ئێتنۆلۆژیا، شیکردنەوەی دەروونی، تێکستناسیی و لێکدانەوەی دیاردە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان) بەکاری دەبا. بەڵام لەگەڵ داهاتنی ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی، لەژێر کاریگەریی بزاڤی هەڵوەشانەوەگەریی و جیاوازی دریدا، شەپۆلێک لە توێژینەوەی ئەنتی بنەماخوازیی هاتەکایەوە.

دریدا وەک هەڵوەشێنەردەوەیەکی بنەماخوازیی فەڕەنسی و تیۆری زمانەوانی میتافیزیکیی سۆسێر لە سێ کتێب دا (لەمەڕ گراماتۆلۆژی، پۆسیشن، نووسین و جیاوازی) ڕەخنەیەکی توند لە بنەماکانی وتاری سیمیۆلۆژیی سۆسێر و تێندێنسی لۆگۆ سێنتریستی و فۆنۆسێنتریستی ئەم وتارە دەگرێ. دریدا لە ڕەخنەکانیدا هەوڵی ئەوەدا لێکدانەوەکانی سۆسێر لەبارەی نیشانەوە لە بنەما میتافیزیکییەکەی دابڕێ. بەباوەڕی دریدا سۆسێر هەمیشە لەپێناوی واتای نیشانەدا کاریکردووە، بەڵام هەوڵیداوە مانای ئەم واتایە بگۆڕێ کە لە بنەڕەتدا لە کەلەپووری میتافیزیکەوە وەریگرتووە و دواجار دژی هەمان کەلەپوور بەکاری بردووە. بەخۆی واتای نیشانە، وەک بیر، هەر لە پلاتۆن دوە تادەگاتە ڕۆسۆ، هێگل، هوسرڵ و سۆسێر خۆی بەسەر بیری نووسینی ڕۆژئاوادا سەپاندووە. بەمیتافیزیکیبوونی واتای نیشانەش وا لە دریدا دەکا کە واتای ناوبراو بە واتایەکی تر بگۆڕێ کە ئەوەش واتای گرام (Gramme) ــ یەکەی نووسین ــ د.

ڕەخنەی دریدا لە لۆژیکی نیشانە ڕێگایەکە بۆ ڕەخنەگرتن لە وتاری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا کە ئەم وتارە لە بایەخی ئاخاوتن (لۆگۆس) ی زیادکردووە. جا، سۆسێر کە نووسینی بە پەراوێزی ئاخاوتن زانیوە، ئەمە پشتگیرییەکی باش بووە لە میتافیزیکیی ڕۆژئاوا و، شتێکی زۆربشی خستۆتە سەر کۆڵەکەی وتاری میتافیزیک. تێکستی میتافیزیک تێکستێکی نووسراوە. واتە میتافیزیک لە نووسین گوزارەدەکا وەک ئامرازێ بۆ دەربڕین و، هەروەها وەک ئامرازێ بۆ ڕاگەیاندنی مانا. لێردا مەبەست ئەوەیە تێکستی میتافیزیک نووسین دەکا بە ئامرازێ بۆ بتەوکردنی بابەتە ڕەوشتییەکان. لۆژیکی ناسنامەش بۆ میتافیزیک زاڵە بەسەر نووسین. دریدا بە ئاشکرا ڕەخنە لە میتافیزیک دەگرێ کە ماتریالیبوونی نیشانە ڕەتدەکاتەوە و، دالیش دەکا بە ڕووی مەدلوول. میتافیزیک هەمیشە مانای پێ لەپێشترە وەک لە دەلیل و مەدلوولیش لە دال. بۆ میتافیزیک نووسین شوێنی بەرهەمهێنانی مانانی یە، بەڵام نیشانە تەنیا ڕێگایەکە بۆ خستنەڕووی مانا. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە تێگەیشتنی میتافیزیکی هێگل بۆ نووسین گەیشتە ئەو ناستەی نووسین بکا بە ڕەنگدانەوەی میژوو و شوێنی کۆبوونەوەی چرکەکان. ئەم شێوە تێگەیشتنەی هێگل زیانێکی زۆری بە بیری ڕۆژئاوا گەیاند. کۆششی بەردەوامی دریدا ش، لە کاتی ڕەخنە ناڕاستەکردنە کەلەپووری فەلسەفیی میتافیزیک (پلاتۆن، ڕۆسۆ، هێگل، هوسرڵ)، بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی ئاخاوتن بووە کە هەر هەموویان (سۆسێر یش) ئاخاوتنیان بەجۆرێ لە نووسین لەقەلەمداوە. بەپێی تێگەیشتنی دریدا، سۆسێر ناچاربووە لەبەر هۆی میتافیزیکی بایەخێکی زۆر بە ئاخاوتن بدا. کاتێکیش سۆسێر باس لەوە دەکا کە پێوەندییەکی سروشتی لەنێوان بیر و دەنگ، مانا و دەنگ دا هەیە ئەمە لەژێر کاریگەریی وتاری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا دەکا. سۆسێر کە دەنگ بە زمان نازانێ و دالی زمانی بەوە لەقەلەمدەدا کە دەنگی نییە و دەنگ لایەنگیری بۆ زمان نییە، یان وەک هەموو ئەوانەی پێش خۆی بایەخ بە مەدلوول دەدا نەک دال، ئەمانە دریدا زۆر دەوروژێنێ و وایلێدەکا کە سیمیۆلۆژیای سۆسێر بە سیمیۆلۆژیایەکی دوالیستی لەقەلەم بدا (لێردا دریدا مەبەستی دوانەییە میتافیزیکییەکانی ناو وتاری زمانەوانی سۆسێرە، وەک دال/ مەدلوول، دەربڕین/ناواخن، شکڵ / ماهیەت، کە دواتر بنەماخوازەکانیش پێوەی گلاون) و، سۆسێر یش بە یەکێ لەدامەزرێنەرانی لۆگۆسێنتریزم (Logocentrisme) و فۆنۆسێنتریزم (Phonocentrisme) ی ڕۆژئاوا بناسێنێ.

لەم بارەیەوە دریدا لە هەندێ لە بۆچوونەکانی دواتری ڕۆنکردنەوەی تر بەدەستەوە دەدا کە گوایە ئەم هەرگیز هەنگاوی سۆسێری سەرتاپا بە هەنگاوی لۆگۆسێنتریستی و فۆنۆسێنتریستی نەزانیوە. بەڵکو تێکستی سۆسێر وەک گشت تێکستێکی تر بە تێکستی ناهاوتا دەزانێ. ئەوی دریدا ش لەمبارەیەوە کردوویەتی، بەقەولی خۆی، خستنە بەرلێکدانەوەی لایەنی لۆگۆسێنتریست و فۆنۆسێنتریستی تێکستەکانە، کە لە بنەڕەتدا ئەو لایەنانە ناکۆکییەکانی پرۆژەی زانستی سۆسێر دەردەخەن.

دریدا لەگەڵ هەموو ڕەخنەکانی لە سۆسێر بەڵام کتێبی ناوداری سۆسێر (کۆرسی زمانەوانی گشتی کە بریتی یە لەو وانانەی سۆسێر لەماوەی سالانی ۱۹۰۷-۱۱ گوتوونیەوە و پاش مەرگی لەلایەن دوو لە قوتابییەکانی کراون بەو بەرهەمە) بە یەکێ لەسەرچاوەکانی بیری دریدا (شانبەشانی کتێبێکی هوسرڵ) لەقەلەمدەدرێ.

**دریدا و وتاری ئەنتی ـ لۆگۆسێنتریزم و ئەنتی ـ فۆنۆسێنتریزم**

لۆگۆسێنتریزم (نێوەندخوازیی عەقڵ یان مەڵبەندخوازیی ئاخاوتن)، کە ڕووبەری میژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوای داگیر کردووە، بەمانای ئەوە دێ کە تێگەیشتنی ترادیسیۆنی ڕۆژئاوا نووسین دەکا بە پاشکۆی ئاخاوتن. ئەمەش دریدا بە فۆنۆسێنتریزم (نێوەندخوازیی دەنگ) ناوی دەبا. واتە دریدا ترادیسیۆنی ڕوناکبیری ولاتانی ڕۆژئاوا بە ترادیسیۆنێکی لۆگۆسێنتریست لەقەلەمدەدا و هەروەها ڕەخنەشی لە وتاری لۆگۆسێنتریزم ئەوەیە کە ئەم وتارە نەیتوانیوە کۆتایی بە میتافیزیک بهێنێ.

شیاوی باسه، جەختکردنی دریدا لە کاراکتێریستێرەکردنی تراديسيۆنی فەلسەفیی ڕۆژئاوا (لۆگۆسێنتریزم، ئێتنۆسێنتریزم، فۆنۆسێنتریزم، کەمالخوازیی/ supplement) و بە لەجیاتیکردنی ئەوانە لە لێکدانەوە هەلوەشانەوەگەرییەکانیدا بە چەمکی وەک جیاوازی، گرام ـ یەکەی نووسین، پاشماوە، پەراوێز و هتد... ناوەڕۆکی تێندێنسی ئەنتی میتافیزیکیی فەلسەفەی دریدا دەردەخەن. بەپێی لێکدانەوەکانی دریدا لۆگۆسێنتریزم منداڵدانی ئایدیالیزمە و، هەلوەشانەوەی یەکەی لۆگۆسێنتریزمیش هەلوەشانەوەی ئایدیالیزم یان ڕۆحانیەتە بەهەموو جۆرەکانیەوە. بەڵام ئەو لایەنەش باسدەکا کە واتای لۆگۆسێنتریزم لە واتای ئایدیالیزم و تەنانەت فۆنۆسێنتریزمیش بەربڵاوترە.

دریدا لەم ڕووەوە ڕۆنکردنەوەیەکی زۆرتر بەدەستەوە دەدا کاتێ پرسیارێکی زۆرلە بارەی کردەی نووسینەوە بەرهەمدێنێ. چونکە لە کتێبی (لەمەڕ گراماتۆلۆژی) ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە چۆن بیریارانی ڕۆژئاوا بایەخیان بە ئاخاوتن داوە نەک بە نووسین. ڕەخنەش لە تیۆری زمانەوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگرێ کە لەسەر بایەخدان بە ئاخاوتن دروست بووە نەک نووسین. ئەم ڕەخنانەش بەهۆی ئەو دوو خوێندنەوەیە بەرهەمدێنێ کە لەدووتوێی کتێبی ناوبراودا لەبارەی سۆسێر و ڕۆسۆ وە ئەنجامی داوە. بەخۆی کتێبی ناوبراو لەلایەن دریداوە هەوڵدان نییە بۆ داکۆکیکردن لە نووسین یان وێنەکردنی ڕووخسارەکانی. یان بەکورتی هەوڵدان نییە بۆ زیندووکردنەوەی ئەوەی کە بە نووسین ناوی لێناوە. ئەوەش بەرباسدەخا کە هەوڵی ئەوەی نەداوە شکۆداریی بۆ نووسین بگەڕێنێتەوە، واتە ئەو نووسینەی پلاتۆن بەشتێکی هەتیوی لەقەڵەمدەدا بەرانبەر بە ئاخاوتن. یان ئەوی پلاتۆن کردوویەتی بە کوڕی شەرعی لۆگۆس (لۆگۆسی باوک). ئەڵبەتە دریدا زۆرترین ڕوونکردنەوەی لەم بارەیەوە لەدووتوێی باسێکدا بەرجەستەکردووە کە ناوی (دەرمانخانەی پلاتۆن) بەخۆوە دەگرێ کە دواتر کردوویەتی بە بەشێ لە باسەکانی کتێبی ( بڵاوکردنەوە، ۱۹۷۲). ئەوی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە کە، دریدا نیشەندگەریی لۆگۆس بە نیشەندگەریی نووسین دانانێ و باوەڕی بە بەراوردکاریی نێوان ئەم دوو نیشەندەش نییە. چونکە دریدا تێکڕای دوانەییەکان (نیشانە/ مانا، سروشت / ڕۆشنبیری) بە بەشێ لە وتاری میتافیزیک دەزانێ و هەوڵی هەلوەشانەوەشیان دەدا. دریدا لەگەڵ هەموو هەوڵێکی بۆ فراوانکردنی بوارەکانی ئەم زانستە (مەبەست زانستی نووسینە یان نووسیننناسییە) و لابردنی تەگەرە ئیپستیمۆلۆژییەکانی بەردەمی، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆششی بۆ سنووردارکردنیشی دەکا. دریدا بەوە قایل نییە کە نووسیننناسیی (گراماتۆلۆژیا) بە زانستێ نوێ لەقەڵەم بدرێ. چونکە بە پێی بیری دریدا زانستی نوێ سەرچاوە لە سیستەمی ئامادەبوون (Presence) دوە هەڵدەگرێ. بەم جۆرە، دریدا پتر لەهەموو کەسێ زانینمان لەبارەی گراماتۆلۆژیا لە ڕۆژئاوای نەمڕۆدا دەداتێ. بۆ ئەم گراماتۆلۆژیایە ئەوی کە گرینگە ئەوەیە کە نەهێلێت ڕێبازی زانستی بە تیۆلۆژیا و لۆگۆسێنتریزم و فۆنۆسێنتریزم وابەستەبێ. لەهەمان کاتیشدا ئەم زانستە داوامان لێدەکا لە پۆزێتیڤیزم و زانستگەریی میتافیزیک دوورکەوینەوە و، هەموو کردەیەکی زانستیش لە دەسەڵاتی میتافیزیک دورخرێتەوە، کە هەر لەسەرەتاوە دەستی بە سەر هەموو بزووتنەوەیەکی زانستییەوە هەیە. جا، دریدا دوای ئەم شیکردنەوەیە بۆ مانای گراماتۆلۆژیا دەڵێت: ئیدی بۆیە ئاسان نییە گوتنی ئەوەی کە گراماتۆلۆژیا زانستە یان نەء ! ئەم جەختکردنەی دریدا ش لەم بارەیەوە پێوەندی بە شێوازی نەو پرسیارەوە هەیە کە سێمیۆلۆژی فەرەنسی کرێستیڤا، سەبارەت بەوەی کە گراماتۆلۆژیا زانستە یان نەء، ئاڕاستەی دریدا ی دەکا. بەڵام لە کاراکتێرەکانی گراماتۆلۆژیا ئەوەیە کە دەستی لە دروستکردنی زانستدا هەیە و تەنانەت لێشی دەگەڕێ کە بە ئازادی کاری خۆی بکا.

هەر لەم بوارەشدا دریدا ئەوە یادەدخاتەوە کە بە ماتماتیکیکردنی زمان دەکرێ بەرەنگاری میتافیزیک ببینەوە. بۆ دریدا ڕێگای نووسینی ماتماتیکی بە هەلوەشانەوەی میتافیزیک و نوێکردنەوەی خودی ماتماتیک و واتای زانست ئەنجامدەدرێ. گومانی ناوێ کە دژایەتیکردنی نووسینی لۆژیکی ـ ماتماتیکی بەرهەمی لۆگۆسێنتریزم و فۆنۆسێنتریزم بووە کە ئەمەش دەستی بەسەر میتافیزیک دا گرتووە. بەگشتی گراماتۆلۆژی داوای جیابوونەوە لە سیستەمی گریمان دەکا. ئەڵبەتە ئەمەش داوای ئەوەدەکا کە ئازادی بە ماتماتیککردنی زمان بدرێ. بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێ کە، زیادکردن لە ڕۆڵی گراماتۆلۆژیای ماتماتیک یان فراوانکردنی ڕێگای نووسینی ماتماتیکی و بەتایبەت بەفۆرماڵکردنی نووسین داوامان لێدەکا زۆر بە وریاییەوە ئەم کارە بکەین. شیاوە ئەوەش باسکرێ، ئەگەرچی لۆگۆسێنتریزم دەستی بەسەر پرۆژەی سیمیۆلۆژی و زمانەوانیدا گرتووە بەڵام بۆ دریدا پتر ئەوە شیاوە کە ناشێ هیچ کردەیەکی سیمیۆلۆژی هەبێت و لەخزمەتی گراماتۆلۆژیدا نەبێت. دەشکرێ مۆدێلە گراماتۆلۆژییەکان کە بەرهەمی وتاری سیمیۆلۆژیین دژی گریمانە میتافیزیکییەکانی ئەم وتارە بەکاربرێن.

**کردەی نووسینی هەلوەشانەوەگەریی، تێکستوالیتێتی ڕەخنە**

مانای دریدا بۆ زانستی ئەدەب و تیۆری ڕەخنەیی کەم نییە. ئەم مانایەش لەگەڵ سەردەو بەو هونەردەو وابەستەیە کە دریدا تایبەت بە خوێندنەوە بەرهەمی هێناوە. جا، خوێندنەوە دەگمەنەکانی دریدا بۆ سیلان، مالارمێ، ئارتۆ، کافکا، باتای، بلانشۆ، سۆلێرز، جویس، ژان ژینێ، ئەو تەکانانە بوون کە پۆلی ڕەخنەی فکریی زمانەوانی و ئەدەبی و فەلسەفییان بەرفراوان کرد. خوێندنەوەکانی دریدا بابەتی وەک نووسین و زمان دێننە بەرباس، ئەم لایەنانەش کاتێ گرینگییان دەردەکەوێ کە دریدا زانستێ تایبەت بە نووسین دێنێتەکایەوە. لەو کتێبەش کە بۆ ئەم مەبەستە لە سالی ۱۹۶۶بە ناوی (لەمەڕ نووسیننناسیی) نووسیویەتی هەوڵێ بووە بۆ بیرکردنەوە لەماهیەتی نووسین. بەم شێوەیە دریدا پرۆژەی هەلوەشانەوەگەرییەکەی بەگشتیکردنێکە بۆ واتای نووسین و، هەروەها مەسەلەی کارکردنیشی لەسەر نووسین بە گراماتۆلۆژی ناودەبا. خوێنەری باسەکانی دریدا هەست بەوەدەکا کە ئەم بایەخدانەی دریدا بە نووسین بۆ بەرپەرچدانەوەی میتافیزیکە. چونکە لە تراديسيۆنی ڕۆژئاوادا ئەوی کە نووسین ڕێکدەخا ئاخاوتنە. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە لەلایەن ئامادەبوونەوە دیاریدەکرێ. لە هەندێ بواری تردا دریدا باس لە نووسینی ئەبەدی دەکا تا دۆزێکی وا دروست بکرێ کە نووسین و ئاخاوتن

پێکەوە کاربکەن. واتە بەپێچەوانەی ئەوەی وتاری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا کردوویەتی سەبارەت بە کردنی ئاخاوتن بە جۆرێ لە نووسین. دریدا ئەوی ناوی دەبا بە نووسینی ئەبەدی بە زمان لەقەڵەمی دەدا، بەڵام ئەو زمانەی کە دەبێ وایلێکرێ کە ببێ بە بەرهەمهێنەری جیاوازیی و پاشماوە و دووبارەکردنەوە. بەپێی تێڕوانینی دریدا نووسینی ئەبەدی قوواڵترین هێزە لە بوونی مرۆڤایەتیدا و دەکارێتیش جیاوازیی و ناهاوتاگەریی لەنێوان شت و نیشانەدا بخوڵقێنێ. وادەردەکەوێ دریدا نیازی ئەوەبێ هەموو شتێ بەهۆی نووسینی ئەبەدییەوە دیاربکرێ و، نووسینیش بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەرباسدەخاکە هەر وەک ئاخاوتن لەتوانایدایە ببێ بە مۆدێڵێ بۆ تێگەیشتن. دریدا چەمکی تێکست یان نووسین بەجۆرێکی ئەوتۆ بەرباسدەخا کە هەموو زمان بریتی یە: لە نووسین، یان گشت شتێک لە نووسین پێکهاتووە. نووسین لەسەردەست ئەم بیریارە جۆرە ئاڵوگۆڕێکە لە جیاوازییەکی نوێی جێگیر کە خۆی وەک هاتوچوویەک لە نێوان ئامادەبوون (Presence) و نامادەنەبوون (Absence)دەردەخا. تەنانەت دریدا لەو کتێبەی بەنێوی (دەرمانخانەی پلاتۆن) نووسیویەتی دیدی میتافیزیکیی پلاتۆن بۆ نووسین، کە ئەوەش شوبهاندنی نووسینە بە فارماکۆن (Pharmakon)، واتە بوونی نووسین بە ژەهر و دەرمان لەیەک کاتدا، بە چاکی هەڵدەوەشێنێتەوە. هەروەها ڕەخنە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەگرێ کە ئاخاوتن لە پۆلی خۆی، لە پۆلی عەقڵانیەتی زانستی خۆی، دەردەکا. هەر لەمبارەیەوە و سەبارەت بە پشکنینە فەلسەفییەکانی دریدا دێینە سەر لێکدانەوەیەکی دریدا کە بەنێوی (کۆژیتۆ و میژووی شێتی) لە کتێبی (نووسین و جیاوازیی) دا نووسیویەتی. لەم لێکدانەوەیەدا، دریدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە لێکدانەوەکانی فۆکۆ لەبارەی میژووی شێتی و زمانی عەقڵ لە ڕۆژئاوادا باسدەکاو، لەو باوەڕەشدایە ئێمە ناتوانین میژوویەکی ئارکیۆلۆژی دژ بە عەقڵ بنووسین. چونکە واتای میژوو هەمیشە میژوویەکی ڕاسیۆنالی یە و، بۆ پتر ڕوونکردنەوەی دیاردەی شێتیش پرسیاری ئەوەش دەکا کە ئایا بێدەنگیی میژووی هەیە؟ ئایا ئارکیۆلۆژیا لۆژیکێکی دیاریکراو یاخود زمانێکی دیاریکراوی نییە؟ هەروەها ئایا ئارکیۆلۆژیای بێدەنگی دژی عەقڵ نییە؟ ئەم پرسیارانەی دریدا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فۆکۆ بانگەشە بۆ ئەوە دەکاشێتی دابڕانێکی تەواوەتی یە لە زمان و نووسین. سەیرە کە نووسین وەک بنەچەی میژووگەرییەکی پوخت یان کەلەپوورگەرییەکی پوخت تەنیا مەبەستی کۆتایی هاوردنە بە میژوو، کە بە پێی تێگەیشتنی دریدا (ئەلبەتە لەماوەی سەدەتای هەفتاکانا) جارێ ئەم فەلسەفەیە لە چاوەڕوانی دایە؛ بەڵام نووسین بەهۆی ئەم بنەچەیەوە دەخوازێ وێستێ دروست بکا کە ئەوەش وێستە بۆ نووسین. دریدا ئەو مەرجەش یاددەخاتەوە کە ئەم وێستە ناشێ لە ڕوانگایەکی وێستگەرییەوە بکرێ. واتە وێستی نووسین تەنیا هەودس نییە بۆ نووسین. ئاشکرایە دریدا لەمبارەیەوە بە زۆری لەژێر کاریگەریی نیچە دایە.

جگەلەوی لەسەردەوە باسکرا، دریدا کارێکی زۆری لەبواری تیۆری تێکستیشدا کردووە و بەرهەمهێنەری تیۆری نوێشە لەبارەی تێکستەوە. ئەم لایەش کاتێ گرینگی دەرکەوتووە کە دریدا خوێندنەوەیەکی هەڵوەشانەوەگەریی بۆ تێکستە فەلسەفی و ئەدەبییەکان کردووە. دریدا لەم خوێندنەوانەیدا بۆ نووسینی فەلسەفی و ئەدەبی ڕۆژئاوا هەوڵی داوە تێکستەکان لەناوەوە بهێنێتە پەیقین، نەک لەدەرەوە کە ئەمەیان پیشەی زۆربەی خوێندنەوەکانی پێش خۆی بووە. بۆغوونە دریدا لە کتێبی (پۆست کارت، ۱۹۷۲) دا باس لە نیگارێ دەکا میژووی نەخشاندنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. ئەوی مرۆڤ لەم نیگارەدا بەدیدەکا ئەوەیە، کە پلاتۆن شیعر دەڵێ و سوکراتیش دەینووسێ. دریدا سەبارەت بەم نیگارە پرسیاری ئەوە دەکا کە دەبێ لەم بارەیەوە چی بنووسرێ؟ ئەوی دریدا لەم بەرهەمەدا دەیکا ئەو دیاریکردنە زمانەوانی و ئەدەبییانەیە کە سەبارەت بەهەندێ واتای بنەڕەتی زمان و نووسین ئەنجامی دەدا و، زۆربەشیان دەخاتەژێرپرسیارەوە. بەو واتایەی، تیۆرەکانی دریدا لەبارەی نیشانە و کردەی زمان لە تێکستدا بۆ جوداکردنەوەی بینراو لە نەبینراوە و، هەروەها ناشکراکردنی پەیامی شاراوەی تێکستە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەرخستنی بنەمای ناهاوتای تێکست یەکێکە لە میکانیزمەکانی پرۆژەی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا. هەڵوەشانەوەگەریی دریدا هەوڵی نیشتەجێبوون دەدا لەناو ڕیشاڵی ناکۆکی و ناتەبایی تێکستدا. ئەلبەتە دریدا دواجار هەر ئەو ڕیشالە ناتەبا و ناکۆکانە، جارێکی تر بۆ خوێندنەوە یان هەڵوەشانەوەی ئەو تێکستە بەکاردەباکە کاری لەسەر دەکا. ئەمانەش لەکاتێکدا بەرچاویتر دەبن کە دریدا دان بەوەدا دەنێ کە هیچ شتێک لەدەرەوەی نووسین و (supplement) نەدۆزراوەتەوە. هەروەها لەژێر کاریگەریی دیدی هێدگر بۆ زمان، کە ئەوەش لەسەر بناغەی ئەوەیە کە زمان داڵدەی بوونە، دریدا جەخت لەوەدەکا کە ئەوە ئێمە نین دەپەیقین بەڵکو زمانە ئێمە دەپەیقێنێ (یان گۆمان دەکا). پێدەچێ دریدا دەخوازێ ئەوەمان پێبڵێ کە پرۆسەی بیرکردنەوە ڕەنگدانەوەی زمانە، زمانیش بەرهەمهێنەری مانایە، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی یاریپێکدا دێتەدی کە پێیدەگوترێ یاری زمان. کەچی جوناتان کلەر، کە یەکێکە لە پەرەپێدەران بە هەڵوەشانەوەگەریی دریدا، پێی وایە ئێمە تەنیا خۆمان لەناو یاریپێکی زمانەوانیدا نابینینەوە، بەڵکو لەناو ڕیشاڵێک لە تێکستوالیتێتیشدا دەبینینەوە. هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە یاریی مانا ئاکامی ئەو یاریپێیە کە دریدا بە یاریی جیهان ناوی دەبا. گرینگە ئەوەش بزانین کە وابەستەبوونی بەردەوامی دریدا بە تێکستەوە لە پاڵ بڵاوبوونەوەی دیاردەی تێکستوالیتێتدا بووە لە زانستی نەدەبدا. ئەمەش گرینگی هەبووە لە دامەزرانی تیۆرییەک تایبەت بە مانا. گەڵێ تیۆری ناوبراوی دریدا بە تیۆری نیهیلیستی و ئەنتی ڕاسیۆنالیستی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم بۆچوونە کەمتر بەسەر دیدی دریدا سەبارەت بە تێکست و مان دا پێڕەو دەبێت. چونکە گراماتۆلۆژیا ستراتیژی نوێ یە، بۆ خوێندنەوەی تێکست و بەرهەمهێنانی مانا لە نووسیندا. ئەم زانستە کە وتارێکی تێرمینۆلۆژیی جوداواز بەرهەمدێنێ لە توانایدایە لەناو و لەکەنار و لە پەراوێزی تێکستەوە کاربکا. ئەم جۆرە کارکردنە تیۆریزەکردنێکی نوێ دێنێتەکایەوە و، ڕێگای خستنە ڕووی پرۆبلێماتیکەکانی نووسین لە بواری جۆراوجۆرەکانا، شیکردنەوەی دەروونی، ئینترۆپۆلۆژیا، فەلسەفە، زانستی نەدەب، ئاساندەکا کە بەخۆشی هەرئەمە بووە کاری دریدا.

**بەشی سێهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا**

# خڕنووکیش لە بیاباندا دەختە!

د. حوسێن محەمەد عەزیز

**ژمارە ٢٧ی گزینگ تازە ڕەوانەی چاپ کرابوو کە هەواڵی کۆچیی دوایی مامۆستا ،ئیبراهیم ئەحمەد،(١٩١٤-٢٠٠٠) لە ڕێگەی میدیای ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بڵاو کرایەوە. دیارە، کەسایەتی بەرزی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە و حەوجێ بە گوتن نییە کە مامۆستا، تا ئەو کاتەی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری لەندەن ، لە ڕۆژی ٨ ئاوریلی ساڵی ٢٠٠٠ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد، هەروا لە بواری کار و تێکۆشانی سیاسی و خزمەت بە گەل و نەتەوەی کورد، چالاک مایەوە.**

**لێرەدا، بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو ئەدیب و ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەدارە و، هەروەها یەکێک لە ئەندامە بە ئەمەگەکانی (کۆمەڵەی ژ.ک - لقی سلێمانی)...، ئەم نووسراوەی بەڕێز د. حوسێن عەزیز کە لە سەر داوای ،گزینگ، هەر بەو بۆنەیەوە نووسراوە، پێشکەشی خوێنەرەوان و لایەنگرانی مامۆستای کۆچکردوو دەکەین. یادی هەر زیندوو بێ و ڕەوانی شاد.** (بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر مامۆستا بە قەڵەمی خۆی، بڕوانە: «لە بیرەوەرییەکانم...» ، گزینگ، ژمارە١٣، پاییزی ١٩٩٦) **(گزینگ)**

لە ڕاستییدا، تەمەنی من، هێندە زۆر نییە ، تا بیرەوەریی یەکانی خۆم، لەگەڵ مامۆستا «برایم»دا تۆمارکەم. لە سەر ئەستێرەیەکی گەشی درەوشاوەی ئاوابووی ئاسمانی ڕوونی وێژەی کوردیی وەک مامۆستا بنووسم. لە هەموو بەرهەم و کارە وێژەیی، ڕۆژنامەگەریی، یاساناسیی، کۆمەڵایەتیی، ڕامیاریی، نەتەوەیی، دید و بۆچوونەکانی بدوێم و هەڵیانسەنگێنم. بەڵام، هێندەی لەو ماوە کورتەی، لە نزیکەوە ناسیوومە ، هەوڵدەدەم، یەکەم: لە بەر ڕۆشنایی چاوپێکەوتنەکەی ساڵی ١٩٩٥ و دووەم: لەو چەن جارەی لە کۆبوونەوە و کۆڕەکانی «لەندەن، برۆکسل و ستۆکهۆڵم»دا دیومە ، چەن ووشەیەکی ڕەسەن، لە یادی گیانی پاکی مامۆستا «برایم»دا بنووسم، تا خوێنەرانی کورد، چەن ڕاستیی یەکی بێ چەند و چوون، لە بڵندگۆی کوردێکی بێ لایەنەوە ببیستن.[١]

سەرەتا دەمەوێ، بڵێم: بە داخەوە، ڕۆژەکانی نەتەوەی کورد، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، لە دوو لایەنەوە، زۆر بە هەڵەدا چوون.

یەکەم: زۆر جار، تا «کەڵەپیاو، هونەرمەند، هۆنەر، نووسەر، زانا، ڕامیار و سەرکردە»کانمان، لە ژیاندا بوون، خەڵکی کورد وەک پێویست، ڕێزیان لێ نەگرتوون. بەڵام، کاتێ مردوون، ئینجا دەسی ڕێزیان لێ ناون، قەدریان زانیون، یادیان کردونەتەوە، پەیکەریان بۆ داتاشیون و شەقامی شارەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە. بۆیە، زۆربەی پیاوە ناودار و گەورەکانی کورد، لە دەس ئەو پێ نەزانین و خەسڵەتە خراپە، داد و بێ دادیان بووە، دەردی دڵی خۆیان دربڕیوە و گللەیی یەکی زۆریان کردووە. بۆ نموونە: یەکێکی وەک مامۆستا «نەجمەدین مەلا» ، بە خۆڕایی نەیگوتووە: «کورد نەتەوەیەکی زیندووکوژی، مردووپەرستە!» یا «گۆران»ی هۆنەر و بلیمەت، گەر ئەو خەسڵەتە خراپەی کورد، زۆر کاری تێ نەکردبێ، هەڵبەتە نەیدەگووت:

بەڵێ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا ، قەدری سەنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە، لە ناو حەوزێکی لیخندا[٢]

یا هۆنەری خەمخۆری گەورەی کورد «موفتی پێنجوێنیی» ، بە ناهەق نەیگوتووە:

پیاوی گەورەمان، نایەتە بەر دڵ
تاکوو ئەو ڕۆژەی، نەچێتە ژێر گڵ
ئینجا بۆی ئەگرین، بە جۆش و بە کوڵ
گۆڕەکەی ئەکەین، بە باخچە و بە گوڵ
«موفتی» ، قسەی تۆ ساغە و ڕووبەڕوو
حورمەتی زیندووش بگرە، نەک مردوو
بازێ کە بەربوو، لە دەستت دەرچوو
بۆ مردوو مەگری، بگری بۆ زیندوو[٣]

هەروەها ، «هێمن»یش لەو بارەیەوە نەیدەگوت:

بەشی کوردێکی زانا، لەم وڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتویست، بڵێ: ڕەببی بە دەردی کوردی زانا چێ[٤]

هەر بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونانەمان، سەیر ئەوەیە ، تا مامۆستا «برایم» لە ژیاندا بوو ، هێندێ کەس قسەیان پێ دەگوت. لە ناکۆکیی و دووبەرەکی یەکەی، ساڵی ١٩٦٤ی نێوان «مستەفا بارزانیی» و سەرانی «پارتیی»دا، ئەویان بە تاوانباری یەکەم دادەنا![٥] کەچی، کاتێ مامۆستا مرد، هێندێ لەو کەسانە، بروسکەی پرسەنامەیان بۆ بنەماڵەکەی و «جەلال تاڵەبانیی» نارد، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشدا، گەرمە گوتاریان خوێندەوە! ئای لەو خەڵکە بێ ویژدان و دوورووە، چۆن دەتوانن، بەو شێوەیە ڕەفتاربکەن؟! ئایا ، گەر «برایم ئەحمەد» ، هێزێکی ڕامیاریی گەورەی، وەک «یەکێتی نیشتمانیی کوردستان»ی لە دواوە نەبووایە ، ئەو

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکدا، ساڵی ١٩٩٥

جۆرە کەسانە، ئەو هەڵەکەسەمایەیان بۆ دەکرد؟!
لەوانەیە، ئەم خەسڵەتە دزێوە، هەر تەنیا لە نێو کورددا، بەو شێوەیە بڵاو نەبووبێتەوە. چونکە، ڕۆژێ گوێم لە «ڕانیە فەرید شەوقیی»ی کچی هونەرمەندی بەناوبانگی «میسر» بوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا، گللەیی کرد و گوتی: (لە چلەکەی باوکمدا، هەمووی حەوت هونەرمەند نامادەبووبوون!)[٦] ئەو هونەرمەندەی، پتر لە پەنجا ساڵی تەمەنی خۆی، بۆ ڕاژەکردنی هونەری عەرەبیی تەرخانکرد، کەچی، هاوپیشەکانی، بەو شێوەیە چلەیان بۆ گرت!
دووەم: کاتێ، نووسەران و شارەزایانی کورد، لە مێژووی ژیان و کارەکانی هەر ڕەوانشادێ دەدوێن، یا ڕۆڵی سەرکردەیەکی کورد هەڵدەسەنگێنن، تەنیا لە لایەنە گەش و کردەوە باشەکانی دەدوێن، لایەنە سیس و خراپەکانی بۆ لێفەپۆش دەکەن. بە تایبەتیی، گەر ئەو کەسە، خزمێکی زۆری هەبێ، یا خاوەنی بنەماڵەیەکی گەورە و دەسەڵاتدار بێ، یا هێزێکی چەکداری گەورەی لە پشتەوە بێ، ئیدی، جگە لە پیاهەڵدان و باسکردنی بە چاکە، هیچی دیکە ناڵێن و نانووسن! ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بە هەڵەیەکی گەورە دەژمێررێ، زیانێکی گەورە، لە مێژووی ژیانی ئەو جۆرە پیاوە هەڵکەوتووانە دەدا. واشی لێدێ، کەس باوەڕ بە هیچ نەکا! ئایا، بە پێی کام باوەڕی زەمینیی و ئاسمانیی ڕەوایە، پیاوێکی ئاسایی یا کەسێکی خاوەن دەسەڵات، لە ژیانی خۆیدا، هیچ جۆرە هەڵەیە نەکا؟! زیان لە خۆی، دەوروبەر و نەتەوەکەشی نەدا؟! جا با ئەو کەسە، تەنانەت گەورەترین «هۆنەر، نووسەر، هونەرمەند، زانا، ڕامیار و سەرکردە»یەکی هەڵکەوتوو و سەرکەوتووش بێ! بە تایبەتیی، گەر ئەو پیاوە، سەرکردەی گەلێکی بندەس بێ، یا بەرپرسی پارتێکی ڕامیاریی گەورەی دیاریکراو بێ، یا بزووتنەوەیەکی چەکداریی مەزن بەڕێوەبەرێ، چۆن دەبێ، هەڵەی نەبێ؟! ئەمە، مەگەر هەر لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا، ڕوویدابێ و بەو شێوەیە، ڕۆڵی مێژوویی کەڵەپیاوان هەڵسەنگێنرێ!!
من لەو نهێنییە یە گەورەیەی کورد تێ ناگەم، بۆچی دەبێ، هەموو کەسێکی زیندوو و مردوو، یەزدانی گەورە، چۆنی دروسکردوون، چۆن هەن، هەر بەو شێوەیە باس نەکرێن، چاکە و خراپەکانیان لێک جیا نەکرێنەوە؟! ئایا، بەپێی ئایینە ئاسمانی یەکانیش بێ، هەر کەسێ بە گوێرەی کردەوەکانی خۆی، نامەی کرداری چاکە و خراپەی بۆ ناخوێنرێتەوە؟! ئیدی بۆ دەبێ، تەنیا باسی کردەوە چاکەکان و چاوپۆشیش لە کارە خراپەکان بکرێ؟! باوەڕ ناکەم، هیچ کەسێ هەبێ، لە ژیاندا هەڵە نەکات. ئایا، سەرانی کورد، لە قوڕێکی جیاواز دروسکراون، تا هەڵە نەکەن؟ ئەدی گەر، ئەوان هەڵەیان نەبێ، بۆچی کورد، ٢٧٠٠ ساڵە، وا بەو شێوەیە، بە ژێردەسیی و دواکەوتوویی دەژی؟! لە مێژووی ڕامیاریی و بزوتنەوەی کوردایەتیی، ئەم سەدوپەنجا ساڵەی ڕابردووشماندا، گەر چەن ڕابەرێکی مەزنی وەک: «بەدرخان بەگی بۆتان، یەزدانشێر، شێخ عوبێدوللای نەهریی، سمایلاغای سمکۆ، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی بەرزنجیی، ژەنەرال ئیحسان نووریی پاشا، سەییید ڕەزای دەرسیمیی، قازی محەمەد، مەلا مستەفای بارزان، برایم ئەحمەد و ... تاد»، هەڵەیان نەکردبێ، ئەدی چۆن نەخشەی ژیانیان بۆ بکێشین؟ چۆن بەسەرهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی یان، بۆ نەوەکانی داهاتوومان تۆمارکەین؟! بەو نەوانە بڵێین، چی؟! بۆ هەڵیانخەڵەتێنین؟ جا گەر وا نییە، ئەو سەرکردە و ڕابەرە ڕامیار و شۆڕشگێڕانە، هەڵە و چەوتیی یان نەبووە، ئەدی بۆچی، ئەو هەموو هەردەسە یەک لە دوا یەکانە، هەردەسی «ڕێککخستنی پارتایەتیی، جوڵانەوەی ڕامیاریی، بزووتنەوەی چەکداریی، هونەریی و وێژەیی»، تەنانەت هەردەسی ڕەوشتیش، لە مێژووی کورددا ڕوویانداوە؟! بۆ تا ئێستە، کورد هەر وا بە دواکەوتوویی، لە کاروانی ژیاریی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی جیهان بەجێماوە؟! یا گەر ئەوڕۆ، سەرانی «پارتیی» و «یەکێتیی»، هەڵە نەبن، چۆن ئەو هەموو مالوێرانیی و چەرمەسەریی یە، بە سەر کورددا دێ؟ چۆن لە کوردستانێکی ئازاددا، جەنگی نێوخۆ بەرپادەکەن و بە خۆڕایی کوڕی کورد بەکوشت دەدەن؟!
با زۆر لە باسەکەمان لا نەدەین، وەک لە پێشەکیی چاوپێکەوتنەکەدا نووسیومە: (دوای کۆدەتاکەی ١٤ی یولی «عەبدولکەریم قاسم»، منالێکی تەمەن هەشت نۆ ساڵان بووم، کاتێ بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا، لە دەمی باوکم و مامەکانمەوە، ناوی «برایم ئەحمەد»م بیست.)[٧] هەر چەندە، (ناو و ناوبانگی «برایم ئەحمەد»، لە نێو نەوەی ئێمەدا، پتر لە سەردەتای

ساڵەکانی شەستەوە، دەنگیدایەوە. لە هەموو ژیانی خۆمدا، لە نزیکەوە «برایم ئەحمەد»م نەدیبوو.)[8] ئیدی، دوای ئەو تەمەنەش، هەر لە دوورەوە ناوی مامۆستام بیستبوو. بەڵام، تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤، لە ژیانی خۆمدا، چاوم پێی نەکەوتبوو.

یەکەم جار، لە «لەندەن» بووم، ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٣١، کۆڕێ لە لایەن هێندێ ڕووناکبیر و نووسەری کوردەوە، دژی جەنگی چەپەڵی نێوخۆی نێوان «پارتیی» و «یەکێتیی» گیرا. جگە لە نوێنەری هەر دوو لای شەڕکەر، چەن لایەنێکی دیکە و چەن کەسایەتییەکی بێ لایەنیشی لێ بوو.

لەوێ، چاوم بە مامۆستا «برایم» کەوت. کاتێ، خۆم پێ ناساند، بە زەردەخەنەیەکی بە سۆزەوە، پێشوازیی لێ کردم. ئینجا، زۆر بە گەرمیی، دەسی یەکدیمان گوشیی. پاشان، هێندێ گفتوگۆمانکرد. بەڵام، فریای هیچ نەکەوتین. چونکە، کۆڕەکە دەسپێکرد. ئیدی، هەر یەکەمان بۆ خۆی، بەبێ دەنگیی دانیشتین و گوێقوڵاغی هەواڵ و زانیاریی یەکان بووین.

هەر چەندە، نە کۆڕەکە سەرکەوتووبوو، نە کورد بە خوێنەوار و نەخوێنەواربیەوە توانی، وەک چەن هاوخوێن و هاوزمانێ، دەمەتەقێیەکی دێمۆکراسییانە و برایانە بکەن. تا بە تەواویی، لە گرفتە سەرەکیی یەکە بگەن، چەن پێشنیازێ، بۆ هەر دوو لای شەڕکەر بنێرن. بەڵام، کاتێ مامۆستا «برایم» هەستا و قسەیکرد، زۆر بە هێمنیی و لەسەرخۆ، لە گرفتەکە دوا. کەچی، لەگەڵ نەوەشدا، چەن کەسێکی بێ ویژدان، زۆر بە شێوەیەکی خراپ و ناشیرین، وەڵامیان دایەوە. ئەویش، بێ دەنگبوو، وەڵامی نەدانەوە!

ڕۆژی ١٩٩٥/٠١/٠٣، چاوم بە مامۆستا کەوت، لە ماڵی خۆیان دانیشتین و دەسمان بە کارکرد. لە ماوەی ئەو پێنج کاژێرەی، پێکەوە بووین و چاوپێکەوتنەکەمان نەنجامدا، لە کاتی پرسیار و وەڵامەکاندا، زۆر لە نزیکەوە، سەرنجی هەڵسوکەوتی ئەو پیاوەم دا. بە ڕاستیی، بۆم دەرکەوت، تا بڵێیی، پیاوێکی «لەسەرخۆ، هێمن، بە توانا، ژیر و بلیمەت» بوو. ئەو کاتە، تەمەنی نزیکەی هەشتاودوو ساڵ بوو. ئەم پیاوە، پێنج دانە کاژێری ڕەبەق، وەک یەکێ لە نەهرامە نووک تیژەکانی «میسر»، لە سەر کورسییەک بەرانبەرم دانیشتبوو. چاوە کزە پچووکەکانی، لە ژێر شووشەی چاویلکەکەیەوە دەبریسکانەوە، گۆچانێکی جوانی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ قسەکردندا، جارجار دەیجوڵان و هەموو قورسایی خۆی دەهاویشتە سەری و لەنگەری خۆی پێ ڕادەگرت. بەڵێ، پێنج کاژێری تەواو، بە پرسیارکردن بەگیرمهێنابوو. کەچی، لەو ماوە دوور و درێژەدا، بەرد جوڵابێ، ئەو لە شوێنی خۆی، جوولەی نەکرد، هەڵ نەستا، وەک دەرختێکی سەوز ڕووەو ئاسمان بەرز ڕاگرتبوو، قاچیشی لە زەوی ڕاستیی یەکان تووندکردبوو. گەڵێ بەشانازیی یەوە، باسی ڕابردووی خەباتی خۆی دەکرد. زۆر بە هێمنیی، وەڵامی پرسیارەکانی دەدامەوە، بێ ئەوەی، ماندووبوونی پێوە دیاربێ، یا زویربێ، یا خۆی لە وەڵامی پرسیارێکی تایبەتیی و سەخت بدزێتەوە! جگە لەوەی، هێندە بیری تیژبوو، هەموو مێژووی ڕووداوەکان، ناوی جێگە و ناوچەکان، ناوی کەسێتیی و پارتەکانی لە بیرمابوو. بۆ هیچ جۆرە ووشەیەک، لێکدانەوەیەک دانەدەما. بە کوردییەکی پەتیی و ڕەوان دەپەیڤی! بە ڕاستیی، کەسێتیی و لێهاتوویی مامۆستا، زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بە شێوەیە، زمانی پاک و شیرین بوو، جێگەیەکی تایبەتیی لە دڵمدا بۆ خۆی کردەوە.

دوای ئەوەش چەن جارێ، لە کۆبوونەوەکانی «کۆنگرەی نەتەوەیی»، لە «برۆکسل» یەکدیمان بینییەوە. ئەوەی لای من، جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو، مامۆستا بەو تەمەنەوە، بە هیچ شێوەیە، نە لە دانیشتن، نە لە گوێگرتن، نە لە گفتوگۆکردن وەرز نەدەبوو. کەم کەس هەبوو، تا کۆتایی کۆبوونەوەکان، چەن جارێ نەچنە دەردەوە و هەوا نەگۆڕن. کەچی، ئەو وەک بەردی بن ئاو، لە جێگەی خۆی چەقیبوو! زۆر بە هێمنیی و لە کاتی خۆیدا، بەشداریی لە دەمەتەقێکاندا دەکرد. بیر و ڕای جوان و ڕێکوپێکی دەردەبڕی. تەنیا جارێ، لە کۆبوونەوەیەکدا، نەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری «کۆنگرە»، لە سەر چەن شتێ ڕێک نەدەکەوتن، دەنگەدەنگ دروسبوو، سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «یەشار کایا»، هەر لە خۆیەوە تورەبوو. لەبەرنەوە، داوای پشوومان کرد و هاتینەدەردەوە. من و مامۆستا، لە قوژبنێکی حەوشەکەدا، پێکەوە وەستابووین. ڕووی دەمی تێکردم و گوتی:

من دەڵێم: ئێمە بە هیچ نابین. تۆ بڵێ: بۆ؟

منیش گوتم: بۆ؟

ئەویش گوتی: لە بەر بۆ؟!

ئیدی، یەکسەر تێگەیشتم، پەنیری ئەو پرسیارە، ناو زۆر دەکێشێ. هۆکانیشی، هەرچییەک بن، هیچی لە بەرژەوەندیی کورددا نین. لەبەرنەوە، زەردەخەنەیەک گرتمی و بێ دەنگبووم.

ئێوارەی ڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکان، هێندێ لە کارمەندانی «Med TV» هاتن. چەن کەسێکیان لە نوێنەرانی پارتەکان و بێ لایەنی وەک مامۆستا «محەمەد ڕەسوڵ هاوار» و منیشیان، بۆ پەنێلێکی ڕامیاریی تێلێفیزیۆن بانگهێشتکرد. لە پەنێلەکەدا، «عەبدوللا ئۆجەلان»ی سکرتێری «P.K.K»ش، بە تێلێفۆن بەشداریکرد. ئەو کاتە، ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٣١-٣٠ بوو. لە لایەکەوە، لەشکری تورک، بە هێزێکی زۆرەوە، پەلاماری باشووری کوردستانی دابوو. لە لایەکی دیکەشەوە، گەرمەی جەنگی نێوخۆی، نێوان هێزەکانی «پارتی دێمۆکراتی کوردستان» و گریلاکانی «P.K.K» بوو. کاتێ، نۆرە پرسیاری من هات، لە «ئۆجەلان»ی بکەم، پرسیارێکم، دەربارەی باری ڕامیاریی و سەربازیی ناوچەکە بە گشتیی و باشووری کوردستان بە تایبەتیی لێ کرد. «ئۆجەلان»، خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە پاراست، بە شێوەیەکی گشتیی وەڵامیدامەوە.[9] بۆ ڕۆژی دوایی، مامۆستا «برایم»م بینی. یەکسەر بانگیکردم و گوتی: تۆ چۆن پرسیاری وای لێ دەکەی؟ بۆ ئەو پیاوەت بەگیرهێنابوو؟ بۆ باسی «ئێران»ی لێ دەپرسی؟ تۆ نازانی، ئەوان باریان چۆنە؟ منیش گوتم: مامۆستا، من بەرژەوەندیی نەتەوەکەم، لە پێش بەرژەوەندیی ئەویش و پارتەکەشییەوە دادەنێم. نامەوێ، ئەو لایەنە شەڕکەرانە، لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتیی خۆیاندا، لەشکری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە هەموو لایەکەوە بێنن و هێرش بەرن، کوردستانمان بۆ وێرانکەن و کوڕی کورد و خەڵکی بێ تاوانی بە خۆڕایی تێدا بکوژرێ. ئیدی، بە سارد‌ییەکەوە، سەرێکی ڕاوەشاند و هیچ قسەی نەکرد.

پاشان، کاتێ بۆم دەرکەوت، «کۆنگرەی نەتەوەیی» ئەوە نییە، کە من دەمەوێ، هەر زوو پاشەکشەم لێ کرد. ئیدی، مامۆستام نەدیبووە. تا دوا جار، کۆمەڵەی «کوردستان ناواره» داوەتیانکرد و ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٨، لە شاری «ستۆکهۆڵم»، سیمینارێکی ڕامیاریی یان بۆ سازکرد. ئەوەی

مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار، د. حوسێن محەمەد عەزیز، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

هەرگیز، لە بیرم ناچێتەوە، ئەوە بوو، زۆر بە کورتیی و ڕێکوپێکیی، وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکانی دەدایەوە. یەکێ لە ئامادەبووان، لێی پرسی و گوتی: ئێمە، وامانددەزانی، ئێوە باسێکی مۆدرێن و نوێمان پێشکەشدەکەن. بەڵام، هەر چییەکتان گوت، بیستوومانە و کلاسیکیی بوو.

مامۆستاش، زۆر بە هێمنیی وەڵامیدایەوە و گوتی: لە بیاباندا، لەبری درەخت، خرنووک دەڕوێ. بۆیە، خرنووک بە درەختی بیابان دادەنرێ. منیش ئەو درەختە بووم، لە بیابانی کوردستاندا ڕواوم، لەوە پتر هیچی دیکەم پێ نەبوو، پێشکەشتانی بکەم! ئیدی، بوو بە پێکەنین و گوێگران لە چەپڵەیاندا!

ئایا، مامۆستا «برایم»، خۆی بە ڕامیار دەزانی؟ سەری لە کاری ڕامیاریی دەردەچوو؟ لە کاری ڕامیاریی پەشیمان نەبوو؟!! من لێردەدا هەوڵدەدەم، پەلە نەکەم و وەڵامی ئەم پرسیارە نەدەمەوە. بەڵکوو، وەڵامەکەی بەردو ڕووی خۆی دەکەمەوە. مامۆستا، لە وەڵامی پرسیارێکی لەو چەشنەدا، لە دوو جێگەی چاوپێکەوتنەکەدا، زۆر بە ڕاشکاویی گوتوویەتی:(لەو ڕۆژەوە، دەسم بە کاری ڕامیاریی کردووە، پەشیمانم. دەمتوانی، نووسەر بم. دەمتوانی، هۆنراوە بڵێم. دەمتوانی، شتێ بکەم، بەرێکی هەبێ، ئەنجامێکی هەبێ. بەڵام نەء، ئەگەر ژیان بۆ دواوە بگەڕێتەوە، هەرگیز بە هیچدا ناڕۆمەوە.) [10] هەروەها گوتی:(وەڵا، لە ڕێی نووسینەوە، دەسم پێ دەکردەوە. من، کاتی خۆی، بۆیە چوومە کۆڵێژی حقوق، کە ببم بە ژۆرنالیست. لە هیچ ڕێکخراوێکی ڕامیاریدا، کارم نەدەکرد. پارتی «هیوا و ئازادیی و ڕزگاریی» و هەموو ئەوانە هەبوون. تا «ژ.ک.»، من لە هیچ پارتێکدا ئەندام نەبووم. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداری چالاکیی ڕامیارییم کردووە. هەر لە «شەشی سێپتێمبەری ۱۹۳۰»یەوە، بەشداریم کردووە. ئێستەش، ئەگەر شتێکم لا ڕوونبووبێتەوە، ئەوەیە، لە دووردوە دەتوانم، زیاتر کاریکەم، وەک لەوەی لە ناو ئیشەکەدا بم، بە تایبەتیی، ئەگەر ئیش بەو جۆرە بێ، وەکوو ئەورۆ دەکرێ.) [11]

هەر چەندە، لێردەدا مامۆستا، مەبەسی ئەوەیە، ئەندامی هیچ پارتێ نییە. بەڵام، هەر کاری ڕامیاریی دەکا. چونکە، کاری ڕامیاریی و پارتایەتیی، دوو شتی جیاوازن. لە هەمان کاتیشدا، زۆر پێکەوە بەسراون. بێ گومان، هەموو مرۆڤێ دەتوانێ، لە یەک کاتدا، هەر دووکیان بکا، ئەندامی پارتێکی دیریکراوبێ و کاری ڕامیارییش بکا. هەروەها، هەموو یەکێکیش دەتوانێ، لە هیچ پارتێکدا ئەندام نەبێ، بەڵام، کاری ڕامیاریی بکا. وا بزانم، ئەم چەن دید و بۆچوونەی مامۆستا، زۆر ڕوونە و پێویستی بە کۆمینتار نییە!

لە کۆتاییدا دەڵێم: لە لایەکەوە، باری دواکەوتووی نێوخۆی کۆمەڵگەی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، هەم باری بندەسیی کورد و داگیرکردنی کوردستان، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، هەم باری تایبەتیی ناوچەکە و جیهانیش، هەرگیز، لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕووناکبیریی و ڕامیاریی کوردییدا نەبوون. گەڵێ کۆسپ و گرفتی مەزنیان، لە ڕێی پێگەیشتن و گەشەکردنی کەسێتیی مرۆڤی کوردا دروسکردووە.

مامۆستا وەک ڕامیارێکی کورد، لە سەرەتای ژیانیدا و لەو ماوەیەی، سکرتێری «پارتی دێمۆکراتی کوردستان ـ عێراق» بووە، تاکە سەرکردە و شاسواری گۆڕەپانی خەباتی ڕامیاریی و کوردایەتیی بووە. گەڵێ کاری گەورەی، بۆ گەلەکەی بە ئەنجامگەیاندووە. گەڵێ کادێری «وێژەیی، ڕامیاریی و نەتەوەپەروەر»ی پێگەیاندووە. بەڵام، لە ساڵی ١٩٦٤ بە دواوە، بە هۆی ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییەی، لە نێوان سەرانی پارتیی و شۆڕشی چەکداریی (١١/سێپتێمبەر)دا پەیدابوو، وردەوردە، ئەستێرەی گەشی گەلاوێژی چانسی ڕامیاریی «برایم ئەحمەد» کزبوو، ناوی کەمبۆوە، دەسەلاتی لاوازبوو. بە تایبەتیی، دوای ڕێککەوتنامەکەی (١١/مارسی ١٩٧٠)، دەنگ و ڕەنگی نەما، شوێن پەنجەی لە چارەنووسی کورد و بڕیارە گرنگەکاندا بزربوو. لە دووردوە نەبوایە، زۆر خۆی لە کێشە و باسەکان هەڵ نەدەقورتاند. لابەلا کاریدەکرد. بۆیە، لەو ساڵانەی دوایی تەمەنیدا، تا لە ژیاندا بوو، زۆر ناوی نەبوو، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا. تەنانەت، هێندێ کەس، لە ناحەز و نەیارەکانی مامۆستا، ڕەخنەی ئەوەیان لە من دەگرت، گللەیی ئەوەیان دەکرد و دەیانگوت: «برایم ئەحمەد» مردووە، تۆ دەتەوێ، زیندوویکەیتەوە!

هەر چۆنێبێ، مامۆستا «برایم»، پیاوێکی بلیمەت و زانا بوو.

ڕووناکبیرێکی مەزنی بێ وێنەی سەردەمەکەی خۆی بوو. زۆر ئازابوو. چونکە، گەر ئازا نەبووایە، چۆن دەیتوانی، بێ پشت و پەنا، بێ چەک و چەکدار، بەرەنگاری دەسەلاتی کەلەپیاو و سەرکردەیەکی گەورەی وەک «مستەفا بارزانیی» بێتەوە، ئەو «بارزانیی»یەی، جگە لە چەکدارێکی زۆری هۆزەکەی خۆی، سەرۆکی «پارتیی» و ڕابەری گەلی باشووری کوردستان بوو، لە هەموو جیهانیشدا ناسرابوو! ئەو «بارزانیی»یەی، هەر چاوی زەقکردایەتەوە و بکۆکیایە، زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکەی، تووشی هەلامەت دەبوون!

دەتوانم، بڵێم: لەوانەیە، لە سەدەی بیستەمدا، لە هەموو کوردستاندا، کەلەپیاوێکی بلیمەتی وای تێدا هەڵ نەکەوتبێ. بەو شێوەیە، نزیکەی حەفتا ساڵی، تەمەنی ژیانی پڕ لە «ڕاونان، گرتن، بریندارکردن، هەوڵی کوشتن، پێشمەرگەیی، کۆبڕەوەریی و دەربەدەریی» خۆی، بۆ «خوێندنەوە، نووسین، خەباتکردن و کاری ڕامیاریی و نەتەوەیی» تەرخانکردبێ. بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نە مامۆستا «برایم» و نە هیچ کوردێکی هەڵکەوتووی دیکەش، ئەو فریشتە بێ هەڵە و بێ گوناهە بوون، تا نوێژ لە سەر داوێنی پاکیان بکرێ. هەروەها، نە ئەو ئەهریمەنە چاو سوورە نینۆک خوێناویی یە نەگریسەش بوون، تا بە هەموو جۆرێ، نەفرەتیان لێ بکرێ. گوڵەباخیش، هەر چەندە «ڕەنگاوڕەنگ، گەش، جوان و بۆنخۆش» بێ، هێشتا، بەشی خۆی هەر درکی هەیە!

مامۆستا «برایم»، مرۆڤ بوو. لە گۆشت و ئێسک دروسبووبوو. لە ئاسن و پۆڵا دروس نەبووبوو. هەموو مرۆڤێکیش، چاکە و خراپەی خۆی هەیە. کاری باش و هەڵەش دەکا. تەنانەت، پەیامبەرانیش هەڵەیان کردووە. ئەوەی هەڵە ناکا، تەنیا هەر خوایە. یا ئەو جۆرە کەسانەن، کە هەرگیز کار ناکەن. ئەمەش، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نە بووە و نە دەبێ! بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کوردێ ناتوانێ، هەر وا بە ئاسانیی، هێڵێکی ڕاست و چەپ، بە سەر حەفتا ساڵی تەمەنی، پڕ لە خەباتی «وێژەیی، ڕۆژنامەگەریی، کۆمەڵایەتیی، ڕامیاریی، پێشمەرگەیی و نەتەوەیی» مامۆستا «برایم»دا بێنێ. مەگەر، ئەوانەی هەموو ژیانیان، خۆشیان نەویستووە و دژایەتیی یان کردووە. یا لە ئاستی ڕاستییدا، چاویان کوێر، گوێیان کەڕ، زمانیان لاڵ، دڵیان ڕەش و بیریان تاریکە! ئەگینا تازە، ئەو پیاوە، جێگەی خۆی، لە نێو لاپەڕە پرشنگدارەکانی میژووی کورددا کردۆتەوە.

هەر چەندە، کورد گوتوویەتی: لە پاش مردن، ڕەحمەت باشە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، بە لای منەوە، لە باری سەرنجی نەتەوەیی یەوە دەڵێم: گەر، تاکە یەک هەڵە و پەڵەی ڕەش، لە ژیانی ڕامیاریی مامۆستا «برایم»دا هەبێ، ئەوا ئەو ماوەیەی نێوان ساڵانی ١٩٦٦ - ١٩٧٠ یە، کە هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا دەکرد. بریا، ئەو کەڵێنە گەورەیە، لە دیواری ئەستوور و گەشتی ژیانی ڕامیاریی مامۆستادا نەبووایە! بریا، مامۆستا وەک بلیمەتێکی هەڵکەوتووی سەردەمەکەی خۆی، دەور و پشتی «بارزانیی» چۆڵ نەکردایە، تا وەک دوو سەرکردەی ڕامیاریی و سەربازیی، پێکەوە بۆ کورد بکۆشانایە، تا هێندێ لە هەڵپەرستەکانی نێو سەرکردایەتی پارتیی، هەڵیان بۆ نەڕەخسایە و کەڵکیان لەو دووبەرەکیی و بۆشایی یە وەرنەگرتایە! جا ئەو کاتە دەمانزانی، کار و باری پارتیی و شۆڕشەکەش، بە چ شێوەیەک دەگۆڕا! چەن زووتر، گەلی باشووری کوردستان، بە مافەکانی خۆی دەگەیشت! ئەوڕۆش، باری کورد بەو شێوە نەدەگەیشت! بەڵام، لە بریا هیچ شین نابێ!

لەگەڵ ئەوەشدا، نەک هەر مامۆستا «برایم»، بەڵکوو، چەندین کەڵەپیاوی هەڵکەوتووی کوردی وەک ئەویش، گەر کورد نەبوونایە، ئەندامی هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە بوونایە، ئەوا، هەرگیز لەو کەڵەپیاو و بلیمەتانەی، نەتەوەکانی دیکەی جیهان کەمتر نەدەبوون. بگرە، دووریش نییە، لەوانیشیان تێپەڕاندایە. بەڵام، چی بکەین؟ بڵێین چی؟ هەر ئەو پیاوانەمان هەبوون! ئەوانیش، ڕۆژەی نەتەوەیەکی هەژار و بندەس بوون، کورد بوون، بۆ کورد تێکۆشاون، بە ئائومێدیی سەربان نایەوە و بە ئامانجی خۆشیان نەگەیشتن. بە داخەوە، کوردیش هەر هێندە، ڕێز لە پیاوە ناودارەکانی خۆی دەگرێ. چونکە، «قەدری زێڕ، لای زێڕینگەرە». هەر چەندە، کورد هەمیشە زێڕی زۆر بووە، بەڵام، هەرگیز خۆی زێڕینگەرێکی باش نەبووە!

دەبا، لە یادی مامۆستا «برایم»دا، گیانی پاکی هەموو خەباتگێڕانی کورد، لە هێلانەی یاقووت و زمڕووتی پڕ لە هێمنیی و ئارامی، یەکێ لە دارەمرواریی یەکانی بەهەشتی بەرێندا، تاهەتایە نۆقرە بگرێ. دەبا، لە یادی مامۆستا «برایم»دا، پەند لە مێژوو وەرگرین، هەموومان هەر تەنیا، ڕوو لە ڕووگەی کوردایەتیی کەین. برایەتیی، تەبایی و یەکێتیی کورد و کورد، تەنیا ئامانج و هیوامان بێ!

ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٠/٦/٢١

**سەرچاوە و تێبینییەکان:**

١) هێندێ جار، هێندێ کەس و لایەن، داوایان لێ کردووم، شتێ لە سەر کۆچکردووەکانیان بنووسم. بەڵام، جگە لە نووسینەکەی شەهید «جەلالی حاجی حوسێن»، کە بە ویست و ئارەزووی خۆم نووسیومە، هیچ شتێکم بۆ کەس نەنووسیوە. بۆیە، هێندێ لەو کەسانە لێم زوێربوون! کەچی، کاتێ سەرنووسەری گۆڤاری «گزینگ»، داوای لێ کردم، بە بۆنەی کۆچیدوایی مامۆستا «برایم» و چاوپێکەوتنەکەوە، گوتارێ بنووسم، دوای دەمەتەقێیەکی نێوانمان، قایلبووم. بەو مەرجەی، خۆم چی دەنووسم، بڵاویکاتەوە.

٢) **گۆران**، دیوان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.

٣) **موفتی پێنجوینیی**، دیوان، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠.

٤) **هێمن**، دیوان، تاریک و ڕوون، عێراق، ١٩٧٤.

٥) بۆ ئەمەش، لە کاتی پێویستی خۆیدا، هەوڵدەدەین، هۆی ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییە یە، بە درێژیی ڕوونکەینەوە. چونکە، پرپشکی هەڵە و تاوانی ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییە یە، تەنیا لە ئەستۆی یەک کەس و یەک لایەندا نییە. بەڵکوو، هەموو ئەو کەس و لایەنانەی، بەشداریی سەرکردایەتی پارتیی و شۆڕشیان کردووە، بە قەدەر قەبارە و کێشی خۆیان، بە قەدەر دەسەلاتی ڕامیاریی و سەربازیی یان خۆیان، دەسیان لە دروسکردنی ئەو بارە ناهەمواری دووبەرەکییە یەکەدا هەبووە و گوناهبارن!

٦) لە چاوپێکەوتنێکی «رانیە فەرید شەوقیی»، لە تێلێفیزیۆنی ئاسمانیی «میسر»دەوە وەرگیراوە.

٧و ٨) **حوسێن محەمەد عەزیز**، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، ستۆکهۆڵم ـ سوید، ١٩٩٥.

٩) کاسێتی پەنێلەکە لای خۆم هەیە.

١٠و١١) **حوسێن محەمەد عەزیز**، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، ستۆکهۆڵم ـ سوید، ١٩٩٥.

# سەرێك و جەوت سەودا

حەمە سەعید حەسەن

## (١) زمان ژنە و نووسینیش ئەوین١

«شوان ئەحمەد» پێی وایە: وەک چۆن ئەوانەی ڕەخنە ناڕاستەی ئەدونیس دەکەن، پێویستە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی باشیان هەبێت و بە هەموو تێز و کەرەسە تازەکانی ڕەخنە چەکدار بن، هەروایش ئەوانەی ڕەخنە لە تاقمی گۆڤاری ڕەهەند دەگرن، پێویستییان بە هەمان پاشخان و کەرەسە هەیە.٢

من وای بۆ دەچم ئەمە بەراوردکردنێکی ناڕەوایە، ئاخر گرووپی ڕەهەند، نەک هەر لە ئاستی ئەدونیسدا نین، بەڵکو تەنانەت توانای ئەوەیشیان نییە دێرە شیعرێکی ئەو شاعیرە مەزنە، یان پەڕەگرافێ لە نووسینێکی بکەنە کوردییەکی ڕەوان.

پێ دەچێ شوان ئەحمەد هەموو خرێکی پێ گوێز بێ، ئەگەرنا ئەو ستایشە ناڕەوایەی گرووپی ڕەهەندی نەدەکرد. پیاهەڵگوتنی ناڕەواش وەک هێرشی ناڕەوا، ڕەنگدانەوەی فیکری خێڵە. من وەک ئەو ناکەم، بە بەڵگەوە قسە دەکەم.

«هیوا قادر» کە بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەهەندە، بە مەبەستی بەڕەچدانەوەی «هاشم کۆچانی»، وتارێکی نووسیوە و سوودی لە هەندێ پەڕەگرافی کتێبی «النظام و الکلام»ی ئەدونیس وەرگرتووە، بەڵام وەک هاشم کۆچانی بۆی ڕاست کردۆتەوە، نەیتوانیوە بۆچوونەکانی ئەدونیس بە دەستپاکییەوە بکاتە کوردییەک، کە خۆیەر لێی تێ بگا.٣

«هەندرێن» کە سەر بە تاقمی ڕەهەندە، کە شیعری «أغنیه الی حروف الهجا»ی ئەدونیسی کردووە بە کوردی، وەک شیروان مەحمود محەمەد بۆی ڕاستکردۆتەوە، ئەوەندەی هەڵە کردووە کە بە زەحمەت دێنە ژمارەن.٤

ئەوی خاوەنی ڕوانگەیەکی نوێ بێ، نوێخوازانە ڕەوتار دەکات و ژیانی بە سڕینەوەی کەسانی دیکەوە بەند نابێ. بە ستایشی ناڕەوا و هەڵسەنگاندنی ساختە نووسەری گەورە دروست نابێ. گرووپخوازیش هەر درێژدانە بە سیستەمی خێڵایەتی. بە ڕاست کام حیزب لە تاقمی ڕەهەند تووندڕۆتر و داخراوترە؟

گۆران چونکە بە ڕاستی نوێخواز و ڕچەشکێن بوو، پیرەمێردی بە مامۆستای خۆی دەزانی. ئەدونیس کە تەنیا هەر ڕووناکبیرێکی گەورە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە، لە نوێترین شیعریدا، لەو دیو دەمامکی موتەنەبیبیەوە دەپەیڤێ.

تاقمی ڕەهەند کە ئەوەندە زۆر باس لە دژایەتیکردنی دەسەڵات دەکەن، ئاخۆ دەتوانن ڕستەیەک بە نموونە بهێننەوە، کە بە خامەی یەکێکیان، پێش ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی بەعس نووسرابێ؟ لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، هەمیشە دەروازەی ئامێزی پڕ سۆزی ینک بە ڕوویاندا لەسەر پشت بووە.

دوو سێ ڕۆژ پێش ڕاپەڕین، ئاسایشی سلێمانی، بڕیاری دابوو، کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەند وەک بارمتە گل بداتەوە، تا لە تەنگانەدا وەک قەڵغان بۆ پاراستنی گیانی بەعسییەکان بەکاریان بهێنێ. بە ڕاست لەبەر چی ناوی هیچ کام لەو «نوێخوازانە» لەو لیستەیەدا نەبوو؟ بەعس گلەیی چی لە کەسانێ هەبێ، کە لە سەروەختی بای مەرگ و ئەنفالدا، بانگەشەیان بۆ ئەوە کردبێ، کە ئەوی پێوەندی بێ، لە نێوان ئەدەب و واقیعدا نییە.

ئەدونیس بە زمانێکی هێندە جوان و بااڵ دەنووسێ، شیعری شیاوی ئەودیە وەک دەقی پیرۆز سەرنجی بدرێ، وەلێ ئەو زمانەی تاقمی ڕەهەند پێی دەنووسن، دەرۆزەی پێ دەشێ.

و ما کل مخضوب البنان بشینه

و لا کل مسلوب الفؤاد جمیل

٢٠٠٠/٥/٢٣

## (٢) نامەیەکی بە جوێن نووسراو

تا ئەم دواییەش وامدەزانی تاقمی گۆڤاری ڕەهەند «هیچی نەگوتراویان نەگوتووە.» پێم وابوو تەنیا کوێرانە لاسایی چەند ڕووناکبیرێکی عەرەب و هەندێ بیریاری ئەوروپایی دەکەنەوە. وای بۆ دەچووم ئەوی لە هەر بواریکدا دەینووسن، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەیە، بە کوردییەکی تا بڵێی کۆڵەوار. هەر بە بەرکارم دەزانین، نەک بە بکەر. بە لاساییکەردەوەم دەزانین، نەک بە داهێنەر. بە کۆنەپارێزیان تێدەگەیشتم، نەک پۆپ مۆدێرنیست.

کە هەندێ جار نەمدەزانی دەڵێن چی، پێم وابوو هی ئەودیە ئەو شتەی بۆ خۆیەری باس دەکەن، خۆیان لێی حاڵی نەبوون. یان لێی حاڵی بوون و زمانەکەیان بە هانایانەوە نایە. یان ئەو شتانەی لە بێگانەیان خواستووە، بەو مەبەستەی خۆیەر نەچێتەوە سەر سەرچاوەکانیان و دەستەکانیان نەخاتە ڕوو، تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. یان گۆمی بیرکردنەوەیان تەنکە،

به مەبەستی فریودانی خوێنەر، لێڵی دەکەن.
کە بە بااڵی بەرهەمی یەکدیاندا هەڵدەدا، نان بە قەرز دان و شایەتیی ساختە و شاعیری خێڵم بیردەکەوتەوە. بەوەی کە خۆیان بە مۆدێرنیست و خەڵکیان بە کۆنەخواز لە قەڵەم دەدا، پێم وابوو لە وەهمدا دەژین. بە تووتیییان تێدەگەیشتم و وای بۆ دەچووم یەک ڕستەی جوان و ڕەوانیان دانەهێناوە.
سوپاس بۆ «یاسین بانیخێڵانی» ئەوە ئەو بوو، بە ئاگای هێنامەوە و تەمی هەموو گومانەکانمی ڕەواندەوە و پێی سەلماندم، ئەوی لە گۆمی قوواڵی وەهمدا نوقم بووە، منم نەک ئەو مۆدێرنیستانە!
«یاسین» بە «بەختیار عەلی» دەڵێ: «زمانی مەرگی تاقانەی دووەم وێرانە. بۆ نموونە: بازنگ، خرنگەی دێ نەک خرمە. یان: ئەسپ ڕاناکا، غارددا. یان: هەنگاوەکانم خاو دەبنەوە، نەک دەبێتەوە....»[1]
«بەختیار»یش لە ١٨ی ٦ی ١٩٩٨دا بە نامەیەکی دوور و درێژ وەڵامی یاسین دەداتەوە و پێی دەڵێ: «هەی چەقۆکێشی سەر جادەکان. هەی گزگلی نەفامی جاهیلی زبڵنووس. هەی ناوبژێی ڕۆحبوودەڵەی جەهالەت بەرهەمهێن. هەی شارەزای کون و کەلەبەری زبڵخانە. هەی دەم پانکەردەوەی جەبانی بێ شەهامەت.»
بەختیار عەلی لە هەمان نامەدا بە یاسین بانیخێڵانی دەڵێ: «تۆزی پێڵاوەکانی ئەوانەی پشتگیریی ئێمە دەکەن، مەعریفەی زیاتر تیایە لە سەری ئەوانەی کە پەلاماریان داوین و تا ئەمڕۆ ناوەدستی ماڵەکانی ئێمە لە ژووری خەوتنی ئەوانە پاکتر بووە کە جنێویان پێ داوین.»[2]
بە ڕاست ئەم دەربڕینانە نوێ نین! کەس پێشتر شتگەلی وای گوتووە! من و دەیان خوێنەر و نووسەری دیکەیش تفەنگمان بە شەودزەنگەوە نەدەنا، کە بە دوای سەرچاوەی نووسینەکانیاندا دەگەڕاین؟
من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەو نامەیەی بەختیارم خوێندەوە، ڕەخنەیەکی تۆندم لە خۆم گرت و کاڵەکم بە کەشکەڵۆکم شکاند و هیچ گومانم لەوە نەما، کە تاقمی ڕەهەند داهێنەر و پۆپ مودێرنیستن و منیش کۆنەخەواز. هەر لێرەیشدا جێی خۆیەتی تەحەدای غەفور سالح[3] بکەم و پێی بڵێم: برۆ هەموو پاشماوەی ژیانت تەرخان بکە، بزانە سەرچاوەی یەکێ لەم دەربڕینە نوێیانەی بەختیار دەبینیتەوە!

٢٠٠٠/٤/٢٨

## (٣) نووسین بە چەقۆ

«بااڵس»، ئەو ئەفسەرە فاشستەی لێکۆڵینەوەی لە تەک «لۆرکا»دا کردبوو، پێی گوتبوو: "لە کن من ئەو کرێکارە نە خوێندەوارەی سەنگەری لێ گرتووین و دەستمان لێ دەوەشێنێ، زۆر باشترە لەو ڕۆشنبیرەی کە خۆی لە ناو ژوورەکەیدا زیندانی دەکا و کتێب دەنووسێ. ئەگەر هەردووکیان دەستگیر بکەم کرێکارەکە بە ڕێزەوە گوللەباران دەکەم، بەڵام ڕۆشنبیرەکە بەو پەڕی تام و چێژ لێوەرگرتنەوە دەکوژم.[1]
«مەلا بەختیار»یش لە دووەمین ڤیسیۆاڵی نەدەبیی گەلاوێژدا کە نێوان ١٢ تا ١٩/١١/١٩٩٧دا لە سلێمانی سازکرا، گوتبووی: «ئێمە کە چەکدارێکی نەخوێندەواری سەر بە بنەماڵەی بارزانی دەگرین، دەیکوژین، ئیدی چۆن لە نووسەرێ یان هونەرمەندێ کە لەگەڵ سیبەقی ئیصراری سەقافیی خۆیدا بەرهەمەکەی، هونەرەکەی دەباتە هەولێر، خۆش دەبین؟»[2].
لە هەر کۆڕێکدا «ڕێبین هەردی» ڕەخنە لە ی.ن.ک بگرێ، مەلا بەختیار دەسبەجێ بۆی هەڵدەستێ و بە زەبری هەڕەشە ناچاری دەکا، پەشیمانی دەربڕێ و داوای لێبوردنیش بکا. لەم کێشەیەی نێوان ڕێبینی (خاوەن قەڵەم) و مەلا بەختیاری (خاوەن دەسەڵات)دا، «غەفوور سالح عەبدوللا»یە ئاشکرا لایەنی دووەم دەگرێ.[3]
غەفوور سالح ئەگەر بە پشتی مەلا بەختیار «کە هەر مینا نەوەی شەرعیی ئەو فاشستە دەپەیڤێ، لۆرکای بەردو گۆڕەپانی گوللەبارانکردن نارد،» دەجەنگێ، ئەوا با چی زووترە، هەردوو دەستی هەڵبڕێ، ئەمەیانی ئابڕوومەندانەترە. ترسی غەفوور لە دەزگای سەرکوتکەر، لە زەمینەی هەلومەرجی ژیانی پێش ڕاپەڕینییەوە هەڵدەقوڵێ. جێی داخە هیچ لە ئەزموونی تاڵی ڕابردوویەوە فێرنەبووە، ئەگەرنا، خۆی دووبارە نەدەکردەوە و بە ستایشکردنی دەسەڵاتەوە، نەدەچوە شەڕی تاقمی (ڕەهەند)ەوە.
"نووسەر بریتی یە لە شێوازی نووسین". سەرنجی شێوازی نووسینی ڕێبین بدەن: «هەموو ئەمانە دەبەخشم بە نەخوێندەوارییەکەی غەفور(ل٥٩). یان «دەیبەخشین بە ساویلکەییەکەی غەفور و دەڵێین قەیناکا(ل٦٧). یان «ئەمانەش هەر بۆ غەفور...»[4].
چەوقۆکێشە ڕەسەنەکان، کە نیازی شەڕیان دەبێ، پێشەکی دوو سێ نووکە چەقۆ لە خۆیان دەدەن، ئینجا هێرش بۆ قوربانییەکە دەبەن. بە سەراپای وەڵامەکەی ڕێبین هەردییەوە ئەم شێوای تەحەداکردنەم، کە چەقۆ تەرحدانی پێ دەڵێن، بەدیکرد.
غەفوور سالح هەڵوێستی لاوازە. لە سلێمانیدا غەریبە و دەستیشی ناڕوا، ڕێبین سووکایەتی پێدەکا. «شیرکۆ بێکەس» دەستی دەڕوا و خاوەنکاری ڕێبینیشە، ڕێبین نازناوی (گەورەترین شاعیری هاوچەخ)ی پێ دەبەخشێ. خۆگیفکردنەوە لە بێدەسەڵاتان و بە بااڵی دەسەڵاتدارانداا هەڵگوتن، هەر لە فاشستەکان، لە هەر کوێ بن، چەکیان بە شانەوە بێ، یان قەڵەمیان بە دەستەوە بێ، دەوەشێتەوە.

٢٠٠٠/٦/١٦

## (٤) جنێوی ئینگلیزی

بورخیس یەکێکە لەو نووسەرە مەزنانەی کە سنووری نێوان ژانرە نەدەبییەکانی سڕییەوە، شیعرەکانی لە چیرۆک و چیرۆکەکانی لە باسی فەلسەفە دەچن. منی بەستەزمانیش کە ئەوی دەینووسم نە شیعرە، نە چیرۆکە و نە وتار، کەچی دەشێ لای کەم خەسڵەتێکی هەر یەکێ لەو ژانرانەی تێدا بێ، ئەوە لێم تێکەڵ نەبووە، بە وریاییەوە ئەو کارە دەکەم، تکایە ئامۆژگاریم مەکەن!
قارەمانی «ماڵناوایی لە شیعر» کە ساتیرێکی منە، واز لە شیعر دەهێنێ، خوو دەداتە چیرۆکنووسین. من حەمەسەعید قەرەداخیم، حەمەسەعیدێکی کەلاری هەستی بە جیاوازی نێوان چیرۆکنووس، چیرۆکبێژ و قارەمانی چیرۆک نەکردووە و پێی وا بووە ئەوی دەستبەرداری شیعر بووە منم، بۆیە ڕەخنەی ئەودم لێ دەگرێ، کە شیعرم تەڵاق داوە و دواتر چوومەتەوە کنی! من ئەگەرچی هەمیشە لەگەڵ یاخیبوون و سەرکێشیدام، بەڵام هەرگیز

پەلامـاری گـابەردێ نادەم کـە تەواو لەوە دڵنیـا بم، نەک هەر توانای هاویشتنی، بەڵکو هێزی بڵندکردنەوەیشیم نییە. لەم ڕوانگەیەوە من نایەم جنێوە کوردییەکانی ناو نووسینەکانی گۆڤاری «ڕابوون»ی کەمال میراودەلی بژمێرم، چونکە پێشەکی لەوە دڵنیام کە ئەو کارە دژوارەم پێ ناکرێ. ئەو ئیشە سەختە لە سنووری دەسەلاتی تاکە کەس بەدەرە، مەگەر گرووپێک زاتی ئەوەی هەبێ بچێتە ژێر ئەو بارە قورسەوە. ئاخر ئەو نیشە تەواو وەک ئەوە وایە پووش لە کا ببژێری.

گۆڤاری ڕابوون کەمال میراودەلی خۆی دەریدەکا، کەچی چاوپێکەوتنێک کە لەگەڵ خودی خۆیدا کراوە، لە گۆڤارەکەی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە. ڕەفیق سابیریش کە سەرنووسەری ڕابوونە، دوو کەسی ڕاسپاردووە «کە یەکەمیان یەکەم جارە بنووسێ و دووەمیشیان تەنیا لە ڕابووندا ناوی دێ» کە بە زێدەڕۆییەوە باسی چالاکییەکانی خۆی بکەن و هەر لە ڕابوونیشدا لەگەڵ وێنەی خۆیدا بڵاوی کردوونەتەوە.

تۆ لەو سەدان جنێوە کوردییە بگەڕێ کە کەمال و ڕەفیق بێ ئاگاداری هاشم کۆچانی «وەک خۆی دەڵێ» بە ڕووناکبیرانی دەدەن، بە ڕاست بە دژێڵایی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕووی داوە سەرنووسەر دوو کەس ڕابسپێرێ بە شان و باڵیدا هەڵبڵێن؟ یان «جێگری سەرنووسەر» چاوپێکەوتنێ بڵاوبکاتەوە کە لەگەڵ خۆیدا کراوە؟ ئایا ئەمە وەرچەرخانێک نییە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا؟ ئایا جێی خۆی نییە ئەم دەستپێشخەری و قەڵەمبازە بەرزە، لە دیرۆکی ڕۆژنامەگەریماندا بە ناوی ئەو دوو سەربازە ناسراوەوە تۆمار بکرێ؟

ئەدونیس دەپرسێ: «ئایا دەشێت کەسانی بوغزلەسک، درۆزن و نەفسبچووک ببنە شاعیر؟ ئایا شیعر لە جەوهەردا بە ڕەوشتبەرزی و نەجیبی عەقڵ و دڵەوە بەندە؟» ئەم دوو پرسیارەی ئەدونیس ڕەفیق سابیر کردوونی بە کوردی و وەک سەرگوتار لە لاپەڕە دووی ڕابوونی ژمارە ٢٥دا بڵاوی کردوونەتەوە، منیش هەمان ئەو دوو پرسیارە بە نیازێکی خاوێنەوە دەکەمەوە.

نووسەری ڕاستەقینە پێویستە هەمیشە بیری لای ئەوە بێ، عەرەب گوتەنی تەجاوزی خۆی بکات. شاعیری گەورە دوای نووسینی چەندین کۆمەڵەشیعر، دەبێ بیر لە نووسینی شانۆنامەی شیعری بکاتەوە. چیرۆکنووس نابێ هەر لە بازنەی کورتەچیرۆکدا گیر بخوا، دەبێ هەوڵی ڕۆمان نووسینیش بدا. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوە مشتومڕ هەڵنەگردا بوو، کەمـال میـراودەلی دوای ئەوەی سەدان جنێوی بە کوردی بە ڕووناکبیران دا، هات لە دوا شاکاریدا، لە ژمارە ٢٩ی ڕابووندا تەجاوزی خۆی کرد و بە عەرەبیش چەندین جنێوی لە بابەتی:

«تافیە، سەخیف، هەزیل و حەقیر»ی بۆ ئەو نووسەرە کوردانەی وەک خۆی نین، ڕەوانەکرد.

cannibal کانیباڵ بەو کەسانە دەگوترێ کە گۆشتی ئینسان دەخۆن، بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی لەدەست نەدەم، دەبێ بڵێم کەمـال لە هەمـان چاوپێکەوتندا ئەم جنێوە ئینگلیزییەشی داوە، بەڵام بە عەڵی کیمیاوی نا، بە شیوعییە کوردەکان، ئەوانەی بە قەولی شیرینی ئەو گۆشتی ئینسانی زیندوو دەخۆن!

٢٠٠٠/٤/٩

**(٥) که ڕۆحم چڵکن دەبێ، له زێی ئەوینداد دەیشۆم**

فەرهاد پیرباڵ لە وەڵامی هەندێ لەو سەرنجانەمدا کە لە وتاری «شیعر و شۆخی»[1]دا سەبارەت بە دوا کۆشیعری وی دەرمبڕی بوون دەڵێ:

«خۆم بە بەرپرسیاری یەکەم و ڕاستەوخۆی نەسلێک دەزانم.»[2] بەڵام بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە، ئایا لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ فێڵەوە بووە بە بەرپرسیاری نەوەیەک؟ یان ئەو پلە و پایەیەی بە میـرات بۆ ماوەتەوە؟ یان بە ڕێگای سێیەم؟

فەرهاد سووری تۆخە لەسەر ئەوەی کە کوردی سوێدنشین: «بە تونێل دەڵێن: تووڵە!»

دەشێ سوودی لە کەڵەپوور بینیبێت و سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی تووڵەڕێ یان تووڵەمـار بێ! لە دەروازەی دەربەندیخـاندا تونێلێک هەیە، لە هیچ نەخوێندەوارێکی شارەزووری یان گەرمیـانیم نەبیستووە، بەو تونێڵەی گوتبێ: تووڵە. حاڵی حازر کوردی سوێدیزان لە هەولێر زۆرن، بریا فەرهاد بۆ دڵنیایی لە یەکێکیانی دەپرسی.

بۆ مەسەڵەی پێپسی کۆڵاکەیش، فەرهاد نە وەک ئینگلیز بە دوو (پ) نووسـیـوێتی و نە وەک عـەرەبیش بە دوو (ب) گـوتوویەتی، بەڵکو بە (ب)یەک و بە (پ)یەکەوە، پێشکەشی خوێنەرانی کردووە. پێ دەچێ کەڵکی لە ئەزموونی فیفتی فیفتی وەرگرتبێ.

فەرهاد دەنووسێ: «حەمەسەعید لە کوردییەکەم تێنەگەیشتووە و بە سوریالیزم تاوانبارم دەکا.»

ـ سوریالی بۆ ئەو ڕستەیە ڕاستە.

ـ «شەیتان لە ئامێزی نیشانەی پرسیاردا بەرچایی دەخوا.» من ئەم ڕستە شیعرە سوێدییەم بە وێنەیەکی سوریالی لە قەڵەم داوە، نەک شیعری فەرهاد.

irony بەو مانایە دێ، نووسـەر شـتـێک دەبێـژێت و مـەبەسـتی پێچەوانەکەیەتی. بۆ نموونە: لە باسی ژنێکی قەڵەودا دەڵێ: ناوقەدی هێندە باریک بوو، قـایشی سەعـاتی دەبەست. ئێـرەیی پێ بردنی من بە فەرهاد، لەو جۆرە دەربڕینانەیە، کەچی بەد لێم حاڵی بووە!

جوابەز، کە هەڵبژاردەیەکە لە شیـعری نۆ شاعـیری هەولێری و بەرگی پێشەوەی بە وێنەی ئەو شاعیرانە ڕازێنراوەتەوە، جیا لە هەموویان فەرهاد لە ناوکی بۆ سەردوو ڕووتە.

من پێم وایە دەمـامک لەسـەر ڕووی خـۆ لابردن و خـۆ ڕووتکردنەوەی شاعیرانە، جلوبەرگ فڕێدان نییە، شاعیر «تەرزان»* نییە، بە ڕووتی خۆی نیشانی بینەران بدات، مـەبەست لە خۆ ڕووتکردنەوەی شاعـیرانە ئەوەیە: ڕاستگۆیانە ناخ، هەست، نەست، خولیا و خـەونەکانی بخاتە ڕوو.

جێی داخە فەرهاد ئەم هەنگاوەیشی شتێکی تازە نییە، ئاخر چارەکە سـەدەیەکی تەواو لەمـەوبەر، لە سـەرچنار، لە داخی نسکۆکـەی ١٩٧٥ حسێن عارف زۆر ڕادیکاڵتر خۆی ڕووتوقووت کردەوە.

فەرهاد لە ل: ١٥٨ی جوابەزدا دەڵێ:

«دەمگوت: بچم خـۆم لە ڕووبارە پیـرۆزەکـەی (سـەند وگـەنج)دا هەڵبکێشم.»

ـ ئەو ڕستەیە پێویستی بە (دا) نییە.

ـ چونکه فەرهاد خۆی گوتەنی: بۆ هەڵبژاردە دەنووسێ و هەڵبژاردەیش ناوی ڕووبارە پیرۆزەکان دەزانن، بۆیە (ڕووبارە پیرۆزەکە)یش زێدەیە.
ـ سەند و گانگا، نەک گەنج.
ـ یەک ڕووبار نین، دوو ڕووبارن.
ـ سەند پیرۆز نییە، تەنیا گانگا پیرۆزە.
ـ گانگا: دیاریی خوداوەندەکانە بۆ مرۆڤ، ژیانبەخشە و تەنیا هەر لەش نا، چونکە هێزێکی خودایی تێدایە گیانیش خاوێن دەکاتەوە، بۆیە لای هیندووەکان بە دایە گانگا بەناوبانگە و یەکێ لە ئاواتەکانی هیندوو ئەوەیە: کە مرد لە کەناری ڕووباری گانگا تەرمەکەی بسووتێنرێ و خۆڵەمێشەکەیشی بە ناو ئاوەکەیدا بلاو بکرێتەوە، تا گیانی لەگەڵ ڕەوانی دنیادا یەک بگرێ.[3]
فەرهاد کە وا ڕاهاتووە بۆ هەڵبژاردە بنووسێ، نەدەبوو بکەوێتە هەڵەی وەهاوە، عەوام هەستی پێ بکا.

٢٠٠٠/٥/١

## (٦) یەک کتێب و سێ حیزب

(دیۆکراسی دوای جەنگی سارد)، دوا «کتێب»ی مەلا بەختیارە، بێ ئەوەی بیخوێنمەوە، ڕەخنەی لێ دەگرم. ناواخنی کتێبە سێ سەد و قسوور لاپەڕەیەکە، بریتی یە لەو قسە و باسانەی کە ناوبراو لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زنجیرەیەک کۆڕدا، پێشکەشی کردوون.
نووسەر لەم کتێبەیدا بە ناوی سێ حیزبەوە قسەی کردووە: ئالای شۆڕش، زەحمەتکێشان «کە لە خانەقین بە جەڕعەزاب ناوی ڕۆیشتووە» و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو ماوەیەی مەلا بەختیار لە سوێد بوو، لە ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە، سێ جار وتوێژی لەگەڵدا سازکرا، هەر جارەی نوێنەرێ یەکێ لەو حیزبانە بوو.
لە ناوەڕاستی سوێددا شاروچکەیەک هەیە، خەڵکی خانەقینی زۆر لێیبە، کۆمەڵەی کوردیی ئەو شاروچکەیە، تا ئێستا سێ کۆڕیان بۆ مەلا بەختیار چێ کردووە، لەو سێ کۆڕەیشدا هەر کەڕەتەی بە ناوی یەکێ لەو حیزبانەوە پەیڤیوە.
کەسم نەدیوە هێندەی مەلا بەختیار عاشقە کۆڕ بێ. هەر بۆیە یەکێتی کەڵکی لەم لایەنە گەشەی ئەم کادیرە چالاکە بینی و کردیە بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرقاڵی کۆڕگێڕانن.
ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا چالاکن، دەبێ نەک هەر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕۆن، بەڵکە پێویستە پێشبینی داهاتوویش بکەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە یەکێکە لەو حیزبانەی لە دوای ڕووداوەکانەوەیە، نامیلکەیەکی بەو مەبەستەی بیسەڵێنێ، مەلا بەختیار ناسیۆنالیستە، نەک مارکسیست، نووسیبوو. تا نامیلکەکە بە ڕەوتی کیسەڵ ئاسا، بە هەناسەبڕکێ گەیشتە بازار، مەلا بەختیار بە قەڵەمبازی ئاسک ئاسا، لە ئالای شۆڕشی مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە، بە تونێلی زەحمەتکێشانی سۆسیالستدا، گەیشتە دیوەخانی «ینک»ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.
نەخت ـ شمەک ـ نەخت، خوری ـ ڕیس ـ خوری، یەکێتی ـ ئالای شۆڕش ـ یەکێتی، مەلا بەختیار ئەگەر جارانیش سەرقاڵی ئەم بەزمەی ئێستای بووایە، هەرگیز خۆی لە یەکێتی زویر نەدەکرد. ئەگەر لە ناوەڕاستی سالانی هەشتادا ئەو هەڵە کوشندەیەی نەکردبا، «خوا عالم ئەمێستاکە لە کام عەرشی دەسوو داوێن.»
ماوەیەک لەمەوبەر «هەڵسەنگاندن»ێکی عەتا قەرەداغیم سەبارەت بە «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ»ی نەوشیروان مستەفا، خوێندەوە.[1] عەتا بەو نووسینەی دەرگای حوجرەیەکی نوێی لە ڕەخنەدا کردەوە، کە ڕەخنەی ماستاوی، یان ماستاوەڕەخنە، پڕ بە پێستێتی. بەو مەبەستەی ئەدەبی ماستاو ساردکردنەوە، جێ بە ئەدەبی مەنفا، ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی زیندان، ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی نامەکاری لێژ نەکا، لەمەو دوا ناوبەناو ساتیرە ڕەخنە دەنووسم.

٢٠٠٠/٥/٢٤

## (٧) بەرەو تاریکی

مامۆستا «مەسعوود محەمەد» داوا لە کوردی ئەورووپا دەکا: «ڕێز لە خانەخوێیەکانیان بگرن» وەک هێشتا ئەورووپا لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بژی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیۆدالی سەردەور بێ و ئێمەیش هەر یەکی لە دیوەخانی فیۆدالێ لامان دابێ.
د. «مارف خەزنەدار» دەنووسێ: «کوردی ئەورووپا، کار ناکەن، لە سەر دەوڵەت‌دەژین».[1]
مامۆستا «شێرزاد حەسەن» دەبێژێ: «کوردی ئەورووپا لە سەر سەدەقە دەژین».[2]
زۆربەی هەرە زۆری کوردی ئەورووپا، بە هێزی بیر و بازوو، خۆیان بە خێو دەکەن، یارمەتی کۆمەڵایەتی، شتێک نییە بۆ کورد داهێنرابێ. دەیان ساڵە هەر ئینسانێ لە ژێر ئاسمانی هەر یەکێ لەم وڵاتە ئەورووپاییانەدا هەناسەی دابێ بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی وڵاتەکەیە یان نا، ژیانی بۆ دابین کراوە.
یارمەتی کۆمەڵایەتی وەک د. مارف بۆی چووە، دەوڵەت نایدات. لەم وڵاتانە ئەوە خەڵکە دەوڵەتیش بەخێودەکات، ئەوە پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکە، مووچەی پاشا، سەرۆکی کۆمار، حیزب و وەزیران دیاری دەکات. لێرە ئەوی کار بکات، سێیەکی داهاتەکەی لە شێوەی باجدا بەو کۆمونەی لێی دەژی، دەدات. ئەو پارەیە بۆ ئاوادانکردنەوە، خوێندنگە، نەخۆشخانە، خزمەتکردنی منداڵ و پیر و یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە هێشتا دەستیان لە کار گیر نەبووە، تەرخان دەکرێ، دەوڵەتیش بەو باجە بەرێوەدەچێ کە خەڵکی دەیدەن، هەر بۆیەش کەی ئارەزوویان لێ بوو دەیگۆڕن.
هەر کەسێ پێویستی بە یارمەتی کۆمەڵایەتی هەبێ، وەریدەگرێ، بەڵام هەر کە کەوتە بازاڕی کارەوە، ئیدی بە داهاتی خۆی، دەیان هێندەی ئەوە دەداتەوە کە وەریگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پەنابەر نزیکەی سالێ یارمەتی وەردەگرن، ئیتر هەرکە نیشتەکیان دەستکەوت هەر لە سالی یەکەمی کارکردنیانەوە، لەوە زێتر دەدەنەوە، کە وەریان گرتووە.
بریا ئەو هێژایانە لەبری بریندارکردنی هەستی کوردی دوورەوڵات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەی لە میژە لە ئەورووپا هەیە، خەریکی کۆششکردن بۆ دامەزراندنی بناغەی سیستەمێکی خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی لە

کوردستان، دەبوون.
کاک «بەختیار عەلی»یش دەڵێ: «ڕۆشنبیر پیاوێکە کە دەتوانێ درۆ و ئەفسانەکان بشکێنێت».[3] لە ڕوانگەی ئەو پیاوەوە، تەنیا پیاو دەتوانێ ڕۆشنبیر بێ.
لە بەر تیشکی بۆچوونەکانی ئەو چوار بەڕێزەدا گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر: پیاوێکە تفەنگ بە شەوەزەنگەوە دەنێ.
٢٠٠٠/٦/١٩

**پەراوێزەکانی بەشی ١:**
١) ئەدونیس
٢) دوا ستوونی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٣.
٣) هاشم کۆچانی، بەڵێ دیالۆگ نەک وەهمی شەڕ، ڕابوون ژ:٢٤ سوێد ١٩٩٨.
٤) شیروان مەحمود محەمەد، شیعر وەرگێڕان یان شیعر وەرگەڕاندن؟ ڕابوون ژ:٢٥ ل:٣٣ سوێد ١٩٩٨.

**پەراوێزەکانی بەشی ٢:**
١و٢) دەقی نامەی بەختیار عەلی بە خەتی خۆی.
٣) غەفور سالح عەبدوللا، هەندێ لە ڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان، گەلاوێژی نوێ ژ:١٥سلێمانی ١٩٩٩.

**پەراوێزەکانی بەشی ٣:**
١) چۆن لۆرکایان گوللەباران کرد؟ و. گوشاد حەمەسەعید، گۆڤاری هەڵاڵە، ل ٢٢ ژ: ٤و٥ نەورۆزی ٢٠٠٠ ئەڵمانیا.
٢) ئەم گوتەیەی مەلا بەختیار لە ژ: ٦٠ی ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/١٩ی (هەرێم)دا، کە زمانحاڵی حکومەتی سلێمانی یە و لە تیڤی و ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانییەوە، بڵاوکرایەوە.
٣) کاتێ ڕێبین هەردی دەبێتە (عەراب) یان! غفور صالح عبدالله، ئاینده، ژماره: ٦، کانونی دووەم ٢٠٠٠ سلێمانی.
٤) کاتێ غەفور دەبێتە چاوساغیان، ڕێبین هەردی، ئاینده، ژماره: ٦ کانونی دووەم ٢٠٠٠ سلێمانی.

**پەراوێزەکانی بەشی ٥:**
١) شیعر و شۆخی، حەمەسەعید حەسەن، ڕامان، ژ: ٤٠، ل ٨٢و٨٣، هەولێر، ١٩٩٩.
٢) شیعر و پێچسی کۆلا، فەرهاد پیربال، ڕامان، ژ: ٤١، ل ٨٠ تا ٨٥، هەولێر، ١٩٩٩.
3) Religion och liv, Lenart Husen, S. 291, Örebro 1991.
بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە:
ـ الفکر الشرقی القدیم، جون کولر، علم المعرفه، ١٩٩٥، الکویت.
ـ المعتقدات الدنیه لدی الشعوب، جفری بارندر، عالم المعرفه، ١٩٩٣، الکویت.
ـ Tarzan

**پەراوێزەکانی بەشی ٦:**
١) کوردستانی نوێی ڕۆژی ٦ی ٢ی ٢٠٠٠.
ـ جێی سەرنجە نەوشیروان ئاونیشانی ئەو کتێبەی لە «نجفقلی پسیان»ەوە وەرگرتووە. ئاخر ئەو نووسەرە فارسە، نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ئاونیشانی: «از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس»ەوە بڵاو کردۆتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس.

**پەراوێزەکانی بەشی ٧:**
١) گوڵان، ژ: ٢٨٠، ل ٧٤، ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٥.
٢) ڕێگای کوردستان ٩٨/٤/٢٢.
٣) کوردستانی نوێ ٢٠٠٠/٦/١٤.

# لاهووتی کرماشانی

## شاعیری شۆڕشگێڕی ئێران (١٨٥٥-١٩٥٧)

نووسین و وەرگێڕان: ئەنوەر سوڵتانی

شێعری «ئەبولقاسمی لاهووتی کرماشانی» بۆ شاعیران و شۆڕشگێڕانی کورد دیاردەیەکی ناسراوە و گەلێک خەباتکاری کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چاوی خەباتیان بە شێعری لاهووتی پشکوتووە. شێعری لاهووتی شوێنی لە سەر زۆر کەلەشاعیری کورد وەکوو: قانع، هەژار، هێمن، زەبیحی، ئاوات و وەفا داناوە، ئەوەش لە کاتێکدا کە ژیان وکەسایەتی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا حیسابی بۆ نەکراوە و لە هەندێ شوێن نەبێ تەنانەت ناوی لێ نەبراوە.
لاهووتی لە کرماشان لە دایک بووە، دایکی لە عێلی سەنجابی و باوکی خەڵکی باشووری ئێران بوون. میرزا ئەحمەدی ئیلهامی ـ باوکی لاهووتی، لە تەمەنی پێنج ساڵاندا هاتۆتە کرماشان و لەوێ بە بەر پینەچێتییەوە شاعیریشی کردووە.
ژیانی ئەبولقاسم پڕ بووە لە بەرزی و نزمی: کوڕە پینەچییە کرماشانییەکە بۆتە دەروێشی خانەقای نیعمەتوللاهی، ئەندامی فراماسۆن، جەندرمەی دەوڵەت و خەباتکاری شۆڕشی مەشڕوتە و شۆڕشی جەنگەڵ؛ لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دژ بە داگیرکەرانی ڕووس و ئینگلیز و عوسمانی جەنگیوە؛ هەلاتۆتە عوسمانی، سەری لە سلێمانی و سابلاغ دەرهێناوە، لە ئەستەمۆل و کرماشان ڕۆژنامەی دەرکردووە، لەگەڵ جەندرمەی شاری شەڕەفخانەدا شەڕی سمایل ئاغای سمکۆی کردووە، لە چەندین زیندانداندا خەوتووە، بە هاوکاریی خالۆ قوربانی هەرسینی و جەندرمەی شەڕەفخانە، شاری تەورێز ـ مەرکەزی ئازەربایجانی گرتووە و بۆ ماوەی ١١ ڕۆژ «حکومەتی سوور»ی لێ دامەزراندووە. ، ئینجا هەلاتۆتە سۆڤیەت و لەوێ بۆتە کرێکاری چاپخانە و مامۆستای قوتابخانەی فارسی و پاشان وەزیری فەرهەنگی تاجیکستان؛ لە کونگرەی ئینترناسیۆنالی پاریسدا بەشداریی کردووە، جائیزەی لێنینی لە دەستی ستالین وەرگرتووە و لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کەوتۆتە بەر گومانی پۆلیسی ستالینەوە، لە هەموو ئەو ماوەیەدا شێعری فارسی گوتووە وبۆتە پێشڕەوی شیعرێ نوێ و شاعیری چینی کرێکاری ئێران؛ ئینجا لە ساڵی ١٩٥٧دا مردووە و لە گۆڕستانی ناودارانی سۆڤیەت لە مۆسکۆ نێژراوە. بێگومان کەم کەس هەیە بتوانێ ژیانێکی پڕ ڕووداو و سەربهوردێکی پڕکارەساتی وەک لاهووتی هەبووبێت.
وا ماوەیەکە پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە هەندێ لایەنی ژیانی لاهووتیم بە دەستەوەیە. سەرەتا نامیلکەیەکم بە ناوی «هێلکەی دۆراو ـ پوختەی باسێک لە سەر ژیانی ئەبولقاسمی لاهووتی کرماشانی شاعیری

شۆڕشگێڕی ئێران»[1] نووسی، کە وەک پاشکۆی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی پەیام چاپی لەندەن، لە ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوکرایەوە.

دواتر، هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی زیاترم دا و بە یارمەتی دوو کتێبی نوێ و چەند وتاری کۆن دەوڵەمەندترم کرد؛ هەروەها چاوم بە خانم «ژاڵە اصفهانی» کەوت کە لە سەردەمی ژیانی لاهووتیدا لە مۆسکۆ هاتوچۆی ماڵی کرووە و شارەزای ژیانی نەو ساڵانەی لاهووتی بووە. لە ڕێگەی ژاڵە خانمەوە تێگەیشتم کە «عطیه»ی کچی لاهووتی سی ساڵێک پێش ئێستا هاوڕێ لەگەڵ مێردەکەیدا چۆتە فەرانسە و لەوێ ماوەتەوە. ماوەیەک دواتر «سیسیلی بانو»ی دایکی هاتۆتە لایان. وا هەوڵی نەوە دەدەم بەڵکوو نەوان و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی لاهووتی ببینم ولە سەر هەندێ خاڵی ژیانی لاهووتی پرسیاریان لێ بکەم.

پرۆژەی کاری من بریتی یە لە:

ـ ناساندنی لاهووتی بە خوێنەری کورد و دەرخستنی هەندێ لایەنی تاریکی ژیانی وی؛

ـ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کوردبوونی لاهووتی؛

ـ ئەگەریش بکرێ دۆزینەوە و بڵاوکردنەوەی شێعری کوردی یاخود وتاری سەبارەت بە کوردی لاهووتی.

دوای بڵاوبوونەوەی «هێڵکەی دۆڕاو» چاوم بە دوو کتێبی بچووک بەڵام پڕ ناوەرۆک کەوت، یەکەمیان «کاوە بیات» بە فارسی نووسیویە و تێیدا لە دوو ڕووداوی گەورەی ژیانی لاهووتی دواوە کە بریتین لە کۆژرانی ئەفسەرێکی سوێدی و دوو ئەفسەری ئێرانی لە ڕێگای شاری قوم، کە تاوانەکەی خرایە ئەستۆی ئەو، هەروەها «شۆڕشی سووری تەورێز».[2]

کتێبی دووهەم، تەرجەمەی کوردیی وتارێکی لاهووتی یە بە ناوی «کوردستان و کورد» کە لە ساڵی ١٩٢٣ بە ڕووسی نووسیویە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گرینگترین سەرچاوەی سۆفیەتەکان لەمەڕ کوردستان بووە. بەڕێز د. جەبار قادر ئەم وتارەی لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە ساڵی ١٩٩٨دا لە هۆڵەندە بڵاوی کردۆتەوە.[3]

کتێبەکان و هەروەها دوو وتاری ئینگلیزی کە بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور بۆی ناردم یارمەتییەکی زۆری منیان دا. وتارە ئینگلیزییەکان بریتین لە:

ـ ژین نامەی لاهووتی، نووسینی خۆی، کە لە ڕووسییەوە کراوەتە ئینگلیزی[4]؛

ـ وتارێکی نووسەری ئێرانی «سەعیدی نەفیسی» کە بە فارسی نووسراوە و وەرگەڕاوەتە سەر ئینگلیزی.[5]

من هەردوو وتارەکەم لە ئینگلیزییەوە کردۆتە کوردی و لەگەڵ سپاسمدا بۆ د. ئەمیر دەیانخەمە چوارچێوەی کارەکەی خۆم لەمەڕ ناسینی لاهووتییەوە. بەهۆی گرینگایەتی وتاری یەکەم، کە ئەوەندەی بزانم تاقە سەرچاوەی دەستی یەکەم لە مەڕ ژیانی لاهووتی یە، تەرجەمە کوردییەکەی پێشکەش بە خوێنەرانی گزینگ دەکەم و لە ژمارەی داهاتووشدا وەرگێڕاوی کوردی وتارەکەی «سەعید نەفیسی» دەخەمە بەرچاو.

شایانی باسە وتاری «**سەبارەت بە خۆم**»، لاهووتی خوی نووسیویەتی و تێیدا هەندێ زانیاری لەمەڕ ژیانی خۆی داوەبەدەستەوە کە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا باسیان لێوە نەکراوە؛ لەوانەن: بەهایی بوون و ئەندامەتی ڕێکخراوەی «ماسۆن»ەکان لە سەرەتای لاوێتیدا.

# سەبارەت بە خۆم

ئەبولقاسمی لاهووتی

کاتێ لە خۆم دەپرسم چی بوو منی هێنایە سەر ئەوەی ڕێبازی شاعیری بگرمەبەر و چ شتێک بەردو دریژەی ڕێگام دەبات، بیرم دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و یەکەم تێگەیشتنەکانم لە ژیان.

ساڵانی منداڵیم لە ئێرانی فیۆداڵیدا تێپەڕبوو ـ شوێنێک کە زەبروزەنگ و بێدایم تێدا دەبینی. کاتێ خەڵکی هەژارم دەبینی سووکایەتییان پێدەکرێت و خراپیان لەگەڵدا دەجوولێنەوە، متمانەم زیاتر و زیاتر دەبوو کە تەنیا فرمێسک و تووک و نزا و هەڕەشە لە زاڵم، سوود نابەخشێت. زاڵم ئەو شتانەی پێخۆشە و واهەیە بیانکات بە بیانوویەک بۆ ئەوەی قوربانییەکانی خۆی زیاتر پێ بریندار بکات.

شانۆی سەر شەقامێکم دیتەوەبیر لە ڕۆژانی «شاخسی و واخسی» کردن، کە مەراسمێکە خەڵکانی فناتیکی شیعە بۆ یادی کێچەزای کۆژراوی «محەمەد» واتە «حەسەن و حوسێن»بەڕێوەی دەبەن. بازرگانێکی زەبەلاح بەهەڵکەوت لاقی بە لاقی کوڕێکدا نا، کە لەگەڵ تاقمەکەدا دەڕۆیشت و وێڕای موسوڵمانانی دیکە لە سینگی خۆی دەدا. لە وەلامی ناڕەزایی دەربڕینی کوڕەکەدا، بازرگانی گۆرین تووڕە بوو و بەربوە لێدانی کوڕە.

کوڕەکە بە دڵشکاوی و ئێش و ئازارەوە کەوتە جنێودان. خەڵک بە تووڕەیی لێی وەکۆبوون و پێیانگوت: هەتیوە لاتە! چۆن لە ڕۆژێکی ئەوتۆدا لە سەر جادە جنێو بە خەڵک دەدەی؟ ئینجا بۆ بەزەییانە خستیانە زەوی و بەربوونە لێدانی. بازرگان بە ڕق و کینی خێرخوازانەوە بەشداریی لێدانی کوڕەکەی دەکرد. منیش دەمڕوانییە ڕووداوەکە و لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە ئەگەر بێن و لە من بدەن، نە دەگریم و نە دڵڕەنج دەبم. ئەم کارە سوودی نییە، دەبێ کارێکی دیکە بکرێت.

گەلێک زوو، ڕێبازی هەمەچەشنەی بەربەرەکانیم ناسی. ئاشکرایە، بۆ کوڕانی بوودەلەی هەندێ خەڵکی دەوڵەمەند، کە سێ خزمەتکاری تێلا بەدەست دەیانبردن بۆ قوتابخانە و بە جادەی بەرمالی ئێمەدا تێدەپەڕین، کارێکی هاسان بوو تەوس لە ئێمەمانان بگرن. بەڵام ئێمەش وەلامان بۆیان هەبوو: پێستەکاڵەکمان دەخستە سەر ڕێگایان بۆ ئەوەی دوژمنەکانمان هەڵبخزێن و بکەونە سەر زەوی.

من تەنانەت لەو ڕۆژانەشدا هێزی وشەم ناسیبوو. خەڵکی ئاساییم دەبینی

کە بە خوێندنەوەی شێعر بۆ حەسەن و حوسێن جەزم دەبوون. خەڵکم دەبینی چۆن بە خوێندنەوەی «شانامە»واتە ئەو شێعرەی فیردەوسی هەزار ساڵ پێش ئێستا هۆندوویەتەوە و تانەمڕۆش لای خەڵک هەر خۆشەویست ماوەتەوە، حەماسەتیان بەرز دەبوودەوە. قارەمانانی شێعرەکە، ئەو پاڵەوانانەی سەردەمی کۆنن کە دەهاتنە مەیدانی شەڕ و لەگەڵ پاڵەوانانی هوردووی دوژمندا دەجەنگین.

ئەو شەڕنامانەی وا بە شێعر دەخوێندرانەوە، هەندێ جار حەماسە و شەڕنامێز، هەندێک جاریش گاڵتەجار و پڕجنێو بوون و «ڕەجەز»یان پێدەگوترا. پاڵەوان دەبوایە ئەوندەی شیروەشێن و شێرکرۆژێکی باش بێ ، ئەوەندەش «ڕەجەزچڕ»یێکی چاک بێت.

منیش لاسایی پاڵەوانانی قەدیم دەکردەوە و بۆ شەڕەگەڕەکی منداڵان «ڕەجەز»م دەگوت.[6] ئەم شێعرانە یارمەتی هەڤاڵەکانمیان دەدا باشتر بجەنگن. باوکم وەک ئێش و کار پینەچێتی دەکرد، هەندێکیش خوێندەوار بوو. زۆر شێعری ئایینی دەهۆندەوە و پێیاندەگوت «حەکیم ئیلاهی»، یەک لە باشترین شاعیرانی شارەکەشمان بوو. من ئێستا کە بیر لە باوکم دەکەمەوە و بەند و شێعرەکانی وەبیردەهێنمەوە، خەفەت دەمگرێ و دەڵێم بۆچی شێعرەکانی باوکم ناوەرۆکێکی باشتریان نەبوو.

کاتێ گوێم لە شەڕشێعری باوکم وهاوڕێیانی دەگرت شێعری خۆیان یان شێعری سەعدی و حافظیان دەخوێندەوە، ئاگاداری شوێندانانی هەندێ لەو شێعرانە لە سەر گوێگران بووم و هەوڵم دەدا تەئسیری لە گوتن نەهاتووی شێعر بناسم. منیش لە شێعرگوتنی خۆمدا لاسایی شێعری باوکم دەکردەوە، بەڵام لە عەینی کاتدا هەوڵم دەدا ساکار و شوێندانەر بن بۆ ئەوەی منداڵانی هاوتەمەنم لێی تێبگەن. من کەم وزۆر بیستەوەی خۆم بە مەسەلەکە بزانم، لەگەڵ شێعردا گەورە بووم گەرچی وەک هەزارانی دیکەی هاوتەمەنی خۆم، چارەنووسی بێبەختیم ئەوەبوو نەتوانم بچمە قوتابخانە.

سەردەمی مێرمندالیم تاقە یەک شەقڵی پێوە دیاربوو ئەویش بەختکردنی تەمەنی منداڵی بە باوەڕهێنان بە خودای توانا بوو، هەر بەم شێوەیەشم بۆ چوەسەر، چونکە لەو سەردەمەدا ئێران وردەوردە خەریک بو لە خەوی سەدە و ساڵیان ڕادەڕی، لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، وەرزێرانی گەلێک شۆڕشی ولات ڕاپەڕین. ئاواتە ناسیۆنالیستەکانی وردەبورژوازی و خاوەن پیشەسازییەکان لە بیچمێکی سەمەردا خۆی دەنواند. زۆر فیرقەی ئایینی، لۆژی فراماسۆن و ڕێکخراوەی دیکەی هاوچەشن وەک کارگ هەڵدەتۆقین. هەمووبان بە هەڵەپرۆزە خەریکی ئەوەبوون وەفاداریی لاوەکان بەرەو خۆیان ڕابکێشن.

هەوڵی سەردەمی لاوەتیم لە بواری شاعیریدا، بە هۆی تەئسیری باوکم و دەروێشایەتییەوە پشتگیرییەکی باشی [خەڵکی] بە شوێندا هات.[7] ڕۆژێکیان داوا لە باوکم کرابوو منیش لەگەڵ خۆیدا بەرێتە کۆبوونەوەیەکی فیرقەی بەهایی. لە کۆبوونەوەکەدا کەسێک بەو پەڕی ڕێزەوە پەیامێکی عبدالبهاء ــ ڕێبەری فیرقەکەی خوێندەوە کە ئەوەندە لە عەرەبستان دەژیا. لە پەیامەکەدا گوترابوو گەنجێک بە ناوی ئەبولقاسم(من خۆم)، لە ڕێگەی ئیلهامی خوداییەوە پیرۆزکراوە و چارەی وا نووسراوە ببێتە خاوەن کرامات و لایەنگری عبدالبهای مەزن.

باوکم دانی لە دەمدا نەمابوو، هەر بۆیەش بڕیارمدا هێزی کەڕاماتی خۆم بەبێ هەست و خوست بخەمە کار و بە دوعاکردنی شەوانە، کارێک بکەم دانی تازەی باکم دەربێنەوە ــ ئەوەش بۆ کەسێکی خاوەن کەڕاماتی ڕاستەقینە، کارێکی گەورە نەبوو. ئەو شەوە هەمووی خەریکی دوعاکردن بووم، سبەینێ بەیانی کاتێ هێشتا باوکم لە خەودا بوو، بە دزییەوە چوومە سەر جێگاکەی و تامی تاڵی وشیاربوونەوە لە خەون و خەیاڵم لە زار گەڕا. دوای ئەو شەوە ئیتر زەوقی ئەوەم نەما ببم بە «واعظ»یێکی بەهایی.

زۆری پێنەچوو ئەنجومەنی ماسۆنەکان [لۆژی فراماسۆنێری] ناردمی بۆ تاران بۆ ئەوەی لەوێ دەرس بخوێنم، بەڵام قوتابخانەکەی «لاڵەزار» ــ شەقامی سەرەکی [ئەوەدەمی تاران]تاران، جێگایەک نەبوو کورە پینەچییەک دەرسی لێ بخوێنێ. بۆ ماوەیەکی کەم لەوێ مامەوە و ئیتر خەفەتی بەجێهێشتنیم نەخوارد.

ڕووداوی گەلێک مەزن بە ڕێگەوە بوو. لافاوی بەهێزی بزووتنەوەی خەڵک وزەی پێبەخشیم. بانگەوازی شۆڕشی ۱۹۰۵ی ڕووسیا لە ئێران دەکەوتە بەرگوێ. من چوومە نێو بازنەیەکی شۆڕشگێڕییەوە. یادی ئەو هۆدەیەم هەرگیز لە بیرناچێت کە بە پەڕۆیەکی سوور،دروشمێکی سوور و دەمانچەیەکی سەرمێزەکە، ڕازاوبۆوە و من لەوێدا سوێندم خوارد بۆ هەمیشە سەربازێکی وەفادار و بەئەمەگ بم.[8]

وەک ئەندامێکی بازنەکە، «شەونامە»م دەنووسی و بڵاوم دەکردەوە. ناوەرۆکی شەونامەکان دژ بە شا و ئەشرافییەتی فیۆداڵ بوو. لە کۆبوونەوەکانیشدا هەر باسی ئەو بابەتانە دەکرا و پەیام بۆ شۆڕشگێڕانێک دەنێررا، کە جلوبەرگیان گۆڕیبوو و خۆیان کردبوە کاروانچی.[9]

یەکەم سەرکەوتنی گەل و بەربەستکرانی دەسەڵاتی شا لە لایەن نوێنەرانی گەلەوە، جەزن وشادییەکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی بە دوادا هات. لەو ڕۆژانەدا شێعرەکانی من بیوون بە سروود و کۆمەڵانی خەڵک دەیانگوتنەوە. لە عەینی کاتدا، ئەشرافییەتی فیۆداڵ وپارەدارەکانیش بێکار دانەنیشتبوون و دەستێکی بەهێزیان لە کۆنترۆلکردنی مەجلیس [ی تازە دامەزراوی شۆڕای میللی] و هەرودها ئەو مافانەدا هەبوو، کە خەڵک بە خوێنی خۆیان وەدەستیان هێنابوو.

ساڵی ۱۹۰۸: کۆنەپەرستان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بێباکتردەبوون و تفەنگەکان لە تاران شریخەیان دەهات. محەمەدعەلیشا، بینایەی مەجلیسی دایە بەر تۆپ. شۆڕشگێڕان تەنیا تفەنگیان بە دەستەوە بوو و پارێزگاریی دوایین مەتەرێزی ئازادیبیان پێدەکرد.

تۆپەکان، ئەو ڕۆژە بردیانەوە، بەڵام شۆڕش تێک نەشکا و ژیلەمۆی شۆڕش جارێکی دیکە لە تەورێز ــ ئەو شوێنەی کە «سەتتارخان» ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد و هەرودها لە «ڕەشت» هەڵگیرسایەوە.

من لەگەڵ تاقمێکی دیکەی هاوڕێیان کە دەیانویست خۆبشارنەوە، چووم بۆ شاری ڕەشت. لە ڕێگا لایەنگرانی شا ئابلۆقەیان دایین، کەسێکمان کە ویستی بەربەرەکانییان بکات کوژرا و پاشماوەمان براین بۆ شارێکی نزیکی شوێنەکە ــ واتە «کەرەج» و لەوێ لە تەویلەیەکی تاریک و بۆگەندا زیندانی کراین.

تەویلەکە، دوو سەد کەسێکی تێاخرابوو، تەختی زەویییەکەی پڕبوو لە قورۆچڵپاو. خەڵک تێیدا مردبوون و چەند حەوتوو نەبرابوونە دەرەوە. ڕۆژێکیان گوێم لێبوو پاسەوانێک گۆرانی کوردی دەگوت. من دایکم لە هۆزێکی کورد بوو و خویشم زمان ونەریتی کوردیم دەزانی. جا بەهێمنی گۆرانییەکەم بۆ گێڕایەوە. پاسەوانی گۆرین هاتە ژوور و لەگەڵمدا کەوتە قسە:

ــ تووئیەتی تۆ بە کامە کانیاو دەشکێ؟ منیش بە کوردی وەڵامم دایەوە:

ـ کانیاوێک که هەرگیز ویشکایی نایێت!

هەمـان شـەو، سـەربازە کـوردەکـە یارمـەتی دام هەڵێم. دەبوایە بە چیـا بەفـرینەکـاندا ڕێگا ببـڕم، بە کـوێرە ڕێدا بڕۆم و بە ڕەگ و ڕیشـەی ئەو گیـایانە بژیم کە لە ژێر بەفـر دەرم دێنان. لە ڕیزەکانی شۆڕشی ڕەشتدا، بارودۆخ باش نەبوو. جاسـووس و خراپەکـاران لە نێـو ئازەربایجـانی و فارس وئەرمەنیدا، شەڕەی نەتەوەییان دەنایەوە. ئەوانەی وا دژ بە شەڕ و دووبەرەکی بوون، پشـتیـوانیـان لە من دەکرد. داوام لێکردن یەک بگرن. قسە و کردەوەی ئێمە شوێنی پێویستیان دانا و یەکیەتی باڵی بە سەر بزووتنەوەکەدا کێشا.[10]

سـاڵی ۱۹۱۱: بریتـانیا و ڕووس "ئۆلتیـماتۆمیان دا بە ئێران. هەمـوو ئەوانەی وا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دا بوون پشتیان هاتە لەرزین. ئایا دەبێ هەڕەشـەکـەیان قـەبوڵ بکرێت یان نا؟ بەندێک لە بەندەکـانی ئۆلتیماتۆم دەیگوت ئێران جگە لە جەندرمە، نابێ هێزی چەکداری سپایی هەبێت.

ڕێبەرانی شۆڕش، کۆبوونەوەیەکی نهێنیان کرد. ئێمە جارێکی تر لە ژێر دروشمی سووردا، سوێندمان خوارد بە شۆڕش وەفادار بمێنینەوە و لە بەرگی جەندرمەدا، ناوکی چەکداریی شۆڕش بپارێزین. من نێـررامە «قـوم» بۆ ئەوەی لەوێ تاقمـێک [جەندرمە؟] ڕێکبخەم و هەوڵمدا، ئەو ناوەندە بکەمە شوێنی حاوانەوەی شۆڕشگێڕانی «هەڵاتوو».

سـاڵی ۱۹۱٤: فەرماندەی بریتانیایی و ڕووسیی هێزە داگیرکەرەکانی ئێـران، چاویان بەرایی ئەوەی نەدەدا تاقـمێکی جەندرمـەی وەک ئێـمە ببینن، کە ڕق و کینەی هێزی داگیرکەرمان لە دڵدابوو. تاقمەکەی ئێمە هەڵوەشێنرایەوە و من کە لەودەمـەدا لەوێش نەبووم حوکمی ئیعدامم بۆ دەرچوو.[11]

ئینجـا سنووری تورک و ئێـرانیم بەزاند و بۆ ئەوەی زیاتر لە پێـوەندیی شـۆڕشـدا بمێنمـەوە، لە شـارۆچکەی سلێمـانی لە سـەر سنووری تورک مـامـەوە. بەڵام تورکیـاش تێکەڵاوی شـەڕ بوو. سنوور داخـرا و هەمـوو پێوەندییەک پچڕا. چۆن دەمتوانی لە دەرەوەی وڵات بژیم و لە وڵاتی خۆم دابـبڕم؟ بە پێیـان چووم بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ کرماشان. لەوێ بەشداریی شـەڕی پارتیـزانی دژ بە هێزی داگیـرکـەرم کـرد وبوومـە یەکێک لە سـەر نووسـەرانی ڕۆژنامەی شـۆڕشگێڕی «بیسـتوون». لێـرە، لەو شوێنەدا کە ناوەندی ڕووداوەکـان بوو، ژیانم تووشی گـۆڕانکاریی هات. ڕێگاکـە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ژوور هەڵدەکشا.

لە ڕۆژانی شـۆڕشی مانگی فیـبـرەوەری ۱۹۱۷ی ڕووسیـادا، ناڕەزایی لە نێـو هێزەکانی سوپای ڕووس لە کرماشان سەری هەڵدابوو. من هاوکاریی بۆڵشـڤیکەکانم دەکرد کە ترسیان دەخستە دڵی سەربازە ڕووسەکانەوە و لە کۆبوونەوەکـانیاندا وتارم دەدا. هاوڕێ لەگەڵ ئەواندا بووم ئەندامی ئەو کۆمیتە شـۆڕشگێڕەی وا ڕێکخراوی «پۆلیسی غەرب»ی تێک و مەکان دا ـ ڕێکخراوەیەک کە لەلایەن بریتانیاوە دامەزرابوو.

من، بەشداریی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوەی کرێکارانی ئێرانم کرد و یەکەمین بەیانەکانیشی هەر خۆم نووسیم و چاپم کرد. کەم و زۆر لە هەموو ژمارەیەکی «بیستوون»دا شێعر و وتارم دەنووسی کە ناوەرۆکیان بریتی بوو لە یەک شت: شۆڕش دەستی پێکردووە!

دوای ئەوەی حـوکـمی سـزۆئیـەتی دامـەزرا، سـوپای ڕووسی لە ئێـران کشایەوە، گارەد سپییەکانیش ڕۆیشتن، بەڵام پێش ڕۆیشتنەکە، کەڵکیان لە زۆربی ژمـارەی خـۆیان وەرگـرت و شـەڕێکی خـوێناوییـان بە سـەر شۆڕشگێڕە ئێرانییەکاندا سەپاند. من جارێکی دیکەش دەبوایە هەڵێمەوە بۆ تورکیا و ئەمجارەیان بۆ ئەستەمووڵ.

لێـرەدا، کەلەبەرێک دەکەوێتە بیـرەوەرییـەکانمەوە، وەک ئەوەی کات بە سەریدا تێپەڕ نەبووبێت. منداڵی بێ خانە ولانەی ئەستەمووڵ منیان بە بێهۆشی لە سەر شەقام دۆزیبەوە، چاودێرییان کردم و لە مردنیان ڕزگار کـردم. شـێـعـرێکی خـۆم پێـشکەش بەو منداڵانە کـردووە و ناوم ناوە «هەتیوانی شەڕی جیهانی».

لە ئەسـتـەمـووڵ، لە بەندەر و چێـشـتـخـانە و چاپخـانە، هەروەها وەک مـامـۆسـتـای قـوتابخانە ئیـشم کرد، بوومـە سـەر نووسـەری گـۆڤـارێکی فارسی[12]، کە گەڵێ زوو لەلایەن دەسەڵاتدارییەتی تورکەوە وەستێنرا. چەند کۆمەڵە شێعری بچووکی خۆیشم چاپ کرد.

شـێـعـرە بەربڵاوە لـیـرێکەکـانی ئەسـتـەمـووڵـم بە «کـینایە» و «تەمثـیل» نووسـراون، دەنا سانسـۆری سوپای تورک (کە لەلایەن بریتانیاوە کۆنترۆڵ دەکرا) هیچکات ئیجازەی بڵاوبوونەوەیانی نەدەدا. لەو شێعرانەدا خۆم بە پەپوولەیەک چواندووە و وڵاتەکەشم بە باخچەیەکی ژاکاو. لە شێعرەکەدا بریتانیا، ئەو زستانە نەفرەت لێکراوە بوو، کە گوڵاڵە سوورەی باخچەکەی هەڵدەوەراند یا ئەو ڕاوچییە بێبەزەییە بوو کە پەپوولەی بریندار ئەسیر دەکرد.

کـاربەدەسـتـانی تێنەگـەیشـتـووی دەوڵەت، بە دیتنی ئەوەی بابەتی شێعرەکانم وەک زۆربەی شێعرە ماقوولە فارسییەکان، بریتین لە باسی پەپوولە و گـوڵاڵە، بێـدەنگێک ئـیـجـازەیان دەدا شـێـعـرە دژی ئیمپریالیستییەکانم چاپ بکرێن و بنێردرێنەوە بۆ ئێران. لەوێ، ئەوانەی وا شـێـعـرەکـان ڕوویان لەوان بوو، واتای ڕاسـتـەقـینەیان دەزانی و شۆڕشگێڕان تێدەگەیشتن کە بانگەوازی من دژ بە ئیمپریالیستەکانە و هێـرشم بۆ سـەر سـەرەک وەزیری نۆکـەری بریـتـانیـا ــ «سـیـد ضیاءالدین[طباطبائی]یە.

سـاڵی ۱۹۲۱: هەواڵ گـەیشت کـە شـۆڕش جـارێکی دیکە لە شـاری «ڕەشت» هەڵگـیـرسـاوەتەوە. دەسـەڵاتداریەتی تورکـیـا، فـیـزەی چوونەدەردەوەیان پێ نەدام و سەر لەنوێ ناچاربووم بە گـۆڕەپانی بێـپـایانی بیابانداڕا بڕۆم، کە دواتر لە شێعری «نابێ نارازی بم»دا باسم لێوە کردووە. پێش ئەوەی بگەمەوە نازەربایجانی ئێران، ڕاپەڕینێکی ناوچەکە لەلایەن ڕەزاخـانی وەزیری جـەنگەوە ـ کـە دەرەنگتـر بوو بە دیکتـاتۆرێک، تێکشکابوو.[13] سـەرەڕای چاوەدێریی پۆلیس، توانیم پێـوەندی بە هاوڕێیانی پێشـووی نێو سوپاوە ببەستم و دەست بە پڕوپاگەندە لە نێو سوپاکەدا بکەم[14] و هێـزێکی شـۆڕشگێـڕی نوێ کـۆبکەمـەوە. ئینجـا لە مانگی جانیوەری ۱۹۲۲دا، لەگەڵ ئەوان بچمە نێو شاری تەورێزەوە.

هێزەکانی شا، لەوپەڕی تەسەلی و چەکداریدا بوون و لە باری ژمارەشەوە گەلێک لە ئێمە زیاتر، بەڵام لە بەرانبەر هێزەکانی ئێمەدا، کە خواردن و چەکی تەواویشمان نەبوو، تەنیا بە هۆی ئەو ڕاستییە کە خەباتکارانی ئێمە شۆڕشگێڕبوون، تێکشکان.

لە یەکەم ڕۆژی مانگی فێبرەوەریدا، دەسەڵاتی شاری تەورێز کەوتە دەست «کۆمیتەی شۆڕشگێڕ»ەوە کە نازادی و نان و دامەزراویی بۆ خەڵک دابین کـرد. یازدە ڕۆژی لەبـیـرنەچووی تەورێزی نازاد و تێکشکانی دواتری ڕاپەڕینەکە لەلایەن هێزی یەکگرتووی دژی شۆڕشەوە، شتێک نین بە چەند دێڕ بێنە گـێـڕانەوە. من ئەو بابەتە لە سـەر خـۆم و ژیانی شـاعـیـری خـۆم دەنووسم و بۆ ئەو هاوڕێ گەنجانەی خۆم کە دڵنیگەرانی ئەوەن خەباتی

سیاسی له کاری خولقێنەریان دووربخاتەوە تاقە یەک شت دەڵێم:
ڕاست لەو ڕۆژانەدا کە زۆر جاران پێداویستی خواردن و خەویشمان لە بیردەچوەوە، من شێعری ڕاستەقینە لە دەروونمدا دەجۆشا و ئەگەر ڕۆژانێکی وا سەخڵەتم نەبوایە هەرگیز ئەو شێعرانە نەدەخولقان.
«هێزی تەمێکردن» [ی دەوڵەت]، لە سەر شەقامەکانی شاری تەوریز دەستیان کرد بە وێرانی و تاڵانکردن. بەشێک لە ڕاپەڕیوەکان ڕوویان کردە چیا و پاشماوەی ئێمە، بە شەڕکردن بەردو سنوور کشاین. جادەکانی ئێران داخرابوون و ڕژێمی شا، ناوی ئێمەی وەک سەربزێو ڕاگەیاندبوو و جایزەی بۆ سەرمان دانابوو.
ئیتر وا دەدەکەوت ئەوە کۆتایی ژیانم بێت. بەڵام لەو شەوە شوومەدا، کاتێ ئەسپەکەم لە ناوی چۆمی ئاراسی دا، ڕووناکایی ڕۆخێک دەرکەوت. هەستم سەبارەت بەو کاتە، لە پارچە شێعرێکدا دەربڕیوە بە ناوی «بۆ گەران بە دوای حەقیقەتدا هاوار دەکەم».
لە ساڵی ١٩٢٣دا گەیشتمە مۆسکۆ و وەک «پێتچن» لە «چاپخانەی ناوەندی گەل» لە یەکێەتی سۆڤیەتدا دەستم بە ئیش و کار کرد. گەلێک زوو، کتێبی شێعرەکانی خۆم، کە هەر خۆیشم پێتەکانم چنیبوون لە چاپ هاتەدەر. دواتر، لە هەمان چاپخانەدا بووم بە کرێکاری نەدەبی و لەوێ لە ڕۆژێکی لەبیرنەچووی ساڵی ١٩٢٤دا، بە ئەندامەتی حیزبی کومونیست وەرگیرام.
ژیانی دوور لە وڵات و هاوزمان بۆ شاعیر هاسان نییە. کاتێ بیستم لە تاجیکستان ــ ئەو شوێنەی وا فیردەوسی و سەعدی بە ڕادەی نیشتمانی من ئێران لە نێو خەڵکدا خۆشەویستن، کۆماری سۆڤیەتی دامەزراوە چوومە ئەوێ و دەستم بە ئیش و کارکرد. ئێستا چەندە خۆشە سەیری شاری ستالین ناوا بکەی و گوندی «دووشەمە»ی پڕ قوڕ و چڵپاوی سی ساڵ پێش ئێستا ــ واتە ئەو سەردەمەی من چووم، بێنیەوە بەرچاو.
لەم ساڵانەی دواییدا، وا هاتوومەتە مۆسکۆ و لێرە دەژیم. بە بەر نووسینی شێعرەوە (کە ئێستا بریتی یە لە ژیننامەکەم بە وێنە و شێعر)، خەریکی وەرگێڕانی شێعر و نووسراوەی پوشکین، گورکی، مایاکۆفسکی، و شاعیرانی هاوچەرخی سۆڤیەتم.
لەم دواییانەدا، ئۆتیللۆ، ڕۆمیۆ و ژولیەت و «لیشا»ی شکسپیر و شانۆگەرییەکانی «لووپ دێ ڤیگا»م بۆ تێئاتری دراماتیکی ستالین ناوا وەرگێڕاوە، دەستیشم کردووە بە وەرگێڕانی کۆمیدیای نەمری Wit Works Woe ی گریبایدۆف.
ڕاوێژکاری هەمیشەیی من لە کاری ئەم تەرجەمانەدا، شاعیرەی سۆڤیەتی و وەرگێڕی شێعری فارسی [بۆ سەر زمانی ڕووسی]، «سیسیلی بانو»ی خێزان وهاوکارمە. من لە سەر ئەو تەرجەمەیەی وا لە شێعری حەماسی فیردەوسی (شاهنامە) کردوویەتی، ڕاوێژی لەگەڵ دەکەم و چاو بە تەرجەمەکانیدا دەخشێنم. ئەو چوار منداڵەش کە هەمانە، هیچ بەرگرییەکی ئیش و کارمان ناکەن.

**پەراوێزەکان**

١) **ئەنوەری سولتانی**، "هێڵکەی دۆراو ــ پوختەی باسێک لە سەر ژیانی ئەبولقاسمی لاهوتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی ئێران"، پاشکۆی ڕۆژنامەی پەیام، لەندەن ١٩٩٧.

٢) **کاوە بیات**، "کودەتای لاهوتی ــ تبریز، بهمن ١٣٠٠"؛ نشر وپژوهش شیرازه، تهران، چاپ اول، ١٣٧٦.

٣) **ئەبولقاسمی لاهوتی**، "کوردستان و کورد" دکتۆر جەبار قادر لە ڕووسیەوە کردویە بە کوردی و پێشەکی و تێبینی بۆ نووسیوە، چاپەمەنی گلارا، ڕۆتردام، هۆڵەندە، ١٩٩٨.

٤) وتارەکە سەرەتا لەم گۆڤارە ڕووسییەدا چاپ کراوە:

*Soviet Litterature*, No. 9, 1954, pp. 138-142.

ئینجا وەرگەڕاوەتە سەر ئینگلیزی و لەم سەرچاوەیەدا بڵاوبووەتەوە:

**Abdulkasim Lahuti**, "*About myself*", Critical perspectives on modern persian literature, edited and compiled by Thomas M. Ricks, Washington, DC, Three Continents Press, 1984, pp. 373-377.

٥) وتارەکە، لە گۆڤاری "پیام نو" ژمارە ١٢، ساڵ ٢، بڵاوکراوەی ئەنجومەنی دۆستیی ئێران و سۆڤیەت لە تاران سیپتەمبەری ١٩٤٦، لل ٤٦ تا ٥٠ دا بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە بەڵام بە داخەوە تائێستا نەمتوانیوە دەقە فارسییەکەی وەدەست بێنم. تەرجەمەی من لە ڕووی دەقی ئینگلیزی وتارەکەوە کراوە کە ئەویش لە هەمان سەرچاوەی سەرەوە (پەراوێزی ژمارە ٤) دا بلاوبووەتەوە.

٦) کوڕە پینەچییەکی دایک کوردی لە کرماشان لە دایکبوو، بۆ ڕاکێشان و هاندانی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی زۆر واهەیە «ڕەجەز»ەکانی خۆی بە کوردی گوتبێت بۆ ئەوەی هاوتەمەنەکانی لێی تێبگەن. بە داخەوە نموونەی ئەو شێعرانە بە دەستەوە نین.

٧) لاهوتی دەروێشی خانەقای نیعمەتوللاهی و موریدی «سەید ساڵحی حەیرانعەلیشا» بووە.

٨) لاهوتی نێوی ئەو ڕێکخراوەیە ناهێنێ، بەڵام واهەیە حیزبی سوسیال دێمۆکراتی ئێران بووبێت.

٩) دەبێ نیازی لاهوتی لە شۆڕشی مەشرووتەخوازیی ئێران (١٩٠٦) بێت.

١٠) لێرەدا لاهوتی ناماژە بە بەشداریی خۆی لە بزووتنەوەی «جەنگەڵ»ییەکان لە باکووری ئێران دەکات. هۆی ئەوەی بە ڕاشکاوی لە مەسەلەکە نادوێ ئەوەیە میرزا کوچک خانی ڕێبەری بزووتنەوەکە بیری ئایینی هەبوو و لە ساڵانی حوکمی ستالیندا هاسان نەبوو کەسێک بڵێ بەشداریی بزوتنەوەیەکی ئەوتۆم کردووە بەتایبەت کە سۆڤیەت پشتی لە شۆڕشەکە کرد و ئینگلیزەکان بە هۆی داردەستی خۆیان، ڕەزاخانی پەهلەوی یەوە تێکیان شکاند (١٩٢١-١٩١٤).

١١) تاوانی کوشتنی ئەفسەرێکی سوێدی و دوو کەسی ئێرانی درایە پاڵ لاهوتی و هەر ئەوەبوو بە هۆی یەکەم هەڵاتنی بۆ عوسمانی، بەڵام لێرەدا باسی هۆی ئەم هەڵاتنە و هۆی دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ خۆی ناکات.

١٢) گۆڤاری پارس.

١٣) ناماژەیە بە بزووتنەوەی ناسراو بە «خیابانی» (٢١-١٩١٩)لە تەوریز و ئازەربایجان. ڕێبەری بزووتنەوەکە- شێخ محەمەدی خیابانی لەلایەن ڕژێمی ڕەزاشاوە ئیعدام کرا. بۆچوونی لاهوتی لەمەڕ ڕەزاخان، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سۆڤیەتە، کە ڕەزاخانی پەهلەوی (دواتر ڕەزاشا) لە سەرەتای دەسەڵات سەندنیدا، بە «عونسوریکی میللی و دژی ئیمپریالیستس» دەناسرا و وای بۆ دەچوون کە دەتوانێ بەرگری لە دەسەڵاتی ئینگلیزییەکان لە ئێراندا بکات.

١٤) لاهوتی باسی تکاکاری خۆی لە «مخبرالسلطنەهدایت» ــ والی ئازەربایجان بۆ گەڕانەوەی نێو ڕیزی جەندرمە ناکات.

١٥) سیسیلی بانو، کاری تەرجەمەی ڕووسی شاهنامەی فیردەوسی لە دوای مردنی لاهوتی دڕێژە پێدا و هێنایە کۆتایی.

■■■

# «تامی تاڵی قاوە...»

وتوویژێک لەگەڵ هونەرمەند:

## مستەفا دادار

**گزینگ: کاک مستەفا وێڕای بە خێر هاتنتان بۆ سوێد، تکایە بە کورتیش بێ هۆی ئەو سەفەرەتان ڕوون بکەنەوە؟**

**دادار:** زۆر سپاس بۆ بانگهێشتنتان، ئەمن لە سەر داوای کاک پۆڵای نانەوازادەگان ــ بەڕێوەبەر و بەرپرسی ناهەنگی جێژنی نەورۆز، کە لە شەوی ٢٥ی مارس لە هۆڵی گلۆبێنی ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، هاتمە سوێد و وێڕای هونەرمەندان کاک ناسری ڕەزازی، کاک نەجمەی غولامی، کاک میکایلی جیهانبین و کاک ئەردەڵان ماوەی چەند سەعاتێک بەرنامەمان پێشکێش کرد.

**گزینگ: ئایا خەڵک بە دڵیان بوو؟**

**دادار:** پێمووایە خەڵک بە تێکڕایی ڕازی بوون و بەرنامەکەش بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو.

**گزینگ: دادار ئێوە لە کەیەوە خەریکی کاری هونەرین؟**

**دادار:** من هەر لە دەوری منداڵیمەوە لە پۆڵی چوار و پێنجەمی سەرەتاییەوە لە نێو فێرگە و مەدرەسە و لای هاوڵان و مامۆستایان گۆرانیم گوتووە. یەکەم جار بە گۆرانی برایانی «زێزێ» و نەمران «حەسەن زیرەک» و «عەلی مەردان» دەستم بە گۆرانی گوتن کردووە. تا بەر لە ئینقلابی ١٣٥٧ی دژی پاشایەتی، لەوکاتەوە بە سروودەکانی نەمران ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، سالح دیلان لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداریم کردووە. هەر لەوکاتیشدا گۆرانییەکانی «گوڵی خوێناوی» و «جوانی بێناو»ی مامۆستاگۆرانم بە دەنگی مەحمودی حەمە لەیڵێ ناسراو بە «مەحمود محەمەد» و هەروەها «هۆمەر دزەیی» گوتوونەتەوە. بێجگە لە دەنگبێژانی مەزنی وەکوو سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلاکەریم سابلاغی، کاوەیس ئاغا، سالح دیلان و خەلیلی سەدیقی، کەریم کابان و قادر کابان و عەزیز شاهروخ کاریان تێکردووم و بوونەتە ئیلهامبەخشی هەستی هونەریم. بۆ یەکەمجار پاییزی ١٩٧٨ هاوڕێ لەگەڵ سێ هاوڵ بە نێوی سەدری ئیسماعیلزادە بە فلووت، عەبدوللاهی بە وێڵۆن، عەبدوللای موفتی بە زەرب لە سەر ئاهەنگی (سیمین بەری گول پەیکەری ئاری) کە لە ئەسڵدا میللۆدییەکی تورکی ئەستەمبوولی بوو، شێعرێکی مەلای گەورەی کۆیەم بە نێوی (هەستە پێشکەوە ئەی لاوی کوردی) گوتەوە و بە دوای ویدا گوڵی خوێناویم خوێند، کە دەگەڵ هەڕەشەی ساواک ڕووبەڕوو بووم. بەداخەوە بەڵگە و وێنەی ئەوکاتەم کە لە لای شەهید جەعفەری کەڕووبی بوو، لەناوچوون و نەماون. یەکەم گۆرانیی عەلی مەردانم کە لە مەدرەسەی ڕاهنمایی هاوکات لەگەڵ چێژەوەرگرتنی یەکەمجاری تامی تاڵی قاوە و بێ باوکی و بێوڵاتی، گوێ لێبوو (گوڵەباخ گوڵەباخ)ەکەی بوو کە دواتر منیش گوتمەوە. بیردەوەری تامی تاڵی قاوە، دەگەڵ تامی تاڵی دڵێپە ئارەقەی تەوێڵ و هەڕەتی نەونەمامیم کە خەریکی کاری لەشتاوێنی هاوینەکاری کوردخانان بووم، ڕژایە ناو زارم.

**گزینگ: مەبەستت ئەوەیە کە هاوینان کارت دەکرد یان وەختی دیکەش؟**

**دادار:** وەخت و ناوەخت ئەمن ناچار بووم بۆ بژیو و پێداویستییەکانی مەدرەسە کار بکەم وەک نەمر هێمن دەڵێ: باوکی فرمێسک و کوڕی ژان» بووم.

**گزینگ: بیەخشە دادار، ئەتۆ چەند ساڵانە بووی کە مەرحوومی بابت شەهید کرا؟**

**دادار:** وەک لێم کۆڵیوەتەوە دەبێ دوو ساڵانە بووبم، واتە لە ساڵی ١٩٦٣ بووە. بۆ ناگاداریت، من کوڕی «حوسێن لاسوور»م پێدەڵێن کە وێڕای ئەوەیکە بە کاری قاچاخچێتییەوە خەریک بووە زۆر کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە و ڕابیتی «حەمەدی مەولوودی ڕاتبی» بووە و بە پێی قسەی نەمر مونتەقیمی قازی، باوکم ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ ک بووە، پێشەوا قازی موحەمەد وەک ڕازداری خۆی چاوی لێکردووە و نەک هەر وەک «قۆڵ سوور»یەک بەڵکوو وەک ئەفسەرێکی کۆماری کوردستان لە ناوچەی داشکستان بەرپرسی لکێک بووە و یەکێک لە نزیکترین خۆشەویستانی مەرحووم ڕەسوولی نەغەدەیان و ئەسعەدی خودایار و سەید پیرەی نیزامی بووە کە لەو دواییانەدا لە نووسراوەی: «بەرسەرهاتی ژیانم» لە نووسینی شەهید سەید ڕەسوولی دێهقان (بابی گەورە) باسی لێوەکراوە (بڕوانە گزینگی ژمارە ژمارە ٢٠).

مامۆستا هێمنی نەمر جارێکیان ئیشارەی بە بابم کرد و گوتی: «بابی مستەفای پێنج شەش سالێک لە ئێمە بە تەمەنتر بوو هەرچەند ڕاستەوخۆ لە ڕێگای حیزب دا نەکوژراوە، بەڵام پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو».
وەک شاعیر دەڵێ:

فرزند هنر باش نه فرزند پدر
فرزند هنر زنده کند نام پدر را

دیارە هەرچی هەمە و نیمە وەک هەستی کوردایەتی، ئیستیعداد و هۆش هەمووی لە بابەوە دەزانم.

**گزینگ: بێجگە لە گۆرانیبێژانی دیکە، زۆربەی گۆرانیەکانی مەرحوومی حەسەن زیرەک زۆر بە باشی دەڵێیەوە، ئایا بۆ خۆت حەسەن زیرەکت لە نیزیکەوە دیبوو؟**

**دادار:** بەداخەوە بە هۆی ئەوەی منداڵ بووم بە ئاوەدەنگی ئەو بلیمەتەم نەدیبوو، بەڵام دووراودوور دەیانگوت ئەو چاکەت و پانتۆڵ دەبەرە حەسەن زیرەکە. دیارە ئەو کاتە پێچی هەر ڕادیۆیەکی کوردیت کردباوە زیاتر دەنگی حەسەن زیرەکیان بڵاو دەکردەوە و ئەمنیش لە ڕێگای ئەوانەوە گوێم بە ناهەنگەکانی وی ڕادەهات و بزوێنەری هەستی هونەریم بوون.

**گزینگ: دادار، بێجگە لەوە، ئەتۆ فاتمەی مەرحوومی خەلیلی سەدیقیش هەر زۆر چاک دەڵێیەوە، ئایا ئەوش دەلیلێک نییە کە تۆ ئاشقی دەنگ و سەدای وی بووی؟**

**دادار:** بەڵێ، زۆر ڕاستە کە ئاشقی دەنگی ویم، بەڵام زۆر چاکم نەگوتووەتەوە. چونکە گوتنەوەی گۆرانییەکانی کاک خەلیل بەتایبەت فاتمە تابلێیی ئەستەمە. ئەو دەنگە پڕ شەپۆلە بەداخەوە گەلێک دڕدنگ تار و پۆی دڵمی لەرزاندەوە و چوارخانەی میشکمی بۆ هەمیشە داگیر کرد. دەنگی کاک خەلیل سەرەڕای لەردی کەوتەرێن، سۆزێکی تەزووهێنی غەریبیشی پێوەدیار بوو. بەڵام گوێگری هۆگری گەرەکە کە بە گوێی دڵ گوێی لێ ڕادێرێ. بەداخەوە وەک لە پێشدا گوتم لەبەر کار و کوێرەوەری و نەبوونی فەراغەت، فێرگە و نەبوونی ئیمکانات نەمدەتوانی بپرژێمە سەر گوێدانی دەنگی کاک خەلیل.

**گزینگ: ئەدی سەبارەت بە مەرحوومی محەمەدی مامڵێ دەڵێی چی؟**

**دادار:** ناکرێ باسی کاک خەلیل بکەین و مامڵێ وەپاش گوێ بدەین. سەرەڕای ئەوەیکە لەباری پلەی تێنۆر و چریکەی پر لەردی کوردییەوە زۆر لێک نیزیکن، بەڵام دووی گەرووی جیاوازن.

**گزینگ: قەت گۆرانی ئەویت گوتووەتەوە؟**

**دادار:** بۆچی، وەک زەمزەمە و پێخۆشبوونی خۆم لەگەڵ مامڵێ وێژێک لە مەجلیساندا گوتوومەتەوە بەڵام بەداخەوە بە هۆی جیاوازی شێوەی گەروو و ڕاگرتنی حورمەتی وی کە نەکا هەقی خۆی پێنەدەم بە شێوەی ڕەسمی لەو کارە خۆم پاراستووە.

**گزینگ: نەزەرت لە بارەی دەنگ و جۆری دەربڕین(چەپ کۆک و ڕاست کۆک یان زیل و بەم) و هاوڕێکیی لەگەڵ مۆسیقا دا چییە؟**

**دادار:** دیارە چەپکۆکمان هەیە بە مانای دابەشبوونی موزیک بە پێی نامێرێک یان سازێک کە لە سەر دەنگی زیلی ژنان ڕێکخراین، کە گوایە دەنگی نەمر خەلیلی سەدیقی لە سەر خەرەکی تار بە شێوەی چەپکۆک تەنزیم کراوە.
هەڵبەت بە تێکڕایی دەنگ بە شێوەی موزیکی ئاکادێمیی جیهانی بەم جۆرە دابەشکراوە.

۱) دەنگی پیاوان: تێنۆر، باریتۆن، باس،
۲) دەنگی ژنان: سۆپرانۆ، مێزۆ سۆپرانۆ و ئالتۆ،

دیارە تێنۆریش خۆی دوو جۆرە: تێنۆری بەرز(دەنگی هەرە تیژ و پڕ چریکە) و تێنۆری نزم. بۆ نموونە تێنۆری هەرەبەرزی سالانی ۱۹۲۰ ئینریکۆ کاروزۆ(Enrico Caruso)ی ئیتالیایی یە.

**گزینگ: جاری وایە هونەرمەندێک سەرەڕای وەی دەنگی زۆر خۆشە بەڵام لە باری دەربڕینەوە کەموکوڕی هەیە یانی وشەکان جوان دەرنابڕێ یا ڕاوێژی زاری خۆش نییە، لەو بارەوە نەزەرت چییە؟**

**دادار:** لەباری زانستییەوە بەوە دەڵێن ئارتیکۆلاسیۆن یان «فەساحەتی کەلام» کە هەم لە زانستی موزیک دا گرینگە و هەم بۆ ئەو کەسەی کە گۆرانییەکەی دەڵێ دەبێ هەوڵ بدا وشەکان بە جوانی دەربڕێ. دەنگبێژ دەبێ لە دەنگەکەی بە شێوەیەکی تێکنیکی کەلک وەرگرێ. دیارە لە ڕۆژهەڵاتدا ڕەدیفخوێنی و مەقامخوێنی هەیە کە لە ڕۆژئاوا ئەو کارە بۆ فێر بوون زۆر زەحمەتە.
هەڵبەت هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەگەر بە شێوەی ئاکادێمیک وەشوێنی سۆلفێژ(شێوەی نۆتخوێنی) بکەوێ یان بە شێوەی ئەزموون وەرگرتن و ڕاهێنان خۆی فێری ئەو کارە بکا، زۆر سەرکەوتووتر دەبێ.

**گزینگ: جاری وایە دەڵێن ئەو گۆرانییە ڕەسەنە و لە ناخی کوردەواریەوە هەڵقوڵیوە، پێوانە بۆ ئەوە چییە؟**

**دادار:** دیارە وەڵامەکە وەڵامێکی میژوویی و جوغرافیایی یە کە لێکۆڵینەوەیەکی خەستی زانستیی پێدەوێ. ڕوونە بە هۆی نەبوونی کیانێکی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسی و، هەروەها دەمکوتکردنی زمانی و کولتووریی، زۆرێک لە میللەتی و هەوا و ئاهەنگە ڕەسەنەکانمان یان بزر بوون یان قوت دراون. بۆ وێنە یۆنانییەکان توانیان بە هۆی ئەلفوبێی زمانی گریکی ئاهەنگ و میللەتییەکانیان بپارێزن، واتە زمانەکەیان نۆتەکەیان بوو، کە ئەوکاتە نۆتە لە گۆڕێدا نەبوو. پاشان لەم دواییانەدا بە هۆی پەیدابوونی کەسانی (Composer) ئاهەنگسازی نۆتەزان، وەک تێئۆدۆراکیسی یۆنانی موزیکی گریکی تووشی گەشەبوونێکی بەرچاو هات کە دەکرێ بڵێین ئامێری بازۆکی بە سیمایەکی نوێی گریکییەوە، خۆی لە ئاوێنەی زۆربەی ئۆرووپاییەکان و خەڵکی جیهان بینییەوە. هەرچەند گۆرانییە کوردییەکان، ئەو سێ مەرجەی کە دەبێ موزیک هەیبێت تێیاندا هەیە وەکوو: میللەتی، ریتم، تێمپۆ، بەڵام بە هۆی نەبوونی زمانی موزیک و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و هەروەها دزران وفەوتانی هەموو ئاسەوارەکانی میژوویی نەتەوەکەمان، بە کلۆڵی و هەژاریی ماوینەوە.
هەڵبەت دەتوانین بڵێین کە بەیت و حەیران و لاوک یەکێک لە کۆنترین بەرهەمە کوردییەکانن کە بۆمان بە میرات ماونەوە و جێگەی شانازی نەتەوەکەمانە.

**گزینگ: بەڵێ، وابزانم ئەتۆ بۆ خۆت لە سەر ئەو بەیتانە کارت کردووە،**

ورمێ (دەفتەری سروە، بەهاری١٣٦٤/١٩٨٥): م. دادار، مامۆستا هێمن، ف. کەیخوسرەوی، مامۆستا هەژار

**وایە؟**

**دادار:** بەڵێ من بۆ خۆم لەمێژسالە گوێگری هۆگری ئەو بەیتانەم و بۆخۆشم زۆریانم گـوتوونەوە. بەڵام لەباری تێکسـتـەوە دەبێ لێکۆڵینەوەی زانستییان لە سەر بکرێ. بۆ وێنە ئێمە دەتوانین لە نێو (گوڵێ گوڵێ)ی «سێوە»دا شێوەی فلامێنکۆ Flamenco ی ئیسپانیایی بدۆزینەوە کە کاتی خۆی «زریابی موسڵی» موزیکوانی کورد لە دەوری هوشام بنی ئەحمەد، لە ئەندەلۆسیا شەقڵی هونەریی خۆی لە سەر بنەمای فلامینکۆ دامەزراند. دەتوانین بڵێین کە زریابیش هەر ئەو شێوەکارییەی لەو بەیت و لاوک و حەیرانە کـۆنینانەی کـوردییـەوە وەرگـرتووە. یان سـەیدەوان کـە شاکاری هەرە بەرزی بەیتە کوردییەکانە، لەوێدا عەبدولعەزیزی داسنی لە نێوان شادی و خەمدا دیلان هەڵدەبژێرێ و نایەڵێ گەرێ داوەت بەربدرێ و دڵی کێژ وکوڕانی لێبـڕەنجێ. بە پێـچـەوانەی شاکاری شکسـپـیـێر واتە(هاملێت) کـە هەڵبـژاردنێکە لە نێـوان هەبوون و نەبوونداً. یان لە سواروێ ئایشەگوڵێ دا، ئەوە ئایشێ یە لە جیاتی (دوکتـەران حەکیمان لوقمانان دەرمانێکی بۆ چوکەڵە سواروێ خۆی لە ژەنگی گواردی لە توزی شـەدەی و ئارەقی بەرگـەردنێ دەگـرێتـەوە و ناهێـڵێ چ تاقـە دەسـتـانی بگـەنێ... یان لە سـواروێ سنجانێ دا، کێـشی مـێڵۆدییـەکە هەر بەو شێـوەیە بەڵام لەوێدا ئایشێ خـەبەری مـەرگی سـواروێ خـۆی بە ئاوات دەخوازێ، نەکا سوارۆ لە شەڕێدا هەڵاتبێ. ئەوە کۆن بوونی ئەو بەیتەمان لە باری مێژوویییەوە بۆ دەردەخا. یان بەیتی لاس و خەزاڵ کە سەرەتاکەی بە ئەوین دەست پێـدەکـا و لە درێژەیدا دەبێـتـە حـیـمـاسـە و پاشـان بە تەراژێدی کۆتایی پێدێ. لەوێدا خەزاڵ ڕۆڵی سەرەکی وەک سەردک عێل، مرۆڤ، ژنێکی بریاردەر و جاری وایە جامباز و بیانووگر دەبینێ. کارێکی وا دەکا کە لاس بچێتە پلەی عومانێ و دەسکە گوڵی بۆ بچنێ بەتایبەت لە گـوڵی شـۆڕانێ. لە ئاکـامـدا بە تـیـری بۆری چلکنی چاپەزی مـیـر سـولەیمانی بریندار دەبێ و پاش حـەوت سـاڵان لە جـێـدا دەکـەوێ و لە پشتێن بەردژێر شەڵەڵ دەبێ و بە جوانەمەرگیی سەردەنێتەوە.

**گزینگ: دادار، هەرچەند ئەوە زۆر باسێکی خۆشە، بەڵام دەچینە سەر پرسیارێکی دیکە، جاری وایە هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناچار دەبێ هەم بەیتـە دانەری تێکستی گۆرانییـەکـانی خۆی و جـاری واشە دەبێـتـە ئاهەنگدانەر، ئەوەی چۆن دەبینی؟**

**دادار:** بە بڕوای من ئەو چاوەڕوانییە لە هونەرمەند پتر لە نێو نەتەوەیەکی بێ بەش و دواخراودا دەبێندرێ. دیارە ئەگەر یەکێک بتوانێ نامێرێک بە باشی لێبـدا لە پەنا ئەویش دەنگی خۆش بێت و چاکی بڵێت چ باشتر. تێکست و شـێـعـریش بزانێ لە هەمـووی باشـتـر، خـەرجی کـەمـتـر و سەربەخـۆترێشە. بەڵام ئەگـەر هیچیەک لەوانە بە باشی بەڕێوە نەبا ئیتر وەک کابرای قورعـانخوێنی ناشی هەم ڕەونەقی موسوڵمـانی دەبا و هەم ناڕووی خـۆشی. کاتێک ئێمـە باسی ئاهەنگساز دەکـەین کـە ڕێشـتـەی ئاهەنگسازیی وەک تایبـەتکاری لە کۆنسێرقاتۆرەکان و ئاکادێمییـەکان لە زانکۆدا خـوێندبێ، یان وەک دەرسی تایبـەتی بە ئەزمـوون وەریگرتبێ و خۆی فێر کردبێ. دیارە لە شـەرق بەو کەسانەی کە تەسنیف یان مێلۆدی دادەنێن دەگوترێ نەغـمـەساز وەکـوو میـرزا «مـوتـەلیبی شێخ موحـەمـەدی» دانەری ئاهەنگی (خوایە وەتەن ئاوا کەی) کە لە کۆماری کوردستاندا زۆر باو بوو. یان نەغـمـەکانی «مـیـرزا سـڵـەمـانی شـاوەلە» وەک (ڕاوچیان ڕاوان..) و هەروەها نەغـمـەکـانی مـەرحـووم «حـاجی هاشـمی نانەوازادەگان» کە بە دەنگی نەمر محەمەدی مامڵێ گوتراونەوە. هەروەها سـەید عـەلی سـەردەشتی گـوایە زۆر ئاهەنگی گـۆرانییـەکـانی بۆ خۆی داینـاون. هەرچەند وەک گـوتمان ئەو جـۆرە کـەسـانە ئاکـادێمی نین بەڵام قـەتـعەی جوان و بە کەڵکیان داناوە کە خەڵک چێژی لێوەردەگرن. دیسان ئاهەنگساز بە کەسێک دەگوترێ کە زانستی ئاهەنگسازیی فێر بووبێ و دەسـەڵاتی بە سـەر ژەنینی نامێرێک یان چەند نامێردا هەبێ و بەتایبـەت دەبێ نۆت بزانێ و هارمـۆنی و کـۆنترپوان بزانێ و ئارانژە و دابەشکردنی موزیکیش لە مـەرجەکانی ئاهەنگسازێکی لێهاتوویە. سـەرەڕای تەواوی ئەوانە دەبێ بەهرە و زەوق و قـەریحـەی داهێنانی تێدا هەبێ. بە تێکڕایی کـەسـێک کـە تەواوی ئەو مـەرجـانەی هەبێ پێی دەگـوترێ کـامـپـۆزێر Composer و بە زانستەکەی دەڵێن کۆمپۆزیسیۆن.

**گزینگ: باشە، هەمـوو ئەو هونەرمەندانەی کە خەریکی کـاری هونەرین زۆریان پێیانوایە کە نوێکارییان کردووە، ئایا لەو بارەوە شوێنی هونەری**

**گۆرانی لە نوێکاریدا چییە؟**

**دادار:** بە باوەڕی من، نوێکاری خۆی لە خۆیدا دژی دووپاتکردنەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تیفتیفەدانی کۆنە. چونکە بەبێ کۆن، نوێ ناتوانێ هەبێ. هەروەک بێ ڕابردوویەکی زێڕین داهاتوویەکی گەش ئیمکانی نییە، هونەریش بەبێ لەبەرچاوگرتنی گەنجینەی ڕابردوو ناتوانێ هەبوونی خۆی بسەلمێنێ. بۆ بەڵگە هێناوەی ئەو مەبەستە ڕەسوڵ هەمزەتۆفی داغستانی دەڵێ: «ئەوەی تفەنگ بە ڕابردوویەوە بنێ داهاتوو تۆپی پێوەدەنێ». بۆ نموونەی نوێکاری لە موزیکی جیهانی و لە بەشی ئۆپێرادا، لە ئیتالیا «ڕۆسینی» دەبینین کە بۆ یەکەمجار ئۆتێللۆ(Otello)ی شکسپیێری هێنا و موزیکی بۆ دانا. ئەوە هەم گۆڕانکاری بوو هەم نوێکاری لە مێژووی هونەری موزیکدا. پاش ماوەیەک دوای ڕووسینی هاوڵاتی ئەو، بە نێوی گیپسی وێردی G. Verdi سەرلەنوێ بەرگێکی تازەی کردەوە بە بەری ئۆتێللۆدا کە بینەرانی وەها شەیدای خۆی کرد کە هەموو کەس کارەکەی ڕووسینیان لەبیر چۆوە. یان سەد ساڵ لەمەوبەر موزیکی مۆدێرن لە لایەن ئارنۆڵد شۆنبێرگ (Arnold Shönberg) لە سەر بنەمای دوازدە مایە سەری هەڵدا کە گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە موزیکی کلاسیکدا کە بوو بە هەوێنی کارەکانی ئیگۆر ستراڤینسکی (Igor Stravinski) ڕووسی و زۆر کەسی دیکە. لە کوردیشدا، بۆ وێنە نەمر قادر دیلان دەکرێ وەک ڕەچەشکێنی ڕێبازی نوێکاری و هێنانی شێوازی جاز بۆ یەکەمجار لە موزیکی کوردییەوە ناو ببەین. یان «کامکار»ەکان لە موزیکی سوننەتیدا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیان بە تێکنیکی باشتر دەوڵەمەندتر کرد. یان گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکیش لە سەردەمی خۆیدا بە هۆی ئامێرژەنە لێهاتووەکانی ئەوکاتە وەکوو: عەلی تەجویدی، موجتەبا میرزادە، عەبدولسەمەدی... جۆرێک نوێکاری بووە کە زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردی لە نەمان پارێزران و وەک گەنجینەیەکی هەردەم گەنج بۆ ئێمە ماونەتەوە.

**گزینگ: دادار، وەک هونەرمەندێک، بۆ خۆت چ گۆڕانکارییەکت وەک نوێکاری هونەریی پێکهێناوە، ئایا بۆ خۆت هیچ ئاوازت داناوە؟**

**دادار:** وام پێ باشە بڵێم دیسان بە هۆی دابەشنەبوونی کار لە نێو ئێمەدا، سەرەڕای زەوق و قەریحەی داهێنانم وەک نەغمەدانەر بۆ هەستی خۆم، کۆمەڵە بەهرەیەک پاڵیان پێوەناوم و بوونەتە ئیلهامبەخشی میلۆدییەک لە میشکمدا. دەنا شەل لە زەل دەرچوون زەحمەتە و وەک شاعیر دەڵێ:

تکیە بر جای بزرگان نتوان زد بە گزاف
مگر اسباب بزرگان همە آمادە کنی

یەکەمین کاری نوێی من شێعری (لادە لادە)ی کاک قاسمی موئەیدزادە(هەڵۆ) بوو، کە بە عەقیدەی دۆستان دەکرێ بە کارێکی نوێ دابندرێ. پاشان لەوچەند ساڵەی دواییدا دووهەمین کاری نوێی من (شینی هێمن) ی کاک هێدی (ج. حوسێنپوور) بوو کە ئەوانەی شارەزای موزیک یان گوێگرێکی حیرفەیین دەیخەنە پاڵ کارێکی باش و سەرکەوتوو. لەوێشدا من ئیلهامم لە بەیتی سەیدەوان وەرگرتووە. هەروەها لە ئاهەنگی (چاوت ئاوری بن کایە ــ هێدی) ویستوومە ساڵسا کە شێوە هەڵپەڕکێیەکی ئەمریکای لاتینە بێنمە ناو گۆرانی کوردییەوە.

**گزینگ: با دیسان بچینەوە سەر بەیتەکان، وا بزانم بۆ بەیتە کوردییەکان پرۆژەیەکت بەدەستەوەیە و دەتەوێ کاریان لە سەربکەی، ئایا لەوبارەوە تا چ ڕادەیەک چوویە پێش و دەتەوێ چ بکەی؟**

**دادار:** ئاشکرایە، هەزار قسە نابن بە کردەوەیەک. وەک دەڵێن جوانترین قسە کردەوەیە و، جوانترین بزدش ئەنجامە. بۆ ئەوکارە سەر لە نوێ بە ڕێکوپێکی گوێمداوەتەوە بەیتبێژانی کۆن و نوێ وەک حەمەدی ئاغای و حوسێن شەشە، مەحمەڵ، خدری قادری، عەلی کەردار و ڕەسوولی نادری و بە قوڵی پێیاندا چوومەتەوە و دەمەوێ بۆ هەرکام لەو بەیتانە بە پێی حاڵ و هەوای بەیتەکان و تێکستەکانیان، موزیکێکی گونجاویان بۆ لەبەرچاو بگرم و بە دەنگی خۆم بیانلێمەوە بێ ئەوەیکە ناوەرۆکی بەیتەکان بشێوێندرێن، یان بیسەر و گوێگر لە ئەسڵی مەبەست دووربکەونەوە. دیارە ئەو کارە دوو شێوەی هەیە، هێندێک لە دۆستان دەڵێن ئەو بەیتانە دەبێ وەک خۆیان و بێ موزیک بگوترێنەوە، هێندێکیشیان دەڵێن بە شێوەی نیمچە ئۆپێرایی و بێ تێکدانی ناوەرۆک و تێکست بگوترێنەوە. بۆخۆم پێم خراپ نییە، بەڵام لە هەموو پێ باشترە کە لەو پەڕی جوانیدا بە موزیک و هارمۆنی دەوڵەمەند بکرێن. یەکدوو لەو کارانەم بە نێوی گەلۆ و سوارۆ داوەتە دەست لێزانەکانی موزیک و کاری لە سەر دەکەن.

**گزینگ: دادار، ئەتۆ یەکێک لەو کەسانەی کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن (بەتایبەت میدیا تێڤێ و پێشتریش مەد تێڤێ) بەرنامە پێشکێش دەکەی، ئایا چۆن بوو ڕێت دەوێ کەوت و بەشداریی خۆت دەست پێکرد؟**

**دادار:** وەک دەزانین تەلەڤیزیۆنی مەد کە لە هاوینی ۱۹۹۵دا بۆ یەکەمجار کرایەوە، ئەوکات من لە سوێد بووم. بەڵام ماوەیەکی زۆر بە هۆی ناڕوونی جێگەی ژیان و سەفەر بۆ کوردستانی باشوور و ئینگلیس و کانادا و گەڕانەوە لە ساڵی ۱۹۹۶دا و هەروەها دووڕەڕێزیی لە کاری هونەری، تا پاییزی ۹۷ بەشدار نەبووم، بەڵام بە هەوڵێکی زۆری کاک بارزان شاسوار بەڕێوەبەری بەرنامەی شانشین دۆزرامەوە و پێی داگرت کە دەبێ بچم و هێندێک بەرنامەیان بۆ بەڕێوەبەرم. بە کورتی ئەمن بە هۆی بەرنامەی شانشین سەرلەنوێ دەستم بە چالاکی هونەری کردەوە کە تائێستاش، بەردەوامە.

**گزینگ: ئەتۆ کە لە کوردستانی باشوور بووی، هەروا چووبووی یان خەریکی کاری هونەریش بووی؟**

**دادار:** هەڵبەت لە یەکەم هەنگاودا بەتەمای دیتنی خزم و کەسوکار ئەو سەفەرەم کرد، بەڵام بە هۆی دۆستێکی سلێمانی تووشی ستۆدیۆ بووم و بە هەموو کەموکوورییەکەوە کاسێتێکمان تۆمار کرد لە گەڵ سەلاح ڕەئوف کە بەداخەوە باش دەرنەچوو. وابوو ناچار بووم بۆ دووەم جار لەگەڵ خاوەنی ستۆدیۆ بە نێوی سەفین خاراجیان کاسێتێکی دیکە پڕ بکەمەوە کە کلیپەکەی بە پەلەکرا و بە زەحمەتێکی زۆری لاوی خوێن شیرین ئاسۆ جەماڵ موختار درا بە تەلەڤیزیۆنی یەکێتی و بەردەوام بلاو کراوەتەوە کە سەرجەم شەش حەوت گۆرانی دەبن وەک لادە لادە و شینی هێمن و چاوت ئاوری بن کایە و تەیرۆکێ و... بەداخەوە لەوێ بە هۆی گۆنگەڵێک کە خاوەنی ستۆدیۆکە و چەند کەسێکی ناباب بۆیان نامەوە و دەیانویست پاسپۆرتەکەم بە زۆری لە چنگ دەربێنن، ناچار بووم هەرچی زووە خزم

دەرباز بکەم، بۆیە ئەو جۆرە کە دەبوو کارەکان بە پوختی دەرنەچوون.

**گزینگ: کەوابێ، چاکت نەجاتی هاتووە... بەهەرحاڵ بێینە سەر پرسیارێکی دیکە، باشە دادار، ئەتۆ وێڕای ئەو هەموو چالاکی و جموجوڵە هوونەرییەی هەتبووە، بۆچی تائێستا بەرهەمەکانت هەروا بە پرش و بڵاوی ماونەتەوە؟**

**دادار:** ڕوونە، هۆی زۆر هەن کە تائێستا بەرهەمەکانم ئاوا پەراکەندەن. دەکرێ بڵێم هۆی یەکەمینم هەستی بەرپرسیاریم نیسبەت بە هونەرە. یانی بەرهەم تا کەم و پوخت بێ باشترە نەک زۆر و بۆر. دووهەمین هۆ ئەوەیە کە کارەکانم لە سەرەتاوە بە پەلە پەل و تاڵووکە کراون. بۆ وێنە کاری ١٣٦٣ لە بۆکان بە خۆ حەشاردان لە ژێرزەمین و ترسی گرتن و نازاردان و هەروەها بێ ڕاهێنانی باش تۆمارکرا. مەبەستم کاسێتی (بانە وێرانە)یە.

دیارە لە هەمان کاتیشدا کە من بانەوێرانەم چ لە گەڵ خۆی نەمر هێمن (کە شێعرەکەی خۆی دیکلەمە کردبوو) و چ لە رادیۆی کرماشان تۆمارکردووە، بەداخەوە لە لایەن تۆمارکەرەوە واتە کاک کەریمی قەیومی دەستی بە سەرداگیراوە و هۆیەکەشی نازانم.

کاسێتی ١٩٩١-١٩٩٢ کە لەگەڵ چەند مامۆستای کۆنسێرڤاتۆری ناکادیمیک لە ماوەی ٤٠ دەقیقەدا، زۆر خێرا و بە تاڵووکە بەڕێوەچوو، هەرچەند بۆ یەکەم جار بوو من ئامێری Supransax م هێنایە ناو موزیکی کوردییەوە، بەڵام بە هۆی پەلەپەل، میکسێر نەیتوانی بەشەکان بخاتەسەریەک و شریتەکە تووشی بۆشایی هات و بەم جۆرە، کارەکە دزێو و ناشیرین دەرچوو! (کاسێتێکی دیکە کە هی سالی ١٩٩٤ لە سلێمانی یە، لە کەلێنی دیواریم ئاخنیوە)!

سێیەمین کاسێتم بە هۆی ڕوحی سۆفیزم و بودائیزم کە لە ناخمدا پەنگی خواردووەتەوە، هەروا ماوەتەوە. من بە بەشی خۆم هەمیشە قانع بووم، بێ لەبەرچاوگرتنی ئاژیتاسیۆن و پروپاگەندە بۆخۆم. بێ ناوبانگخوازیی، هەر بۆ دڵی خۆم، گوێم نەداوەتە موعامەلە و کاسبکاری بە ژیان، یان هونەر وەک وەسیلە بۆ خۆ هەڵاجکردن و پارەپەیداکردن، بەڵکە وەک نەوین و خۆشەویستی چاوم لێکردووە.

کەوابوو بەرهەمەکان بە هۆی کەم وکوڕی و ناپاراوی کە خۆم پێموابوون، بە شیاوی دووپاتەکردنەوە و هەروەها دووبارە لە بێژینگدانم نە زانین. یانی دەمەوێ نە خۆم فریو بدەم و نە خەریکی چەواشەکردنی خەڵک بم. ئەوەش بەو مانایە نییە کە (نە لە سەرچۆپی ڕێگام دەدەن و نە بە گاوانیش ڕازیم) دەنا خۆ کاری ١٩٩٤ ئێستاش هەر ئامادەیە و بۆ میکس درەنگ نابێ و هەر سبەینێ دەتوانم میکسی بکەم و بیخەمە سەر CD. یان کارەکانی تەلەڤیزیۆنی Medya شتی بەکەڵکیان تێدایە! کەوابوو توانیومە نەمکردووە، یان (perfectionist)بوونم هۆی ئەوە بووە!

بە کورتی کۆنەبوونەوەی بەرهەمەکانم وەک «مەڵۆیەکی خەرمانەی هونەری» جاروبار ئازارم دەدەن کە هێندێک کەس تائێستاش بۆیان ڕوون نییە کە شێوازی من چییە؟ یان کارێکی وەک (شینی هێمن)ی منیان هەر نەشبیستووە؟

**گزینگ: دادار، هەر بە ڕاستی بۆ منیش پرسیارە شێوازی تۆ چییە؟**

**دادار:** ئەمن هەروەک لە پێشدا گوتم لە بەر ئەوەیکە گۆرانی زۆربەی هونەرمەندانی ناوداری کوردم گوتووەتەوە، زۆر کەس پێی وایە ئەمن خاوەنی شێوازی خۆم نیم. دیارە هەموکەس لە سەرەتاوە بە گوتنەوەی ئاواز و گۆرانی هونەرمەندانی دیکە ڕادێ و وردە وردە شێوازی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەمنیش لە سەرەتادا لە ژێر تەئسیری حەسەن زیرەک و خەلیلی سەدیقی و سەید عەلی ئەسغەر و مەزهەری خالەقی و ڕەفیق چالاک بووم و دواتریش لە لوتفیار ئیمانۆف(بولبول) و لوتفعەلی ئیمانۆف و ڕەشید بێهبودۆف و بابامیرزایۆف وەک فۆلکلۆر و ئۆپێرا زۆرم کەڵک وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوانە بە هاتنم بۆ ئورووپا، کەوتمە ژێر کاریگەری ئۆپێراوێژەکانی سەدەی بیستی ئوورووپا وەکوو: کاروزۆ و بینیامینۆ جیللی، ماریۆ دیلمیناکۆ و ماریۆ لانزا.. ئەم دواییانەش پلاسیدۆ دۆمینگۆ و پاڤا ڕۆتی و خۆسەی کارێراس زۆریان کار تێکردووم، کە خۆی ئەوانەش لە ژێر تەئسیری ئەوانەی ڕابردوودا بوون. دەتوانین بڵێین سەرەڕای پاراستنی شێوازی سوننەتی و کلاسیکیی، ئەمن بۆخۆم زیاتر شێوازی ئۆپێراییم بە دڵە بۆ نموونە دەکرێ «شینی هێمن» و «چاوت ئاوری بن کایە» و «لادە لادە» تێکەڵاوێک بن لەو شێوازە.

**گزینگ: لە کۆتاییدا دەمەوێ بپرسم هەر هونەرمەندێک تایبەتمەندی یان ئەخلاقی هونەریی خۆی هەیە، ئێوە لەو بارەوە دەڵێن چی؟**

**دادار:** وەک لە پێشدا گوتم، ئەمن موشکیل پەسندم و لە هەموو چالاکییەکی هونەری ڕازی نیم. کاتێ هەستم کرد شێعرێک، تێکستێک یان میلۆدییەکم نەختێ ترازاندووە پێی خەمناک و شەرمەزاردەبم، قەت لەبیرم ناچێ هیچ، ئیدی هەوڵ دەدەم هەڵەی وا نەکەمەوە (مالی قەڵپ بۆ سەری ساحێبی باشە)!

ئەمن لە کاری هونەریدا دڵ فراوانم، بەرچاوتەنگ نیم و بەخیلی و ئیرەییم بە کەسدا نایە. چونکە پێموایە مرۆڤ ئەگەر بنج و بناوانی بەهێز بوو، بڕوای بە خۆی هەبوو بەخیل نابێ و ئیرەیی پێبردن بە کەسێکی دیکە لە کەمایەسی هونەرییەوە سەرچاوەدەگرێ!

کاتێک تووشی تەکرەوی و سەرەڕۆیی دەبم یان هەڵەیەکی نانانقەستم دەرهەق بە مرۆڤێکی دیکە و هونەرمەندانی دیکە کرد، زوو پەژیوان دەبمەوە و لە ناخی دڵم دەیان جار داوای بەخشین و لێبوردن دەکەم و دەرسی لێوەردەگرم.

زۆر بۆ حاڵ و هونەرمەندی کورد بە پەرۆشم. بەپەرۆشم کە گۆڤارێکی موزیکی بە زمانی کوردی هەنووکە نییە! بە پەرۆشم بە هۆی نەبوونی بنکە و دامودەزگایەکی گشتی کولتووریی دەوڵەمەند بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بە پاراوی و یارمەتیدانیان لە باری مادی و مەعنەویدا و کۆکردنەوەیان لە دەوری یەک، کە ناسنامەی هونەریان بداتێ و نەهێڵێ هونەرمەند چیدی ببێتە بڵێندگۆ و دەستخەرۆی ئەم یان ئەو حیزب و گرۆ و کەرامەتی خۆی و هونەرەکەی لە گرێژنە ببات. چونکە ئەمن پێموایە هونەر دەبێ وەسیلەیەک بێت بۆ دەربڕینی (جوانی و حەقیقەتی ژیان)!

هونەرمەند دەکرێ دۆستی ڕەوت و ڕەوندی حیزبە خەڵکییەکان بێت، بەڵام وەک ئەندامەتی حیزبێک بە لای منەوە هەرگیز!

**گزینگ: دادار، زۆر سپاس و هەر سەرکەوتوو بی.**

**دادار:** منیش سپاستان دەکەم و هیوام وایە گزینگ هەروا بەردەوام بێ.

○○○

# کورتە ئاوڕێک لە ژیان و بەسەرهاتی شاعیری ئازادیخواز و جوانپەرست

## ئێریخ فرید «Erich Fried»

### وێڕای سێ پارچە هۆنراوە

وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە: ئاکۆ ئەلیاسی

«ئێریخ فرید» لە ڕۆژی ٦ی مانگی مەی ساڵی ١٩٢١لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لە دایک بووە و هەر لەوێش گەورەبووە و پێگەیشتووە. باوکی ڕاگوێزەری کاڵا و شتومەک و، دایکیشی وێنەکار یا وێنەکێش بووە. ئێریخ فرید کاتێک کە قوتابی دەورانی دەبیرستان بوو، دەستی بە نووسین و شیعرهۆنینەوە کرد و هەروەها تا هاتنی سوپای ئاڵمان بۆ ئوتریش لە ساڵی ١٩٣٨ ئەندامی گروپی منالانی هونەرپیشەی نیزامی بو و وەک قوتابییەکی باڵا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئۆتریش، لە لایەن نازییەکانەوەبە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی دەکەوێتە ژێر چاودێرییەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە ناوبراو بە ڕەگەز جوو بوو. باوکی فرید لە لایەن دەزگای پاراستنی «نهێنێ»ی نازییەکانەوە دەکوژرێ. پاشان فرید توانی لە دەرفەتێکی ڕەخساودا کەڵک وەربگرێت و بە فڕۆکە هەڵێت بۆ لەندەن و دواتر دایکی و زیاتر لە حەفتا کەسی دیکەش، کە لە ژێر تەعقیبی نازییەکاندا بوون، بۆ تەبعیدگایەک لە بریتانیا نەجات بدات.

ئێریخ فرید لە سەردەمی ساڵانی شەڕدا دەستی کرد بە چەندین کاری جۆراوجۆری کاتیی وەک: دەریاوان، کتێبدار، شیرفرۆش، کرێکاری کارگە و.. پاشان چوە ناو لیژنەی یەکێتی ئازادیخوازانی کولتووریی ئاڵمان، لیژنەی لاوانی ئوتریش و دواتر لیژنەی ئەنجومەنی یەکێتی لاوانی کۆمۆنیست. بەڵام بە هۆی ستالینیزەبوونی ئەو یەکێتی و ناوەندانە، هەر زوو لە ساڵی ١٩٤٤دا کشایەوە و بە جێی هێشتن. هەر لەوساڵەدا یەکەمین دیوانە شیعری بە ناوی «ئاڵمان» لە لایەن بنکەی چاپەمەنیی «قەڵەمی ئوتریش لە تاراوگە»دا چاپ و بڵاوکرایەوە.

پاش کۆتای پێهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، بوو بە هاوکاری بەشێکی زۆر لە گۆڤارە تازە دامەزراوەکان کە زیاتر لە پەنجا ساڵ، وەک نووسەرێکی مووچەخۆر و تەواووەخت، وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی بۆ دەنووسین. هەر لە هەمان کاتیشدا لێپرسراو و بەڕێوەبەری بەرنامەیەک بوو لە رادیۆ «بی بی سی» بە زمانی ئاڵمانی. بەڵام بە هۆی نەگۆڕان و دڕێژبوونەوەی شەڕی سارد، ناوبراو دەستی لەو کارە هەڵگرت و بەرپرسایەتی ئەو کارەی تەحویل دایەوە. دیارە پێشتر، ئەو سەرقاڵی وەرگێڕانی یەکێک لە گەورەترین کتێبە شیعرییەکانی «دەیلان تۆماس» Dylan Thomas بوو، کە دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ بە وەرگێڕانی ڕۆمانە کەم هاوتاکەی ناوبراوبە نێوی (سەربازێک و کچێک) ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ١٩٦٣دا لە گەڵ گروپی «چل و حەوت کەسە» ئاشنا دەبێ و بۆ هەوەڵین جار بەشێک لە بەرهەمەکانی شکسپیئر وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئاڵمانی.

لە ساڵی ١٩٦٦دا کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بە نێوی «ڤییێتنام و هەروەها» بڵاوەکاتەوە کە لە ناو کۆڕو کۆمەڵە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا و هاوڕێ و هاوبیرەکانی تارادەی بیروڕای گشتی، سەبارەت بە شیعری سیاسی دەبێتە هۆی باس و خواس و مشتومڕێکی دوورودرێژ.

ئێریخ فرید لە دوا ساڵەکانی تەمەنی ژیانیدا، سەرگەرمی گەڕان دەبێ و زۆربەی کات لە سەفەردابوو. لە زۆر بۆنەی وەک شەوە شیعر، باسی بابەتی ئەدەبی، پێکهێنانی سمینار و کۆبوونەوەی هاریکاری و پشتیوانی لە گەلانی ژێردەست بەشداری دەکا. هەروەها بەشداریکردن لە دەمەتەقێ و پرس و گرفتی پارتە سیاسییەکان و ناڕەزایەتی لە بەرانبەر ناونده چاپەمەنییە گشتییەکان سەبارەت بە کوشتاری زاڵمانەی بەهاری پراگ، کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، زەبروزەنگی بێبەزەییانەی دەزگاکانی پۆلیس، شەرتومەرجی نالەباری زیندانیانی سیاسی، ئەنجامی شۆڕەوارەکانی بوختان و سانسۆر و نووسین و بەرزکردنەوەی ناڕەزایەتی و سکاڵانامەی یاسایی بە دژیان، لە چالاکییە بە نرخەکانی ساڵانی پیرێتیی ئەو دەژمێردرێن.

ئەو لە بەرانبەر ڕکەبەرانی سیاسی خۆیدا پتەو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێهرەبان و هۆشیارانە مامەڵەی دەکرد و هەر ئەم شێوە هەڵوێست و سوورىوونەی ناوبراو، دەبێتە هۆی ئەوە کە لە باتی دۆست و هاوڕێ بۆ خۆی پەیدا بکا، بەپێچەوانەوە دوژمنێکی زۆرتر بۆ خۆی دەخوڵقێنێ.

ئێریخ فرید لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بۆ هەوەڵین جار خەڵاتی بە نرخی «بنکەی بڵاوکردنەوەی نێونەتەوەیی» بە بۆنەی کتێبە شیعری «سەد شیعری بێ نیشتمان» وەرگرت. ئەو دیوانە لە دواساڵەکانی ژیانی خۆیدا وەرگێڕدرایە سەر حەوت زمان. یەکێک لە هەرە سەرکەوتووترین و شازترین بەرهەمە شیعرییەکانی فرید کتێبێکە بە نێوی «شیعرە ئەوینداریەکان» کە لە ساڵی ١٩٧٩دا بڵاوکرایەوە.

ئێریخ فرید تەمەنی نێزیک بە حەفتا ساڵ بوو کە خەڵاتی مەشووری «Bremer litratur» و خەڵاتی وڵاتی ئوتریش و هەروەها خەڵاتی

«Georg Büchner Preis»ی پێ بەخشرا و دوایەش ماوەیەکی دوورودرێژ، تا لێدانی دوا هەناسەکانی ژیان، هەر بە نەخۆشی ژیا. سەرەنجام ئێریخ فرید لە ڕۆژی ٢٢ی نۆڤامبری ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی سەفەرکردن بۆ کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە لە ڕێگادا کۆچی دوایی کرد و لە (Kensal Green)ی لەندەن بە خاک ئەسپێردرا.

## ١) لاڵ

ئەتۆ بۆچی هێشتاکە هەر
شێعران دەنووسی
سەردەرای وەی بەم ڕوانگەت
تەنیا و هەرددم
کەمایەتی بە دەست دێنێ
هاوڕێکانم
لەم باردوە بە بێ ئۆقرە
لێم دەپرسن،
کە ئەوانیش
بەم سەرنجی تێڕوانینە
تەنیا و هەرددم
کەمایەتی وەدەست دێنن
وە من خۆشم
نیمە بۆیان
هیچ وەلامێک.

## ٢) باخچەی زستان

پاکەتی نامەکەتم
لەگەڵ دوو پوولی زەرد و سووردا
لە ناو گوڵدانێکدا
چاند
من دەمەوێ
هەموو ڕۆژێ
پاکەتەکە ئاودێر بکەم
بۆ ئەوەی کە
نامەکانتم بۆ بڕوێنێ
نامە جوان و خەماوییەکان
ئەو نامانەی
کە بە دوای بۆنی تۆدا دەگەڕێن

من دەبوو زوو
پاکەتی نامەکە بچێنم
نەکا ساڵ درەنگ بێت.

## ٣) پێش ئەوەی بمرم

جارێکی دیش
لە گەرمی و تینی ژین بدوێ
تا خەڵکانێک تێبگەن کە
ژیان گەرم نییە
بەڵام دەتوانێ تیندار بێ.

پێش ئەوەی کە بمرم
جارێکی دیش لە خۆشەویستی بدوێ
تا خەڵکانێک بیژن:
بەڵێ، عەشقێک بوو،
دەبوو نەو ئەوینە هەبێ.

جارێکی دیش بدوێ، بدوێ
لە بەختی هیوا بە سەر بەختەوە
تا کۆمەڵێک بپرسن کە
هیوا چۆن بوو
بەخت چۆن بوو
کەی جارێ تر ژیان دێتەوە؟

**سەرچاوە:**

Erich Fried, "*Gründe, Gesammlete Gedichte*" Herausgegeben von Klaus Wagenbach.

# شەڕنامەکانی «من»ی بەهەشتیی

جەمال غەمبار

دەبوو گوڵە غەمگینەکانی بەهەشت، لێردەوە بێن..
دەبوو ئەو سەمایانەی تەواو نابن،
ئەو سوێسکانەی ڕەددووی باخ دەکەون،
ئەو کەژاوانەی گیان، کە ڕاوچییانی ڕۆشنایی
بەر لە گەیشتن، دەیانشکێنن..
دەبوو هەموان لێردەوە گوزەرکەن و
خورشیدێکی مەست، سەرقەتاریان بێ..
بەڵێن بوو، ئەمشەو دنیا پڕ بکەن لە عیشق
لە میوە گەییوەکانی ماچ..
ماڵە تەنیاکەشمان،
لە شێت بوونە جوانەکانی دوای نیوەشەو!
بڕیاربوو، لە جیاتی خوێندنەوەی شەڕنامەکان
چیرۆکی پەلکەزێڕینە، دەرسی یەکەمان بێ..
لەم نومایشە تەنەککوریییەدا،
لەم ئاهەنگە ساختەیەدا،
بۆ ئەوەی مردنێکی ئاسایی، نەمرین
بڕیاربوو، خۆمان تەسلیمی هەرای خۆکوشتن بکەین،
تاتەشۆرەکان بکەینە کەشتیی..
بەڵێنمان بە یەکتری دابوو،
سواری میترۆکانی جەننەت بین
لە گەڵ گەزۆی خەمدا، ببارێینە سەر دڵی سپیی
ئەو میرنشینە چۆڵانەی
پێیان دەوترێ: نیشتمان..
«ڕەنگە ناوی تریشیان هەبێ.. من نەیزانم!»
وەرە پێشێ، ـ نیوە سووتاوەکەی ترم ـ ، واوە بێ..
تۆ لە قەسیدەیەکی نیگەران دەچیت،
بۆ ئەوەی بتخوێنمەوە، خەریکی نووسینی خۆت بە!
وەرە پێشێ، واوەبێ... با هەناسەت بناسمەوە
تەمەنێکە بڕۆنزی ڕوخسارتم ون کردووە
عومرێکە، لە پشت چنارستانێکی ئاوییەوە
لێت دەگەڕێم!
عومرێک زیاترە، نێوارەباشم لێ ناکەیت،
ناچارم بە پەنگوینەکان بڵێم؛
گەر بەڕێکەوت، لە کەنارێکا بەدیتان کرد،
خەریکە جانتاکەی پڕ دەکا لە بەفر،
گەر لە واگۆنی شەمەندەفەرێکی پەککەوتەدا
بینیتان، سەرقاڵی خوێندنەوەی فیراق و
غەمنامەی نێوارە تەنیاکانە،
پێی بڵێن: تکایە وەرەوە، بەڵەمێک لە کاغەزی منالیی،
با دوو سەوڵ، لە داری ڕۆژەکانی
بەر لە دایکبوونی خۆمان دروست بکەین،
بڕۆین و، کەنارە ئارامەکانیش
ئەو کەنارانەی، زەیتی جۆرەها شەڕ،
لەوتاویی نەکردوون، لەگەڵ خۆماندا ببەین..
مەگەر زیک و هووڕی دۆلفینەکان نابیستی؛
هاوارمان لێ دەکەن: بڕۆن..
لەگەڵ سێبەری قۆڵینگانا سەر هەڵگرن..
ڕووبکەنە دوورگەیەکی پیر، چەند مەترێک وشکانیی،
کە بە تەنها، ڕێگاکانی بارانی بچنەوە سەر..
دوورگەیەک تیایدا:
سەعاتەکانی جەنگ و،
بەندۆلەکانی میحنەت، ژەنگیان هەڵێنابێ..
چەکمەی «نەعامە» خودە لەسەرەکان،
شارستانێتیی لە خۆڵ دروستکراوی میرووولەکانی
خاپوور نەکردبێ..
تیایدا، کچۆڵە ماسییەکان،
ناچاری ئەوە نەبن، ئەستێرەکانی دەریا
بە مەمکیانا هەڵواسن..
خۆیان، لە ڕۆبیان و قرشەکان،
مارە بکەن..
پیاوە زەلیلەکانیش، هیچ عەرشێک
بۆ سەروەریی دروست نەکەن!
بە پەنگوینەکان دەڵێم: تکای لێ بکەن.. تکا..!
ئەگەر ژەهری ئەم سەفەرە تاڵەم لە گەڵدا، بەش کات
ئیدی تریفەی لە خاچ دراو و،
خەریتەی ڕووبارەکان، بە دڕاویی،
بە دیی ناکات..
ئەو، لە نامە سیحراوییەکەیدا،
داوای گۆرانییەکی ئاویی کردبوو..
پێی بڵێن: گۆرانیی چیی بۆ بڵێم..
لە منالیمەوە، قوڵپی یەک گۆرانیی
بە سەر بەروانکەکەمدا ڕژاوە و
بە قەراغی گەوردبوونمەوە مەییوە!
تەنها، یەک گۆرانیی و، چیی تر.. نا!
وەرە پێشێ، «نیوە سووتاوەکەی ترم»، واوە بێ،
تۆ «بوودا»ی منیت، تۆ سەفەری خواوەندیت،

ئامۆژگارییە نەمردەکەتم پێ بڵێ:
شیوەنێ بۆ وردوخاش بوونی قوبەکانی خەتەوەریی
بگێڕم؛ یان:
کۆژدەکەی دۆڕاندن لە ناوچەوانی ئەسپەکان بدەم؟
بوودا! ئەی فرمێسکی پیرۆزیی..
هێڵکارییەک بۆ نیگەرانیی گوڵە سپییەکانم بکێشە،
چرایەک بە دیواری عاشقە مەئیوسەکاندا هەڵبواسە،
پۆرترێتێک، بۆ خەتا جوان و بەردەوامەکانم
دروست بکە..
«من»ی بەهەشتیی،
لەگەڵ عەتری ژنە پەستەکانی مانگدا، پێ دەکەنم..
ئاخاوتنێکی لاڵم، چاوێکی شەکەت و دیلم!
بیستنێکم، خۆم کەڕ کردووە...
بوودا! ئەی خۆزگەی نەبینراو،
بگریم، ئەمجارەش کتێبی تەسلیم بوون بنووسمەوە
یان، بەم هەموو گۆزەی ئەسرارەوە بمرم!؟
پێم بڵێ: چاوەڕێ بم، بە دیار تەرمی کۆترەکانەوە
سێودەکانی نەدامەت بژمێرم،
یان کوپەکانی مەحاڵ بشکێنم؟
پێم بڵێ:
بمرم، یان بەشداریی قەڵاچۆکردنی باران بکەم؟
«من»ی بەهەشتیی،
لەو بەر پەرستگاکەتەوە دانیشتووم،
بۆنی چاوەڕوانییم لێ دێ..
قەڵ و داڵی نێو شەڕنامەکانی خۆم
دڵە شووشەیی یەکەمیان هەڵکۆڵیوە..
تازە ناتوانم. وەکو ڕۆژانی پێشوو،
بەڵێنی ئەوە بدەم، دنیا پڕ بکەم لە عیشق؛
موستەحیلەکان بهێنمە پێکەنین..
فوو لە مۆمەکانی شەوی «کرێسمس» بکەم!
«من»ی بەهەشتیی،
تازە ناتوانم، نەفرەتە تۆراوەکانم ئاشت کەمەوە..
خۆش هاتن لە باڵندەکانی ئایینده بکەم...
تازە من لە هەموو شتەکان دەچم، جگە لە بەرائەت، نەبێ..
هەموو شتەکان دەخوێنمەوە،
وشە پەناهەندەکانی ئاو نەبێ...
هەموو شتەکان دەبینم؛
خامۆش بوونی تفەنگ و
تەجەللای پێککەیشتنی خۆم و، خۆم نەبێ!
وەرە پێشێ، نیوە کوژراوەکەی ترم، واوە بێ..
با هەناسەت بناسمەوە..!

سلێمانی / ۱۹۹۵/۱۰

## دوو پارچە شێعر:

**سارا ژوان**

۱

هاوڕێ
بە دواما مەگەڕێ من لێردم لێردم
لەم بەهەشتە سووتاوە
لەم هەرێمە ڕووخاوە
لە سنووری ملکی خوا
کە دەرد و ڕەنج میراتیەتی،
بە دواما مەگەڕێ من لێردم لێردم.

لە نێو شاڵاوی ڕەشی دووری
لە نێو ئەشکەوتی غەریبی
لەو شوێنە کە ژیان ئەسپێکی بێ زین و لغاوە
بە دواما مەگەڕێ من لێردم لێردم.

۲۰۰۰/۶/۱

۲

ناسووڕێمەوە لە سەر بورجی کۆنی ئاسمان
ناخلیسکێم لە سەر بیروباوەڕی نەرمی خەیاڵ
هەڵناپەڕم لە سەر پانایی ئامانجی دوور
گوێ نادەمە ئاهەنگی کۆڕی بێ ناو.
سەیری ئەو هەتاوە ناکەم
کە لە نێو قاپی خوێندا
دانیشتووە و دەڕوا...
سەیری ئەو منداڵە دەکەم
کە نوستووە لە سەر بەردی ڕەق.
سەیری ئەو منداڵە دەکەم
کە لە برسانا مردووە و
تەرمی لە سەر زەویی تەڕە.
سەیری ئەو سینە دەکەم
کە خوێنی لێ دەتکێ
سەیری ئەو لێوە دەکەم
کە ماچی لێ ناڕژێ.
سەیری ئەو مەمکە دەکەم
کە گوڵی نەداوە
سەیری ئەو پرچە دەکەم کە ئاڵۆزە و
شانە نەکراوە
سەیری گۆزەی بێ دەسکی دڵم دەکەم
کە بە یەک دەست هەڵگیراوە.

۲۰۰۰/۶/۲۰

# ئۆلیەنز

کوردان کەریم مەحمود

هێدییانە بەلای خۆیەوە گۆتی: «(ئۆلیەنز)* دەریایە... بەحرە و دەیانی وەکی منی تێدا ون دەبێ. من یەکانێکم لەم دەیان کەسانە. من نەیکەم، ئەم دەیکا، ئەو دەیکا و دەیانی تر لە ڕۆژ دا دەیکەن.».

(ئۆلیەنز) پراوپڕی حەشیمەت بوو. ژاوەی دەهات و وەکی زرێی بەردەمی تونده با شەپۆلی دەدا. شەوقی سپیواشی چرا نیزنەکان شەپۆلی نەرمە ڕەوتی خەڵکانی هێورتر دەنواند. نەرمە خزەی شەپۆلی حەشیمەت بە ڕێڕەوە تەسکەکان دا بێ پسانەوە دەهات و نەدەبڕایەوە. یەک لە ژوور وەدەر دەکەوت، دەی لە دەر بۆ دەهاتنە ژوور. دەگەڵ ڕەوتی پەسا پەسای هاتوچۆی خەڵک، بەرامەی لێکدراویش دەهێندەی تر بۆنیان بە وڵات دا دەپژا. بۆنی خۆشی جلک و لەش و کەزێی شۆخ و شەنگەکان خەستی خەست بوو. چاوگەلە کاڵ و کەسک و شینەکانیشان مەستی مەست بوو. زۆربەیشیان بە عادەتی هەمیشەیی، لە ئاستی خەم و پەژارەی جیهانی دەور و بەر دا، بێ خەیاڵ و سڕ و بێ هەست بوون.

شەوقی گڵۆپە کەسک و زەرد و سوورەکان لە درزی پەنجەرۆکەی جامەکی یەکانەوە گیانێکی ڕەنگینی دەسکردیان بە جەستەی مەتاحی ناو ڤیترینەکان دا هەڵدەکێشا. هیچ شتێک نەبوو ڕەنگ نەنوێنێ، ڕەنگ لە دار دا بوو، لە دیوار دا بوو و لە جەستە و جەمین و جەمالی جوانان دا بوو. ڕەنگ گوڵزارێک بوو، پەپوولەی چاوی تامەزرۆیانی بۆ دێتە پەلکێش دەکرد. چی کەل و پەلی کە لە (ئۆلیەنز) دابوو، هەروەک نێچیرانی خڕ و پڕی بە تەمال هەڵگیراو، لە ژێر خەرمانەی گڵۆپە ڕەنگینەکان دا ماتەیان هەڵگرتبوو. کڕیاریش بە عام نێچیروان بوون و شەش ڕێیانییان تەنی بوو؛ دەهاتن، دەچوون، دەستیان دەگێڕا و چاویان دەگێڕا.

ئەویش شان بەشانی حەشیمەت هات و چوو. چاوی گێڕا، دەستی بۆ شت برد، هەڵی گرتن، دایانەوە؛ ئەوسا ڕاوەستا و لەژێر لێوانەوە، هێدیانە گوتی:« لەم گشتە خەڵکە، هەر تەنێ من نیم بەم هەوایە داکەوتیم... ئەمەی لاشانم، ئەمەی پێشەوەم و ئەمەی دواوەشم لەوانەیە سەرخۆش و گێژی هەر ئەم خەیاڵە بن کە من پێی سەرمەستم... دارستانی بنیادەم سەیر لێرەوارێکە، هەمە چەشنە داری تێدایە. کۆڵەی تێدایە، گۆجەی تێدایە، چەماوە و شکاوەی تێدایە و هەزارانی خوار و گێڕ و لەڕ و پەڕپووت و پووخاوی تێدایە. بێشەڵانی مرۆڤ، کرمی پارە و دراو لێی داوە و گەر چارەسەر نەکرێت، گنخاوەتر و بۆگەن تر دەبێ. جۆرک و گیرفانی کێ ئاودارتر و ئاوەدان تره، ئەو سەرسەوزتر و سەربەرزتره. سەر بەسەری ئەمانەی کەوا لەم (ئۆلیەنز)ە دا سەریان لەسەرشانان لەردی دێت، یەک هەوا ناخوێنن؛ یەک زۆری پێیە و ئەوی دی کەم. من لە دارایی دنیاکەم دا هەر هەشت بیست (کڕۆن)م لە تەنکەی گیرفان دایە. هەشت بیست کڕۆنی لەم وڵاتە دا هەر ئەوندە کەمە، کە زۆر زەحمەتە دەمی دوو منداڵی تەسەل پێ شیرین بکەێت... هەشت بیست کڕۆنی لێرەدا لەمە زیاتر تاقەتی نییە، بەڵام هەر ئەم هەشتە، چوارجار لە گرانباری جۆرک و گیرفانی سەرجەمی خەڵکی ئاواییەکەی من بالاتر و بەهێزترە...».

کەوتەوە خۆ. تێکەڵی شەپۆل بۆوە. چاوی لەو کرد و بۆنی ئەمی کرد. سەری لەم دا و بۆ ئەو چوو. بە چوارجار و پێنج جاران هەر بەو شوێنانە داهات کە دوێنێ و پێرێیش پێیدا هاتبوو. هەفتەی پێشتر دوو جاران، ئەم هەفتەیەش سێ جاران سەری لە (ئۆلیەنز)دابوو. هەفتەی پێشتر تەنیا نەبوو. دوو برادەری هاو وڵاتی خۆیشی لەگەڵدا بوون. دوو برادەرەکانی چاوکراوە و زمان کراوە و سارد و گەرم چەشتووترن. ئەوان حەوت زستانی دوور و درێژی (سوید)یان تێپەڕاندووە. لەم ماوەیەدا خوێندوویانە و توانیویانە دەست لە خوێندنگەی بەرزی ستۆکهۆڵم گیر بکەن. ئەوان هێندەیان نەماوە دەستی ماندوویان بکەوێتە سەر زگی تێر. کلیلی دەرگای خەزێنەی دەوڵەتیان بۆ نزیک کراوەتەوە و هاکا گرتیان و پێی بوون بە پیاو. بەڵام ئەو تەنێ سێ هەفتەیە تۆزی پێڵاوی لە سوید تەکاندووە. هێستاش بۆنی تاو و بۆنی تۆز و بۆنی لم و ڕەنگی نەگبەتیی وڵاتەکەی لێ دێ. هێستاش تۆپخی (پاکستان)ی نەهاویژتووە. هێستاش ڕۆژهەڵاتی یەکی ڕەشتاڵەیە، مل باریکە، قوشقی و سڵ و کوڕەگوێیە.

دوو هاوڵاتییەکانی لەم سێ هەفتەیەدا هەقی برایەتییان بە تەواو ماناوە بەجێ گەیاندووە. چی لە نەستۆیانە و چی پێویستە، پێیان گوتووە و هیچیان لێ نەشاردۆتەوە. لە بارەی شارستانییەت و کۆمەڵگای پێشکەوتووی سویدەوە بیگرە، هەتا دەگاتە چاو و گوێی نهێنی و شاراوەی دەزگای پاراستنی سوید، کە کەڵ بە موو بەند دەکات و لە چاوترووکانێکدا بەبێ ئەوە بهێڵێ ئاو جوولەی بێت، مووی چەرموو لە

ماست دەردەکێشێت و ، تەنانەت سیستەمی چاوی ئەلەکترۆنی، پۆلیسی نهێنی و ئامێری دزگری ناو فرۆشگەکانیشیان بە گوێی ئاشنا کردووە. هەر هەفتەی پێشتریش کە بەلاشانی هەر ئەم دیوارە سوورەی بەرامبەری دا ڕادەبوردن، برادەرەکانی گوتیان کە دەبێ وریا و لەسەر هۆش بێت و لە فرۆشگەکاندا ملەقوتە و دەستە کوتەی بێ کەلک نەکات و دەستی بێخودیش بەنێو کەل و پەل دا نەگێڕێت.

بیرئانینی قسەی برادەرەکانی هەر لەو شوێنەی کە لێی بوو، چەقاندیان. سەری هەڵبڕی و سەیرێکی دیوارە سوورەی بەرامبەری کرد. ئامۆژگاری برادەرەکانی هاتەوە بیر، کەوا دیوارە سوورە دەبێ چاوی ئەلەکترۆنی تێدا جێ درابێ. بێ باخەڵی پەردەی دیکۆڕاسیۆنەکانیش هەر ئەم سیستەمەی دەبێ لێ دامەزرابێ. دەست بۆ چی بەرێ و چی بە ژێر باخەڵدا بکات، چاوەکان بە مێشکەکان ڕادەگەیەنن و مێشک فەرمانی گرتن دەدات. ئیتر ئەوەندەم کار لە کار ترازاوە و کارتی زەردی گیرفانی و هەشت بیست کڕۆنی یەکەشی بە ئاو دا دەچن. گورجێک تەنەکەی لە کلک دەبەستن و گشت ئاواتەکانی لێ دەکەنە نەخشی سەر ئاو.

بە دەم بیرەوە کەمێک ترسا. لەبەر خۆیەوە گوتی:«...چ کەردەن!... (ڕوحی) گەلێک هەناسە سارد. پشتی لەژێر باری خەمان دا چەماوەتەوە... پیرە؛ پیر و نەساغ و نەداریشە. پێی لەسەر لێوارەی چاڵی مەرگە و چی بە بەردوە نەماوە. هاکا خەبەری مردنی هات. (ڕوحی) گیانەکەم بمرێ، دەرد و خەمی دەبڕێتەوە و بیر دەچێتەوە. دەرد و پەژارەی لەبڕان نەهاتوو بەشی هەمیشەیی (نوریە)یە... نوریە ئافرەتە؛ ئافرەتێکی گەنجی شکستەیە و لە گوندێکی تاک کەوتووی باوەشی لمزارەکان دا دەژی. منداڵێکی باوک نادیاریشی لە داوێن داکەوتووە و لە دێ دا لێی بۆتە پەڕۆی شینی شەرمەزاری و ڕووی چوونی ناو خەڵکانی نییە... (ڕوحی) و نوریە بێکەس و هەژار و چاو لە دەستن... من بۆ ئەوان ئەستێرەم... گەر تیشک و شەوقێکم بۆیان نەبێ، ئاسمانەکەیان نووتەکەیە و مانگیان کاولە... ».

کەو لە داو دا حاسێی حاسێ یە. وەک ئەویش کەو بێ و لە داوی نابەرامبەری دا حاسێ کرابێ، ئۆقرە و هەدادانی لێ هەڵگیراوە. کات و ناکات بیری ئەولایەتی. بیری (ڕوحی) و بیری نوریە و بیری بیابان. بیابان چی تێدایە وەک لەپی دەست لە بەر چاوێتی و دەیناسێت. بیابانی دەور و بەری گوندەکەیان سەرزەمینی یەکسانییە. یەکسانی لە بیاباندا وشە نییە، کراسێکی تەواو بەژنە و بە بەژنی بیابان و نیشتەجێ یانی بیابان هەڵدووراوە. هەتا ئەوەندەی کە مووروی گەڕۆکی نێو بیابان بوو، جگە لە یەکسانی، هیچ پلەی سەر و سەرتری بەچاو نەبینی. لە بیابان هاتە دەر، نابەرامبەریشی دیت و شەڕی دەگەڵ کرد. بەڵام لەوەتەی هاتۆتە دەر، نابەرامبەریش لە قاپێلکی وشە هاتۆتە دەر و بۆتە هەرەسی کێو و بەسەریدا ڕووخاوە. بەخۆی نییە، لەخۆوە بۆتە دوو گیان لە جەستەیەکدا. هەر دوو گیانەکانیش لە شەو و ڕۆژ دا دەمیان ناوەتە گیانی یەکەوە و دەروونی ئەویان پڕی جەنجاڵ کردووە. لە چرکەی زەماندا چی دەبینێ لێرە، هەر هەمووی باسی لێشاوی ناز و نیعمەت دەکات. لێشاوی ناز و نیعمەتی ئێرە و، پەرێشانی و خاکەساریەکانی ئەولا هەڵدەسەنگێنێ؛ هەڵسەنگاندنەکەی لێ دەبێتە کێشەیەکی دوو دەمی ژاراوی و دڵ و دیدەی پێکەوە دەکوڵێ. لە دەستی هاتبایە، سەرچاوەکانی دەدۆزینەوە و بە چیمەنتۆ قرخەبڕ دەیخنکاندن. یان چی ناز و نیعمەتی ئەم لەش ساردی دڵ ساردانەیە، بەکوڵی وشترانی دادەدا و سەرێکی کاروان لێرە و سەری تری لە بەلووچستانی هەژار، دەی بردەوە بیابان و بۆ بیابان نشینەکانی هەڵدەڕشت.

جاران ئەگەرچی هەردی بیابان ڕاخەر و ئاسمانی بێ سنووری بان سەریشی پێخەفی بوو، چ قەیدی نەبوو. سوڵتانێکی بێ تانج و کورسی بوو لە بیابانی لمزاری دەردەی دێیەکەیان دا. ئەو و نۆزدەی وەکی خۆی کاربەدەستانی بیابان بوون. ئەو وەک (ڕۆبین وود) و، نۆزدە لنگ باریکی ڕەشتاڵەی چوست و چالاکیش چەشنی یارانی (ڕۆبین وود)، لە کۆشکی شا دا مووروی ملی شاژنیان دەڕفاند و کەس پێی نەدەزانی. لە تاریکە شەواندا دەگەڵ گەردەلوولی لمی بیابان دەبوونە هاوسەفەر و بە هەگبەی پڕی دەوا و دەمانەوە سێ سنووریان دەبەزاند. دەسکەوتی سەفەر و بەرهەمی گیان دەخەتەرنانیان، بەس بۆ نان بوو. نەیان کردبایە، نان لە بیاباندا زیخ و لم بوو. ئەو و نۆزدەی وەکی خۆی، بیست بوون. بیستەکان بە دوومانگ جارێک دەکرانە چوار تاقمی پێنج کەسی و لە بیاباندا بەستە و پرێسکەی دەرمانەکانیان پێ ڕادەگواستن. چوار تاقم وەکی ڕەشەبا، شەوانە لمزاری بیابانیان دەبڕی و پازدەیان پێ دەچوو. پازدە ڕۆژ لە باوەشی تاریکی دا، جار جار بە بەر تیشکەی تفەنگی ژاندەرم دا، گەلێک جاران بە بەردەمی مار و چزووی دووپشک و هەڵەپەزەی بیاباندا، دەیان مەترسییان بە گیان دەکڕی. دەسکەوتی پازدە ڕۆژانەکانیشیان بە زەحمەت خۆی لە بیست کڕۆن دەدا. بیستەکان هەر هەموویان چەرمێکی ڕەشتاڵە بوون و بەسەر چوار ئێسکەیەکی باریک دا هەڵکێشرابوون. کراسێکی نیوەقەد و دەرپێیەکی خامی بۆزەڵە و جووتێک کڵاش و کلاوێکی حەوت ڕەنگیلە، جلکی بەریان بوو. نانەڕەشە و دۆی بزنە لەڕە و جارجاریش کەونەخورما، خواردنی گەڵی شەو و ڕۆژانیان بوو. یەکسان بوون و یەکسان دەژیان. یەکەم کەڕەت کە پێی لە بیابان بردە دەر، نابەرامبەریی دیت. هاتبا و چیدی سنووری بیابانی نەڕووشاندبایە و هاوشانی تاقمی پێنج کەسی، بەس دەرمانی ڕاگواستبایە، نابەرامبەریش هەر لە قاڵب و قاپێلکی وشەدا دەمایەوە. بەڵام ئەو یەکێک لە بیستەکان بوو کە بۆ دیتن و دانیشتنی سەرۆک هەڵبژێدرابوو. پلە و پایەی سەرکردایەتی نوزدەکانی تر و نانێکی هەوارازتر و لێپرسراوێکی گەورەتر لە بەر دەمی دا بوو. جاری یەکەم نا، جاری دواتر کە پێی نایە ئەو دیوی سنوور و دەرگای بەسامی هێڵلانە هەڵۆی مالی سەرۆکی بە ڕوو دا کرایەوە، چەند شەو و ڕۆژان دەگەڵ براکەی سەرۆک دانیشتن. براکەی سەرۆک هەر خودی خۆی ئەمەی پێی گوت کە سەردەمێک خوێندکاری زانکۆ بووە. ئەو خۆی بۆی گێڕایەوە کە ئەو و دەیانی وەکی خۆی قارەمانانی هەرا خولقێنی شەقامەکانی تاران بوون. خوێندکار بوون و گەنج بوون و کەش و هەواکەی زانکۆش بزۆزی و نەسرەوتنی بەسەر گەنج دا فەرز دەکرد. دەیگوت کە بۆ یەکسانی و بۆ ئازادی، بۆ کرێکار و بۆ سۆسیالیزم لە بەر دەرگای زانکۆی تارانەوە هەتا گۆڕەپانەکەی (بەهارستان)ی بەر دەرگای پەرلەمان، جارانی جار قوونەشەڕی پۆلیسیان کردووە. تەنانەت دوو جارانیش بە پۆل کەوتوونەتە ڕەشەچاڵەکانی

زیندانی ئەڤین و بەندی گرانیشیان بینیوە. ئەو تەنانەت ئەمانەیشی بە دەمی خۆی بۆ گێڕایەوە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوان، هەرکە زانکۆیان بە ئاخر گەیاندووە و خرینگەی پارە و دراویان بەگوێ گەیشتووە، بوونەتە مۆردیەکی خاوکراوەی ڕژێم و، چەوساندنەوەی خەڵک بۆیان بۆتە قەڵەم و قاقەزی دەستیان... بەڵام بەپێچەوانەی هاوڕێیانی سەردەمی زانکۆی، ئەو ملی نەداوە و لەجیاتی نۆکەری بۆ ڕژێم، خۆی خەریکی قەڵەم لێدان و سەرپەرشتی حیساباتی براگەورەکەیی کردووە. بۆ سەرۆک هیچی لێ نەشارددەوە. گەلێک شتی پێ گوت. تەنانەت باسی زانستی پێویست بۆ ئازادی چینی زەحمەتکێش و کرێکاریشی بۆ کرد و هەر وەک ئاوی جاڕێ ، چەشنی بولبول بۆی گوت و بۆی خوێندەوە. گوتیشی کە ئەم زانستە هەر بەس خانەنشینی مێشکی خوێندکارانە و، کرێکار و ڕەنجبەر دەگەڵ زانستی ڕزگار بوون هەمیشە کوجا مەرحەبان.

سەیرێکی دیوارە سوورەی کرد و چاوێکیشی بە دەور و بەر دا خشاند. دیوار و خەڵک چوار دەوریان گرتبوو. لە لای دیوارەوە هیچ سۆز و هەست و دڵۆڤانییەک بەدی نەدەکرا. ڕووی وەرسووڕاند و ورد بە ئاپۆڕاکە دا نواڕی. ئەوان وەکی دیوارە سوورە، لە ئەجزای بێ نەفەس و بێ گیان ساز نەکرا بوون. خەڵک بوون دەهاتن، دەچوون، دەیانگوت، پێدەکەنین و وەک دیواری پێ گرتوو لەسەر لنگ دەڕۆیشتن. ڕووی خۆی لە هەر دوویان وەرگێڕا و بە شت و مەکەکان دا هات. شت و مەک بە پای فیلان بوو. لە هەر چەشنەی کە دانرابوون، بە سەدان و هەزاران هەڵڕژابوون. چت وپستبایە، بە لێشاو لەبەر دەمت دابوو. بەڵای خۆیەوە گوتی :«ئەم گشتە شتە چۆن و لە کوێ کۆبۆتەوە؟». (ئارەش)ی بیر کەوتەوە. بیرهێنانەوەی ئارەش تێکەڵاوی بێزراوی و قین و تووڕەیی بوو. وەک قێزی لە شتێکی نەفرەت لێکراو هاتبێتەوە، بە دەمەڵاسکە قسەی دەمی ئەوی دووپات کردەوە:« دەوڵەمەند ئەم گشتە مانەی لە کوێی هێناوە، یان خۆی دەسبڕ بووە، یان باوکی دزی و لێی بەجێ ماوە!».

بە ساردی پێکەنی و بەبێ ئەوە بزانێ لە کوێە و کێی لێ نزیکە، بڵقێکی تف بەڕووی زەوی دا کێشا. گوتی:« ئارەش ئێرانی دەستم بت گاتێ، تۆڵەی (نوریە)ی چارەڕەشت لێ دەستێنمەوە. ئەودەم کە بۆ ئاخرجار ڕووم کردە هێڵلانە هەڵۆی سەرۆکی قاچاخچییەکان و تۆی بۆ سەربڕین دامە دەست، نووزەت تێدا نەمابوو. خوشکتیان بە دەردێک بردبوو، کە من خۆم بەدڵ بۆی گریام. ئەو تێدا چوو بوو و تۆ مابووی. من لە هێڵلانە هەڵۆی سەردار دا تۆم هەڵگرت و نەم هێشت گۆشتی لەشت دەرخواردی چەقەڵی بیابان بدرێ. بە هەزار سەمەرگی دێ بەدێ و بیابان بە بیابان هێنامی و لەمانی خۆمان دا پەنام دای. دایکم ڕێی پێدای و لە تاک ژوورەکەماندا جێ و بانی منیشی بۆ ڕاخستی. لە سێبەری تاک هۆدەکەماندا حەسایەوە، لە نانە ڕەشە و دۆی بزنە دارینەکەمان بوویتە برابەش، ژێر بەرمانی نوێژی دایکم بۆت بوو بە حەشارگە و تێیدا شاردرایەوە. تۆیش بە دەنگ و بەقسەی سەرزارەکی خۆت کردە یار و گیانفیدای هەژار و ڕەنجەڕۆیانی سەرزەوی و زۆرانبازیت دەگەڵ زۆرداران کرد. چی نەمابوو منی ساکار دەگڕ سەردار و بەگلەرەکان ڕۆبێنی و دەستیان بە خوێنم سوور بکەی. ماوەی سێ مانگان لەمانی ئێمەدا خواردت، خەوتی، تەڕ کرای، وشک کرایەوە و لە حەوت خانی خەتەر پارێزرای. پاسپۆرتی هەڵاتن و دەربازبوونیشت بە پارەی شەونوخونی و بیابان گەردی و خۆتواندنەوەکانی من کڕدرا. تەنانەت ڕاگوازتن و دەربازکردنیشت هەر بە ئەستۆی منەوە بوو. کە هەڵم فراندی و گەڕامەوە، نەوەدەم زانیم چ درندەیەکی پیسکاری چەوتی و، چ نەتکێکت لە داوێن چەسپاندووین... نەوەدەم زانیم کە نوریەی لەڕی کزۆڵت لێ خراپ کردووین... نوریە هەتا دەمێنێ مۆرکی بەدنامی تۆی پێوە دەمێنێ و دەرگای بەختەکەی لە دێهاتی پاشکەوتوودا قەپاتە. کوڕەکەی نوریە نێستا سێ سالانەیە و خەڵکی گوندەکەیشمان هەر بە ناوی ئارەش ئێرانی بانگی دەکەن... دەسەرتەوە ناچم... دەستم پێت ڕابگا دەیخەمەوە بیرت چلۆن بۆ خوشکی تۆ گریام و تۆ چیت بەسەر دایک و خوشکی من هێنا... بیرت دەخەمەوە کە منداڵە پێخاوسە ڕەشتاڵەکانت بە شەهیدانی زیندووی دەستی ستەمکاران بانگ دەکرد، کەچی هەر نێستا منداڵە ڕەشتاڵە هەژارەکەی خۆیشت شەهیدی زیندووی ستەمی دەستی خۆتە...».

سەرێکی ڕاتڵەکاند و خۆی لە گەمارۆی بیری تاڵ و تفت ڕزگار کرد. جارێکی تریش چاوی بە دەروان پشت دا گێڕا. هەنگاوێک بەرەو پێش، نیوە هەنگاوێک بۆ دواوە، دەستی ڕاستی لە گیرفان دەرهێنا و بە هێواشی دەستی بۆ بردن. لە دەست دڕێژکردندا پەنجەکانی بە ئاشکرا لەرزین. لەدڵدا جوێنی بەخۆی دا و دەستی کێشایەوە. پەنجەی ڕاستی خستە ژێر پیلی چەپی و ئیستێک هەر لەو بارە دا مایەوە. کۆتری سەر هەڵ پستێنراو لە سەردەمەرگدا چلۆن جوولە و نەرمە تەکانێتی، دەستەکەشی لەژێر باڵیدا هەر وەتۆ دەلەرزی. لە خۆی تووڕە بوو. گوتی:«نای خوازی، دەست هەڵگرە و لێرە دەرکەوە و بڕۆ!». چەند هەنگاوێک لەو شوێنە دوور کەوتەوە، بەڵام لەپڕ وەرچەرخایەوە. نەمجارە ئاپۆڕاکەی بەچاو دەرزی ئاژن کرد. ئاپۆڕا بێ دەربەس لە دەور و بەر بوو. کەس بە کەس و، هەر کەس بەشوێن ویستی خۆیدا وێڵ بوو. ئەویش بە پەنجەی چەپی جومگەکەی تری گرت و تۆزکاڵێکی ڕامانی و باسک و باڵیشی کەمێک ڕاتڵەکاند. نەمجار وەکی بروسکە بزووت. هەڵۆی دەستی بەگورجی نیشتە سەر بەستەیەکی سێ دانەیی و پڕی پێدا گرت و لووری ژێر چاکەتەکەی کرد و خێرا بە شانی چەپ دا وەرسووڕایەوە. وەرسووڕانەوەکەی دەگەڵ بزەی جووتەچاوێکی سەوزی وردیلە تێک هەڵەنگووتن. بزە، بزمارکوت لەسەرجێ ڕایان گرتەوە. وشک بوو. ئارەق بە دۆڵی مۆغەرەی پشتی دا جۆگەلەی بەست و بە نێو قەدی سێبەندەی داتکایەوە. دەمی تامی تاڵی تێگەڕا و ئەژنۆی لەرزی. هەشت بیست کڕۆنی و کارتە زەردەکەی ناو گیرفانیشی خەمی تێداچوونیان لێ نیشت. جووتە چاوە سەوزەکان بزەی پێکەنینیان پێوە بوو، بزەی پیرەژنێکی لەڕی لەرزۆکی شەکەتی داماو. ژنە لێی هاتە پێش و پرسیاری تێگرت. ئەو بە زمان و ئەمیش بە ئاماژەی سەر و دەست، هیچیان لەیەک نەگەیشتن. ژنە ڕۆیشت و ئەمیش پێچێکی دا و دووەم پێچ و، پێچی سێیەمیشی تێپەڕ کرد. گەیشتە بەر شادەرگای (ئۆلیەنز)! هەنگاوێک، دووان، سێیان و یەکێکی تر، چی نەما دوامین هەنگاو بنێتە دەر و لە ژێر باندۆڕی دەسەڵاتی (ئۆلیەنز) ڕزگاری بێت. لەپڕ دەستێکی قورس کەوتە سەرشانی و ڕایگرت. دەستەکان لە چل مێردەی پشتی کۆنە دەرگاکانی وڵاتی خۆیان بارگرانتر بوون. خۆی ڕاپسکاند، مەچەک گرانتر شانی داگرت. خۆی گرموولە کرد و لەژێر

دەست و مەچەک دەرپەڕی. بەلاشانی پۆلێک دا کەوانەی کرد و لەنێو ئاپۆرایەکی بچووکدا بزر بوو. بەستەی سێ دانەیی لەنێوان قایشی نێوقەدی و لاپەراسووی دا جێی مرتاح بوو. هەر دەنکەی بایی سێ کرۆن و نیو و، سەرجەم جێی دەکرۆن و نیوی بۆ پردەکردەوە. مانگێک خۆ شوردن و دەست و چاو شوردنی بەلاشی لە رێدا بوو. ئەوددم کە لەولات بوو، هەر کە باران بە خوڕ دا دەباری، ورد و درشت سابوونیان دەست دەدایە و بە ئاوی بارانی بەلاش خۆیان دەشورد. خۆ شوردن، نان خواردن، مالّ دانان و پشووکێشان بەلاش بوایە، مرۆڤ لە زەلکەی بەدناوی دەهاتە دەر. کار بۆ گشت و ژیان بۆ گشت، بێشەلانی مرۆڤی لە کرمێ بوون دەپاراست. ئەوددم ئیتر جۆرک و گیرفانەکانیش یەک هەوایان دەخوێند و بەختیاری لەمالّی هەموو کەس دا میوان دەبوو... سێ سابوون بەلاش، سبەیش چەند شتی تری بەلاش... نوریە و (ڕوحی) چاو لەدەستن... مانگی تر هەشت بیستی تر کۆ دەکاتەوە و یەکجێ بۆیان ڕەوانە دەکاتەوە... بەم پارەیە چەند مانگێک وەکوو گوڵ بەخێو دەبن. چاویان لێ خافڵ ناکا، بێتوو بە یەکجاری لە سوید وەربگیرێت و دەستی لە ئیش و کارێک گیر ببێت، دەست لەم نیشە هەڵدەگرێت و بە ئارەقی تەوێڵ داهات دەستێنێ و دە ئەوەندەیان بۆ ڕەوانە دەکاتەوە و کەمایەسییان لێ دەبڕێ... بەلام چەلی بەر لە هەر شت خۆ شوردن... چەند ڕۆژێکە لەش و لارەکەی بۆنی ئارەق و بۆ تەگەی لێ دێ... بە سابوونەوە دەچتەوە مالّ و چەرمێک لە بەر خۆی دادەمالێ...

بە خەیالی خۆ شوردن نێو ئاپۆراکەی دڕ دا و ڕێی ئەو بەری شەقامی گرتەبەر، بەلام دوو جەستەی کەتەی درشت هەڵکەوتە بەریان پێگرت و ڕێی جووڵەیان لێ بڕی. سەرێکی بەرز کردەوە و چاوێکی لە ئاسمان کرد، دوو جووت چاوی شینی تووڕە، وەک چوار هەڵۆی برسی نیشتنە سەر هەوێردەی چاوەکانی و تین و تاقەتیان لێ بڕی. باریکە ئاوێکی سارد بە سێبەندەی دا جۆگەلەی بەست و بەلا داهات.

ئاپۆڕا تێی ڕووکان و لەڕێی چاوانەوە هۆی بەلاداهاتنیان لەیەکتر پرسی. یەکێ گوتی:« نەخۆشە... هەر هەموویان نەخۆشن... چی دەرد و ئازار و مافەتەی ولاتەکەیانە، بۆ ئێمەی بەدیاری دێنن...». ئەوی تریان گوتی:« بە پارەی بەلاش دەرمانی بێهۆشکەری هەڵمژیوە و دەبوورەوە چووە... هەر هەموویان ئەهلی ئەم فێڵەن...». چی لەم بابەتە لە سەر دەم و زاران بوو گوتیان و گوتیانەوە. ئەویش بێحاڵ و لە خۆوە چوو، نەخشی فەرشی کەنارەی شەقامەکە بوو بوو. دوو پاسەوانەکان بە ئەسپا بەرزیان کردەوە و بردیانەوە ژوور. بردیانە دیوێک و لە سەر جێ و بانێکی نەرم و نۆڵ دا ڕایان کێشا. چوار کچ بە دەور و بەری داهاتن و پەسا پەسا تڕپەی دڵی و نەزمی دەستیان گرت. دەرزی ئارامبەخشیان لێدا و شان و ملیان دامالی و بۆنی خۆشیان بە بەر لووتی داهێنا. سەعاتێکی خایاند هەتا نەرمە نەرمە بەئاگا هاتەوە. لە چاوکردنەوە دا پێی وابوو لەسەر کەنەپە کۆنەکەی ژووڕە بچکۆلانەکەی خۆیدا خەو بردوویەتەوە. چاوی گێڕا، دار و دیواری ژووڕەکە وەکی دیوی خۆی نەدەچوو. دەور و بەریشی کچی ڕەزاشیرینی دەم بە پێکەنینی پێدا دەهات. لەم حاڵەتەدا دەستێکی بە بەر پشتێندی داهێنا، سێ سابوونەکان لەجێی خۆیاندا مابوون. دەستێکشی بۆ گیرفانی کراسەکەی برد، هەشت بیست کڕۆنی و کارتە زەردەکەی دەست لێ نەدرابوون. بە هێوری دەستی برد و بەستە سابوونەکانی لە ژێر قایشی نێوقەدی دەرکێشا و لە تەنیشت خۆیدا داینان. کچەکان دیتیان، بەلام زەردەی پێکەنینیان لەسەر لێو کاڵ نەبۆوە. هەروا میهرەبانانە بە دەوری دا هاتن و چی پێیان ئەسپێردرابوو، کردیان. چی پێ نەچوو دوو پیاو و ژنێک هاتن. کوڕە گەنجەی هاوڕێیان دەگەڵ ئارەش ئێرانی سێوێک بوون و لە نێودڕاستەوە لەت کرابوون. ژنە قسەی کرد و کەسی سێیەم نووسی و کوڕە بە زمانی فارسی بۆی وەرگێڕایەوە. لە قسەکردنیش و لە جووڵەی سەر و دەستیش دا، کوڕەگەنجەکە ئارەش ئێرانی بوو.

چارەکێک، نیوساعات، یەک سەعات، دانی بەیانی بە ئاخر گەیشت و پاش نیوەڕۆ داهات. ئاخرسەر ئێوارەیەکی درەنگ وەختی سواری ماشێنینان کرد و هەتا بەر دەرگاکەی مالەوەیشان بردەوە و خۆیان گەڕانەوە.

شەو هەتا دەرنگانێک ڕوو بە پەنجەرە دانیشت و چاوی لە هاتووچۆی ڕێبوارانی شەقامی بەرامبەر بڕی. شەو لە نیوە لای دا و لەلای ڕۆژهەلاتەوە سپێنەی بەربەیان کەوانەیەکی سپیواشی لە بەرسنگەی ئاسمان دا نەخش کرد. هەستی کرد بێ حاڵ و بێ تاقەتە. لەجێ هەستا. بەردو چێشتخانەکەی چوو. کوتێ نان و پیازێکی بچووک و پەرداخێک ئاوی دەست دایە و هەر لەبەر پەنجەرە دانیشتەوە. بەدەم نان خواردنەوە گوتی:«... کوڕەی ئیمڕۆ هەر لە ئارەش ئێرانی دەچوو. دەنگ و ڕەنگی، بەژن و بالای و تەنانەت جووڵە و هەڵس و کەوتیشی هەر ئەویان دەگرتەوە. بەلام ئەو نەبوو... ئەو بوایە تۆڵەی بێ ئەنوایی ی نوریەم لێ دەستاندەوە. بەلام ئەو نەبوو...».

نان و پیازەکەی خوارد و چەند قورقە ئاویشی بەدوا دا نارد. ورد چاوی لە ئاسۆی بەری ڕۆژهەلات کرد. سپێنەی سەر سنگی ئاسۆ، کەم و کەم کەمە ڕەنگی دەگۆڕا. پەڵە هەورەکان ڕەنگی سورمزیان بە جەستەدا دەگەڕا. دەتگوت بەری ڕۆژهەلات بە خوێن ئاوپژێن دەکرێ. بەرە بەرە سوورایی تۆختر دەبوو. هێدیانە گوتی: «... ئیتر کار تەواوە... کارتی زەرد و هەشت بیست کڕۆنی هی من نییە... هەر هیچ شتێک هی من نییە. لەم جیهانە بریقەدارە ڕەنگینەدا، هەر بیابانی تاوەسووتی ڕەنگ بۆز بە بەژنی من براوە. برسیایەتی و چارەڕەشیی (ڕوحی) و نوریەش بێتە سەری، ئەمە هەموو خێر و خۆشی منە... بەلام... بەلام زانستی پێویست بۆ نەجاتی هەژاران دەرگای نەبەستراوە. من خوێندکاری زانکۆ نیم. زانستی پێویست باری مێشکم دەکەم و هەتا قوواڵیی مێشک و مژی هەژارانی دەبەم و بیابانی پێ وەجۆش دێنم. جیهانەکەمان گەڵێک لاسەنگە... بەرێکی ئەم جیهانە بیابانی تاوەسووتە. مۆرەی سەرگەردانی ڕەش و ڕووتی هەژاری تێدایە و لایەکەی تری بەهەشتی بەرینە و پراوپڕی ناز و نیعمەتە. ئەم لا قورساییە و ئەولا سووکایی... جیهانەکەمان یەکسانیی تێدا نییە...».

زستانی ۱۹۹۹

* (ئۆلیەنز/Åhléns): فرۆشگەگەلێکی زەنجیرەیی یە، کە لە هەموو شارە مەزنەکانی سوید دا بڵاون. سەرجەمی ئەو فرۆشگە مەزنانە، کە هەر یەکەیان بە میلیارد کڕۆن مەتاح و کەل و پەلیان تێدایە، بە ملکایەتی هی بنەماڵەیەکی سویدین.

کورتە چیرۆک:

# دوولی

نووسینی: مەرزە

هەر ئەوەندەی کچێک لە گەڕەک بەشوودەدرا، شادی وخۆشییەکەی تەنیا بۆ کچەکە یان باشترە بڵێن بۆ بووک نەبوو، بەڵکو ئەو خۆشییە بۆ تەواوی خەڵکی گەڕەک بوو. هەر بەم چەشنە ئەگەر کچێک بەختی دەبسترا و مێردکردنی وەدەرنەنگی دەکەوت، چاوەڕوانی تەواوی خەڵکی گەڕەکی دادەگرت. گشت دەر و جیران دەست بە دوعا دەبوون بەڵکو خودا بەختی بداتێ.

دادە دوولی یەکێک لەم کچانەی گەڕک بوو کە لە هەموو کچانی تری گەڕەک زۆرتر مستی بووکانی وە تەختی پشتی کەوتبوو و دوعای "نەخشەت لێبێ"ی بیستبوو. بەڵام تا ئیستا هیچ رسقێکی بە نسیب نەبوو.

ملازادە لە هەر مانێک مەولوودنامەی خوێندباوە، دوای خوێندنەوەی مەولوودنامەکە، دوعای بەخێری بۆ زەلیل و داماو، موحتاج، زیندانیان و نەویندارانی دەکرد و لە کۆتاییشدا دەپاڕاوە کە خوای گەورە هیچ سەرێک بەتەنیا لە سەر سەنیر دانەنێ...خوایە مەقسوودی، مەقسوودداران حاسڵ کەی...

لە کۆتاییدا جەماعەت بەتێکڕایی دەیانگوت:

ـ ئیلاهی ئامین!

کەس نەیدەوێرا بە سرتەش پرسیار لەوەی پەنا دەستی بکا کە دوولی بۆ هەتا ئیستا هەر ماوەتەوە؟ چۆنە هێشتا کەسی وەگیر نەکەوتووە؟ مەلازادە هەر وەک بێسیمی پێبێ، وەدەنگ دەهات و دەستی بە نوتقکردن دەکرد و دەیگوت:

ـ خۆشکێ گیان، گورگی لاوازانیش هەیە! جا با کەمێک خێل بێ و شیرن گرووێ بێ، وەک کۆڵەوەژ درێژ و رەق و تەق بێ و پشتێندی لە سەر سمت و ساتانی گیر نەبێ! بەس نییە دەزانێ کلاوی تەریب بدا و کلاوی میلی بچنێ. بەس نییە کەوچکە شۆرباو باینجانێکی دەزانێ... دەبێ قووراویش بخۆنەوە یەکی وایان وەگیرکەوێ...

هەروەها هەرکەس چوارشەمۆیانە چووبا سەر چاکەچکۆڵە یان سەر بوداغ سوولتان، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە چلدانە بۆ دادە دوولی بگرێتەوە و ئەگەر تاقی هێنابا پێش ئەوی بچێتەوە ماڵە خۆی لە سەر رێوە خەبەرەکەی بۆ دوولی دێنا.

زۆر کات شەوی شەمۆیانە دوولی خۆی بە بیانووی وەرگرتنی سەهۆڵ یان حاجەتێک دەچوو ماڵە دەر و جیرانان و لەو ماوەدا شەمۆڵەی دەگرتەوە.

رۆژێک ئەوەی لە مێژبوو چاوەڕوانی دەکرا بقەومێ، قەوما. دوعاکان موستەجاب بوون و خوازبێنیکەرێک گەیشتە جێ. خۆشییەکی تایبەتی لە کووچەیدا وەبەر چاو دەهات، سەوزی و پیواز و پەتاتە لە کووچەی پاک دەکرا، تەنانەت کاری پینەوپەڕۆش هەر لە کووچەی دەکرا. لە هەر یەکەی قسێکت دەبیست، کەس نەیدەویست لە باس و خەبەران وەدواکەوێ.

ـ گۆیا زاوا زۆر بە پەلەیە و دەیەوێ ئەم حەوتوویە مارەی بکا و هەر ئەم حەوتوویەش بیگوێزێتەوە.

ـ دەڵێن کابرا کەنگری بن خیزێ... هەر خۆی و گۆیەتی...

ـ کاسپە، بەر و مانێکی خۆشی هەیە...

لە گەڵ بلاوبوونەوەی خەبەری خۆازبێنی و مێردکردنی دوولی، کەس دوولی لە دەرک و بانان نەدەدیت، تەنانەت سەریشی لە دەرگای ماڵێ وەدەر نەدەنا. ئیدی بەیانە و ئێواران بەر دەرگەکەیان ئاوپرژێن نەدەکرا وگەسک لێنەدەدرا.

لە نێو ژنان دا بلاو بۆوە گۆیا دوولی گوتوویەتی:

ـ زۆرم پێ عەیبە مێردم کردووە، لە شەرمان وەختە دارێژم...

دوولی نەک هەر ئەوقسانەی کردبوو، تەنانەت هەڕەشەشی کردبوو و گوتبووی:

ـ بە هیچ جۆرێک رازی نیم داوەتم بۆ بگیرێ و، ئەگەر بێتو شایەر پێی لەم حەسارە بنێ، من ئەم وەسڵەتەی هەڵدەوەشێنمەوە. دەر و جیران ئەو پەیام و هەڕەشەیان بە دڵ نەبوو، زەماوەندی بێ شایەر و داوەت چۆن دەبێ؟ بەڵام دەسەڵات نەبوو، بووکە و دەبێ بە قسەی بکردرێ.

لە بەر ئەوە کە ئەمەگی دوولی لە سەر شانی تەواوی دەروجیرانان بوو، هەموو دەیانەویست بە هەڵپەڕین لە شاییەکەیدا تۆڵەی بۆ بکەنەوە. رۆژی پێنجشەمۆ کە قەرار وا بوو بووک بڕوا، سەروبنی کووچەی ئاو پرژێنکرا و گەسک لێدرا. هەرچەند گوترابوو بووک سەعات حەوتی شەوێ دەڕوا، بەڵام خەڵکی گەڕەک هەر لە هەوەڵی نیوەڕۆیە لە کووچە کۆبونەوە و چاوەڕوانی گوازتنەوەی بووکیان دەکرد.

هەر تاوناتاوێک کە ماشێنێک لە کووچەدا پەیدادەبوو حەشیمەت تێکڕا هاواریان دەکرد: هاتن! هاتن!

کووچە، یەکی دیکەی نەدەکێشا. بۆ بەرێکردنی بووک لە کۆڵانەکانی دەور و پشتیش ڕا هاتبوون. هەرکە ماشێنەکان بەڕاستی گەیشتنەجێ، لە پڕ تەپەتەپ پەیدابوو. یەکێک لە کوڕە جحێڵەکانی گەڕەک لە بنی ئافتاوەی دەدا و ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە:

ـ دوولی گیان کێ دەڵێ تو منداڵی

نۆ جار نەوەد و نۆ سالی

تەواوی منداڵ خۆی لە عەرز دەکوتا و هەڵدەپەڕی.

بە گریان و چەپڵەلێدان و ئاو بە دوادا ڕشتن بووک بەرێکرا.

مانگی تێوەرنەسووڕا گەسک لێدانی بەردەکەی ماڵەبابی دوولی دەستی پێکراوە، سرت و خورتی تازەش لە نێو ژنان پەیدا بۆوە. ژنان بە پۆل لە دەوری مەلازادە هاڵابوون کە دەیگوت:

قسەی خۆمان بێ و لە نێومان دەرنەچێ، دۆێنێ شەو، بانگی خەوتنان بووکە کابرا بە ئاسپایی لە دەرکەی دا، بە نیوە پارانەوە و بە نیوە قەڵسی دەیگوت:

ـ دوولی گیان، دوولی، بیکەوە، بیکەوە بی..! کچێ، قەڵسم مەکە... شەیتان بە نەعلەت بێ..! جا ئیدی وامەکە ژنت بە سەر بێنم...

# لە کوردستانی سەربەرزەوە

ئاسۆ بیارەیی

جاران کە تازە هاتبوویت بۆ سوید و هاتوچۆ و تەلەفۆن بۆ کوردستان باو نەبوو، خەریک بوو گەشکەت دەگرت کە یەکێ تەلەفۆنی بۆ دەکردی بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە کورد بوایە.

تەنیایی و بێ برادەری وای لێکردبووی کە هەردەم تەلەفۆنەکەت لێوە نیزیک بوو. لە بیرتە ڕۆژێکیان برادەرێکت تەلەفۆنی بۆ کردی، چونکە هەفتەیەک تێپەڕی بوو، لەگەڵ کەسدا قسەت نەکردبوو تەواو وشەت بۆ نەدەهات.

ئێستا کە زڕەی تەلەفۆن دێت پێت وایە شارە زەردەوالەت لێ دەئالوسکێ، ئۆخەی بۆ ژیانی پێشترت دەکەی..

خۆ کە ڕۆژانی شەمە و یەکشەمە دێن ئەوە نیتر پشووت لێدەبڕێ. چونکە هەمووان لە کوردستان لە خۆت باشتر بەرنامەی کارت دەزانن و ئاگایان لە گەورە و پچووکتە..

ئەوەی کە زۆر ناردەحەتت دەکا ئەوەیە کە ئەوان کاریان بە تۆیە کەچی تەلەفۆن دەکەن کە تۆ تەلەفۆنیان بۆ بکەیتەوە!!

تەواو هەراسانیان کردووی، بە تۆ بێ تەلەفۆنەکە ببڕی ئەگەر پێویست نەبوایە.. ئەگەر یەک یەک بهاتنایە سەر تەلەفۆنیش مەسەلەیەک نەبوو. ئێستا فێر بوون ــ ودک لە نانەواخانەکانی ئێران ڕیزیان گرتبێ ــ هۆز هەمووی بۆ گلەیی و داوای پارە، تەوافی تەلەفۆن دەکەن..

یەکێ دەڵێ: کاکە ڤیدیۆی شاشەم بۆ بنێرەوە.

برازێنێکت: حەمە گیان! بەرگە نوێنی ئیتالیم نەوێ، ئەمەی کوردستان کاڵ دەبێتەوە..

یان ڕۆژێکیان خاڵێکت سەعات پێنجی بەیانی تەلەفۆنی کردووە کە پاسەکەی مۆدێلی کۆنە و لە سەر نەوە خاڵۆژنت تۆراوە و داوای سەیارەی «لیلی علوی» * دەکا.

ئەو مووچەیەی کە وەریدەگری ئەوان لە خۆت باشتر ژماردوویانە. خۆ جارێکیان پێیان ووتی:

کە بە شێفەکەت بڵێ چاکتر وایە پارەت بە دۆلار بداتێ، با ئەوان کە لەوێ گۆڕیانەوە زەردەر نەکەن. یان کچی پوورێکت دەیووت:

کاکە! واز لە کارەکەت بهێنە و کاری ڕەش بکە، زۆرتری خێر تێدایە بۆ تۆ و بۆ ئێمەش!

لات سەیر بوو کە خەڵکی بەم شێوەیە گۆڕاوە. ماوەی چەند سالێ بوو کە سەفەرت نەکردبووەوە.

بە ڕێکەوت تەلەفۆنێکت کرد کە نیازتە سەردانێ بکەیتەوە، هێشتا وشەکانت تەواو بە وایری تەلەفۆنەکەتدا نەگەیشتبوونە جێ..

ــ کاکە! دێیتەوە، بۆ کوێ؟ بۆ ئاگر و دۆزەخ؟ ئەو هەموو پارە جوانە گوناح نییە لە تەپوتۆزدا لەناو دەبەیت!!

براکەم! ئەو پارەیە بنێرەوە، لێرە ئێمە سێ دوکانی پێدەکرپین. با وەکوو بەزمی براکەی ترت نەبێ لەوێ پارەی دە دوکانی کردووەتە عەرەبانەی سەوزەفرۆشتن و هیچیشی دیار نییە..

دەتویست وەڵامیان بدەیتەوە بەڵام کە برایەکت لەوکاتەدا گوێی لێ بوو کە نیازی وات هەیە ووتی:

ــ وا من دوو بەیانی دەکەومەڕێ و لەبیرت نەچێ پارەم بۆ تەحویل بکەی، تازە من مااڵ و حاڵم فرۆشتووە وا هاتم..

هەرچەندە باسی ڕێگاکەت بۆ کرد بەڵام بێ سوود بوو.

ئەو، بە تۆی گوت:

پیاو چی بکات لێرە، برادەرم نەما، خەریکە دەبمە باوکی منداڵانی گەڕەک.. هاوتەمەنی تێدا نەماوە. باوکم دێمە ئەوێ سەگی پیرێژنەکان دەشۆم..

وازت لە مەسەلەی سەفەر کردن هێنا، هیچت نەووت، بەڵکوو هیچت بۆ نەووترا. ویستت تەلەفۆنەکە دابخەیت، باوکت کەوتە قسەکردن کەوا تەنیایە و دەبێ چارێکی بۆ بدۆزیتەوە.

باش بوو کارتەکەت تەواو بوو ئەمجارەش ڕزگاریت بوو.. داوای تر نەکەوتە گوێت.

لە هەمووی ناخۆشتر کاتێ کە تەلەفۆنەکەت بۆ دەکرا هەر یەکەیان دەیووت: با ئەویتر نەزانێ کە تەلەفۆنم کردووە. چونکە مااڵی فاڵان وەزعیان باشە و ساتەلیت و تەلۆفۆنی جەیبیان هەیە، پێویستیان بە پارە نییە..

مانگی ۱۹۹۸/۷

* سەیارەی لیلی علوی: ئەو سەیارەیە کە لیلی علوی بە کاری دێنێ.

تابلۆی ڕازاوە بە هەموو دیمەن و جوانییەکانی خواوەندی نەخش و نیگار، بێدەنگی و ئارامیی، مەندی و قوڵیی، ڕوونی و پاکیی، جۆش و خرۆش، ڕق و تووڕەیی و تەواوی خوو و خدەکانی دیاریی سروشتی بە ژیانەوە دە خۆیدا گونجاندووە. بە چوونە ناو بەحر و ناخی پێکهاتنی چۆنیەتی ئەم دیمەنە، هێزی دەست و قامکی نادیاری گەورە میعمار و دروستکەری پەیکەر و قاپووری نێگارکێشەکانی هەرکات پێوە دەبینی.

هیچ حەد و سنووری دیاریکراو لەمەڕ باشتربوونی تەواو و کەمالی ئەم ڕەنگە لەم ڕەنگەی تر بە یاسا و بڕیارەوە نەهاتووەتە خوارێ.

خۆهەڵکێشان و تاریفکردن و بە بەژن و بااهەڵاگوتنی ئەم ڕەشپێستە یان ئەوی تر، تەنیا و تەنیا لە لایەن ئەو ئینسانانە باوە، کە مەودای بیریان تەسکە و خۆپەرستی و تاکەڕۆیی پیشەیانە.

ئەم بۆچوونانەش تائێستا گەورەترین تراژێدی و ناحەزترین کردەوەی ژیانی ئینسانی بە لاپەڕەکانی مێژووی هەبوونەوە ناوە. ئارەقەی شەرم و شووڕەیی ئەم کارەساتە دڵتەزێن و دزێوە، لە هەڵگرتن و هەڵبژاردنی تاکە ڕەنگێکیش بێتوانا و بێڕەنگ ماوەتەوە. واتە ڕەنگینپێستەکانیش بە هەموو هەبوونیانەوە دیاریی و خەڵاتی تاکە دانەر و خاوەنی گەوهەری ئەم جیهان و سروشتەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کورتە باسە بە پێی توانا و تاقەتی قەڵەمان، کەمتاکورتێک لە بەبەریەکداچوونی ڕەنگینی بە ڕواڵەت جیاوازیی لە بەینی ئینسانەکانی ڕەنگاوڕەنگ دێنینە ئاراوە. دیارە هەرکام لەمانە لە جێگای خۆی و بە نۆبەی خۆی، خاوەنێتی و عەزەمەتی هەموو هەبوونی پێبخشراویان پێوەدیارە.

لەم وتاردا سکاڵا لەمەڕ کردەوەکانی دوور لە مرۆڤایەتی بەشێک بە سەر بەشێکی تر بە هۆی یاسای لە خۆوە دەرهێناو و بیری بەرژەوەندخوازیی، دە قالبی خاڵەکانی ناحەز و جوان لە زمانی دوو وشەی ڕەش و سپیدا خۆ دەنوێنن. هەڵبەت وشەی سپی لێردا تەنیا ئاماژە بە تاقمێک لە بیردزێوانی سپیپێستە.

ڕەش: من بە هەموو هەستی مێشک و بیر و قەد و قەڵافەت و قەوارەی شعووری ئینسانییەوە شانازی بە مرۆڤ دەکەم.

سپی: من لە تۆ سەرترم و هاوڕەنگەکانم ژمارەیان زیاترە و دەبێت کۆتخایەتیتان بەسەردابکەین.

ڕەش: دانەری ئەم عەرش و قورشە و ئەم عەرز و عاسمانە بۆ هەموو شتێک چەند لایەنی داناوە. دریژایی ڕۆژانە بە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکانی هەبوونەوە، ڕستەی سەرکێشانی ڕەوڕەوەی ژیان بە ئاوابوونی دواترین تیشکی خۆر، بە دەریای مەند و قوڵی شەوگاری بڤە ڕواڵەت ڕەش دەسپێرێ. ئەویش نیوە نۆرەی هەڵسووڕانی زەمان، بێ هیچ کەموکووڕییەک دەوام دەدات.

سپی: من بە ڕووناکی و بەخشەوەری و لایەنی باشی و جوانیی ناساندراوم.

ڕەش: من خاڵی نەخشاو بە ڕوخساری جوانچاکانەوەم و ئامانجی پەیماندەرانی سوێندخۆرم.

سپی: ڕەشی تاریکی پێوەیە و خوڵقێنەری ترس و سامە.

ڕەش: تاریکی شەوانەم ئارامیش و حەسانەوەی مرۆڤان دەرەخسێنێ و کاتی حەجمینی پشووسواران و ماندووانی گۆڕەپانی ژیانم.

سپی: بە ڕەنگاندنی سپییەبەفران، بە لاپاڵ و دوندی چیاکانەوە، مەندیلی نەقڵ و شعوور لە بەرزاییدا دەنوێنم.

ڕەش: لە کاتی زەماوەند و بەستنی پەیمانی ژیانی پێکەوەبوون و، ماوەی تازەداریی و پرسە و سەرەخۆشیی، گەورەیی و ئیحترام بە ڕەنگی ڕەشی جلەکانمەوە خۆ دەنوێنێ.

سپی: لیاقەتی داگیرکەریی و پێڕاگەیشتن و ئیدارەی هەموو شوێنێکم هەیە.

ڕەش: خوو و خدە ناحەزەکان لەگەڵ هەستی بەرژەوەندخوازی و باوەڕمەندیی ئاپارتایدانەت، لەکەی عەیب و شووڕەیین بە عاسمانی مرۆڤایەتییەوە.

سپی: بە ڕەنگی سپیی کڵاوی کۆکلێسکلانیم و سازدانی تراژێدی ژینۆساید و سووتاندنی ماڵ و حاڵی ڕەشان شانازی دەکەم.

ڕەش: بە خۆڕاگری و دەولەمەندکردنی میێشک و هێزم لاپەڕەکانی مێژوو بە خیانەتی نێوە دەنەخشێنم.

سپی: بە دارشتنی پیلان و دەلەسەی جۆراوجۆر بۆ مەیدانی تێکۆشانی هەرەسکردنی ڕەگەزتان کۆڕوکۆمەڵی هاوبیر پێکدێنم.

ڕەش: ئاخ و ناڵەکانی پڕ سۆزم ئاهەنگی مۆسیقای هاندەری لاوان لە ساحەکانی وەرزش و پاڵەوانەتی یە.

سپی: بۆ نەشەکردنی دەولەمەندان و خاوەنە چەوسێنەرەکانی کارتێل و تراستەکان و پەرەپێدانی مافیای نێودەوڵەتی، دەرمانە مالوێرانەکەرەکانی وەک هێرۆئین و ماریجوانا و گراس و ئێڵئیسدی و مۆرفین بە نێوی ڕەشەکان لە ناو لاواندا بڵاودەکەمەوە.

ڕەش: کۆمەڵگاکانی ئێمە لەگەڵ هەستپێکردنی تەواو بە بارودۆخ و چۆنیەتی ژیان و ڕوانگەی ئاست و پلەی زانستی ڕەگەزی و نەتەوایەتی، بە بارهێنانی گەورەپیاوانی ڕەشپێستی وەک مارتین لوتێرکینگ و مالکۆم ئیکس و نیلسۆن ماندێلا لە مەیدانەکانی سیاسەت و، پاڵەوانانی وەک پلە و محەمەد عەلی کلەی و مایکڵ جۆردەن و ڕووت گولیت و سەدان ئینسانی لێهاتوو و لێوەشاوەی تر، سەربان هەمیشە بەرز و بڵێند ڕاگرتووە و مرۆڤدۆستانە درێژە بە ژیانیان دەدەن.

سپی: بە گوللەی گورچوبڕی هاوبیرانی دەست و قامک سپیم لە ناو زەویە گەنمشامییەکاندا، دیسیپلینی یاسای کار دادەمەزرێنم.

ڕەش: هێزی باسک و مەچەک و بەژن و بااڵی بەرزم چیرۆکی خەیاڵ و پێشکەشکەری مۆدەی جوانیی لەشی ساحەکانی وەرزیشی هەموو گەنج و لاوانی جیهانم. پێستی ڕەشم جەزبەی گەرمای خۆری هەیە و کانگای دەروونی سپی و گەرمم خەزێنەی پشتیوانی مرۆڤانە.

سپی: ئێمە خاوەنی ڕاگەیاندن و ڕێکلام و پڕوپاگەندەین و تەنیا لە کات و بواری وەرزیش و هێندێک جار هونەر، وەک نموونە و خاڵی بەرچاو ئێوە دەناسێنین.

ڕەش: دیواری حاشا و جەعل و قەڵبی ڕاستییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کورتتر دەبنەوە و کاروانی دڵپاکان بە چاوی جوانیی دەڕوانن دنیاوە.

# ڕەنگاوڕەنگ

پیرۆت ئەسکەندەری

# چاوەڕوان

• ئەحمەد دەشتی •

**سپی:** ئێمە لە تواندنەوەی نەتەوەی وەکوو سوورپێستەکان و سیاسەتی کۆچاندن و نامۆکردنی میللەتان لە کولتووری خۆیان دەستێکی بالآمان هەیە.

**ڕەش:** ڕووبارِی تێکەڵاوی خوێنی گەش و زوڵاڵی ئێمە و سوورپێستەکان هەرکات لە بەرزایی و هەڵدێرەکانی سوارچاکانی ئاپاچییەوە، بەرەو جەنگەڵ و دارستانی بە پیت و بەرەکەتی ڕەشپێستان هەروا هاژەی دێ.

**سپی:** ئێمە دامەزرێنەری تێکنۆلۆژیی نوێ و ئامرازی پێوەندییە گشتییەکان و خاوەنی چەک و چۆڵی کیمیاوی و لایەنگرانی سیستیمی تازەی جیهانین.

**ڕەش:** کوێخایەتی و لە سەر ماڵ و خاک و کانگاکانی خشڵ و زێڕی نەتەوەکان و، قوتبوونەوەی خانووە لووتبەرزە چەند نهوومەکان لە سەر کۆختەی هەژاران، ئیتر بەو هاسانییە پێک نایە و دنیای مرۆڤایەتی ئەمڕۆ هاوەدەنگی و هاوئاهەنگیتان ناکات.

**سپی:** شێواز و فێڵەکانمان دەگۆڕین و بە پەروەردەکردن و دەست لە پشت دەستدان، ڕێکخراوی تازە و تووندوتیژی تر وەکوو ڕاسیستی و سکینی هێد (سەرتاشراو)و، هەروەها دەستێوەردان دە کاروباری دراوسێکان ئاغایەتی خۆمان ڕادەگرین.

**ڕەش:** ئەمەش دێمۆدە بووە و ئێستاکە هەموو ڕۆژێ لە ڕۆربەی گۆشە و کەنارەکانی دنیا ڕێپێوانی ناشتیخوازیی و دژ بە بۆچوونەکانی تووندوتیژیی و شەرمەسارکردنی بنیاتنەرانی چکەکۆکۆژەکان و هەڵگیرسێنەرانی شەڕوشوڕ وەرێدەخرێ.

بە کورتی، مادام بەشی زۆری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەر قەناعەتی ئاشتی و برایەتی و یەکسانی ساخبوونەتەوە، واباشە بە بیرەکانی خۆماندا بچینەوە.

ئەگەر ڕۆژێک پشتتان لە بەر کرێکۆڵیی چەماباوە و ڕۆژێکی تر قامکتان لە ژێر چەرخی مەکینە پەڕیبا، یان لە بێ خواردەمەنی و کەمیی ڤیتامین بە لەشی بێهێز لە بەر پێیان لە قوژبنی کۆڵانان کەوتبای و بە دوای پەیداکردنی پاروونانێک بۆ منالەکانت، تووشی حەپسخانە هاتبای، ئەوکات دەردی دەردەداران و ڕەنجی هەژاران و پێنەگەیشتووییی چەوساوان و ژەهری سامناک و خەفەتاوی بێعەدالەتیت دەزانی و بە هەموو ڕەگ و پێستەوە ئیحساست دەکرد و، بە ڕژاندنی ئارەقەی شەرم بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی کردەوە دژی ئینسانییەکانت، بە خۆت و بە هەموو هاوبیرەکانتەوە، بەرەو هاوئاهەنگی و هاوەدەنگیی دنیای مرۆڤدۆستیی دوور لە هەر چەشنە فەرق و جیاوازییەک هەنگاوت دەنا و شانبەشانی یەکتر، بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی باسک و مێشک و ئالوگۆڕی بیروبۆچوون، دەستی ئاشتی و برایەتیت ڕادێڵا و بە وردە و شەهامەتی ناو شەوانی تاریکی ڕەشڕەنگ لە پاڵ تێکۆشانی ڕۆژانی ڕووناک وشەی مرۆڤایەتیتان بە ناو چاوانی دەفتەری ژیانەوەدەنەخشاند.

لەوکاتەی دا خۆرەتاوم لێ ون دەبێ
تارمایی شەو ئارام ئارام
باڵی ڕەشی دەهاوێژێ و
جیهانی ڕون دادەپۆشێ
لەوکاتەدا
ئەستێرەکان دێنە دەرێ و بە تێکڕایی گەش دەڕوانن
لەوکاتەدا، پەروانەکان ڕاز و نیازیان
لە دەورەی مۆم دەگێڕنەوە
بە گڕی ئەوین پەڕوبالیان دەسووتێت و دادەکەون
لەوکاتەدا، کە پەردەکان ڕووناکییەکان دەشارنەوە و
تارماییەکان بەرچاو دەگرن...
چاوەڕوانم چاوەڕوان.

تا نیگایەک لەوبەری دوور
دەڕژێتە ناو چاوڕوانیی کوانی دڵم
تا وەدی دێ
هیوای گەل و خاکی گوڵم
چاوەڕوانم چاوەڕوان

هەتا ڕازی هەر چوا بەشم
لە یەک سنوور سەردەردێنێ و
بزەی دێتێ
ڕۆژی زەردی ناوپەرچەمی
سوور و سپی و سەوزی گەشم
چاوەڕوانم چاوەڕوان.

ئەی گوڵەکەی ڕەنگاوڕەنگم!
هەموو ساتێ بە یادی تۆ پەنجەرەکان دەکەمەوە
لە ناو ڕەنج و ئازارەکان دوور دەڕوانم ...
تا ئەو ڕۆژەی
خۆرەتاوی سەربەستیی کورد
لە پێدەشت و چیاکانم
لە ناو شار و گوندی جوانم
تیشک دەدا و
ڕووناک دەکا کوردستانم
چاوەڕوانم چاوەڕوانم...

• • •

# ڕەوشتی خێزان لە کۆمەڵی کوردەواریدا

مستەفا قەرەداغی

لە پێناسەیەکی نەریتیدا، خێزان بە گشتی بریتی یە: لە کۆمەڵە کەسێک کە پێکهاتوون لە دایک و باوک و منداڵە شەرعییەکانیان، ئەندامەکانی پێوەندییەکی یاساییان پێکەوە هەیە و مافی ئابووری هاوبەشیان هەیە و لە چوارچێوەی خێزاندا خۆشەویستی و سۆز و هاوخۆنی پێکیانەوە دەبەستێت و پێوەندی زایەندییش پێوەندییەکی سنوور بۆکێشراوە.

خێزانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیش دەچێتە خانەی ئەو پێناسەیەوە و، جگە لەم سیستەمە شەرعییە هیچ سیستەمێکی ئەڵتەرناتیڤی نییە، وەک ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا سەری هەڵدا و، ژن و پیاو دەتوانن بێ پسوولەی ژن و مێردایەتی پێکەوە بژین و تەنانەت ببنە دایک و باوکیش و چەندین منداڵ دروست بکەن.

کۆمەڵگەی کورد لەبەر هەندێ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، هۆکارە ناوەکییەکانی بریتین لە عەشیرەتگەری، خزمپەرستی، زاراوەگەریی، ئایینگەریی، پارت و ڕێکخراوگەریی، و ناوچەگەریی و.. هتد.

هەروەها هۆکارە دەرەکییەکان وەکو کۆلۆنی بوونی کوردستان، کردنی کوردستان بە مەیدانی جەنگ بە دریژایی مێژوو، ڕووتاندنەوەی ئابووریی و سەپاندنی زمانەکانی نەتەوە سەردەستەکان بەسەر خەڵکی پارچەکانی نیشتمانەکەماندا؛ ئەوانە و چەندان هۆکاری تر ستروکتور یان پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی تەواو شێواندووە و ئالۆزی کردووە، تەنانەت لە شێوەی پەردەسەندن و گەشەسەندنی ئاسایی خۆی لابردووە و ڕاستەوخۆش کاری کردۆتە سەر کەسایەتی ژن و پیاوی کورد؛ سەرەنجام وای لێهاتووە کە ژن و پیاوی کورد بە پاشکەوتوویی بمێننەوە و کەسایەتییەکی هێندە ئازاد و بەهێزیان نەبێت و نەتوانن ئەوەندە پشت بە خۆ بەستوو بن و هەستی بەرپرسیاریشیان هێندە لاواز بێت کە گوێ بە زۆر لایەنی گرینگی ژیان نەدەن و زیاتر خۆیانی لێ بێخەیاڵ بکەن!

ماڵ لە خێزانی کوردیدا زۆربەی جار نیشتمانی ژنە و بۆ پیاو شوردیی یە کاری تێدا بکات یان یارمەتییەکی کەمی ژنەکەی بدات! لە کاتێکدا ژنانی تری دراوسێ و خزم دێن و یارمەتی کەبیانووی ماڵ دەدەن.

کچ لە خێزانی کورددا کەسایەتییەکی زیاتر بەستراوەیە بە دایک و باوکەوە، لە باری ئابووریشەوە هەر بەوانەوە بەستراوەتەوە، تەنانەت ئەگەر کاریش بکات و مووچەیەکی تایبەتیشی هەبێت. هەر بۆیە کچی کورد ئەوەندەی کوڕ هەست بە خاوەنێتی کەسایەتیی خۆی ناکات و زۆربەی کات لە کۆڕ و کۆمەڵ و میوانداریدا شەرمن و بێدەنگن، کاتێک پیاوان لەو شوێنانەدا بن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نامۆ بوونی کوڕانیش و پیاوانیشە بەر انبەر بە ئافرەت. لە راستیدا کوڕ و کچانی کورد لە خێزاندا وەکو سواربووی بەلەمێک وان کە تەنیا لە لایەکەوە سەوڵ لێبدرێت و لە جیاتی ئاوەکە شەق بکات، بەلەمەکە بەردو کەنار دەگەڕێتەوە!

خێزانی کورد ئەگەرچی بە ڕواڵەت پێکهاتەیەکی ڕەگ ئەستوور و پتەوی هەیە و وا دەبینرێ پێوەندی ئەندامەکانی پڕ بێت لە سۆز و خۆشەویستی و ڕێز، بەڵام ئەگەر سەرنج بدرێتە ناوەڕۆکی، دەبینین گیانێکی یەکنەگرتوو بە شێوەیەک کە برا حەز لە برا و خوشک حەز لە هەردوکیان ناکات و پێکهاتەیەکی لە بنەڕەتەوە هەڵوەشاوەی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەسەر بناغەی گەورە و بچوکیی و دەسەڵاتدار و بندەست دامەزراوە، واتە "ترس" ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەو پێوەندییانەدا، زیاتر لەوەی "ڕێز" ئەو ڕۆڵە ببینێ.

لە خانە کۆمەڵایەتییەکەی خێزانی کورددا چوار جۆر پێوەندی لەبەر چاوە:

- پێوەندی ژن و مێرد؛
- پێوەندی هەردووکیان(دایک و باوک) بە منداڵەکانیانەوە؛
- پێوەندی منداڵەکان لەگەڵ یەکتردا؛
- پێوەندی هەموویان(خێزان) لەگەڵ کۆمەڵگەدا؛

پێوەندییەکانی خێزانی کورد لەناو خۆیاندا تەنانەت لەناو خێزانە ڕووناکبیرەکانیشدا شێوەیەکی سەربازی هەیە، واتە باوک فەرماندەی گشتی یە و، گەورەترین و سەختترین ژیان و دەسەڵاتی هەیە، دایک وەکو جێگری ئەو و منداڵەکانیش بە پێی گەوردیی و بچووکی وەکو پێوەندییەکانی ئەفسەر و سەربازەکانی هەمان سەربازگەیە.

ئەم گەورە و بچوکییە، یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی داب و نەریتی کوردە و بە هەبوونی ئەم جۆرە پێوەندییە بچووک دەترسێت و، گەورەش لە ترساندنی دریغی ناکات و لە هەر شوێنێکیشدا ترس بژیت، ئازادی دەربڕین دەمرێ. چونکە ترس و ئازادی لەژێر بنمیچێکدا کۆ نابنەوە و هەر یەکەیان دەتوانێ ئەویتریان لەناوبەرێت، بۆیە زۆرجار بە تایبەتی بچکۆلەکە ئەو قسە و ڕەفتارەی خۆی نیازیەتی بیکات لە دەستی دەچێ و لە جیاتی ئەوە شتێکی تر دەڵێ و دەنوێنێ، بەمەش گەورە و بچووک بە هەڵە لەیەکتر دەگەن و وا دەکات لە ناخەوە یەکتر نەناسن و پێوەری کەسایەتی یەکتریان وەدەست نەیەت. ئەو نموونەیە بۆ پێوەندی ژن و مێردیش تەواو ڕاستە، هەر بۆیە زۆربەی کات ژن لە ترسان خۆی بەشێوەیەکی تر بەرانبەر بە مێردەکەی دەردەبڕێ، بەمەش ـ بەهەڵە لەیەک

گەیشتن لە هەردوولاوە دروست دەبێت و ، ڕەنگە چەندین ساڵ پێکەوە بژین و چەندین منداڵیشیان ببێت بەڵام هێشتا کەسایەتی ڕاستەقینەی یەکتریان نەدۆزیبێتەوە.

پێکهێنانی خێزانی کورد لە بناغەوە ئیفلیجە بەوەی کە پیاو هەرچی پارەی هەیە و هەندێ جار ناچاریی قەرزکردنیش دەبێت بۆ ئەوەی ماردیی و شیربایی ژنەکەی پێ تەواو بکات و سەرەنجام لە ئێوارە ناهەنگێکدا بۆ دامەزراندنی خێزان سەرفی بکات، ئەم تێکشکاندنە ئابووریەی پیاو وا دەکات کە:

١ــ خێزان دابمەزرێنێت بە بێ ئەوەی پشتیوانییەکی ئابووریی چاکی هەبێ بۆ قۆناغی پاش دامەزراندنی خێزانەکە.

٢ــ ئەو مەسرەفە زۆرەی دەکەوێتە ئەستۆی پیاو لە نەستیدا (لاشعور) وا تۆمار دەبێت کە سەرجەمی ژیان ژنەکەی قەرزدارێتی و ژنەکە هەرچی بۆ ئەو بکات هێشتا بە کەمی بزانێ.

ئەمەش وا دەکات کە پێوەندییەکە شێوەیەکی سارد وەربگرێت، نەک هارمۆنی و دوو لایەن، بۆیە هەردووکیشیان زۆربەی کات وەکو دوو هێڵی هاوتەریب بەرەو ژیانی پاش هاوسەری بە ڕێوە دەچن و تەنها پردی پێکەوە بەستنیان دەبێتە هەبوونی منداڵ، نەک سۆزی ژن و مێردایەتی، دیارە ئەمەش لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و لە کەسێکیشەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە.

پێوەندی زایەندیی لە نێوان ژن و پیاوی کورددا زیاتر پێوەندییەکی یەکلایەنی یە و ئەویش پێوەندییەکە کە تەنها پیاو دروستی دەکات و زۆر جار بەروبوومی لەزەتەکەشی هەر بۆ خودی پیاوە. تێگەیشتنی هەڵەی پیاوان بۆ مەسەلەی زایەندیی لە ژناندا کارێکی زۆری کردۆتە سەر ساردی زایەندیی لە ئافرەتاندا، وایکردووە کە ژن بە ڕێکەوت هەست بە لەزەتی زایەندی بکات، چونکە پیاوە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگە کە ڕەنگە زۆربەی خوێندەوارەکانیش بگرێتەوە گومان لە ژنەکەی دەکات ئەگەر گەرمی زایەندی و هەودس بنوێنێ و بتوانێ بگاتە لوتکەی لەزەت(ئۆرگازم). ڕەنگە پیاوەکە پێی وا بێت کە ئەو حاڵەتە بۆ ڕەوشتی ژنەکەی مەترسیدارە. لە هەمان کاتدا خۆ ئەگەر ساردمیزاجیش بێت، ئەوسا لەبەر ئەوەی خۆی لەزەت لە پێوەندییە زایەندییەکان وەرناگرێت ئافرەتەکە بە بێڵەزەت و بێتام ناو دەبات!

ئەو پێوەندییە زایەندییە یەکلایەنییەی پیاو لەگەڵ جەستەی ئافرەتدا وادەکات ئارەزووەکانی ژن بچەپێن و لە شێوەی ناڕاستەوخۆ بوونی هەبێ، بۆ نموونە مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو ژنهێنان یان شووکردن کە ئەو پەڕی تایبەتی یە، کەچی لە کۆمەڵگەی کورددا تەواو وەکو شتێکی گشتی، هەموو کەس بۆی هەیە دەستی تێوەردات، ئەمەش وا دەکات تاکەکەس هەرگیز لەسەر بڕیار و ئارەزووی خۆی نەجوولێتەوە، هەر بۆیە چەپاندنی ئەو ئارەزووانە لە کەسایەتی مرۆڤی کورددا ڕەنگ دەداتەوە و تووشی توڕەیی، کەللەڕەقی، سەردەڕەیی، شەرمنی.. هتد دەکات.

لێرەدا دەمەوێ خێزانی کورد بکەمە دوو بەشەوە کە یەکەمیان لەسەر بناغەی ناچاری دامەزراوە و بەڕێوە دەچێ، دووەمیان خۆشەویستی(دایک و باوک) ی تێدایە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و سۆز دامەزراوە.

جۆری یەکەم ڕەنگبێ ٩٠٪ی خێزانە کوردەکان بگرێتەوە کە پێوەندییەکانیان لەسەر بناغەی ناچاری و ناڕازی ئارەزووی هەر تاکێکی پێ ببەخشن، چونکە خۆشەویستی لەگەڵ ترسدا ناسازێ، کەس ناتوانێ کەسێکی خۆش بوێ و لەهەمان کاتیشدا لێی بترسێت یان بە پێچەوانەوە.

ڕەوشتی خێزان لە کۆمەڵگەی کورددا ڕەوشتێکی تۆزلێنیشتووی کۆنە، ئەو ڕەوشتەیە کە لەسەر بناغەی بێدادی و پێشێلکردنی ماف دامەزراوە، هەر بۆیە پێویستە لەسەر دایک و باوکانی پێشکەوتووخواز ئەوانەی بەلایانەوە (بە ڕاستی) مەبەستە کە کچ و کوڕەکانیان خێزانی پڕ لە کامەرانی و سەرکەوتووانە دامەزرێنن، بواری کوڕ و کچەکانیان بدەن کە پێکەوە پێش ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی دامەزرێنن بدوێن، یان ئەو ماوەی یەکتر ناسینە و گفتوگۆیەیان بدەنێ کە هەردوو لاوەکە بتوانن لە یەکتر بگەن، دەنا پاش ئەوسا و لە ژێر بنمیچی ژیانی هاوسەرێتیدا کار لەکار دەترازێ و ، درەنگ دەبێ و لێک تێبگەن یان نەگەن ناچارن پێکەوە بژین. ژنی کورد لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی لەو پرۆژەیەدا نەبووە و پیاویش لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەو پرۆژەیە داراییەکی زۆری خەرج کردووە و هەرچی هەبووە و نەبووە لەو پرۆژەیەدا داینراوە ناچار دەبێ کۆڵەکە ڕابکێشێ و، بەو شێوەیە خێزانێک لەسەر بناغەی ناچاریی دادەمەزرێت. بەم شێوەیە ئەوانیش ڕێچکەی دایکان و باوکانیان دەگرن و ڕەوتی پێشکەوتنیشمان لەوێ چەق دەبەستێ و تەکانێک ناخوات.

ئەمانەش هەندێکن لەو خاڵانەی کە بۆ گفتوگۆی نێوان کچ و کوڕ پێویستە پێش زەماوەند کردنیان:

١ــ هاوسەنگی و گونجانی دەروونی و ئامادەییان بۆ پێکهێنانی خێزان.

٢ــ گونجانی ئارەزووەکان و خواستەکانی ژیانیان.

٣ــ ڕێککەوتنیان لەسەر دروستکردن یان نەکردنی منداڵ و نەخشەکێشانی ئەم مەسەلەیە لەسەر بناغەی توانای دەروونی و تەندروستی و دەرامەتی ئابووریان.

٤ــ هەڵوێست و تێگەیشتنیان بۆ مەسەلەی زایەندیی و گۆڕینەوەی بیر و ڕا لەو بارەیەوە.

٥ــ گرێدانی ژیانیان لەسەر بناغەی خۆشەویستی نەک وەکو پرۆژەیەکی ئابووری.

مەسەلەیەکی تر کە شایانی باسە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا زۆربەی شتە تایبەتییەکان بە گشتی کراون و مەسەلە گشتی و تایبەتییەکان بە دەگمەن لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو ژنهێنان یان شووکردن کە ئەو پەڕی تایبەتی یە، کەچی لە کۆمەڵگەی کورددا تەواو وەکو شتێکی گشتی، هەموو کەس بۆی هەیە دەستی تێوەردات، ئەمەش وا دەکات تاکەکەس هەرگیز لەسەر بڕیار و ئارەزووی خۆی نەجوولێتەوە، هەر بۆیە چەپاندنی ئەو ئارەزووانە لە کەسایەتی مرۆڤی کورددا ڕەنگ دەداتەوە و تووشی توڕەیی، کەللەڕەقی، سەردەڕەیی، شەرمنی.. هتد دەکات.

لێرەدا دەمەوێ خێزانی کورد بکەمە دوو بەشەوە کە یەکەمیان لەسەر بناغەی ناچاری دامەزراوە و بەڕێوە دەچێ، دووەمیان خۆشەویستی(دایک و باوک) ی تێدایە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و سۆز دامەزراوە.

جۆری یەکەم ڕەنگبێ ٩٠٪ی خێزانە کوردەکان بگرێتەوە کە پێوەندییەکانیان لەسەر بناغەی ناچاری و ناڕازی ئارەزووی هەر تاکێکی

ئەو خانە کۆمەلایەتییە بەردو لایەکی پێچەوانەی ئەویترە، پێوەندی باوک بە منالەکانیەوە هەر ئەوەیە کە کاریان بۆ بکات و بەخێویان بکات، نەک پەروەردەیان بکات، بە تایبەتی پەروەردەکردنێکی زانستی ـ زۆرجار ئەو بەخێوکردنەش تەنها لەبەر لۆمەی کۆمەلگە و داب و نەریتە. لەو جۆرە خێزانانەدا منالەکان لەژێر کارتێکردنی شەڕ و ئاژاوەی دایک و باوکدا تووشی لادان دەبن وەکو درۆ و دزی و پیاوکوژی و ئاژاوەگێڕیی.. هتد.

جۆری دووەم ئەو دایک و باوکانەن کە لە سەر بناغەی ڕێز و خۆشەویستی خێزانیان پێکەوە ناوە و بەڕێوەی دەبەن کە ڕەنگە هەر ١٠٪ێک بێت لە کۆمەلگەدا، پێوەندی دایک و باوک لەگەڵ منالەکانیاندا ئاقارێکی ڕاست و دروست وەردەگرێت و دایک و باوک بە یەکگرتوویی پلان بۆ دواڕۆژی منالەکانیان دادەنێن.

لەم شێوە خێزانەدا دایک و باوک بە ئاسانی دەتوانن جلەوی پەروەردە و ڕەوشتی منالەکانیان بە دەستەوە بگرن و بە شێوازێکی نوێ پەروەردەیان بکەن و تۆی خۆشەویستی لە نێوان گشت ئەندامەکانیاندا بچێنن.

لە جۆری یەکەمیاندا کچان بە شوو دەدرێن و پێوەندییەکی هەڵوەشاوەی ناچاری لەگەڵ مێردەکانیاندا دادەنێن، بەڵام لە جۆری دووەمیاندا کێشی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە و بۆی هەیە لەسەر بناغەی خۆشەویستی هاوسەر هەڵبژێرێ و لەسەر شێوە پەروەردەکردنێکی زانستی لەگەڵ مێردەکەیدا ڕێک بکەوێ و پێکەوە بۆ دواڕۆژی خۆیان و منالەکانیان تێبکۆشن، لە دەردەو و لە مالەوە هاوکاری یەکتر بکەن و ببنە تەواوکەری ژیانی یەکتری.

ئاواتی ئێمە بۆ خێزانی کۆمەلگەی کورد شێوەی دووەمە و وازهێنانە لەو شێوە لاساییکەردەوەی یەکەم، کە دەیان ساڵە گۆڕانی نەدیوە و میکانیزمی پێشکەوتنی خێزان و کۆمەلگەی ڕاوەستاندووە. شایانی گوتنە کە منداڵ هەرگیز کەسێکی نەزان نییە و هەموو ئەو ڕەفتارە ناڕاساییانەی کە لەبەرانبەریدا دەکرێت و لە هۆشی ناوەوەی تۆمار دەبێت لە داهاتووی ژیانیدا گیروگرفتی دەروونی بۆ ساز دەکات، منداڵان لە گەورەکان تێدەگەن و ئەوان کێشەی ئەوەیان هەیە کە گەورەکان لێیان تێناگەن و هەوڵ نادەن پێویستییەکانیان دابین بکەن.

خێزانی هاوچەرخ پێویستە هەردوو خاڵی گەورە و بچوکیی و، نێرومێیی لە ناو چوارچێوەی خێزاندا تەواو سووک و ئاسان بکەنەوە و ئەو جیاوازییە دەستکردانە فەرامۆش بکەن کە بناغەی خێزان لەسەر هەڵە و کەم و کووڕیی دادەمەزرێنێ و سەرەنجام شیرازەکەی دەڕووخێ.

لێردا دەمەوێ باسی پێوەندی ئەندامەکانی خێزان لەگەڵ کۆمەڵدا بکەم. خێزان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ وایە. ئابوور و سیاسەتی دەرەوەی خێزان بریتی یە لەو پێوەندییانەی کە بە کۆمەلگەی دەبەستێتەوە. کۆمەلگەی ئێمە لەسەر بناغەی کۆمەڵێک داب و نەریت بەڕێوە دەچێت، ئەو داب و نەریتانەی کە وەکو فەرمانی خوایی جێبەجێ دەکرێن. ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەو داب و نەریتانەن:

١ـ یارمەتیدانی یەکتری و دڵسۆزی لە شادی و ناشادیدا.

٢ـ کۆمەڵایەتی بوون ـ هاتوچۆی یەکتری کردن.

٣ـ ڕێز لەیەکتر گرتن.

٤ـ حسابی تایبەتی بۆ ژن کردن.

٥ـ حسابی تایبەتی بۆ منداڵ کردن.

٦ـ حسابی تایبەتی بۆ پیرکردن.

دیارە ئەو خاڵانە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی تری جیهانیش هەن، بەڵام شێوەی تەواو جیاوازیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو خاڵانە زیاتر ڕوون بکەمەوە هەندێ نموونەی واقیعی دەهێنمەوە بەڵام پێشتر دەڵێم ئەو خاڵانە شتی پیرۆز و جوانن تەنها ئەگەر بە ڕاستگۆییەوە بەکارهێنران.

**١ـ یارمەتیدانی یەکتری:** هەر لە کۆنەوە داب و نەریتی کوردی ئەوەی فەرزکردووە کە لە شایی و شینیدا هاوکاری یەکتری بکەن. کە مردوویەک دەنێژرێ خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا دەڕوا و دوای تەرمەکەی دەکەون، یان کە زەماوەندێک دەکرێت، ڕێزی هەڵپەرکێ نە ئەم سەری دیارە نە ئەوسەری، زۆرجار خاوەنی ئاهەنگ ناردەزایی و سەرسامی خۆی دەربڕیوە بەر انبەر ئەو کەسانەی کە نە دۆستی بووکن و نە هی زاوا کەچی ناردەقەی زەرد و سوور لە هەڵپەرکێدا دەڕێژن و دەیکەنە ڕۆژی خۆیان، یا ژنێک لە پرسەیەکدا بە هیچ شێوەیەک مردووەکە ناناسێت، بەڵام وا شیوەن دەکات و دەیلاوێنێتەوە کە هەر دەڵێی مردووەکە حەوت ساڵ دەزگیرانی بووە!

بێگومان هاوکاری و کۆمەکی یەکتری کردن کارێکی پۆزەتیڤە ئەگەر لە کات و شوێنی خۆی و بە شێوەیەکی سروشتی بکرێت و زیادەڕۆیی تیا نەکرێت، دەنا دەبێتە جێی گومان و هەست دەکرێ ئەو کەسایەتییانە ڕاستگۆ نین و تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کارە باوە، دەیکەن نەک لەبەر ئەوەی خۆیان دەیانەوێ، کە ئەمەش کەسایەتیەکی دووڕوویی دەسازێنێ.

**٢ـ کۆمەڵایەتی بوون:** سەڵتەکان یان خێزانەکان بە پێی داب و نەریت لە ماوەی کورت کورتدا هاتوچۆی یەکتر دەکەن، ئەگەرچی پێکەوە ناکۆک و نەگونجاویش بن، هەر وەکو هاتوچۆی دراوسێیەکان، خزم و خزم، هەندێک هاوڕێی دوور.. هتد.

زۆر جار وەکو ئەرکی سەرشان ئەو هاتوچۆیە دەکرێت نەک لە پێناوی خۆشی و پێکەنین و سوود وەرگرتن لە بیر و ڕا و ڕەفتاری یەکتری، هەر بۆیە دژەکردار لە کەسایەتی مرۆڤی کوردا کاتێ بەدی دەکرێت کە هەردوولا، یان هەردوو کەسەکە لە یەکتری دوور دەکەونەوە، لە پاشملەی یەکتری قسە بە یەکتر دەڵێن و هەندێ جار درۆش بۆ یەکتری هەڵدەبەستن، یان لە غەیبەتکردنی یەکتری زیادەڕۆیی دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو پێوەندییە، پێوەندییەکی هەڵبژاردە نییە و مرۆڤەکە خۆی بڕیاری بۆ نەداوە و تەنیا پەیڕەویکردنێکی کوێرانەی داب و نەریتە و پێوەندییەکی بەسەردا سەپێنراوە، ئەمەش کاتێکی زۆر لە ژیانی مرۆڤی کورد داگیر دەکات و بواری بیرکردنەوە و داهێنانی بۆ ناهێڵێتەوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا مێشکیان دەکاتە ئامرازێکی میکانیکی و هەموو ڕۆژێک قسە و ڕووداو و هەڵوێستەکان سەبارە دەبنەوە و تەمەنی مرۆڤەکە تەنها لە ڕووی زەمەنەوە زیاد دەکات.

**٣ـ ڕێز لە یەکتر گرتن:** هەر لەسەر ئەو دوو خاڵەی پێشتر لێی دووابن، دەتوانین بڵێین ڕێز لە یەکتر گرتنیش شێوەیەکە داب و نەریت سەپاندویەتی و ڕێزگرتنێکی دوو لایەن و بڕیار بۆ دراو نییە (بێگومان

جۆری دوو لایەنە و بڕیار بۆ دراویش هەیە، بەڵام ڕێژەکەی کەمترە)، چونکە زۆر جار لەبەر هەبوونی گەورە و بچووکیی، ڕێزگرتنەکە لە ناچارییەوەیە، یان لە ترساندایە! هەروەها ئەو خێزانانەی کە هاتوچۆی یەکتری دەکەن لەبەر زۆروبۆری پێوەندییەکان، بە ڕواڵەت ڕێزێکی زۆر لە یەکتری دەگرن و میواندارییەکی بێ وێنەی یەکتر دەکەن، بەڵام هەر کە میوانەکان پێیان لە دەرگای ماڵەکە وەدەرنا لایەکیان بە دەم ڕێگەوە و ئەویتریان لە ماڵەوە کۆڕی غەیبەت و لە پاشملەی یەکتر دووان دادەمەزرێن، زۆرجاریش گاڵتە بە یەکتر کردن و لۆمە و گلەیی و..هتد، هەروەکو دوژمن بن نەک دۆست! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێزگرتنەکە، ڕێزێکی ڕاستەقینە نەبووە، چونکە کەسەکان خۆیان بڕیاریان بۆ نەداوە و ئەو جۆرە هاتوچۆیەش کەسایەتی مرۆڤی کورد زیاتر لاواز دەکات و زۆر جار مرۆڤەکان لە تەنیاییدا ڕقیان لە خۆیان دەبێتەوە و تووشی لە خۆ ناڕازیبوون و خاکەساریی دەروونی دەبن بۆ ئەو ئەرکانەی کە نەیانویستووە و کردوویانە.

**٤. حسابی تایبەتی بۆ ژن کردن:** لە هەندێ کۆمەڵگەدا ژن پلە و ڕێزێکی تایبەتی بۆ دانراوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەکەوە لە باوەشی ژندا دەخەملێ و پێدەگات، لەوانەشە هۆکاری تر هەبن بۆ ئەم ڕێزە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژن وەکو بوونەوەرێکی لاواز سەیر بکرێت و داب و نەریت بەسەر پیاواندا بیسەپێنێت کە لە شوێنە گشتییەکاندا چاودێری ژن بە شێوەیەک بکرێت کە هەروەکو لەگەڵ بوونەوەرێکی ئیفلیج و گۆجدا ڕەفتار بکات. بۆ نموونە لە شوێنە گشتییەکانی وەکو ناو پاس و ڕیزی شت کڕین وشوێنی تری لەم جۆرەدا پیاو شوێنی خۆی بۆ ژن چۆڵ دەکات، بەمەش ئافرەتانی کورد زیاتر خۆیان بە لاواز دێتە بەر چاو و سەرەنجام ڕادێن و هەموو کاتێ لە جیاتی پشت بە خۆ بەستن پشت بە پیاوان دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێکی ئاسانیش، تەنانەت لە کڕینی بلیتێکی سینەماشدا!

(زۆرجار لە کاتی شوێنکردنەوەی ژنێکدا لەناو پاسدا بە دەنگی بەرز و ڕاستەوخۆ پیاوان دەڵێن، کوڕینە هەڵسن با ئەو زەعیفانە دانیشن.. عەیبە!)، یان لە دوکانێکدا دوکاندارەکە دەڵێ(با ئەو زەعیفەیە بەڕێخەم!) ئەم وشەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بۆ سەر کەسایەتی ئافرەتی کورد و ڕۆڵی هەبووە لە ڕوخاندنیدا.

**٥. حسابی تایبەتی بۆ منداڵ کردن**

تێگەیشتنی زۆربەی ژن و پیاوانی کورد بۆ منداڵان ئەوەیە کە منداڵ بوونەوەرێکی نەزان و نەفامە. بۆیە زۆرجار چاوپۆشی لە هەڵەی منداڵان دەکرێت، لە کاتێکدا منداڵ ئەگەر چاک بە شێوەیەکی زانستی پەروەردە بکرێت زۆر لەوە زیاتر فێر دەبن و تێدەگەن کە گەورەکان گومان دەکەن. زۆرجار منداڵێک کە جنێو بە گەوردیەک دەدات لە شوێنێکی گشتیدا، جنێوپێدراو لەبەر خاتری دایک و باوکی منداڵەکە هیچی پێ ناڵێ و بە دەمیەوە پێدەکەنێ، ئەگەرچی گەلێکیشی پێ ناخۆش بووبێ. بەڵام لەبەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و لەبەر پەیرەوکردنی گەوردوبچووکی لە منداڵەکە خۆش دەبێ و ئامۆژگاری ناکا و هەڵەکەی ناخاتە بەر چاو.

کاردانەوەی گەورەکان هێند نارەوا و هەڵەیە کە منداڵەکان زیاتر چەواشە دەکات، لە ئاساییترین حاڵەتدا هەڵەی منداڵ سزاکەی لێدان دەبێت لە کاتێکدا زانستی دەروونزانیی منداڵان ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانەی بە گەورەیی تووشی تاوانکاری و دزیی و لادانی زایەندی دەبن، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی پەروەردەکردنی منداڵان و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا ژیاون.

**٦. حسابی تایبەتی بۆ پیرکردن:** داب و نەریتی کوردەواری و ئایینیش ئەوەی فەرزکردووە کە ڕێزی تایبەتی لە پیر بگیرێت و دایک و باوکان لە لایەن ڕۆڵەکانیانەوە هاوکاری بکرێن، تا ئێرە ڕەوشتێکی جوان و لۆژیکی یە، ئەگەر بە ڕۆحێکی ڕاستگۆیانە و مرۆڤدۆستییەوە پەیڕەوی بکرێت. هەروەها لەبەر نەبوونی خانەی تایبەتی بۆ پیر و پەککەوتەکان و نەبوونی هیچ یارمەتی و کۆمەکێکی دەوڵەتی بۆ پیرەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوان ناچار دەبن لەگەڵ کەس و کار و کوڕو کچەکانی خۆیاندا بژین.

بەڵام ئایا ڕێزێکی مرۆڤدۆستانە لە پیر و پەککەوتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە گیراوە؟ نموونەی ئەو کوڕ و کچانەش کەم نین کە دایک و باوکی پەککەوتەی خۆیان فرێدابێتە نێو مزگەوتەکان. یان لە هەندێ حاڵەتی تردا و لای هەندێ کەسانی تر بە ڕواڵەت و لەبەرچاوی گشتیدا ڕێز لە پیرەکان دەگرن و بەڵام هەر کە تەنیا بوونەوە داخی خۆشیانیان پێ دەڕژێن، ئەم کردارەش یەکێکە لە ڕەوشتە دژەکان کە لە کەسایەتی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا دەبینرێ.

**سەرەنجام:** نوێکردنەوەی خێزان سەرەتایە بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە پێوەندی ڕاستەقینەی وا کە لێواولێو بێت لە ڕێز و خۆشەویستی. ئەمەش پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆنی خێزانە، پێویستی بە کۆتای هاتنی ئەو سیستەمە عەسکەرتاریی باوکسالارییەیە و لە جێگەی ئەوەش هەوڵی دیموکراتیزەکردنی ئەو پێوەندییانە بدرێ. ئەم نوێکردنەوەیەش سەلیقە و لێوەشاوەیی گەرەکە و پێویستی بە کەسانێکی شارەزا و بوێر هەیە، دەبێ لە ساوای تازە لە دایکبووی ئەمڕۆوە دەست پێبکرێت کە دایک و باوکی دوارۆژن.

مێژوویەکی دوور و درێژ، ساڵ هاتووە و چووە، بەڵام کۆمەڵگەی کورد ئیدی چ لەبەر هۆکارە ناوەکییەکانی بێت، یان لەبەر هۆکارە دەرەکییەکانی، گۆڕانی نەبینیوە و هەر لەسەر هەمان ڕێبازی کۆنی سیستەمی خێزان دەچێ بە ڕێوە و گۆڕانکارییەکانی بە خێرایی کیسەڵ دەپێورێت.

وا سەدەی بیستەمیش دوا لاپەڕەکانی خۆی هەڵدەداتەوە و دەگوزەرێ، بەو هیوایەی نەوەی کوردی سەدەی بیست و یەکەمیش نەبنە قوربانی هەمان سیستەمی پڕ گرێ و هەڵەی پەروەردەکردنی منداڵان و شێوەی کۆنی زەماوەند و هاوسەرایەتی.

بۆ ئەوەی منداڵانی داهاتووشمان نەبنە بار بەسەر دنیاوە، ئێستاش دەست پێبکەین هێشتا درەنگە، نەخوازڵا سبەینێ کە ئێجگار درەنگ دەکەوین.

* * *

# با شوێن پێی تاوانبار هەڵگرین

نووسین و وەرگێڕان:

سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم

هەڵەبجە، بالیسان، شێخ وەسانان، تووتمە، قەرەداغ، دۆڵی خۆشناوەتی و چەندین شوێنی تر هێما بۆ تاوان دژی مرۆڤایەتی دەکەن. هەر چۆن قوربانییەکان ناو و ئەدرێسیان هەیە، تاوانبارەکانیش وەک تاکەکەس، حکوومەت، یاسا و سیستێم بە هەمان شێوە. ئەمانە تا ئێستاش بە ئازادی بازرگانییەکەیان وەک جاری جاران بەڕێوە دەبەن، وەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت و کەسیش لە دژیاندا پرۆتێستۆی نەکردووە و، کەسیش نییە ڕێگایان لێ بگرێت. لە ساڵیادی ئەم تاوانەدا، سیمینار لە دوای سیمیناردا دەبەستریت، تێیدا باسی کارتێکردنەکانی ژەهرە بەکارهێنراوەکان دەکەن، هەڵبجەی دایکمان ناوی «پرۆژەی هەڵبجەی»ی لێدەنێن، هەوڵی دامەزراندنی پەیمانگایەک بۆ لێکۆڵینەوەی پزیشکی دەدەن و بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بە کاری دەهێنن (دەیانەوێ بەم هەوڵانە دەستی تاوانی خۆیان پاک بکەنەوە)، لە ناو هۆڵەکاندا وەک یادکردنەوە یادیان دەکەنەوە و وتار لە دوای وتاری خەمناکانە دەخوێننەوە، پرسەباریی خۆیان دەردەخەن، لە کاتێکدا هەڵەبجە پێویستی بە پرسەگرتن نییە، زۆر دەمێکە پێویستی بەوەیە بریندارەکان چارەسەر بکرێن. هەڵەبجە زیاتر پێویستی بە: دەستنیشانکردنی تاوانباران (نەک تەنها مرۆڤکوژەکەیان سەددام)؛ داوای قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژیی دەوڵەت و سیستێمە دیمۆکراتەکان بکرێت؛ ئەو سیستێمە مەحکووم بکرێت کە بە بەرهەمهێنان و بازرگانیی چەکی کیمیاوی و چەکی قورس و قورستر، بە دوای قازانج دەگەڕێت؛ هەروەها بە هەموو ڕێگایەک هەوڵی قەرەبووی زیانەکان بکرێت.

لێردا باشتر وایە بە دوای شوێنی تاوانبارانداربگەڕێین، ناویان بهێنین، پەردە لە سەر درۆکانیان هەڵماڵین و، داوای دادگاییکردنی ڕاستەقینەیان بۆ بکەین. گەر بەم هەوڵەیش مافەکانمان دەست نەکەوێت، ئەوا نیشانەیەکی دیکە دەپێکین: هەژارانی گەلەکەمان بەو ڕاستییە بەلگە نەویستە ناشنا دەکەین، کە دەسەڵاتدارانی دیمۆکراتی پەرلەمنتاریی؛ ئەوانەی خۆیان بە شارستانی لە قەڵەم دەدەن و لە کوردستاندا حیزب و ڕێکخراو هەن بە باڵایان دێن، دروستکەر و فرۆشەر و بازرگانیکەری غازی کیمیاوی و چەکی بەکۆمەڵکوژیی جۆراوجۆرن!! هەژارانی کوردستان لە ژێر ناوی منداڵە بە غازکوژراوەکانمان ناوی تاوانباران بنووسن و وەک پێشەنگی مرۆڤایەتی بانگەوازی دێرین: ناشتی، ناشتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ گەلان، دنیای بازرگانیکەران بە کوشتنی بەکۆمەڵ گەڕ بکەین!

ڕۆژنامەی (die tageszeitung) لە ١٩٨٤/٣/٢٨دا ئەم هەواڵە بڵاودەکاتەوە: "ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەلماندی، کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی ئێران بە کارهێناوە. سەرۆکی ڕێکخراوی ناوبراو«خافێر پیریس دیکۆیلار» چوار پسپۆری خەڵکی (سوێد، سویسرا، ئیسپانیا و ئوسترالیا)ی ڕەوانەی ناوچەی جەنگی عێراق و ئێران کردووە. ناوەرۆکی ڕاپۆرتی ئەم زانایانە هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەندێ بۆمبا بەکارهێنراوە، کاتی خۆی لە جەنگی جیهانی یەکەم بەکارهێنراوە و بە گوێرەی پرۆتۆکۆلی جنێڤ لە ساڵی ١٩٢٥، ماددەی غازی (زێنف)ی تێدا بووە"

ڕۆژنامەی (فراکفۆرتە ئەلگماینە) لە ١٩٨٤/٣/٣١ لە ژێر سەردێڕی «سی ئای ئەی: غازی عێراقی بە یارمەتی ئەڵمانی» وتارێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: بە گوێرەی زانیاریی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز، سی ئای ئەی ئاگادارە لەوەی کە عێراق، بە یارمەتی شیرکەتی ئەڵمانی، غازی تابون (جۆرە غازێکە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ئەڵمانیا دۆزراوەتەوە) دروست دەکات. لە چەند حەفتەی ڕابردوودا چەند جارێک ڕاپۆرتەکان خراونەتە بەر دەستی ڕێگان، بە بێ ئەوەی هەڵوێستێکی لە سەر وەربگرێت...

قسەکەرێکی وەزارەتی ئابووری ئەڵمانی گوتی، داموەدزگای دروستکردنی ماددەی قەڵاچۆکردنی مێرووە زیانبەخشەکان بۆ عێراق نێردراوە و لە مانگی سێپتەمبەر دەکەوێتە کارکردن. بەڵام نوێنەرێکی شیرکەتی کارل کۆڵپ، فرۆشتنی ئەم داموەدزگایەی بە درۆخستەوە. لە شارۆچکەی درای ئایش لە نزیک فرانکفۆرت، شوێنی شیرکەتی پیلۆت پلانت، لەم بارەیەوە لە ڕۆژی هەینیدا دانی نا بە ناردنی داموەدزگای هەوڵی دروستکردنی "کەمترین مێقدار" لە ماددەی پستیسیدن بۆ عێراق. لە هەمان ڕۆژدا قسەکەرێکی شەریکەکە بە (نیۆیۆرک تایمز)ی گوت دەتوانم بڵێم، ئەو

داموده‌زگایه، داموده‌زگایه‌کی لێتوژینه‌وه‌یه و ناتوانن ماده‌ی کیمیاوی جه‌نگی پێ دروست بکه‌ن. من میشکم بۆی ناچێت بتوانن سوود وه‌ربگرن له‌و داموده‌زگایه بۆ دروستکردنی تابون، به‌ڵام به دووریشی نازانم."

پێده‌چێت ئه‌م هه‌واڵه بۆمبێکی کاتی بوو و ته‌قییه‌وه، ئیتر له چه‌ندین ئاستی سیاسی و ڕۆژنامه‌گه‌ریی جیاجیا که‌وتنه پرسیارکردن و لێکۆڵینه‌وه. لێره‌دا پێویست به بلیمه‌تییه‌کی تایبه‌ت ناکات تا مرۆڤ ده‌ست بۆ دوژمنی مرۆڤایه‌تی درێژ بکات. هه‌ر له هه‌مان ڕۆژدا، ڕۆژنامه‌ی فرانکفۆرته ئه‌لگماینه له ژێر سه‌ردێڕی "بۆن: هیچ داموده‌زگایه‌کی غازی ژه‌هراوی بۆ عێراق نه‌چووه" ئه‌م هه‌واڵه‌ی بڵاوکرده‌وه:

بۆن، ۳/۳۱ (dpa) ئه‌و لێکدانه‌وه‌یانه له لایه‌ن حکوومه‌ته‌وه به‌ڕه‌چ درایه‌وه، که گوایه له عێراقدا غازی ژه‌هراوی بۆ جه‌نگ له دژی ئێران، به یارمه‌تی ناردنی داموده‌زگایه‌ک بۆ دروستکردنی ماده‌ی قه‌ڵاچۆکردنی مێرووه زیانبه‌خشه‌کانی شیرکه‌تێکی ئه‌ڵمانی دروست ده‌کرێت. قسه‌که‌ر دانی به ناردنه‌که ناوه، به‌ڵام گوتی "هێشتا دانه‌مه‌زراوه"... فرۆشتنی ئه‌و جۆره داموده‌زگایه پێویستی به مۆڵه‌تی حکوومه‌تی نییه و له سه‌ر لیستی ئیکسپۆرتی قه‌ده‌غه‌کردنی جیهانی نییه. له دریژه‌ی قسه‌کانی بۆنیش، قسه‌که‌ری حکوومه‌ت گوتی "ئه‌و غازی پێسته که به‌کارهێنراوه له بریندارکردنی سه‌ربازه ئێرانییه‌کان بینراوه، له‌و داموده‌زگای هه‌وڵدانه که له ئه‌ڵمانیا نێردراوه دروست نه‌کراوه".

حکوومه‌تی ئه‌ڵمانیا ڕێ به خۆی ده‌دات به بێ لێکۆڵینه‌وه و پشکنین یان به‌ڕاستی به دوای تاوانه‌که بکه‌وێت، یه‌کسه‌ر ده‌ڵێت: نه‌خێر شتی وا نه‌بووه!!...

پاش تێپه‌ڕبوونی چه‌ند مانگێک به سه‌ر ئه‌م هه‌واڵه و نووسینانه‌دا، ڕۆژنامه‌ی (ڤیسه‌کوریر) له ۸٤/۷/۳۰ له ژێر سه‌ردێڕی "بۆن توێژینه‌وه ده‌رباره‌ی پرۆژێکتی ـ کیمیاوی ده‌کات" نووسیویه: حکوومه‌ت ده‌یه‌وێت جارێکی تر له بنه‌ڕه‌ته‌وه بکه‌وێته لێکۆڵینه‌وه ده‌رباره‌ی ناردنی داموده‌زگای ته‌کنیکی بۆ دامه‌زراندنی فابریکێکی گه‌وره‌ی کیمیاوی بۆ دروستکردنی ماده‌ی قه‌ڵاچۆکردنی مێرووه زیانبه‌خشه‌کان له لایه‌ن دوو شیرکه‌تی ئه‌ڵمانییه‌وه. قسه‌که‌رێکی حکوومه‌ت گوتی که له چوارشه‌مه‌دا له کابینێت له‌باره‌یه‌وه دواون. هیلموت کۆل گوتی "ده‌بێ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه به هه‌موو ئه‌و ئامرازانه‌ی له ژێر ده‌ستماندان لێی بکۆڵینه‌وه". به گوێره‌ی زانیارییه‌کانی گۆڤاری (دێر شپیگل) "له ساڵانی ڕابردوودا وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه هه‌وڵی بێ سه‌رئه‌نجامی داوه له‌گه‌ڵ ئه‌و شیرکه‌تانه‌ی وا له‌م پرۆژه‌یه به‌شدارن (کارل کۆلب، Co. KG، Equipment، پیلۆت پلانت) بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ست له‌و بازرگانییه له‌گه‌ڵ عێراق هه‌ڵبگرن. شیرکه‌ته‌کان داوای قه‌ره‌بوویان کردووه، ئه‌گه‌ر بازرگانییه‌که‌یان به هۆی (بۆن) وه زه‌ره‌ری لێبکه‌وێت، کابینێت له سه‌ر ئه‌وه ڕێککه‌وتن که جارێکی تر داوا له عێراق بکرێت ڕێ بدات به کۆمیسیۆنێکی سه‌ربه‌خۆ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و داموده‌زگایه بپشکنن. عێراق هه‌تا ئێستا ڕێگای به‌م پشکنینه نه‌داوه.

حکوومه‌ت له وه‌ڵامی پرسیارێکی حیزبی سه‌وزه‌کان له ۲ی یولی گوتی له ساڵانی ڕابردوو که هه‌ردوو شیرکه‌ته‌که له لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئابووریی ده‌ره‌وه پشکێنراون و بۆیان ده‌رکه‌وتووه که ئه‌مانه له ساڵی ۱۹۷۵وه حه‌وت ده‌زگای شووشه‌یی موخته‌به‌رییان بۆ عێراق ناردووه که بۆ دروستکردنی ماده‌ی قه‌ڵاچۆکردنی مێرووه زیانبه‌خشه‌کان دیاری کراوه، دوو ده‌زگای تریان بۆ دروستکردنی به‌رهه‌مهێنانی قۆناغی پێش دروسکردنی ماده‌ی پیسیستسید ناردووه.

له ژماره ۳۱ی گۆڤاری (دێر شپیگل)دا هاتووه: ئێستا شیرکه‌ته‌کان که به شێوه‌ی که‌سایه‌تیشه‌وه به‌و دروستکردنه به‌ستراونه‌ته‌وه، خه‌ریکن له نزیک شاری سامه‌را، ده‌زگایه‌کی کیمیاوی گه‌وره دامه‌زرێنن.

پاش تێپه‌ڕبوونی سێ ساڵ به سه‌ر ئه‌م هه‌واڵ و بۆچوونانه که هه‌روا به‌بێ چاره‌سه‌ر مانه‌وه، کۆمه‌ڵێ زانیاری نوێ و وردتر له گۆڤاری شتێرن له ۱۹۸۷/۲/۱۹دا بڵاوکراوه‌ته‌وه. شتێرن وتارێکی له ژێر ناوی: ناردنی که‌ره‌سته‌ی تر بۆ (Seep). شیرکه‌ته ئه‌ڵمانییه‌کان به داموده‌زگا یارمه‌تی شیرکه‌تی عێراقی «سیپ»یان داوه بۆ دروستکردنی غازی ئه‌عصاب و یارمه‌تییان داوه بۆ دروستکردنی ماده‌ی جه‌نگی بۆ جه‌نگ له‌گه‌ڵ ئێران بڵاوکردووه‌ته‌وه.

له گه‌ڵ ئه‌م وتاره وێنه‌یه‌ک که به سه‌ته‌لایه‌ت گیراوه بۆ داموده‌زگای نهێنی له نزیک شاری سامه‌را و بۆ یه‌که‌م جاره بڵاوکراوه‌ته‌وه و له ژێریدا نووسراوه: مانگانه ٦۰ ته‌ن تابون له شیرکه‌تی چه‌کی کیمیاوی دروست ده‌کرێت.

ئه‌وه‌ی زۆر گرینگ بێت له‌م وتاره‌دا له ۳۱ی ئۆگوستی ۱۹۸۵دا نووسینێک گه‌یشتووه‌ته کۆنزێرنی پرۆیساک له هانۆڤه‌ر بۆ «ئۆتۆ هۆلسته» به‌رپرسی به‌شی ناردن، تێیدا عێراق داوای ناردنی ۲۵٦ به‌رمیل ماده‌یه‌کی کیمیاوی ده‌کات. دکتۆر مه‌روان ریفاعی، به‌رپرسی هۆلسته گوتی: زۆر سه‌یرمان به‌م نامه‌یه هات، چونکه پرۆیساک هیچ کاتێک بازرگانی کیمیاوی له گه‌ڵ عێراقی نه‌بووه و پاشان پرسیاری له هاوکاره‌که‌ی کردووه که ئه‌و نامه‌یه‌یان به هه‌ڵه پێگه‌یشتووه. پاش چه‌ند ده‌قیقه‌یه‌ک ته‌لکسێکی تر گه‌یشت و تێیدا نووسرابوو له ڕاستیدا هه‌واڵه‌که‌مان بۆ شیرکه‌تی (دوبل یو. ئی. تی)یه. تکایه نامه یه‌که‌مه‌که له‌ناو ببه‌ن. د. ریفاعی گوتی "پیته‌ر لایفه‌ر و ئۆتۆ هۆلسته له پشته ملێی کۆنزێرنی پرۆیساک بازرگانییه‌که‌یان ده‌که‌ن.

۱) شیرکه‌تی (WET) له‌گه‌ڵ نه‌زار ئه‌لقازی نوێنه‌ری شیرکه‌تی ئه‌ڵمانی (پرۆیساک) له به‌غدا عه‌قدێکی به‌ستووه، ئه‌میش له‌گه‌ڵ (State Establishment for Pesticides production) له (سیپ) عه‌قدی به‌ستووه.

۲) عێراق له ناوه‌ڕاستی حه‌فتاکانه‌وه له شوێنی ناوبراودا، خه‌ریکی دروستکردنی ماده‌ی پاراستنی ڕووەک بووه.

۳) نزیکه‌ی نیو میلیارد مارکیان خه‌رج کردووه بۆ دروستکردنی ئه‌م ماده‌یه. شتێرن به ته‌وسه‌وه ده‌نووسێت "باڵوێزی عێراقی له بۆن عه‌بدولره‌زاق ئه‌لهاشمی، ئێستاش له‌و بڕوایه‌دایه که ئه‌و پاره‌یه ته‌نها بۆ دروستکردنی ماده‌ی پاراستنی ڕووەک خه‌رج کراوه".

٤) سێ حه‌فته پاش یه‌که‌م تاوانبارکردنی پیلۆت پلان و کارل کۆلپ، هاوسه‌ره‌کانی هۆلسته و لایفه‌ر پێکه‌وه له‌گه‌ڵ راینهۆلد کراوز کۆپف بازرگانی ئه‌لکترۆن شیرکه‌تی (WET)یان دروستکرد و له ژماره HRB 32783 دا له سجیلی بازرگانی ناونووس کرا. له دیسه‌مبه‌ری ۱۹۸۵دا لایفه‌ر و نه‌زار ئه‌لقازی له کۆنزێرنی پرۆیساک ده‌رچوون و بوون

به بەڕێوەبەری بازرگانی ئەم شیرکەتە.

پاش ئەم هەواڵ و لێکۆڵینانە (ئەمەی لەم نووسینە وەرم گێڕاوە تەنها نموونەیەکی زۆر زۆر کەمن و تەنها ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانە دەکەم کە پێوەندییان بە بازرگانی غازی کیمیاوییەوە هەیە. ئو هەوالانەی کە عێراق بە یارمەتی ئەڵمانیا بە ڕێگای بەرازیلەوە بەرنامەی ئەتۆمی بەرازیل بە پلەی یەکەم لە سەر پێکەوەکارکردنیان لە گەڵ ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت ـ هەوڵی جدی دروستکردنی چەکی ئەتۆم دەدات. ئەمە بە گوێرەی ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە ٩٠/٩/٥. هانز کلاین قسەکەری حکوومەت لە ٩٠/٩/٦ لە هەمان ڕۆژنامەدا، بەڕەچی ئەم هەواڵەی داوەتەوە ــ بایەخم پێنەداوە) ڕۆژنامەی (دی تاگس تسایتونگ) لە ٩٠/٨/١٨ دا هەواڵێک بەم شێوەیە بڵاوەدەکاتەوە: غازی ژەهراوی لە ئەڵمانیاوە. لە خوارێوە "گرتنی حەوت جاشی بازرگانی غازی کیمیاوی ئەڵمانی".

ڕۆژنامەی (نۆیە تسیورشە تسایتونگ لە ٩٠/٨/١٩) دا هەواڵێکی لە ژێر ناوی "بازرگانی غازی کیمیاوی ئەڵمانی لەگەڵ عێراق" بڵاوکردەوە. لەم هەواڵە نووسراوە: دارمشتات، ٨/١٧ "لە ڕۆژی هەینیدا لە ئەڵمانیا حەوت کەس دەسگیر کران بە هۆی گومانکردن لەوەی کە دامودەزگای بەرهەمهێنانی غازی جەنگیان بۆ عێراق ناردووە. یەکێک لە گرتراوەکان ناوی ئەلقازی یە کە پسپۆڕی بەشی عێراقە لە دەزگای موخابەراتی ئەڵمانی (BND) و کارمەندانی پیلۆت پلانت لە درای ئایش و WET لە هامبورگ و بەشێکی ئیلسپۆرتی پرۆیساک لە هانۆڤەر. هەروا ئێستا لەم بواردا لەگەڵ ٢٠ کەسی تر وەک تاقەکەس یا وەک کارمەندی شیرکەتەکان لێپیدەکوڵدرێتەوە."

ڕۆژنامەی دی تاگس تسایتونگ لە ٩٢/١١/٢٤ "نەختێک" پێشانمان دەدات بۆچی پێشتر لە ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان لەم چەکدارکردنەی عێراق بەدەنگ نەهاتووە، لەم ژمارەیەدا ئەم هەواڵە بڵاوەدەکەنەوە "لەندەن ــ بەگوێرەی هەوالی ڕۆژنامەکان، عێراق پێش جەنگی کەنداو «مصادقە»ی ئەمریکا و بریتانیای مسۆگەر کردووە بۆ کڕینی چەک. لە نێوان ١٩٨٩ و ١٩٩٠ عێراق نەوتەکەی نە نرخێکی هەرزانتر لە نرخی وڵاتەکانی کەنداو بە ئەمریکا و بریتانیا فرۆشتووە. دوێنی ڕۆژنامەی گاردیان ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە. مۆلتی نەوتی ئەمریکاییەکان قازانجێکی زۆریان کردووە. لەم بارەیەوە گاردیان هێمای کردووە بۆ دوکۆمێنتێکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لە مارسی ١٩٨٩".

لە ٩٣/٢/٤دا ڕۆژنامەی زویدتسیتونگ هەوالی "گرتنی (ئانتۆن ئایرل تەمەن ٦٨ ساڵ و والتر دیتل تەمەن ٦٦ ساڵ و هیندییەک بە ناوی سوبرامانیام ڤینکاتارامانان تەمەن ٤٣ ساڵ) سێ مەنیجەری شیرکەتی (راین ــ بایرن فارتسویگ باو) کە شوێنەکەی لە (کاوف بۆیرن)ە سەر بە شاری نۆگسبۆرگ. ئەمانە لە ساڵی ١٩٨٧ ــ ١٩٩٠ چەکیان بە نرخی ٣٠ میلیۆن مارک بە عێراق فرۆشتووە".

لە ڕۆژی ٩٢/٩/٢٢دا، ڕۆژنامەی دی تاگس تسایتونگ هەوالی سزادانی سێ مەنیجەری کۆنزێرنی بڵاوکردووەتەوە. تاوانەکەیان بریتی بووە لە ناردنی ٣٥ (T urbopumpen) بۆ عێراق. سزاکەیان لە نێوان ٤-١٢ مانگ زیندان (لە ژێر چاودێری)، بەبێ ئەوەی بەڕاستی زیندانی بکرێن".

حکوومەتی ئەڵمانیا دەیەوێت بەرپرسی تاوانە گەورەکەی بە گرتنی چەند «بازرگانێک» پاک بکاتەوە و ئێمەش بێدەنگ بکات و تەواو! هەموو مەسەلەکان لابەلا کران! دەسەلاتی دیمۆکراتییەتی پەرلەمانی زامنی دادپەروەری یە! بۆ ئاگاداری، شیرکەتە زلهێزەکان پێکەنینیان بە سزادانەکان دێت، چونکە ئەوەی بە شکاندنی یاساکانی ئیکسپۆرت مەحکووم بکرێت، لە ٥٠٠ مارک تا ١٠٠٠٠مارک سزا دەدرێت! جا ئەم پارەیە چییە بۆ شیرکەتێک هەستابێت بە فرۆشتنی چەک بە نرخی چەند میلیۆنێک؟ هەروا دادگایی کردنەکان "لەبەر کورتهێنانی بەڵگەکان" بەبێ ئەنجامی دادپەروەرانە کۆتاییان پێدێت.

بۆیە ئێمە ئەوەندە بێئاگا نین تا بەم کارە گومانلێکراوە قایل بین و ڕێبدەین تاوانەکان تەنها بەبن بە یادگارییەکی دڵتەزێن. لێرەدا لیستی سەرجەمی یارمەتیدان و پشتگیری کردنی ئەڵمانیا بۆ بەهێزکردنی سەربازیی عێراق بڵاوەدەکەینەوە. نرخی ئەم چەکدارکردنە بە گوێرەی ئینستیتووتی لێکۆڵینەوەی ئاشتی سوێدی (SIPRI) لە دە ساڵی ڕابردوودا (لە گۆڤاری "شوێنی تاوان: عێراق" لە ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە) گەیشتووەتە نزیکەی ٨٠ میلیارد دۆلار. ڕۆژنامەی (هاندل بلات لە ٤/ ٣-٨/ ١٩٩٠؛ MEED لە ٨١/٣/١٣ و ٨١/١/٣٠؛ ٨١/١٠) ئاماری ڕەسمی حکوومەت دەربارەی بازرگانی ئەڵمانیای لەگەڵ عێراق بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە: لە ١٩٧٠: ٧١ میلیۆن مارک بووە و لە ١٩٧٥: ٢,٦ میلیارد مارک؛ ساڵی ١٩٨٠: ٣,٣ میلیارد مارک؛ لە ١٩٨١: ٦,٦ میلیارد مارک؛ ١٩٨٢: ٧,٦ میلیارد مارک؛ لە ساڵی ١٩٨٣: ٣,٧ میلیارد مارک؛ ١٩٨٧: ٨٢٣ میلیارد مارک؛ ١٩٨٨: ١,٦ میلیارد مارک؛ ١٩٨٩: ٢,٢ میلیارد مارک. لێرەشدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە سیستێمێک لە سەر قازانج ڕاوەستابێت، ڕێگا لە بازرگانی بە بارەگایەکی وا خەیالاوی ناگرێت.

ئەوانەی دەنگیان بەرانبەر ئەم تاوانە بەرزکردەوە بریتین لە کۆمونیستەکان و چەپ و لە پێشی پێشەوەیان ڕێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیۆنال. میدیکۆ بە یەکەم ڕێکخراو دادەنرێت دەستپێشخەری کردووە لە داوای قەرەبووی زیانەکان بۆ قوربانیانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان. بەڕێز هاند براندشاید لە نامەیەکدا کە لە (تاتس تسایتونگ، ٩٠/٨/٣٠) بڵاوکراوەتەوە، پرسیار دەکات "بۆچی دەستەی فراکسیۆنی حیزبی سەوزەکان بە ناوی ئەوانەی لە هەڵەبجەدا لە مەرگ ڕزگاریان بوو، لە دژی حکوومەتی ئەڵمانیا داوای قەرەبووی زیانەکانیان بۆ ناکەن؟..." لە هەمان لاپەڕەی گۆڤاری (چەک بۆ سەددام ــ دەربارەی پێوەندی موخابەراتی ئەڵمانی لەگەڵ عێراق. دیکومێنتاتسیون، بە ئەڵمانی، لاپەڕە ٤)دا هەواڵێکی ڕۆژنامەی دی تسایتونگ لە ژێر سەردێڕی "میدیکۆ داوا دەکات لە حکوومەتی ئەڵمانی قەرەبووی زیانەکان بۆ کوردە قوربانییەکانی غازی ژەهراوی بدات" بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە: دەبێ حکوومەتی ئەڵمانی ٥٠٠ میلیۆن مارک بدات بۆ قوربانییەکانی هێرشی غازی کیمیاوی عێراق بە سەر هەڵەبجە کە لە مارسی ١٩٨٨ دا (٥٠٠٠) کەسی کوشت و نزیکەی (٥٠٠٠)کەسیشی بریندار کرد". ■

ڕاڤانی کتێب:

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

عەبدولقادر دەباغی

کتێبێک بە ناوی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» نووسراوی بەڕێز کاک **حامید گەوهەری** وەک دیاری و یادی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی لە لایەن خۆدوە گەیشتە دەستم و چاوی ڕوون و دڵی گەشاندمەوە، گەرچی کۆنە بریانی کولاندمەوە.

بە پێویستم زانی کە بەشبەحاڵی خۆم وەک ڕوونکردنەوە، نەک ڕەخنە وڵێکۆڵینەوە سەرنجی نووسەری ئازیز و خوێنەرانی بەڕێز بۆ چەند خاڵێک ڕاکێشم.

١) لە بەشی سەرەتادا، لام وایە بە گورجی بە سەر بەسەرهاتی تاڵی پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوی لەلایەن نەوە و نەتیجەکانی شێخ سەفیەدینی کوردی سوننی مەزهەب و بردوپێدان بە مەزهەبی شیعە و کوشوکوشتاری سوننییەکان و شەڕەکانی چەند سەد ساڵەی نێوان دەوڵەتی سوننی عوسمانی و دەوڵەتی شیعەی سەفەوی تا پەیمانی سیڤر و لۆزان تێپەڕیوە؛ دەبوو چەند لاپەڕەیەکی دیکەی سەبارەت بە ناکام و زیانەکانی ئەو کاردساتەی نووسیبا.

٢) سەبارەت بە شۆڕشی ڕێبەر و سیاسەتوانی مەزنی کورد شێخ عوبەیدوللای شەمزینی، ڕەنگە بێ لوتفی کرابێ، چونکە ئەو زاتە پیرۆزە داهێنەر و بردوپێدەری هەستی کوردایەتی و سەربەخۆییخوازی لە کوردستانی ئێرانە، شارەزای تەواوی لە سیاسەتی ڕۆژ و بەتایبەتی فەسادی بەرتیلخۆریی ناسرەدین شا و وەزیر و کاربەدەستانی تاران بووە و تەنانەت کەڵکی لە نێونانخۆشیی ناسرەدین شا و بۆ باوکی عەببباس میرزا کە دایکی کورد و محەمەدشا پڕ بەدڵ دەیویست ئەو بکا بە جێنشینی خۆی، بەڵام دەسیسە و مەکر و داوێنپیسیی مەهدعولیا دایکی ناسرەدین شا نەیهێشت. شێخی زانا ویستی لەو مەسەلەیە کەڵک وەرگرێ و تەنانەت لەوانەیە لە پێشدا عەببباس میرزاش ڕازی بووبێ و قەولی شەرەفیشی دابێ، بەڵام کاتێ شێخ نامەی بۆ دەنووسێ کە من لێرەوە دەست پێدەکەم و تۆپش هەستە و داوای سەڵتەنەتی ئێران بکە؛ مخابن ئەو ناپیاوە نامەکەی شێخی بردە لای ناسرەدین شا و پیاوەکانی شێخی تەسلیمی کرد کە شەهید کران.

ناسرەدین زانی کارەکە زۆر گرینگە بە گورجی نامەی تایبەتی بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسی و سەردەرای نەوەش هانای بۆ ئیمپراتوری بریتانیا و ڕووسیە برد و داوای کرد کە فشار بۆ سوڵتان بێنن کە پشتگیری شێخ و مەسەلەکەی کوردستان نەکات. عوسمانییەکان پەشیمان بوونەوە و شێخ زانی کە توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو گەلە گورگەی نییە و کشایەوە. لە ئەستەمبوڵ بە حورمەتەوە دورخرایەوە بۆ تایف لە عەرەبستانی سعوودی. بەو حاڵەش هەستی کوردایەتی و سەربەخۆییخوازی لەو بنەماڵەدا وەک میراتێکی بەڕێز مایەوە و شێخ عەبدولقادری کوڕی کە لە نێو موورید و مەنسووبەکانیان بە (غەوسی سانی) نێودەبرێ و سوێندی پێدەخورێ لەگەڵ شێخ مەحەمەدی کوڕی و دەیان کەس لە بنەماڵە و هاوبیرانی لەلایەن مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال مەحکووم کران وو لە سێدارە دران.

٣) لە باسی پەیمانی سیڤردا دەبوو ئەو سێ مادەی کە ڕێگای پێکهێنان و دامەزرانی دەوڵەتی کوردی دەدات بنووسرابا و هەروەها پەیمانی شوومی لۆزان و هۆیە سیاسییەکانی، گەرچی لە باسی کۆمەڵەشەوە دوور بن.

٤) لە لاپەڕەی ٣٢دا، سەبارەت بە بەهەشتی عەزیزی زەندی هەروەک ئیشارەی پێکراوە نێوبراو لە گوندی (قالوێ)ی زەندانەوە هاتووەتە مەهاباد و لای هەینەتێکی ئالمانی دامەزراوە و چەند وشەیەکی ئالمانی فێر دەبێ و بە عەزیز ئالمانی دەناسرێ. پاش ڕۆیشتنی ئالمانەکان ناچار گۆشە دوکانێک پەیدا دەکا و خەریکی واکس لێدان و پینەچێتی دەبێ، بەڵام هەستێکی ئازادیخوازی و کوردایەتی دەچێتە میشکیەوە و بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان لەگەڵ چەند کەسێک جموجوولێکی سیاسی دەکەن و تەنانەت بۆ پەردەپێدانی فکرەکەیان ــ کاتێک حەمە ڕەشیدخانی بانە سەقزی گرت، بەهەشتی عەزیز زەندی هاتە سەقز و بە هۆی ئاشنایەتی لەگەڵ بابم میوانی ئێمە بوو. ڕۆژێکی جومعە گوتارێکی بەرزی خوێندەوە و قسەی کرد، بەڵام بە هۆی عەشایەربازی و ڕاوەڕووت خەڵک بە پیریەوە نەهاتن و ئەویش بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە و وابزانم دوکانی حیزبەکەشی گاڵە درا. کاک حامید دەنووسێ کە نێوبراو لە ساڵی ١٣١٨ هەتاوی (١٩٣٩ زایینی) دەگەڵ چەند کەسێک کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردیان بنیات ناوە، بەڵام هاوبیرەکانی گیراون و ئەمیش چووەتە ئالمان و دانشکدەی حقوقی تەواو کردووە و پلەی دوکتورا وەردەگرێ و بووە بە پارێزەر و لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی دەگەڕێتەوە مەهاباد...

خوێندنەوەی ئەو داستانە بۆ من جێگای سەرسوڕمانە، ئاخر چۆن کابرایەکی پینەچی لەو گەرمەی شەڕی جیهانیی دووهەمدا لە کوردستانەوە دەگاتە ئالمان؟! بە کام وەسیلە و پاسپۆرت لەو سەردەمەدا کە کورد گوتەنی: گۆشتی برژاو دەرنەدەچوو، لە نێوان چەندین دەوڵەتدا تێپەڕێ؟ خۆ ئەو وەختە لە ئێران و عێراق و وتورکیاش شرکەتی فرۆکە نەبوو، فرۆکەی شەڕ نەبا لە عاسمانی ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرووی ئەفریقاش نەیاندەتوانی بە عاسماندا بگەڕێن، ئەویش بڕێ جار وەکگەڵای پایز دەپێکران وو وە عەرزی دەکەوتن، ئاغای زەندی لە کام ڕێگا و بەکام فرۆکە ڕۆیشت؟ سەردەرای ئەمانەش لە گەرمەی شەڕ و داگیرکردنی یەک لە دوای یەکی وڵاتانی باڵکان و سەرووی ئورووپا و

تەنانەت فەرەنسەش لەلایەن هێزەکانی هیتلەرەوە واتا لە ساڵەکانی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ تەواوی نەتەوەی ئاڵمان دەبوو بۆ شەڕ و سەرکەوتنی سپاهی و نیزامی لە تێکۆشاندابان، چۆن لەو ئاگربارانەدا ئەو لە زانستگا قەبوڵ و چۆن لە ماوەی کورتی دوو ساڵدا، زمانی ئاڵمانی بە شێوەیەک فێر بووە کە تێز یا ریسالەی دوکتورای پێ بنووسێ؟ ئایا لەم زەمانەدا کە فڕۆکە و ماشێن و کامپیۆتێر و ئینترنێت دنیای گۆڕیوە لاوێکی دەوڵەمەندی وشیاری مەهابادی دەتوانێ بەو پەڕی ئاسایشەوە بە ٦ یا ٧ ساڵ ئەو قۆناغە ببڕێ؟ هەرودها بەهەشتی عەزیز ئاڵمانی ئەو ئینگلیسییە لە کوێ فێر بووگە کە بتوانێ کتێبی ڕەق و تەقی ئایینی پێ وەرگێڕێ؟ زۆر پرسیاری دیکەش دێنەگۆڕێ.. ئایا خەیاڵ پڵاو نین؟!

٥) سەبارەت بە گیرانی چەند کەسێک و دوورخرانەوەیان: پاش شەهیدبوونی سمکۆی شکاک و تێکشکانی شۆڕشی شێرەژنی قارەمان «قەدەم خێر»ی لوڕ لە ئیلام، ڕەزاشای دیکتاتۆر و دوژمنی کورد، لە ناوچەکانی لوڕستان، ئیلام، کرماشان، بەختیاری، سنە، هەورامان، بانە.. ئەو کەسانە کە ناسناوی خان، بەگ، ئاغایان بە دوای ناوەکەیانەوە بوو، پەلکێشی ژەندرمە و ئەرتەش دەکران و زۆربەیان بۆ سمنان و دامغان و یەزد و کاشان دوورخرانەوە، بەڵام عەشایری مەهاباد لە بەر ئەوە فەرماندەی عاشایریی ڕاپۆرتی لێنەدابوون مانەوە، دەنا جەلالی و میلانی و دەمبەلی و شکاک زۆریان دوورخرانەوە و زۆریش لەو عەشایرگەلە هەر نەگەڕانەوە و تێداچوون. سەردڕای نەوەش پاش لافاوە پڕ خەسارەتەکەی شاری مەهاباد بەهەشتی عەلی بەگی حەیدەری نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسدا کە لایەنگری ڕەزاشا بوو، کاتێک «فەڕوخی یەزدی» شاعیری ئازادیخواز لە مەجلیسدا هێرش دەکاتە سەر ڕەزاشا، بە گژیدا دەچێ و زللەیەکی لێدەدا کە لە مێژووی ئێراندا بە یەکێ لە زللە ناودارەکان ناسراوە، داوا لە ڕەزاشا دەکا کە بۆ دڵدانەوەی عەشایر و قەرەبووی زیانی خەڵکی لافاولێدراو، دەستوور بدات مەئمووڕەکانی ژاندارمەری و ئەرتەش سەختگیری نەکەن. ڕەزاشا تکاکەی قەبوڵ دەکا کە ئەو فەرمانە بوو بە خێر و بەڕەکەت و بە سەر قاچاخچییەکان و ئەمنییە (ژەندرمە) و فەرماندەکانی ئەرتەشدا ڕژا. لەو سەردەمەدا شتومەکی ژاپۆن لە عێراقدا زۆر و هەرزان بوو، خەڵک ڕوویان تێدەکرد و گوندی گلۆڵانی گەورک بوو بە مەڵبەندی بازرگانی و ڕۆژانە سەدان بار جنس دەگەیشت و بە قاچاخچییەکان دەفرۆشرا و مەئمووڕەکانیش باج و دیاریی خۆیان وەردەگرت. ئەو مەسەلە لە فۆلکلۆری کوردیدا دەنگی دایەوە و گۆرانی( ئای حەریرە و ئاگربارانە، کارخانەکەی لە گلۆڵانە) بوو بە باو، لەبەر ئەوە لە تارانەوە چەند جاسووسی تایبەتی هاتن وئاغاکانی گلۆڵان وو چەند کەسی دیکە گیران و قاچاخچییە دەوڵەمەندەکان بە بەرتیل ڕزگار بوون، بەڵام بەهەشتیان سەید پیرەی نیزامی و حوسێنی زێڕینگەران و.. بەرکەوتن و ڕەوانەی شیراز کران. ئە ودوورخستنەوەی عەشایرە لە چامە بەرزەکانی سەیفی قازی دا ڕەنگی دایەوە. گیران ودوورخستنەوەیان هۆی سیاسی و حیزب و ئازدیخوازی نەبوو چونکە ئەگەر سیاسی بایە ئەگەر ئیعدام نەکرابان لانیکەم حەبسی ئەبەد یا ٢٠ ساڵ زیندانیی هەبوو.

بەڵام لە باسە گرینگەکەی ژێکاف و دەوڵەتی داگیرکەری ئێران لە لایەڕەی ٦٢دا نووسیویەتی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە بە ڕاکێشانی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ نێو ڕیزی کۆمەڵە نەک هەر نەیتوانی کۆتایی بە نفوزی دەوڵەتی داگیرکەری تاران لە کوردستاندا بێنێ بەڵکوو لە نێو کۆمەڵەدا ڕێگای خۆش کرد تا هەم خۆی بە بێدەنگی بە دەست سەرۆک

عەشیرەتەکان لە نێو بچێ و هەم کۆماری کوردستان بە چۆکدابێ و هەم پێشەوا قازی ناچار بێ خۆ بە دەستەوە بدات.

نازانم کاک حامید گەوهەری خۆی لە مانا و نێوەرۆکی ئەو دێرانە تێگەیشتووە یا قەڵەم سەرکێشی کردووە؟ یان بە شێوەی پاساودانەوەکانی حیزبی تووده، تاوانەکەی لە سەر تاوانکاری ئەسڵی واتا یەکیەتی سۆڤیەت و ستالینی مەزن! لابردووە و کوردگوتەنی دەستە چەورە خوێناوییەکەی بە سەر چوار ماڵە کوردی فیداکار و سەربەخۆییخواز و داماو بساوێ، چونکە ڕەنجی سێ ساڵەی کۆمەڵە و کوێرەوەری و ماندووبوونی یەکساڵەی حیزبی دێمۆکرات و خوێنی پاکی شەهیدانی ئازیزی خستووەتە ئەستۆی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی قوربەسەر و هیچ بەڵگەیەکیشی نەنواندووە.

ئێستا پاش پتر لە ٥٠ ساڵ بەرەی نوێ، کچان و کوڕانی تازەپێگەیشتوو کە بەڕاستی تینووی زانیاریی هەرچی زیاتری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەن. دەپرسن ودەبێژن باشە گرێمان هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ ـ ک عەشیرەت و خەسڵەتی عەشایری نەناسی ئەدی کۆماری میللی ئازەربایجان خۆ گشت عەشیرەت و ئاغا و دەرەبەگ و خاوەنزەوی نەهێشت و سوسیالیزمی پیادە کرد و دەوڵەتێکی مۆدێرن و دەوڵەمەند و خاوەن پتر لە ٣٠،٠٠٠ فیدایی کرێکار و پرۆلێتەری بوو و سەرۆکەکەشی میر جەعفەری پیشەوەری یەکێک لە هاوخەباتەکانی حەیدەر عەمۆئوغلی و هاوبەندی دوکتور ئەرانی و هاوزنجیری ٥٣ نەفەری بەناوبانگ و خاوەن و نووسەری ڕۆژنامەی (ئاژیر) بوو، ئەوان چ هەڵەیەکیان کرد؟ پێشەوەری کومونیستیان بۆ کوشت؟ بۆ بە جارێ بێسەروشوێن کرا؟ زۆر پرسیاری دیکە دەکەن و حەق وایە نووسەری بەڕێز وەڵامیان بداتەوە.

یەکێ ناشارەزابێت پێیوایە کە هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە یا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و یان شەخسی پێشەوای زانا و ژیر و تێبین خوو و خەسڵەتی عەشایریان نەناسیوە. یا لەو سەردەمەدا لە کوردستان و لە ئێراندا نەژیاون و تاڵانی دووجارەی سەقز و سووتانی شاری بانەیان نەدیوە و نەیان بیستووە، لە حاڵێکدا گۆڤاری نیشتمان باشترین و پڕ بایەختڕین بەڵگەن و دەی سەڵێنن کە زۆر چاک ناسراون بەڵام پێشەوای بە

مشوور دەیفەرموو کە مەسەلەی کوردستان لەوە مەزنتر و گرینگترە و نابێ ئێمە دوژمن بۆ خۆمان بتاشین و بیانوو بە دەست داگیرکەر بدەین، ئەگەر سەرکەوتین ئەوە ئەوانەش کە خەیانەتیان کردووە پەژیوان دەبنەوە و لەوانەیە باشترین خزمەت بکەن ئیدی پێویست بە کورد کوشتن و خوێن ڕشتن و دوژمن شادکردن ناکات.

لە لایەکی دیکەوە بە نووسینی وشەی عەشیرەت یا عەشایر زوڵمێکی گەورە لەو شەهیدە سوورخەڵاتانە دەکرێ کە سەروماڵیان لە پێناوی سەرفرازی و بەختەوەریی کورد و کوردستان بەخشی، ئیدی یادێک لەو نازیزانە ناکەن و چاوێک بە یازدە سێدارەی بێدادی هەڵخراو لە شاری سەقزی سەربەرز و تاقەسێدارەکەی سەر حەوزە گەورەکەی بۆکان هەڵنابڕن، خۆ ئەوانیش بەگشتی عەشیرەت و خاوەن زەوی و زاربوون، خۆ پێشەوای نازیزی و سەدری قازی و سەیفی قازی یش هەر خاوەن ملک بوون، هەروەها چوار ئەفسەرە جوانەمەرگەکانیش لە برسان و لە هەژاریی، یان بۆ پلە و پایە گیانی شیرینیان بەخت نەکرد، ئەوپەڕی بێ مروەتی و ناجوامێرانەیە کە بەو چەشنە خەتی خیانەت بە سەر پڕ لە شانازیی ئەو خۆشەویستانە بکێشرێت.

٦) خاڵێکی گرینگ کە بە داخەوە کاک حامیدی گەوهەری بەلایدا نەچووە، ژیانەوەی زمانی شیرینی کوردی و ئەدەبیاتە بەرزەکەیەتی کە زۆر لە فەوتان نێزیک بوو، بە فەرمانی ڕەزاشای مەزن! لە گشت شوێنە گشتییەکاندا تابڵۆی (فارسی حرف بزنید) هەڵاوەسرابوو بەڵام کۆمەڵەی ژێکاف نە تەنیا لە فەوتان ڕزگاری کرد بەچکوو بە هاندانی خاوەن بیران لە ماوەیەکی کەمدا شاعیرانی وەک سەید کامیلی ئیمامی، خاڵە مین، حەقیقی، هێمنی هەمیشە نازیز، هەژاری ئەو سەردەمە شاعیری میللی، عەتری گڵۆڵانی، شێواو شۆڕەلاوی ئەو وەختە و پیرە مامۆستای نێستا واتا خالید ئاغای حیسامی(هێدی) و... هەروەها نووسەرانی وەک نازیزی کۆڵنەدەر عەبدولڕەحمانی زەبیحی، سەید مەحەمەدی حەمیدی، حەسەنی قزڵجی ڕەحمەتی، دڵشاد ڕەسوڵی، ئیبراهیمی نادری، ئەنجیری نازەری جوانەمەرگ و... پێگەیاند و مەیدانی قەڵەمدارانی بۆ تەخت کردن بە شێوەیەک کە پیرە مامۆستای شاعیران مەلا مارفی کۆکەیی بەو پیری وکەنەفتییە چامەی دەهۆندەوە و لە نیشتمان دا بە ناوی شاعیری بەناوبانگ چاپ دەکرا و ژەیامی بۆ کۆمەڵەی هیوا و حەرفی ژێکاف دەنارد.

با کچان و کوڕانی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی بەرەی نوێ ناگادار بن کە هەینەتی ناوەندی کۆمەڵە بۆ وشیارکردنەوەی عەشایر و ناساندنیان چامە بەرزەکەی شاعیری میللی ئەو سەردەمە هەژاری بە ناوی (عەقڵ و بەخت) بڵاوکردەوە کە دەبێژێ:

میللەتێک هەن لە نێو مە عاشیرەت
خۆ بە خۆ شێر، لە غەیرە بێ غیرەت
بێنە شەڕ خۆ بە خۆ هەزار ڕۆستەم
بەرگەیان بگرێ زەحمەتە و ئەستەم
هەرکە تورکێ گوتی: چەکین دالی
کونە مشکێ نیە لەوان خالی
پیشەیان مونحەسیر دزی کردن
ڕێگری و مالی یەکتری خواردن
فیکری سەربەستیان لە لا بایە
هەر تەماعە، ئەوی لە کارایە
پیاوی زلیان کە هەڵبڕێ نەفەسی
بۆ قڕانێ، قڕان دەخاتە کەسی
کامەیان دەوڵەمەندە مەردوڕەند
تۆنی نامووس ئەدا بە تۆنی قەند
ئەوی یەکجار نەجیب و ژیر و کوڕە
بێتە سەودا شەڕف ئەدا بە شڕە

هەڵبژاردەی نەختێ لەو چامەیەم بۆ ئەوە نووسی کە بزانن هەینەتی ناوەندی کۆمەڵەش ئەوەندە بێ ئاگا و ناشارەزا نەبووگە، بەڵام ئامانجەکە زۆر بەرز و پیرۆزتر لەوە بووە کە لەبەر چەند کەسێ لە عەشیرەتێک، بە جارێک دەست لە عالەم بەردەین. سەردڕای ئەوەش کۆمەڵە نفوزی کردبوو ناو گشت بنەماڵەیەک و بە ڕاستی تێگەیشتووان و پێگەیشتووانی عەشایر بە دڵپاکییەوە لە ڕیزی تێکۆشاندا بوون، بە چەشنێک بە بێنەوەی کەس پێیان بڵێ زۆر خەرج و پیتاک لە سەر وەزیران و جووتیاران لابرا. ئەو پرسیارەش دەکرێ، لەو سەردەمەدا کە ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە داگیرکرابوو، لە تارانی پێتەختی شاهەنشا بە ڕۆژی ڕووناک لە کۆشکی وەزارەتی دادگوستەری زانایا ناوداری وەک بەهەشتی «کیسەڕەوی» و ڕۆژنامەنووسی قارەمان وەک محەمەد مەسعوود.. تیرۆر دەکران لە کوردستانی موکریان کە هەزاران چەکدارێش هەبوون کەچی ئەو ئاسایشت و ئەمنیەتە بێوێنەیەی هەبوو، لە وەختی وادانایا عاقڵانە بوو لە جیاتی دۆست زیادکردن، دوژمن دروست کەین و بە کوشتنی چوار کەس بیانوو نە دەست حکوومەت بدرێت؟ یان بەو شێوە عاقڵانە و بە بڕەوپێدان بە هەستی یەکیەتی و کوردایەتی و جوامێریی وەزعێک بخوڵقێنین کە خوڵقاندمان بە چەشنێک ساڵەها پاش کۆماری نازیز هێشتا جاسووسی و جاشایەتی شەرم بوو. هەر ئەو عاشیرەتانەش مەکۆ و دااددەری تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی نێزیک بە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی بوون، ئیدی ئەو ڕاستییە کە شکستی سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا و بریتانیا و فریو و هەڵخەڵەتاندنی جەنابی ستالینی مەزن کە دوو کۆماری میللی ئازەربایجان و کوردستانی کرد بە قوربانی نەوتێک کە هەر بۆنیشیان نەکرد، تاوانەکەی بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵەی ژێکاف؟

لە لاپەڕەی ١٣٦دا، دەقی نامەیەک بە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف کە لە لاپەڕەی ٢٤٧دا وێنەی نامەکە دووبارە بڵاوکراوەتەوە، بەشبەحاڵی خۆم ئەو نامەیە بە (سازکراو) دەزانم و لام وایە لەلایەن کۆمەڵەوە نەبێ. چونکە شێوەنووسینی ڕستەکانی کە بە قەولی فارسان ئەوەندە قولەمبە و عەرەبییەکەشی ئەوەندە ڕەقە کە ڕەنگە زۆربەی خوێنەران هیچی تێ نەگەن (وەک خۆم)؛ لە بەر ئەوە ئینسان دەکەوێتە گومانەوە. لەلایەکی دیکەوە تەنیا و تەنیا بەهەشتیی تێکۆشەر زەبیحی حەقی ئەوەی هەبوو کە نامە بە ناوی کۆمەڵەوە بنووسێ، سەبکو شێوازی ئەویش ناشکرایە کە کوردییەکەی ڕەوان وسادەیە، دڵشادی ڕەسوڵی و عەبدولڕەحمانی ئیمامی نەختێک عەرەبییان دەزانی بەڵام نە حەقی نووسینی نامەی وایان هەبوو، نە ئینشای واشیان دەزانی و زۆر پرسیاری دیکەش هەن، بەڵام بە فەرموودەی مامۆستای شۆڕشگێڕان عاجی قادری کۆیی:

گەڵێ قسەم لە دڵابوو حیکایەتم مابوو
کەچی لە بەختی بەدم خامە لێرە نووکی شکا

هیوام وایە کە ئەو چەند خاڵە جێگەی سەرنجی نووسەری بەڕێز و خوێنەرانی نازیز بێت. ■

# ڕەنجی شەهیداڵ، سەروەتی گەلە، با لە دەسکاریکردنی خۆ بپارێزین

سەعید سەقزی

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ١٥سەدەی ڕابردووی کوردستاندا بگێرین دەبینین کوردستان مەیدانی تەراتێنی داگیرکەران بووە، لەو ماوەیەدا داگیرکەران جگە لەوەی کوردستانیان داگیر کردووە، مێشکی ئێمەی هەژار و نەزانیان بە مێژوویەکی دوور لە راستی ئاخنیوە.

هەموومان دەزانین کەم شار و گوند هەیە لە کوردستاندا کە گۆڕی ئیمام و ئیمامزادەیەک، گومەز و بارەگای ئەسحابە و شەخس و پیرێکی لێ نەبێت و نەبوو بێت بە زیارەتگا و نەکرابێت بە بتخانە. خەڵکی ئەو شار وگوندانە لە دەم ماڵ و منداڵی خۆیان دەگێرنەوە و پوڵ و پارە کۆدەکەنەوە تا ئەو گومەز و بارەگایانە بە شێوەیەکی شیاو و باش ڕاگرن و زێوانیشیان بۆ بەکرێ بگرن تا خزمەتی گۆرخانەکەیان بکەن.

کاتێک دەپرسیت ئەم ئەسحابە و ئیمامزادانە کێن و چ کەسن، بۆچ بەو جۆرە خزمەتیان دەکەن؟ لە وەڵامدا دەڵێن: ئەمانە بۆ غەزا و جهادکردن لە ڕێگەی ئیسلامدا لە عەربستانەوە گەیشتوونەتە ئێرە، هەر لێرە، لەم شوێنە، بەدەست کافران کوژراون و بە جل و بەرگی خۆیانەوە نێژراون، دەبێ ڕێزیان بگرین چون ئەمانە شەهیدن!

لێردا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، راستی ئەو کافرانەی کە ئەم کەسانەیان شەهید کردووە، جگە لە دانیشتووانی ئەو شار و گوندانەی کە بەرگرییان لە خۆیان و ماڵ و منداڵ و شار و گوندەکەیان کردووە، زیاتر، دەبێ چ کەسانێک بووبێتن؟ ڕاستی، نابێ بیر لەوە بکەینەوە کە کام لایان شەهیدن و کام لایان کافر...!

لە پاش جەنگی یەکەم و دواتر دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار دەوڵەتدا، چوار وشەی تازەی وەک (مخرب، چەتە، زدی ئینقلاب و تڕۆریست)یش بووە بە پاشکۆی وشەی کافر بۆ ئەو کەسانەی لە بەرانبەر داگیرکەراندا بەرگری لە کوردستان دەکەن. جێگەی داخە لە ماوەی ئەو ١٥سەدەی ڕابردوودا، بە دەگمەن کەسانێک هەوڵی ئەوەیان داوە بچنە ناخی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی کە لە ژێر ئەو گومەز و بارەگایانەدا نێژراون، تا بزانین فەلسەفەی فکری ئەوانە چییە و چۆن لە باری فکرییەوە لە مڕۆ دەروانن و کۆمەڵگا بەرەو کام ئاسۆ دەبەن، ئاسۆیەکی گەش یان ئاسۆیەکی ڕەش؟

لە پێناوی وشیارکردنەوەی گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕابەرێکی ڕاستە قینە، پێشمەرگەی بێباک و نووسەرێکی پێنووس پاک لە ساڵی١٩٨٥ کتێبی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» خستە بەر دەستی ئێمەی کوردی هەژار و چاو بەستراو.

نووسەر لە بەرهەمەکەیدا وردبینانە ڕوانییە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری، کە لە چ بارێکی ناهموار و بەگشتی لە چ پلەیەکی نزمی کۆمەڵایەتیدا دەژین.

نووسەر گەڕاوە بۆ ڕیشەی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە و هۆکارەکەی دەسنیشان کردووە. هۆی ئەم نەخۆشییەی کۆمەڵگای کوردەواری نەبوونی مافی بەرابەرە لە نێوان مرۆڤ بە گشتی و ژن و پیاو بە تایبەتی. ئەم نابەرابەرییە هەر دوو گرۆپی ژن و پیاوی دوچاری ئاژاوەی فکری کردووە. نووسەر لە کتێبەکەیدا هەندێ ئایەتی قورئانی لە سوڕەتەکانی(انفال/ ئەنفال، التوبه/ئەلتەوبە، لبقره/ ئەلبەقەرە، الحزاب/ئەلئەحزاب و النساء/ ئەلنیسا)کردووە بە کوردی بۆ ئێمەی نەزان و عەرەبی نەزان.

نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ڕێگەی بەختیاری مرۆڤ، لە یەکسانی مافی فرۆڤدایە، بەجۆرێک هەرمافێک بۆ ژن ڕەوایە، دەبێ بۆ پیاویش ڕەوا بێت! هەرچی بۆ پیاو شایستەیە، دەبێ بۆ ژنیش شایستە بێت! ئەوەیش کە بۆ ژن زیانبەخشە، دەبێ بۆ پیاویش بەد و ناپەسەند، بێت!

بە خوێندنەوەی کتێبی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» خوێنەر هەست بەوە دەکات کە مێژوو چەندە بەرئاوەژوو نووسراوە، هەروەها پەی بەوە دەبات کە ئەو کەسانەی لە پێناوی ئیسلامدا غەزا و جهادیان کردووە و بە دەرجەی شەهادەت گەیشتوون، تەنیا خۆیان، بە ڕەوا و ڕاستگۆ و پاک دادەنێن و باقی خەڵک، بە تاوانبار و درۆزن و کافر و گلاو دەزانن. هەروەها ئەو مافەیان داوە بەخۆیان، هەرکەسێک نەچووەتە سەر ڕێگەی ئەوان، ڕەوایە هەرچییەکی لە گەڵدا بکرێت وەک کوشتن، تاڵانکردنی سەروەت و سامان، وەرگرتنی باج و سەرانە و غەنیمەت و جاریە لێیان.

داگیرکەرانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە لە وشیاربوونەوەی خەڵک بگرن، بە پیلانێکی سەرشۆڕانە لە ڕۆژی ١٠گوڵانی هەمان ساڵدا گوڵی ژیانی ئەو نووسەرەیان لە شاری هەولێر هەڵوەراند و کتێبەکانی لە هەموو کتێبخانەکاندا کۆکرایەوە، ئەم نووسەرە مەزنە ناوی «عەبدولخالق مەعرووف»ە.

عەبدولخالق مەعروف کێ بوو؟ بە پێویستی نازانم بڕۆمە ناو ئەو باسەوە کە خەڵکی کوێ بووە، یان لە چ بنەماڵەیەک ژیاوە، هەژار بووە یان خۆ دەوڵەمەند.

شەهید لە شۆرشی ١٤ساڵەی کوردستاندا کە بە پیلانی جیهانی لە ئەنجەزائیر کۆتاییان بەو شۆرشە هێنا، لە سەنگەری ڕادیۆی شۆرشەوە دەچوو بە گژ داگیرکەراندا. بۆ خوێندن دەربارەی تەکنیک چووەتە چەکوسلۆڤاکیا، پاش پیلانی ئەنجەزائیر دەستی دایە چەکی پێنووس و بەم بەرهەمە چاپکراوانەی وەک: کتێبی ئانتینا، کتێبی ئەجهزەالاسار،کتێبی تەکنیکار، کتێبی دیوانی نالی و کێ راستە؟ کتێبی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریداو، ٢کتێبی دەسنووس بەناوی «دەربارەی ترانسیستۆر» و«چەن حوکمێک لە مەزهەبی شافعیدا» خزمەتی خۆی بە هەژار و چاوبەستراو بە ئەنجام گەیاندووە.

وەک دەزانین لە ساڵی ٩١وە بەشێک لە باشوری کوردستان لە ژێر چنگی عێراقدا نییە، خۆشبەختانە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک... چەندەها پەیکەر لە شەهیدان دروست کراوە، جێگەی داخە پەیکەری ئەو نووسەرە مەزنە لە کۆڕی پەیکەری شەهیداندا بەدی ناکرێ. ئەگەر کەسێکی وەها لە ناو گەلانی وشیاردا شەهید ببێت، نەک دەیان پەیکەری لێ دروست دەکەن، بەڵکو زانکۆ و قوتابخانە و کتێبخانەیشی بە ناودەو بو بنیاد دەنێن. لێرەدا دەبێ بڵێم : لە خۆڕا نەبووە کە گۆرانی شاعیر لەو پەری تورەیی و نائومێدییەوە دەڵێت:

بەڵێ ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا
بەڵام تەختی ڕوفاد و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشالی کونکوندا...

ڕاستی، ئەوەی کە شەهید دەربارەی ژیانی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا، بە گشتی و بە تایبەت ژیانی ژنان کە بە ڕوونی دەسنیشانی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتووە، ئەگەر ڕەخنەکانیمان لە بەرچاو بگرتایە، ئەمرۆ ژیانی ژنان وا لە مەترسیدا دەبوو، کە ئەنجامەکەی ژیانی سەدان بنەماڵەی لە گرێژنە بردووە و هەزاران منداڵی چارە ڕەش کردووە و پیاوانیشی گیرۆدەی ئێش و ئازاری دەرونی کردووە، هەروەها ناوی **دواکەوتووی ئێمەی کوردیش** دەبوو بە سەردێری ڕاپۆرت لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و دنیای بەربلاوی ئەنترنێتدا؟

کتێبی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» کە کۆنەپەرەستان دەست بەکاربوون بۆ لە ناوبردنی، خۆشبەختانە لە ئوروپا چاپ کراوەتەوە، هەروەها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی لە لایەن بەرێز «عەلی کتابی»یەوە بەناوی « اسلام و زن» واتە «ئیسلام و ژن»، کە بەرێز «حەمە سەعید حەسە»ن پێشەکی بۆ ئەم **وەرگێڕانە فارسییە** نووسیوە .

دەڵێن لە وەرگێڕاندا ئەم چەدن شتە مەرج: **١ـ شارەزایە لە هەر دوو زمانەکەدا ٢ـ هونەری وەرگێڕان، ٣ـ ئەمانتداری**

١ـ بەشی شارەزایی: لە گەڵ ئەوەدا کە فارسییەکەم زۆر، باش نییە و ئەوەیش دەزانم وەرگێڕ ڕەنجی زۆری کێشاوە، بەڵام وەرگێڕانەکە لە باری گرامەتیکییەوە زۆر لاوازە. بۆ نموونە با سەیری **یەکەم دێڕی کتێبە کوردییەکە** بکەین کە کراوە بە فارسی.

نووسەر: (هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردبووە کە تێکەڵی ڕەخنە و ڕەخنەکاری بم و،). وەرگێڕ:[(هیچگاە بخود نیاندیشیدە بودم قاطی انتقاد و انتقادات شوم.) واتە(هیچکاتێک بیرم لە خۆم نەکردبووە کە تێکەڵی ڕەخنە و ڕەخنەکان بم.).

با لێی ورد بینەوە بزانین جیاوازییان لە چیدایە.

نووسەر دەڵێت «بیرم **لەوە** نەکرد بووە»، کەچی وەرگێڕ دەڵێت «بیرم لە **خۆم** نەکردبووەوە».

نووسەر دەڵێت «**تێکەڵی ڕەخنە و ڕەخنەکاری** بم». وەرگێڕ دەڵێت «**تێکەڵی ڕەخنە و ڕەخنەکان بم.**» . نووسەر بە دانانی (و،)دێڕێ بە باسەکەی خۆی دەدات بەڵام وەرگێڕ بە دانانی (.) کۆتایی پێدێنێ.

٢ـ هونەری وەرگێڕان: لە پەنای لاوازییەکەدا جێگەی داخە بێباکانە جێگۆڕکێی کردووە بە نیشانە دەستووری و گراماتیکییەکانی وەک وێرگول (،)و نوقتە(.) هەروەها تێکەڵاو کردنی (**پاراگرافەکان**)لە گەڵ یەکتردا، ئەو کارە لە وەرگێڕاندا کارێکی پەسند نییە.

٣ـ ئەمانەتداری: وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی وشەی کەم و زیاد کردووە. ئەگەر بەوێ هەموو کەم و کووڕیەکانی کتێبی **اسلام و زن** دەسنیشان کەم، لەم نووسراوە کورتەدا ناگونجێت! بەڵام با سەیری چەند بەشێکی وەرگێڕانەکە بکەین.

نووسەر: (بەڵای منەوە مافی ژن و یەکسانی لە گەڵ پیاودا هەر ئەوە نییە کاری ناومال و منداڵ بەخێو کردنی لێ بسێندرێتەوە و چەکوچ و داس و دەستەندوی جووتی بدرێتە دەست و بکرێ بە کرێکار و سەپان و جوتیار و لە کارگە و مەزراکاندا بڕەتێندرێ، یا تیر و کەوان و تفەنگی لە مل بکرێ و ڕەوانەی کۆڕی شەڕی بکرێ، یان کاغەز و قەڵەمی لە بەردەم دابندرێ و لە سەر سەکۆی فەرمان ڕەوایی و فەرمان بەری جێگیر بکرێ).

وەرگێڕ: (به عقیده من حقوق یکسانی زن و مرد تنها این نیست که کار خانگی و پرورش کودکان را از ایشان گرفته و چکش و داس و دسته شخم کردن را باو واگذار کرد، بنام کارگر و کشاورز در کارخانه و کشتزارها زیر کارهای تاقت فرسا قرار گیرد، یا با تیرو کمان و تفنگ مسلح و روانه جبهه‌های جنگش نمایند، یا در میان انبوهی کاغذ و قلم در پشت میز و سکوی فرمان بری مستقر نمایند .).

پێم وابێ کوردییەکەی بەم شێوە دەبێت:

(بە بروای من مافی یەکسانی ژن و پیاو تەنیا ئەوە نییە کە کاری ماڵ و بەخێو کردنی منداڵانی لێ وەرگیریتەوە و چەکوچ و داس و دەستەندوی جوتی بدرێتێ، بە ناوی کرێکار و جوتیار لە کارخانە و مەزراکاندا بیخەیتە ژێر کاری گرانەوە ، یا بە تیروکەوان و تفەنگ تەیاری کەیت و بۆ بەرەکانی جەنگی بنێری، یا لە نێو کۆمەڵێ کاغەز و قەڵم لە پشت مێز و سەکۆی فەرمان بەری جێگیری بکەیت .). جگە لە لاوازییەکەی، وەک دەبینین وشەکانی [«**نێو کۆمەڵێ**» «**پشت مێز**» «،»] زیاد کراوە و وشەی «فەرمان ڕەوایی»لابراوە.

ئەم بەشە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە.

بە هۆی ئەوەی ئێمەی کورد دەوڵەت و کیانی خۆمان نەبووە ژنانیش نەیانتوانیوە بگەنە پلەی بەرزی دەسەڵاتداری، بە ناچار چەند نموونە لە ژنانی ناوچەکە و جیهان باس دەکەم.

لە تاریخی ئێراندا هاتووە کە «مەحمودی ئەفغان» دەیویست پەلاماری ئێران بدات، لەو دەورەدا ئێرانیش وەک کوردستان بە شێوەی میرنشینی بەرێوە دەچوو، ئەو ناوچەی کە مەترسی هێرشی لە سەر بوو، میرەکەی ژن

بوو، ئەم ژنە میرە نامەیەک دەنووسێ بۆ مەحمودی ئەفغان، لە نامەکەدا نووسیبووی ئێوە دەتانەوێ هێرش بکەنە سەر میرنشینەکەی من، پێش ئەوەی کە ئێوە هێرش بکەن با سەرنجتان بۆ چەند شت راکێشم.

یەکەم: من و سپاکەم بەرگری لە ناوچەکەمان دەکەین، ئەگەر بە دەست ئێمە تێشکایت دوو کارنامەت بۆ دەنووسن، یەکەم کارنامە ئەوەیە دەڵێن مەحمودی ئەفغان لە جەنگدا تێکشا، دووهەم کارنامە ئەوەیە دەڵێن بەدەست ژنێک تێکشا، کە لە مێژوودا سەرشۆڕ دەبیت ..! ئەگەر سەرکەوتنیشت بە دەست هێنا، خەڵکی دەڵێن کارێکی نازایانەی نەکردووە چوون ژنێکی تێکشکاندووە، بە هۆی ئەو نامەوە مەحمودی ئەفغان لە بەرنامەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە..!

ئەمەکورسی فەرمانڕەوای ژنێکی میرە...! ئەم ژنە میرە کە بەو شێوە بە سووکی سەیری خۆی و **هەموو ژنان** دەکات، لە مێژووی ئێراندا بە ژنێکی زانا و دانا بە ناوبانگە!

با نموونەیەک لە دەورانی محەمەد رەزا، شای پێشووی ئێران بێنمەوە کە ئەو دەورانە بە ناوبانگە بە دەورانی «بسوی تمدن بزرگ» واتە «بەرەو شارستانییەتی مەزن» لەو دەورانەدا ژنێک بە ناوی «فەروخروی پارسا» دەکرێت بە وەزیر، روناکبیرانی پیاو دەیانگوت: ( ئەوە کێ یە کە لە رۆژدا وەزیرە و لە سەردەیە بەڵام لە شەودا وا لە ژێرەوە، لە وەڵامدا دەیان گوت خانمی فەروخروی پارسا). زۆر شتی دیکەیان بۆ ئەو ژنە وەزیرە فەرمانڕەوا هەژارە داناوە کە بۆ نووسین نابێت، سەیر لەوەدایە ئەو روناکبیرانە لە بەرانبەر وەزیرێکی پیاودا، دەست لە سنگ رادەوەستن!

با لە دنیای ئوروپاوە بۆ کورسی ژنە فەرمانڕەواکان بڕوانین، هەموومان ناوی خانم تاچێر سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیامان بیستووە، سەبارت بە مەسئەلەیەکی سیاسی کە تاچێرهەڵوێستی لە سەر گرت، لە رادیۆی بی بی سی(لەندەن) بەشی فارسییەوە ئەمەیان گوت بەو ژنە سەرۆکە: (وا دیارە خانم تاچێر **کێچ وا لە ناو دەرپێ کوڵەکەیدا**). ئایا بۆ هەڵوێستی سیاسی ... پیاوان ئەو جۆرە قسەڵۆکانە بەکار دەبەن؟!

مامۆستا عەبدولخالق بۆیە بە زەقی باسی سەکۆی فەرمانڕەوای ژنانی کردووە، چونکە دەیزانی کە سەکۆی فەرمانڕەوای ژنان نەویترە لە سەکۆی فەرمانڕەوای پیاوان.

جێگەی داخە وەرگێڕ ئەوەی لە بەرچاو نەگرتووە، کە ئەو کارمەندانەی لە **پشت مێز** دادەنیشن و **کۆمەڵێ** کاغەز و قەڵەمیان لە بەردەستایە، ئەوانە فەرمانڕەوا نین، بەڵکو فەرمانبەرن.

نووسەر: (ژنی سێ بە سێ تەلاق دراو مارە دەکەن یەکێک کە دەسەلاتیان بە سەریدا دەروا و پاش چوونی بۆ لای ژنە و لە گەڵ نووستنی، پێی تەلاق دەدەن و سەر لە نوێ لە مێردی یەکەمی مارە دەکەنەوە، بەم کەین و بەینە لە کوردیدا دەڵێن مارە بەجاش). وەرگێڕ: (زن مطلوقه را با شخص ضعیف الحال تحت نفوذ خود عقد مینمایند پس از اثبات هم خوابگی و تصرف زن توسط شوهر تازه بلا فاصله شوهر را مجبور به طلاق فوری مینمایند مجددا بعقد شوهر اولش در خواهند آورد، در اصطلاحات کردها « مارە بە جاش» یعنی نکاح کره خرانه».

لەم بەشەیشدا وەرگێڕ وشەکانی «**سێ بەسێ**»ی لابردووە، وشەکانی «**ضیعف الحال**» و «**اثبات**»، «**شوهر تازه**»، «**فوری**»، «**یعنی نکاح کره خرانه**»ی پێ زیاد کردووە.

با ئەم بەشەیش بڕێ شی کەینەوە:

لە فارسیدا وشەی مطلقه بەکاردێنرێت نەک مطلوقه. «مارە بەجاش» بە فارسی«**محلل**»ی پێ دەڵێن نەک (نکاح کرەخرانه» واتە «مارە کردنی جاشەکەرانە).

هەمووماڵ ئەوە دەزانین کە وشە هەیە چەندەها مەعنا دەدات بە دەستەوە. بۆ نموونە وشەی (**شاخ** )کە بۆ شاخی سەری گا و بزن و کەڵ... هەروەها بۆ شاخ و کێویش بەکار دەبرێت وەک شاخی هەورامان. وشەی (**زار**) واتە دەم، هەروەها شیوەن و زاری. وشەی **جاش** لە کوردیدا بۆ بێچووی گوێدرێژ و هەوەرها ماوەیەکە لە مەیدانی سیاسیدا بۆ ئەو کەسانەی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان هاوکاری دەکەن بەکار دەبرێت.

وشەی وەرگێڕیش لە کوردیدا چەند مەعنای هەیە، ئەو کەسەی کە نووسراوەیەک یان فیلمێک بە رێک و پێکی و بە باشی لە زمانێکەوە دەباتە سەر زمانێکیتر پێی دەڵێن وەرگێڕ. هەروەها ئەو کەسەیش کە ماشین"سەیارە" وەردەگێڕێت، کە لە ئەنجامدا ماشینەکە تێکدەشکێ و دانیشتووانی ماشینەکەیش، یا دەکوژێن یا بە بریندارى و سەقەتی نەجاتیان دەبێت، بەمەیش دەڵێن **وەرگێڕ**.

راستی، ئەو ژنە و پیاوەی کە بە شێوەی مارەبەجاش دەبن بە ژن ومێرد، ئەگەر ژنەکە زگی پڕ بێت و منداڵێکی ببێت، وەرگێڕ چ ناوێک بۆ ئەو منداڵە بەکار دەبات؟ بێچووی جاش یان بێچووی ئینسان؟

نووسەر:{(ئایەتی ۷۲ لە سورەتی ئەلنەحل دەڵێ(والله جعل لکم من انفسکم ازواجا و جعل لکم من ازواجکم بنین وحفده ورزقکم من الطیبات)واتە (خوا لە رەنگی خۆتان ژنی بۆ دروست کردن و لە ژنانیش کوڕ و نەوە ـ کوڕەزا ـ و ژنانێکی باشی داینێ)}.

وەرگێڕ: یعنی خدا خطاب به مردان میگوید(در شکم خودتان زن برایتان آفریدم و زنها هم پسر و نوه ـ نبیره ـ و زنهای خوب به شما دادیم).

کوردییەکەی بەم جۆرەیە: **(واتە خودا بە پیاوان دەڵێ** (لە زگی خۆتان ژنم بۆ دروست کردن و ژنەکانیش کوڕ ـ کوڕەزا ـ کوڕەزازا و ژنانی باشم بە ئێوە داوە).

لێرەدا وەرگێڕ بەشێک لە ئایەتەکەی لە کەوانەکە دەرهێناوە، هەروەها وشەی **رەنگی** کردووە بە **شکم** واتە زگ «سک.

لە وەرگێڕاندا، ناوی **تایبەت** وەک ناوی «شار و گوند و شاخ و کێو و چۆم و ناوی مرۆڤ ...» بۆ وەرگێڕان نابێت! هەر بە هەمان ناو کە بەناو بانگە دەنووسرێت، بەڵام بەرێز عەلی کتابی ناوی کێوی «**ئاسنگەران**» لە ناوچەی سلێمانی، وەرگێڕاوەتە سەر فارسی و نووسیویە کێوی **آهنگران**!!

با باسی وەرگێڕان تەواو بێت، بەڵام بابزانین بۆچ ناوی کتێبەکە «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کورددواریدا» کراوە بە «اسلام و زن».

وەرگێڕ دەڵێت: "بە پێی ناوەرۆکی کتێبەکە و وێنەی پشت کتێبەکە، کە کاری خودی بەرێز عەبدولخالق مەعروفە ئاشکرایە ناوی ئەم کتێبە ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کورددواریدا نەبووە و نییە، ئەوە بە مەبەستی دەربازکردنی لە سانسۆری دەوڵەت و حاکمانی عەرەبی عێراق بووە، نووسەر رووی دەمی تەنیا لە نووسەرەکانی کورد نییە بەڵکو مفسرین و نووسەرانی دنیای ئیسلامە، من ئەم کتێبە بەناوی ئیسلام و ژنەوە نەدەمە

ناساندن و به بروای من ئەم ناوە لە گەڵ ناوەرۆکی کتێبەکە دێتەوە".
حەمە سەعید حەسەن ی پێشەکی نووسیش دەڵێت: "ناوی کتێبەکە (ژن لە سایەی ئیسلام)دا بووە، کە دەستگای سانسۆر ڕێگای چاپی نەداوە".
وەک دەبینین، هیچیان بەڵگەیەک و سەنەدێکیان نەنووسیوە.
لە کاری وەرگێڕاندا، وەرگێڕ، کاتێک بۆی هەیە و دەتوانێ ناوێکی دیکە بۆ کتێبێک دابنێ کە ئەو ناوە لەو زمانەی کە پێی وەردەگێڕن پەیدا نەبێت.
بەڵام با بزانین، دەسکاری کردنی ناوی کتێبەکە ڕەوایە.
مامۆستا عەبدولخالق، لە ١٤ جێگەی کتێبەکەیدا باسی کۆمەڵی کوردەواری، مەلاکانی کوردستان، ڕووناکبیرانی کوردی... کردووە!
بۆ نموونە:{(لەم کۆمەڵی کوردەواریدا زۆر جار کچی گەڕاوە مارەی لە کوڕێکی منداڵ براوە، ل ١٢). (بەڵام لە راستیدا لە کۆمەڵگای ئێمەی کوردەواریدا ژن پاش مێرد کردنی... ل ١٦). (بەڵام کۆلکە مەلاکانی کوردستان بە ئارەزوو و دڵخوازی خۆیان... ل ١٨)}.
ئایا گۆڕینی ناوی ئەم کتێبە ڕەوایە، ئایا ئەوە پێشێلکردنی مافی گەلی کورد و نووسەرەکەی نییە؟ ڕاستی، ناکرێ بڵێین لە ناوی کتێبەکە بە تەقەکەوتووە؟!
من بۆ خۆم وەک نووسەری ئەم چەند دێرە سەبارەت بە مامۆستای شەهید و بەرهەمەکانی پرس و جۆی زۆرم کردووە و دەڵێن کتێبی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواری ٣جار سانسۆر کراوە، ناوەکەیشی «ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا» بووە.
وای دابنێین منیش فارسیەکەم باشە و دەست بکەم بە وەرگێڕانی و هەندێ بەڵگە بێنمەوە و بڵێم ئێستا ئەو ناوەی بۆ دیاری کەم، پاشان کەسێکیتر بێت و ئەویش بە ئارەزووی خۆی دەست بکات بە وەرگێڕانی و ناوێکی دیکەی بۆ دابنێت، لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەدا ناوی کتێبەکە بەردو نەمان دەروات! وا باشترخۆمان بە بەرپرسیار بزانین، ئەم بەرهەمانە سەروەتی گەل و ڕەنجی شەهیدانە دەبێ وەک خۆی بیانپارێزین!
با باسی ناوی کتێبەکەیش کۆتای بێت و برۆینە سەر باسی پێشەکی نووسین.
وەرگێڕ دەڵێت: "بە هۆی ئەوەی هیچ زانیارییەکم لە سەر ژانای مەزنی کورد عەبدولخالق معروف نەبوو ، داوام کرد لە بەڕێز حەمە سەعید حەسەن هاوبیر و ڕای بەڕێز عەبدولخالق مەعروف ئەم پێشەکییەی بە کوردی بۆ نووسی، بە هۆی ئەوەی حەمە سەعید حەسەن دەسەڵاتی بە سەر فارسیدا نییە، کردوومە بە فارسی».
ئەرکی پێشەکی نووس چییە؟
ئەو کەسەی کە پێشەکی بۆ بەرهەمی کەسێک بنووسێت، دەبێ توانای ئەو کارەی هەبێت!
پێشەکی نووس لە بەر ئەوەی لە کارەکەیدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت، پێش چاپ بوون، بەرهەمەکە بە ڕێک و پێکی و بە وردی دەخوێنێتەوە، ئەگەر کاری وەرگێڕانیش بێت هەر دوو بەرهەمەکە لە گەڵ یەک بەراوردد دەکات، هەر کەم و کووڕییەکی بەرچاو کەوت دەسنیشانی دەکات تا بەرهەمەکە سودبەخش و خۆێشی سەرفراز بێت. بۆ نموونە بەڕێز «محەمەدی مەلا کەریم» لەگەڵ ئەو پەڕی وەسف و ستایش کردنی شێعر و پەخشانەکان و کەسایەتی خودی «هێمن» شاعیری سووتاوی گەل، لە پێشەکی (نالەی جودایی)دا دەڵێت: "لە عەرەبدا نەزار قەبانی و لە کوردیشدا هێمن، من پەخشانیانم لە شێعریان لا دلگیرترە. ناواتم ئەوە بوو کاری سەرەکیی هێمن بەخشان نووسین ببوایە.. بۆیە، ئەگەر لە هەندێ شێعری هێمینیشدا لاوازیەک بەدی بەکەین،... هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم و لام وایە ناشبم کە ئەبێ خۆشەویستی وابگەیەنێ ئەو ڕەخنەی لە دڵتدایە بۆ خۆشەویستەکەتی دەرنەبڕی.." (ل٤ و٩ نالەی جودایی، هێمن).
بەڕێز دکتۆر «کەمال مەزهەر» سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێبی ڕێنیسانس دەڵێت: "سوپاسی زۆرم بۆ کاک فوئادی مەجید میسری کە ئەرکی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەی لە کۆل کردمەوە و بە کوردییەکی ڕەوان و پێشەکی یەکی قوولەوە کردییە دیاریی دەستی هەر دووکمان بۆ خوێنەری کوردی نازیز کە وریا کردنەوەی مەبەستی بەرو دوای زۆربەی نووسینەکانمە". (ڕێنیسانس، ل، ٤). "بەش بە حالی خۆیشم کە شەردفی بە کوردی کردنی ئەم بەرهەمەی دکتۆرم پێ ڕەوا بنیرا... گەر چۆنیەتی وەرگێڕانەکەیش بە دلی مامۆستای بەڕێزم دکتۆر کەمال بوو، مایەی ئەوپەری خۆشحالی و پێ زانینمە". (فوئاد، ل ١٦، هەمان سەرچاوەی سەرەوە).
بەڕێز «عەلی کتابی» دەزانێت، کە «حەمە سەعید حەسەن» لە فارسیدا **کەم توانایە** کەچی ئەرکی پێشەکی نووسینی **وەرگێڕانێکی فارسی** پێ دەسپێرێ..! جێگەی داخە بەڕێز حەمە سەعید حەسەنیش خۆی دەزانێت کە لە فارسیدا **کۆلە**، بەڵام بە پێنووسێکی تیژەوە، پێشەکی بۆ کتێبی «**اسلام و زن**» دەنووسێت..!
لە ڕوانگەی بەڕێز «عەلی کتابی»یەوە، بەڕێز «حەمە سەعید حەسەن» هاوفکر و هاوبیر و باوەری مامۆستا عەبدولخالق مەعروفە. با سەیری بیر و باوەڕی هەر دوویان بکەین و بزانین چۆناوچۆنن.
مامۆستا عەبدولخالق ٢٠سال پێش، لە کوردستانێکی داگیرکراو بە هەمە چەشنە کەرسەی دواکەوتوویی، لە کتێبی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەڵێت: "ئەوەی خواست و ویست و ئارەزوی هەر لایە ــ لە نێر و مێ ـ ئەگەر بۆ لایێکیان دروست ڕەوا بێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوا بێ بەبێ لە بەرچاو گرتنی مێیاتی یا نێرایەتی"... "سەیر لێرەدا ئەوەیە:ـ ژنان بۆ خۆیان مافی خۆیان دیاری نەکردووە کە چییە و چۆنە و دەبێ چ بکەن؟ دیسان هەر پیاو خۆی لێ کردوون بە کوێخاو مافیان بۆ دیاری دەکا و سنوری مافیان بۆ دادەنێ و نەخشەی بۆ دەکێشێ". (ل٦و٧)
بەڕێز حەمە سەعید حەسەن لە ئوروپاوە، لە سوێدی ڕازاوە بە هەمە چەشنە کەرەسەی پێشکەوتن و تا ڕادەیەکی زۆر بەرابەری خوازیی، دەڵێت: "بەشێک لە ژنی کوردی سویدنشین چونکە لە پڕ بە هەموو مافەکانیان شاد دەبن، بەراوەژوو سوود لەم ئازادییەی ئێرە وەردەگرن و جیابوونەوە بە شتێکی هێندە ئاسان دەزانن. بۆ تەلاقدانی پیاوەکانیان هەمیشە لە سەر پێن". (گۆڤاری بەربانگ، لاپەرە ١١ژمارە ١١١سالی ١٩٩٩)

٢٠٠٠/٥/٢٤ ستۆکهۆڵم

ڕانانی کتێب:

# «ئێوارەی پەروانە» لە نێوان جەنگی عەشق و جەنگی فیکردا

هیوا قادر

دوای خوێندنەوەی «ئێوارەی پەروانە»، ئێمە دەکەوینە بەردەم دەقێکی هێندە ئاوەڵا و بەرفراوانەوە کە پێویستی بە مەدحکردن نییە. چونکە هەستان بەکردەی مەدحکردن تەنها لە ئاستی چێژوەرگرتنی یەکەم خوێندنەوەدا مۆڵەقمان دەکات و ناهێڵێت ئەو ڕایەڵانە دروستبکەین، کە دەمانگەیێنێتە ئاستی خوێندنەوە جیاوازەکان. ئەم دەقە لەگەڵ ئەوەی ڕێگەخۆشکەرە بۆ کۆمەڵێ خوێندنەوە، لەهەمان ساتیشدا ڕێگالێگرە لە بەردەم هەموو ئەو لێدوانە ڕووکەشیانەی کە تائێستا بەرهەمی ئەدەبی کوردییان پێ هەڵدەسەنگێنرێ. ئەم قسەیەشم مانای حەقسەندنەوە نییە لە تەفسیرە جیاکان، بەڵکە مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئێمە لەدوای خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەوە دەکەوینە بەردەم حزوری ڕۆمانێک کە لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ زۆرینەی ڕۆمانە بەردەستەکانی ئێستای کوردیدا هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆیەتی. هەربۆیەشە گرینگی ئەو پرسیار و تێڕوانینانەی کە لە حاڵەتە "نابەرجەستەیی"یەکانی دەردەوی سنوری دەقەکەدا دەوروژێن، هەمان گرینگی ئەو کەشفکردنانەی هەیە کە لەڕۆمانەکەدا دەبەرجەستەیی" دەتوانین بیانبینین.

لێردا مەبەستم لە حاڵەتە "بەرجەستەیی"یەکان قسەکردنمانە لە دەقەکە، بە هەموو لایەنەکانی (تەکنیکی نووسین و شێوازی گوزارشتکردن، خولقاندنی فەنتازیا، بەکارهێنانی میتۆو و لێکدانەوە فکرییەکان).

هەروەها حاڵەتە "نابەرجەستەیی"یەکانیش مەبەست هەموو ئەو پرسیار و ڕاڤەکردنانەیە سەبارەت بەو پەلکێشییەی کە ئەم دەقە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە ئاراوە، بۆ بەردەم ناڕامادەیی ڕەخنەیەک کە هەمان کێشی داهێنەرانەی نییە و هەمیشەش بە ڕۆحیەتێکی پاتریارکیی و وەعزەدەوە خۆی دەخاتەڕوو.

یەکێک لە خاڵە دژوارەکانی تری ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە کارێکی ئەستەمە تەعریفی ئەم ڕۆمانە بەو قەبارە فکری و داهێنەرانەی خۆیەوە لە ڕستەیەکدا کۆبکرێتەوە، یان بەسەرهاتی ڕۆمانەکە لە ڕانانێکی کورتدا لە چەند دێڕێکدا بگێڕدرێتەوە. ئەمەش زیاتر هۆی ئەو وزە شیعریی و پڕ لە فەنتازیای ئەو شێوازە دارشتنەیە کە زمان تێیدا دەبێتە ئامرازێکی کەشفکەر، بەقەدەر ئەوەی تەنها کاری وەستان و گەواهیدان بێ لە ئاستەکانی پیشاندان و گێڕانەوەدا. هەر ئەم هۆیەشە وادەکات کە ئاسۆی ئەم ڕۆمانە بکاتە شوێنگەیەکی دەوڵەمەندی وا کە پڕبێ لە دەلالاتی شیعریی و کێشمەکێشی فکر و مانا، دوور لە زمانی ڕاپۆرت و ڕۆژنامەگەرییانە و کۆپیکردنی واقیع وەک ئەوەی کە هەیە. ئەم ڕۆمانە چەندە دەرگا و دەروازەی نوێت لە بەردەمدا دەکاتەوە، هێندەش ئەو دەرگا و ڕێگا تەقلیدییانەت لێدەگرێت کە دەکرێت هەندێکجار ببنە ڕێگەیەک بۆ زەفەربردن و کارئاسانی لە تێگەیشتنی ئەو نهێنییانەی کە ژانری ڕۆمان هەڵگریەتی. لەهەمان کاتیشدا بەقەبارەی هەڵگرتنی ئەو چڕی و ئاڵۆزییە، ئێمە ناکەوینە بەردەم دەقێکی ئاڵۆز و بێبنی واوە کە بە ئاسانی بیانووی تێنەگەیشتن بهێنینەوە. ئەم خاڵەش بۆخۆی یەکێکە لە خاڵە بەراییەکانی جوانیی ئەم بەرهەمە.

**ترس لە فەنتازیا، ترس لە خەون!**

زاڵبوونی جەبەروتی ڕووداوە واقیعی و میتۆوویییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەگشتی لە ناو کۆی ئاستی بیرکردنەوە و یادەوەری ئینسانی ئێمەدا «بە نووسەران و خوێنەران»یەوە هێندە زاڵ و موسیبەتدارە، کە ناهێڵێت فەنتازیاکانی بیرکردنەوە لە پڕۆسەی «نووسین و خوێندنەوە»دا بەچەشنێ بکەوێتەگەڕ، دوورکەوێتەوە لەو شێوە نەخشی زاڵبوونەی واقیعی کوردی کە لە نێو کۆی تراژیدیا خوێناوییەکانیدا ئامادەیی هەیە؛ تا لەوێوە هەوڵی هەمەچەشنی هێنانەکایەی فەنتازیاکان ببنە هۆی دروستکردنی دیدی نوێ بۆ خوێندنەوەی واقیع و کەشفکردنی نوێ لە کارە ئەدەبییەکاندا. مەبەستم لە شێوازی زاڵبوونی واقیعیش پشت تێکردن نییە لە واقیع وەک «وزەیەکی بەرهەمهێنان»، بەڵکە مەبەستم لە نەبوونی سەرکێشی و زاتی دۆزینەوەی دنیای تر، کە تا بێت ژمارەی قوفڵی سەر ئەو دەروازانە گەورەتردەکات کە ڕێگەیەکن بۆ چوونە دەرەوەی زیاتر، هەر ئەم گیرۆدەبوونەشە هێندەی تر لە ناو بچووکی و هەژاریی دنیایەکی سیاسی کراوی «ناسیاسی»دا بەندمان دەکا. پێموایە سەرچاوەی ئەم ترسەش لە خۆکەمکردن و دانپێیانەنانی «نووسەری تەقلیدیی کوردی»یەوە دێت لە بەردەم هەموو ئەو نووسەرانەی هەوڵی سەرکێشی و شکاندنی ئەو قوفڵانە دەدەن بۆ خۆپیشاندان و کردنەوەی لە بەرانبەر دنیادا. بۆیە دەبینین ئەو شێوازی بەرگریکردنەی زۆرینەی نووسەرانی تەقلیدی ئێمە زۆر عوقدەیی و ژەهراوییانە خۆی دەخاتەڕوو دژ بە هەموو هەوڵدانێکی داهێنەرانە کە وەچەی نوێ بەرهەمی دەهێنێت.

ئایا دەکرێت ئێمە تەنها ئەو هۆی زاڵبوونە خوێناوییەی مێژووی خۆمان بکەینە تەنها هۆکار و پشت لەهەموو ڕاڤەکردنەکانی تر بکەین، لەبەرانبەر ئەو دیفاعە خوێناوییەی کە نووسەری تەقلیدیی ئێمە بۆ ماوەی سی ساڵە درێژەی پێدەدات؟! کە بەچەشنێ بۆتە هۆی ئەوەی ناهێڵێت هیچ شێوازێکی غەیرە واقیعی تر لەناو ئەدەبی کوردیی ئێمەدا ڕۆژگاری خۆی بژی، وە بەگوناهباری بەردەم ئایدۆلۆژیا بەکوڕێکی ناشەرعی و بە جەستەیەکی نەخۆش لەقەڵەمی دەدات؟!

لە گوێگرتنماندا بۆ کۆی هەموو ئەو وەڵامە جیاوازانەی ئەم پرسیارە ئەوەیە گەر بێت و ئەو وەڵامانە بەهەموو ناستەجیاکانیانەوە لە توانایاندا نەبێت جێ زەبری تائێستا مۆربۆوەی دەستی ئایدۆلۆژیاو حیزبی کوردی ببینن بەسەر جەستەی ئەدەبی کوردییەوە، ئەوا ناشتوانن لەو خەونە وێناکراوانەی نووسین و ڕەخنەی کوردیش بگەن کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی لەباری گشتیدا بکاتە ئەدەبێکی وێناکراو، ئەدەبێک کە هەمیشە لەبری باوک وەعز و نەسیحەتەکانی خۆی ببەخشێتەوە.

کاتێک نووسەری تەقلیدی دێت و دەڵێت: «فلان ژانری ئەدەبی لە ئەزمەدایە»!... واتای ئەوەیە ئەو ژانرە ئەدەبییە پێشوەخت وێنەیەکی داتاشراوی بۆ ئامادەکراوە، گەر بێت و هەر ژانرێکی ئەدەبی بخرێتە چوارچێوەی وێنەیەکی نەگۆڕ و دروستکراوەوە، ئەوا هەر ئەم بڕیارەدانە بۆخۆی سەرچاوەی ئەزمەیەکی گەورەیە. بۆیە تائێستاش هەر خەون و هەر فەنتازیایەکی نووسین لەو سنوورە دیاریکراوە چوە دەرێ، ئەوا هەم نووسەرەکەی و هەم بەرهەمەکەشی بایکۆت و ڕسوا دەکرێت. دیارە ئەم ڕایەم بازدانێکی کوێرانەش نییە بەسەر هەموو قۆناغەکانی ئەدەبیی کوردیدا کە هەڵبەت هەریەکەیان خاوەن خاسیەتی ڕۆژگاری خۆیەتی و جێگای مشتومڕی زۆرن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مانای مەرەخەسکردنی نووسەری کوردیش نییە لەو تەسلیمبوونە بەردەوام و درێژخایانەی، کەخۆشترین جێگا و نەمینترین شوێنی دروستکردنی مانێک بووە لەناو ئایدۆلۆژیاکانی حیزبدا. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە بڵێین لە سەدا نەوەدی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی ئێمە لەناو مانی حیزبدا بەرهەم هاتووە، ئەگەربێت و نووسەرێکیش هەبێت لەدەردەوی ئینتماکانی حیزبەوە بەرهەمەکانی خستبێتەڕوو، ئەوا لەکۆدا هەر هەمان تێڕوانینی نووسەرێکی حیزبی هەبووە.

لەکاتێکدا دەبوو داخراویی و تەنهایی دنیای ئێمە بە پێچەوانەوە تا ئێستا دەیەها شاکاری پڕ لە فەنتازیا و خەون و سەرکێشی بەرهەمبهێنابایە، چونکە ئەو دنیایەی کە ئێمە تێیدا دەژین هیچ کاتێ توانای بەرجەستەکردن و بەرهەمهێنانی خەونەکانی ئێمەی تێدا نەبۆتەوە، بۆیە دەبینین زۆرینەی کات، ڕوداوە پڕ لە تراژیدیاکانی واقیعی ئێمە زۆر گەورەترن لە بەرهەمە واقیعی و کۆپیکراوەکانی کە تائێستا بەو تێڕوانینەوە نووسراون.

کایەکانی ئەدەبی ئەو زەمینە لەیەکنەچووە هەمەچەشنانەن لە مومارەسەکردنی خەون و فەنتازیادا کە دەبنە ئەو ئەفسونە جوان و کۆتایی نەهاتووەی مرۆڤایەتی بۆ بەردەوامبوون و گەیشتن بە پرسیار و کایەی نوێ، بۆ جوانی جیاوازییەکان و هەمەڕەنگی بیرکردنەوەکان. ئەمەش ڕێکەوت نییە گەربێتوو زۆرینەی پاڵەوانەکانی «ئێوارەی پەروانە» لەهەوڵی دۆزینەوەی شاری نوێ و دنیای نوێدابن بۆ گەیشتن بە دنیایەک کە عەشق تیایدا سەرفرازە، لەهەمان کاتیشدا سەرفرازییەک بە قەبارەی خۆشی جێی نشوستی و گومانەکانە.

«جەنگەڵی عاشقان» جێیەکە لەناو خەونی هەموو عاشقان و یاخییانی مێژووی ئێمەدا، بەڵام هەرگیز ئەو جێیەش نییە کە تائێستا بە بەردەوامی لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکاندا، عاشقان و یاخییانی ئێمە تێیدا نیشتەجێبوون، بۆیە دەستنیشانکردنی ئەو جێیە و بەستنەوەی بە جوگرافیایەکی تەسکی ناو واقیعی کوردییەوە، هەم تێنەگەیشتنە لە ڕۆمانەکە و هەم شاردنەوەی جوانییەکان و کوشتنی فەنتازیاکانیەتی، کە دواتر هەوڵدەدەم کەمێک دەربارەی بدوێم.

ئێمە جگە لە هەندێ بەرهەمی شیعریی تائێستا بەگشتی خاوەنی دنیایەکی فرە کەشفکراوەین لە فەنتازیاکردنی کاری نەدەبیدا، بەدەگمەن دەبینین بەرهەمێک لەسەرەتاوە تا کۆتایی لە نێو دەریاکانی فەنتازیادا مەلە بکات و دووبارە نەگەڕێتەوە نێو حەوزەکانی واقیع. هەر میللەتێکیش هێندە لە فەنتازیاکانی خەون بترسێت، خاوەنی خوێندەرانێکی بێشوماری هێندە واقیعی وادەبێت کە باشترین خوێندنەوەیان لە ستونی لاپەڕەی ڕۆژنامەی حیزبێکی کوردی تێناپەڕێت. گەر خەونەکانی ئینسانیش هێندە سادەبکرێتەوە و ببێت بە وتارکردن و کۆپیکردنی ڕوداوەکانی ڕۆژانە، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە پێش هەرشت دەبێتە سەرسەختترین دوژمنی خەونەکانی داهێنانی ئەدەبیی خۆی.

یەکێک لە دەستەوسانی نووسەری تەقلیدی کوردیش بۆ هاتنەدەرەوە لەو سنوورە نەخشەکێشراو و ئامادەیە، ترس بووە بۆ لەدەستدانی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕێگەی ئەدەبەوە بەدەستیهێناوە، کە من لێرەدا بە پلەی «ماقوولبوون» ناویدەبەم. جێی خۆیەتی بڵێم ئەم حالەتەش لە پشت هەموو خۆهەڵنەمالین و کردنەوەیەکی زۆرینەی نووسەرانی ئەوروپاشەوەیە کە تائێستا کاریگەری خۆی لەسەر بەرهەم و قەناعەتە نەگۆڕەکانیان داناوە سەبارەت بە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی. بۆیە حالەتێکی ناجیزە نییە کە ئێمە زۆرینەی نووسەری کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک پیاوماقوولی پشت میز و سەر سەکۆی دەستەڵاتی حیزب و قسەڕۆیشتووی ئایدۆلۆژیاکان ببینین. کاتێک خەون و خەیاڵی نووسەر لەکایەکانی ڕۆشنبیریی و نووسیندا بەرتەسک و بچوک دەبێتەوە، تەنها دەبێتە تاسەی بەدەستهێنانی پلەی "پیاو ماقوول"یی. دواتریش لە پشتی میزێکەوە دانیشتن و وەکوو سیاسییەکی گەشبین دەستکردن بە بەخشینەوەی وەعز و نەسیحەتەکانی، یان وەک دەمراست و ناوبژیوان خۆ خستەڕوو. ئەوە تەنها هەر نیشانەی مردنی گومان و گۆڕجوونی هەنگاوانن نییە بۆ پشکنینی بەردەوام، بەڵکە نیشانەی مردنی ئەو جۆرە نووسەرانەشە وەک «ئینسان». ئەوساتەی پرسیار بوونی نامێنێت، هەمیشە وەڵامی ئامادە دەبێتە ئەو سێبەرەی کە ڕێگەنادات هیچ بەرهەمێکی لەژێردا سەوزبێت، ئیدی ئەو سەردەمەش دەبێتە سەردەمی زێڕینی ئەو جۆرە نووسەر و بەناو ڕۆشنبیرانە، دەبێتە سەردەمی مردنی ئینسان و زۆربوونی «پیاوە ماقوولەکان»، ئەو جۆری بەرهەمهێنانی ئەدەبەش لێرەوە دەبێتە بێڕەحمترین بەندیخانەی زۆرینەی خوێنەران بە پێچەوانەی ئەوەی ببێتە پەنجەرەیەک بۆ ڕوانینی بەردەوام بەرەو ئاسۆکانی ئازادی فیکرو بیرکردنەوە. لێرەدا ئەگەر شوناسی کوردبوون بەهەموو ماناکانیەوە موسیبەتدارترین حالەت بێت بۆ ئێستای نووسەری جدی، ئەوا بە پێچەوانەوە بۆ نووسەری تەقلیدی، کوردبوون دیاریەکی شاهانەیە کە لەهەموو بەرپرسیاریەکی هونەری و فیکری قوتاریدەکات، بۆیە دەبێت نووسەری تەقلیدیی کوردی زۆر مەمنوونی ئەوەبێت کە کورد، دەنا کورد نەبوایە و پابەندی هەر کۆمەڵگەیەکی تر بوایە هەرگیز ئەو دەرفەتەی بۆ

نەدەلوا ئاوا بتوانێت بەبێ زەمینەیەکی فیکری دەولەمەند زۆرینەی خوێنەری کوردی لەخۆی کۆبکاتەوە و پاوانێکی گەورە داگیربکات.
گەرێت و ئێمە بۆ چەند وچانێکی کەم ڕێ بەخۆمان بدەین ئەو ئیمتیازی سەرمایە کۆمەلایەتی و ڕەمزییە لەو نووسەرانە بستێنینەوە، ڕێگەیان بدەین بەبێ ئەو سەرمایە بدوێن و نەهێلین ئاوڕ لە دواوە بدەنەوە، ڕووتوقووت دەبنەوە و ئیدی هیچیان پێنامێنێ بۆ گوتن؛ ئەمەش لەڕاستیدا خەمناکترین دیاردەی ئێستای ناو ئەدەبی کوردی یە، کە پڕبیەتی لە پیاوی ڕووتوقووت. گەر ئەو جۆرە ئەدەب و ڕۆشنبیرییە تەنها کاری ئەو جۆرە ماقوولکردنەبێت، ئەوا بە پێچەوانەوە داهێنان لە کایە ئەدەبیەکاندا دەگۆڕێت بۆ پێبەخشینی نیشانەی «ناماقوول»یی، ناماقوولبوونی ئەو نووسەرانەی کە تەنها بەداهێنان وەلامی ڕووتێتی نووسەرانی سەلەف دەدەنەوە. ئێستاش ئێمە لەبەردەم بەرهەمی یەکێک لە ناماقوولترین پیاودا دەوەستینەوە کە خاوەنی ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە»یە.

## ناوی کەسایەتییەکانی ئێوارەی پەروانە

ئەگەرچی «ڕێبوار سیوەیلی» لە کتێبی «دنیای شتە بچووکەکان - ۱۹۹۹»دا لە وتارێکیدا بەناونیشانی "زمان و بێکۆتایی: پڕۆسەی ناولێنان لە «ئێوارەی پەروانە»دا"، سەبارەت بە هەلبژاردنی ناوی پاڵەوانەکان و هۆی هەلبژاردنی شێوەی ناوەکان و چەند لایەنێکی تر بەجوانی دواوە. وامنیش لێردا هەندێ سەرنجی خۆم لەسەر نهێنی هەلبژاردنی ناوەکان دەخەمەڕوو.
ڕوونە، گەر ئێمە «ناو» وەک نیشانەیەک بۆ ناسینەوەی مێژوو، قۆناغی نووسینی کوردی بەتایبەتی «چیرۆک و تا ڕادەیەکیش ڕۆمان» وەربگرین، تێدەگەین لە پشتی هەموو ناوێکەوە حالەتێکی سادەی بە سومبولکردن هەیە. وێڕای ئەوەش هەلبژاردنی ناو لەناو بەرهەمە بەرهەمهاتووەکانی ئەدەبی لەبەرانبەر خوێنەرانی کورددا، بارگاوی یە بەو مەبەستە بێپەردە و ئاشکرایانەی پەیامی نووسەر؛ واتە نووسەر لێردا دەکەوێتە ناستی سادەترین حالەتی دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکان بەهۆی ناوەکانیانەوە. هەمیشەش ئەو پاڵەوانانەی کە هەلگری ڕەمزی خۆڕاگری و لایەنی پۆزەتیڤن، کۆ ناوێکن لە نموونەی وەک: نازاد، جوامێر، هەڵۆ، نەبەز، نەبەرد، شاخەوان، خورشید و ... ئێمە گەر بەڕابردوو و ئێستاشەوە بەسەر کۆی ئەو بەرهەمانەدا بچینەوە دەبینین لەگەڵ بیستنی ناوی پاڵەواندا، شوناسی پاڵەوانەکە لەڕێگەی ناوەکەیەوە دەناسینەوە، کە ئایا ئەم پاڵەوان یان ئەویدی پاڵەوانێکی بەرگریکەر و شۆڕشگێڕ و قارەمانە و سەر بە چ چین و توێژێکە، یان پێچەوانەکەیەتی، بەبێ ئەوەی پێویستبکات دوای گرێچنی ڕووداوەکانی ناو بەرهەمەکە بکەوین.
واتا ناوی پاڵەوان بەتەنها دەبێتە کۆی وزەی تێگەیشتن لەدەق، نەک ئاسۆی دەق ببێتە وزەی پێناسەکردن و ناساندنی پاڵەوان. ئەمەش ڕۆچوونێکە تا ئاستی بەسادەکردنەوەی زمان و کوشتنی هەموو بە دووداچوونێکی تەکنیکی لە نووسیندا. بەدەگمەن ئێمە ناوی پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕ لەبەرهەمێکی نەدەبیدا دەخوێنینەوە گەر ناوەکە هەلگری هەمان ماناو شوناس نەبێت.
بەهەمان شێوەش ناوی پاڵەوانە نەگەتیڤەکان هەلگری هەمان ڕەشبینی و شکستیی چاوەڕوانکراو لە خۆدەگرن بۆ نموونە ناوەکانی وەک: موشیری حەمەی سلێمان و مەلای خەتێ و بەکر مەرگەوەڕ و هتد.. بەلگەی ئەم قسەیەن. ناوەکان کە هەلگری پێناساندنی کەسایەتین لە هەموو تاکێتی خۆیان دادەمالرێن و دەبنە ناوێک کە سەرجەمی چینێک یان هەلگرانی خاوەن ئایدۆلۆژیایەک، یاخود کیانی هەموو کۆمەلگەی تێدا کۆدەکرێتەوە. لەڕاستیدا ئەم خالەش ئەوندەی هەلگری شکستی ئاسۆکانی بیرکردنەوە و تەکنیکی نووسینە هێندە هەلگری نیشانە سەرکەوتووەکانی بەرهەمی ئەدەبی ئێمە نییە، چونکە ئەو شێوازی نووسینە هەر لەسەرەتاوە ئێمەیان وا ڕاهێناوە کە لەگەڵ بیستنی ناوی کەسایەتییەکەدا ئاسۆی بەرهەمەکەش بناسینەوە و سیحری ئەو لەزەت و بەردەواميیەی خوێندنەوەمان لەلا کاڵ ببێتەوە. کاتێک ناو لە ئاستی سادەیی نووسیندا دەبێتە کۆد «کلیل»ێک بۆ کردنەوە و تێگەیشتنی سەرتاپای دەقێک، ئیدی لێرەدا هەموو هەوڵدانەکانی تەکنیکی نووسین شکست دەهێنن.
گەر ئێمە وەک لایەنی زمان و حالەتی سایکۆلۆژی بڕوانینە «ناو»، ئەوا دەبینین هەموو ئینسانێک لە کۆمەلگەی خۆیدا توانایەکی بەدەستهاتووی هەیە بۆ وێناکردنی سیمای کەسی خاوەن ناو. بە پشتبەستن بەم توانایە و ڕاهاتنمان بەو ناوانەی کە جێگرەوەیەکی سومبولیانەیان هەیە لە کۆمەلگەی ئێمەدا. دەتوانین ئەم تێگەیشتنە بکەین بە یەکێک لە هەرە دەروازەکانی چوونە ژوورەوە بۆ بەرهەمی نەدەبی، چونکە هەرەدم پاڵەوانەکانی چیرۆکی کوردی سیمای ئەو کەسانەیان بیرهێناوینەتەوە کە لەژیانی ڕۆژانەدا پێیان ئاشنابووین یاخود بەچەشنێکی تر بەسەرهاتەکانیانمان بیستوون، هەروەها نیشانەیەکیش بوون بۆ نموونەی ئەخلاق و بەرگریکردن و تێگەیشتن لە ژیان. بە دیوێکی تریشدا ئەم کردەی بە سومبول پیشاندانە وای کردووە کە خەلکانێکی زۆر ناوی منالەکانیان بەناوی کەسایەتییە شۆڕشگێڕو قارەمانەکانی ناو بەرهەمە ئەدەبیەکانەوە ناوبنێن وەک: پاڤێل، نینا، هەڵۆ... و کۆی ناوەکانی تر.
گەرێت و ئێمە تەنها لە سنووری شاردا سەیری کردەی ناولێنان بکەین، دەبینین ناوەکان بەچەشنێ گرێدراوی هەلومەرجە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئێمەن، بوونەتە شوناسێک بۆ ناسینەوەی قۆناغەکان. بۆ نموونە هەروەک چۆن لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا ناوە عەرەبیەکان دەگۆڕدرێن بۆ ناوی کوردی، کۆ ناوێک کە دەبێتە شوناس بۆ کات و سەردەمی لەدایک بوون و خەونەکانی ئینسانی کورد لەو سەردەمەدا. بە هەمان شێوەش نەوەدەکان دابەشدەبێ بەسەر چەند لقێکی جیاواز لە هەلبژاردنی ناودا. لقێکیان ناوی شاخ و دێ و کانی و ناوی کوردستان وەردەگرێ، لقێکی تریان دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەعی هەستی نەتەوایەتی، وەک ناوی زەردەشتی و کەسایەتی سیاسی و پاڵەوانی مێژوویی؛ بەدیوێکی تریشدا بەشێک لەو ناوانە زیاتر تەسلیمی مۆسیقاو شیرینی زمانی کوردیی دەبێت. یەکێ لە لقەکانی تریش کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبێتە نیشانەیەک بۆ شکستهێنانی خەونی ئینسانی کورد لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانە ناپوریی و کۆمەلایەتییانەی کوردستاندا، پشت بەو مەرجەعە دینییەی ئیسلام دەبەستێت، کە کۆناوێکی کۆن سەرلەنوێ تازە دەکاتەوەو پەنا بۆ ناوە پیرۆزەکانی قورئان و ئەسحابەکان دەبات.
هەلبەت دەکرێ ئەم لایەنە وەک باسێکی تایبەت لە ئاستێکی وردترا قسەی لەسەربکرێت. بەڵام پێمواية ئەم ڕونکردنەوەیە بەسە تا بتوانین کەمێک ڕۆشنایی بخەینە سەر خالە نهێنییەکانی پشتبەستن لە هەلبژاردنی جۆری ناوەکان لە «ئێوارەی پەروانە»دا.
ئێمە لەم ڕۆمانەدا بەدەگمەن ڕووبەڕووی ناوێک دەدەستینەوە کە هەلگری

نازناوێکی پاشینە نەبێت. کۆ ناوێک کە ڕێگە بەخوێنەر نادات هەروا بەئاسانی زەفەری ناسینەوە و تێڕامان بدات لە بەرانبەریدا. ئەگەرچی لە زۆر حاڵەتدا ناوەکان دەبنە ئەو کۆدە بارگاوییەی کە قەدەری کەسایەتی هەڵگری ناوەکان وێنادەکەن. بەڵام جیاوازی لەگەڵ ناوە بەسومبڵکراوەکانی تری بەرهەمی ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە ئەم ناوانە نابنە قاسدێک بۆ گەیاندنی سیحری تەکنیک و کەشفکردنی مانا نادیارەکانی بەرهەمەکە، بەڵکە ئەوە هێز و نەخشی بەفەنتازیاکردنی ئاستی بەرهەمەکەیە کە کردەی هەڵبژاردن بۆ ناوەکان دیاری دەکات. ئەمەش بۆخۆی چوونە بەردەم کۆمەڵێ پاڵەوانە کە لە درێژەی بەسەرهاتەکانیاندا ناوەکان دەبنە نیشانەیەک بۆ وەسواسی و شێوازی بیرکردنەوەیان، لە هەمان کاتیشدا ئەم ناوانە هیچ کاتێک هەڵگری سەردەم و شوێن و مێژوویەکی تایبەت نین تا بەئاسانی ئێمە شوێن و مێژوو لەخاڵێکدا دەستنیشانبکەین و بەسەرهاتەکان بناسینەوە و خاڵبەندیان بکەین.

کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بە بەراورد بە کەسایەتییە لاوەکییەکان کۆ ناوێکن لە زۆرینەدا ناتوانێت بەهۆی نازناوەکانیانەوە کە «هەندێ جاریش هەڵگری نازناونین» بەئاسانی نەخشی قەدەرەکانیان دەرک پێبکرێت. وەک: خەندانی چکۆلە، فەتانە، نەسرەدینی بۆنخۆش، پەروانە، مەعسومە، فەرەیدونی مەلەک...، بەڵام کاتێ نووسەر نەخشی کەسایەتییە لاوەکییەکان دادەڕێژێت، لە هەندێ شوێندا بەتەنها ڕستەیەک تەعریفیان دەکات و هەڵبژاردنی ناوەکانیش وادێن کە دەبنە بەشێکی گەورەی ناسینی کەسایەتییەکان، بەڵام پێناسەیەک تەنها ڕووی دیاری کەسایەتییەکان دەناسێنێت نەک بەدەستەوەدانی نهێنییەکانی ناو دەقەکە و تێکڕای بیرکردنەوەی کەسایەتییەکان، وەک: عەزیزی تیرئەنداز، کە تاکە تفەنگچی جەنگەڵە و خۆی بە دەست ڕاستترین پیاوی دونیا دەزانێت.

مەهدی گوڵەباخ: ئێواران، دوای کار، گوڵە کێوێلەکان کۆدەکاتەوە و لە شوشەیەکی گەوردا گوڵاویان لێ دروستدەکات.

غەمگینی بەختەوەر: ژیانی بەشێوەیەکی سەیر لە نێوان گریانی بەکوڵ و پێکەنیندا دابەشبووە.

کلێپە: دەتوانێت بە فیکە هەموو گۆرانییە بەناوبانگەکان و سەمفۆنیا گرینگەکان دووبارەبکاتەوە.

ئەسعەد نامۆ: تەنها گیا دەخوات.

تاهیری توتی: هێندە لەو کەڕ و چیایانە ژیاوە، بە ئەستەم هەندێ وشەی لەبیرماوە و جگە لە توانای دووبارەکردنەوەی هەندێک دەنگ، بەهرەیەکی تری نییە.

مرواری گچکەڵە: میوەکان وشک دەکاتەوە و ترسێکی گەورەی لە بەفر و سەرمایە. (ل٩٥)

بەگشتی لێرەوە لە ڕۆڵی گرینگی هەڵبژاردنی ناو لەم ڕۆمانەدا تێدەگەین کەچەندە کاریگەریی خۆی هەیە لە دەرک پێکردن و تەقینەوەی فەنتازیاکاندا. لەگەڵ ئەوەی کە من پێموایە هەڵبژاردنی ناوەکانی «ئێوارەی پەروانە» هۆکارێکی گەورەن بۆ ئەو پەلکێشکردنە چاوەڕوانەکراوەی کە ئێمەی خوێنەر لە تەک خۆیدا دەباتە نێو دنیای کەسایەتییەکانەوە. وە بەدیوێکی تریشدا هەڵبەت جۆری ناوەکان کاریگەرییەکی دەرونی گەورەشی هەبووە بۆ نووسەر لە خوڵقاندنی چارەنووس و درێژەپێدانی هەر ڕووداوێکی ئەو کەسایەتییانەی کە هەڵگری ناوەکانن.

لێرەدا من پرسیارێکی بێ وەڵام جێدێڵم، تۆ بڵێی نەخشی کەسایەتییەکان پێش ناوەکان، بەم شێوە قەبارەیەی کە ئێستا دەیانناسین هەبووبن لەلای نووسەر، یان ناوەکان بوونەتە بەشێکی گەورە لە شوناسی کەسایەتییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە؟!

بەشێوەیەکی گشتی من بۆخۆم پێموایە دەستپێکردن بۆ هەموو سەرەتایەکی نووسین کارێکی قورسە؛ بەچەشنێ یەکەم دێڕ دەبێتە هەڵگری ئەو بەریەککەوتنی تۆنە مۆسیقییەی کە زۆرینەی بونیادی بەرهەمەکە دیاریدەکات. لێ، دەستپێکردن بۆ سەرەتای هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتووش هەڵبەتە کارێکی ئەستەمتر و ئالۆزترە، کارێکە کە لە یەکەم لێدانی تەپڵی جەنگ دەچێت، سەرەتا و یەکەم دێڕی دەستپێکردن ئەوەندە کاریگەریی خۆی هەیە کە دواتر زۆربەی ستروکتووری ڕۆمانەکەی لەسەر هەڵدەچنرێت. [من «خەندانی چکۆلە»]، ئەمە یەکەم دەستپێکردنە لەم ڕۆمانەدا، دەستپێکردنێکە کە بەڕوالەت هەژانێکی وای تێدا نابینین بەڵام ئێدی دواتر بەردەوام دەبێ و دەڵێت: [چەندین ساڵ لەمەوبەر هەموو ئەو ڕووداوە سەیرانە ژیام کە دواجار ئەستەم بوو تا کەمێک گەورە نەبم بتوانم لە هەموو ماناکانیان تێبگەم و بیانووسمەوە، ...].

لێرەوە ئێمە دەست بەخوێندنەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو دەکەین کە بەڕوالەت کەسی یەکەم و شاهیدی ڕووداوەکان دەیگێڕێتەوە. بەڵام هەر لەلاپەڕەی یەکەمدا ئێمە ناوی شەش کەس لە پاڵەوانەکان دەبیستین و لە دوادێڕی بەشی یەکەمیشدا کە تەنها سێ لاپەڕەونیوە ناوی کەسی حەوتەمیش دەخوێنینەوە. ئەم لەپڕ دەرکەوتنەی ئەم حەوت کەسایەتییە لەم ڕووبەرە کەمەی نووسیندا بەناوە ناناساییەکانی خۆیانەوە هیچ قەرەبالغی و شڵەژانێک بۆ خوێنەر دروست ناکات، هێندەی ئەوەی ئەم تەپڵی جەنگە بە ئولفەتێکی گەرمەوە پەلکێشمان دەکات بۆ نێو کۆمەڵێ ڕووداوی پڕ لە فەنتازیای وا، کە هەرگیز ناوەکان بەتەنها ناتوانن ببنە هۆی دەرفەتێک بۆ سۆسەکردن و دەرکپێکردنی یەک بەدوای یەکی ڕووداوەکان، بەڵکە ئەوە قورسایی ناوەکانە کە لە زەینی خوێنەردا دەبێتە حاڵەتێک لە سەرسامی و بەردەوامی خوێندنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە هەر زوو تێدەگەین «خەندانی چکۆلە» بەتەنها حیکایەتخوان و شاهیدی ڕاستەقینە نییە و گێڕەردەوەیەکی تەقلیدیش نییە، بەڵکە «خەندانی چکۆلە» لە ڕێی «نەسرەدینی بۆنخۆش و مەعسومە و دەفتەرەکانی میدیای غەمگین»ەوە بەسەرهاتی خۆی و «فەتانە»ی هاوڕێی و ژیانی پەروانەی خوشکی و کەسەکانی ناو «جەنگەڵی عاشقان» و «تۆبەخانەکە» دەگێڕێتەوە.

هەر لەسەرەتاوە «خەندانی چکۆلە» دەربارەی نهێنی هۆی بەردەوامیدان بە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ئەم ڕوداوانە سەبارەت بە «پەروانە»ی خوشکی دەڵێت: «ژیانی من جگە لە سێبەرێکی ژیانی ئەو هیچی تر نییە.» (ل١١)

**شوێن، مێژوو، یادەوەریی لە «ئێوارەی پەروانە»دا**

هێزی فەنتازیا لە «ئێوارەی پەروانە»دا تەنها پایەیەک نییە لە پایەکانی تەکنیک، بەڵکە تێکڕا هەم تەکنیک و تواناکانی خوێندنەوەیەکە بۆ سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردی و هەم دروستکردنی دنیایەکە کە زادەی دنیای واقیعی ئێمەیە، بەڵام لە سنووری یۆتۆپیایەکدا، تا بەرهەمەکە بگات بەو نازادییەی کە مەرجی بەستنەوەی بەقۆناغێکی دیاریکراوەوە نەبەزێنێ، ڤیجاش ڕێگەیەکیش بێت کە «جەنگەڵی عاشقان و جەنگەڵی کوفرو گوناە» ببێتە ئەو مەیدانی خوێندنەوە فیکرییەی کە

دەمانگەیێنێتە سەر جوانییەکانی ئەم بەرهەمە.

مێژوو لێرەدا تەنها نابێتە ساڵ و ڕۆژی بەسەرهاتەکان و ناسینەوەیان، بەڵکە مێژوو لەناو فەنتازیاکاندا جارجارە وەک یادوەری شوێن و شار و ڕووداوە گەورەکانی دنیای ئێمە خۆیان بەبیر دێنێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بەگەڕخستنی ڕێژەیەکی زۆر لە یادوەری هەر خوێنەرێک بەبێ ئەوەی ئەو یادوەرییانە وەک تێکست بخوێنرێنەوە، ئەو یادوەرییانەش یادوەری جیاوازی هەر یەک لە ئێمەیە و تێکڕاش مێژووی ژیان و تراجیدیاکانمانە. هەڵبەت هەر کۆی ئەم خاڵانەشە کە ناهێڵێت واقیع وەک بوویەکی ڕابردوو دەست لێنەدراو ببینین، بەڵکە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش بەچەشنێ یەکانگیر دەبن، کە دەبنە چەقی قورسایی ئەم ڕۆمانە. ئەم بەرهەمە چەندە لە توانایدایە ڕابردوو وەک مێژوویەکی بەسەرچوو بخوێنێتەوە هێندەش لە توانایدا هەیە ئێستا و داهاتوویەک پیشانبدات، زەنگی خەتەرێک لێبدات کە بەلای زۆرەوە کۆمەڵگەی ئێمە بەڕێوەیە بەرەوڕووی بچێت.

«ئێوارەی پەروانە» بەپێچەوانەی زۆرینەی ڕۆمانی کوردییەوە، بەبێ هیچ دروشمدانێک توانیوێتی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە بخوێنێتەوە، چونکە ئەدەبێکی دروشمدەر چەندە دەتوانێت ڕووناکی بخاتە سەر پێناسەکردنی قۆناغێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، هێندەش دەبێتە پەردەپۆشکردنی خوێندنەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە لەبەردەم قۆناغەکانی بیرکردنەوەی ئینسانیی ئێمەدا.

هەروەسا بەکارخستنی مێژوو لە «ئێوارەی پەروانە»دا لە دیدێکی جیاوە سەرچاوە هەڵدەگرێت کە ئەویش کەشفکردنی فەرامۆشکردنەکانی مێژووی ئێمەیە بۆ دنیای «ناوەوە»ی کۆمەڵگەی کوردی، دنیای خەون و فەنتازیاو مەرگی یۆتۆپیاکانی ئێمە، ئەو دنیایەی کە تەنها دەستەڵاتی نووسین دەیکاتە مێژوو، ئەمەش جەمسەری پێچەوانەی ئەو مێژوونامەیە کە هێزی دەستەڵاتدار تۆماری دەکات. هەڵبەت تۆمارکردنی ئەو مێژوونامەش پابەند نییە بە تۆمارکردنی ڕاستینەی ڕۆژ و مانگ و ساڵی ڕووداوەکانەوە، ئەوەندەی مێژوونامەیەکە ڕووناکی دەخاتە سەر فەرامۆشییەکان، مێژوو بۆ ئینسان وەک کەسێکی تاک، دواتر کاریگەری بیرکردنەوەکانی کۆ و جیاکردنەوەی قۆناغە یەک بەدوای یەکەکان.

لەلاپەڕەی یەکەمەوە خەندان دەڵێت: [«نەسردینی بۆنخۆش» نێستاش دەڵێت «پەلەمەکە»، «فەتانە»ش لەو باوەڕدایە کە هێشتا ناتوانین لە ڕاستی ئەو ڕۆژانە و ئەو ڕووداوانە تێبگەین... هەردووکیان گومانیان هەیە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی تەواوبێت،...] (ل٤). هەڵبەت ئێمە بەسەرهاتەکانی نێو ئەم ڕۆمانە بەهۆی یاداشتکردنەکانی خەندانەوە دەخوێنینەوە. هەر لەسەرەتاوە ئەم ڕستەیە گومانێکمان تیادا دەچێنێت، گومانێک سەبارەت بە «مێژوو»، مێژوویەک کە بەسەرچووە و قابیلی هیچ گۆڕانکاری و دەستێوەردانێک نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەمانخاتە بەردەم ترسی دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووەوە، خەندان دەڵێت: [کێ دەڵێت، ئێوارەی پەروانە تەواوبووە.. کێ دەڵێت، من هەمووی دووبارە سەرلەنوێ نانووسمەوە؟] (ل٢٥٤). لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەشدا نەسردینی بۆنخۆش بە خەندان دەڵێت: [خانمی چکۆلانەی من، کێ دەڵێت، ئەمانە هەمووی وەهم نین.. کێ دەڵێت، هەمووی حیکایەتی خەیاڵێک نییە، من و تۆ پێکەوە دەینووسین...] خەندانیش پێی دەڵێت: [کێ دەڵێ، وانییە... کێ؟ لەوانەیە هەمووی وێنەیەکی من و تۆ بێت و هیچی تر.]... دواتر خەندان دەڵێت: [دەشزانم فەتانە بەتوڕەیی و نیرەییەکی زۆرەوە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە، بەڵام دواجار باوەشم پیادەکات و دەڵێت: «خەندان، قەیدی نییە، خەمی من مەخۆ، باوابێت... باوا...»].

ئەم گومانە لەلاپەڕەی سەرەتاو کۆتایدا گومانێکە دەرهەق بە گێڕانەوەی کاملی ئەو مێژووە، ئەک گومانی لەوەی بەسەرهاتەکان هەر یارییەک بن و ئێمە تەنها دوای فەنتازیا کەوتبین. ئەمەش تەنها مانای تەسلیمبوون و خوێندنەوەی فەرامۆشییەکانی مێژوو نییە ئەوەندەی ترس و دڵەڕاوکێی نووسەرە لە هەقدان بە کۆی ئەو فەرامۆشییانەی کە ئەم ڕۆمانە تۆماریکردووە، لەگەڵ شێوەی مامەڵەکردن و بەرگریکردن لە شەڕانیەتی مێژوو.

ئەم سەرەتا و کۆتایی گومانەش بەدیوێکی تردا سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانی «حەسار»ی ـ شێرزاد حەسەن ـ مان بەبیردێتەوە، بەڵام جیاوازیی «حەسار» و «ئێوارەی پەروانە» جگە لە تێمی فیکری و دنیاکانیان جیاوازییەکی گەورەتری تێدایە کە لە کۆتایی «حەسار»دا ئێمە دانپیانان لە بە «خەونبوونی» بەسەرهاتەکە لە دەمی کوڕی گێڕەرەوەوە دەبیستین. بەڵام «ئێوارەی پەروانە» خوێندنەوەی مێژوویەکە کە ترسی درکاندن لە پشتییەوە نییە، ئەوەندەی ترسە لەو عاقیبەتەی گەر ئەم مێژووە بۆ نموونە «فەتانە»یەک بیگێڕایەتەوە بە جۆرێکی تر دەبوو. لە ڕاستیشدا ترسی «خەندانی بچکۆلە» ترسی بەختیار عەلی خۆیەتی لە بەرانبەر خوێندنەوەی مێژوویەکدا کە پێشدەستی دەکات لە گێڕانەوەی بەر لەوەی «فەتانە» ناوێک، یان هەر چ کەسێکی تر هەستێت بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە بەدیوێکی تردا کە توانای کەشفکردن و ڕۆچوونەکانی زیاترین.

«ئێوارەی پەروانە» دەبێتە یەکەم کردەی نووسینەوەی فەرامۆشییەکانی مێژووی وەچەیەک کە لە نێوان ئاگری دەرەوە و ناوخۆدا سوتاوە، بۆیە دەبێت مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەم دەقەدا مامەڵەکردن بێت لەگەڵ تۆمارێکی تر بۆ مێژوو کە دژی ناڕاستەی مێژووی هوتاف و خۆپیشاندانە. بەکورتی دەتوانین بڵێین: «ئێوارەی پەروانە» مێژووی سەرەتای دروستبوونی پرسیار و دۆزینەوەی ئاگری گومانی کۆمەڵگەی ئێمە دەگێڕێتەوە.

## یاخیبوون، ئازادی، گومان، دین، سزا

ئەگەر هەموو یاخیبوونێک بەدەستهێنانی ڕێژەیەک لە ئازادی یان نۆشکردنی جورعەیەک بێت لە سەرکەوتن، ئەوا یاخیبوونی پاڵەوانەکانی «ئێوارەی پەروانە»، یاخیبوونێکە بۆ دۆزینەوەی ئەردێک، شارێک، ئەستێرەیەکی تر تا بێتە شوێنێک بۆ عاشقان. ئەمەش بەدیوێکی تردا خەونی ئەو وەچانەمان بیردێنێتەوە کە کۆی بەدیهێنانی خەونەکانی خۆیان بەستۆتەوە بە بەجێهێشتنی شارو ڕووکردنە شاخ یان سەفەر و جێهێشتنی شوێن وەک شوێنگەیەکی جوگرافی.

بەڵام ئایا تەنها یاخیبوون و سەفەر و جێهێشتن و دوورکەوتنەوە بەتەنها گەرانتی بەدەستهێنانی ئازادین؟!

یان بەدیوێکی تردا ئەوە ترسی ڕوبەڕوبوونەوەی ئازادیە کە لە هەر شوێنێک بێت دەمانگەیەنێتەوە بە بەربەست، لەگەڵ ئەو بەربەرەکانییە دەروونی و فیکریانەی کە هەڵگریانین بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و دنیا و ژیان، چ جای گەر بێت و ئەو یاخیبوونەش بۆخۆی لە شوێنی یەکەمی کۆچەوە بەبێتە کانگای ڕق و نەفرەتکردن، سەربازی ئەوەی کە چەمکی ئازادیش بێبەری نییە لە گومان.

«جەنگەڵی عاشقان» ئەو جێیە یاخی و پەیپێنەبراوەیە کە دەبێتە شوێنگەی عاشقان. بەڵام ئەم شوێنگەیە توانای هاوسەنگیکردن و

بەدیهێنانی خەونە جۆر بەجۆرەکانی عاشقانی نییە، هەریەک لەو عاشقانە لەڕێی خەونی خۆیەوە دەیەوێت بگات بە ئاکامی ئازادییەکانی خۆی. بەدەگمەن پاڵەوانێک لەم ڕۆمانەدا هەیە خاوەنی تایبەتمەندی خەونی خۆی و نهێنییەکانی خۆی نەبێت، بەڵام جەنگەڵی عاشقان پێش بەڕێکەوتنی لەشکری «خوداناسان»؛ عاشقان پێش بیستنی فەتوای لەناوبردنیان، هەریەک عەشقی نێوانیان دەبێتە جەنگێکی تر، جیاواز لەو جەنگەی لە پێناوی تاکێتی و بەدستهێنانی ئازادییەکانیاندا هەوڵیان بۆ دابوو. لێرەوە لە زەبری ترسناکی ئەو دەستەڵاتە کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعییەی کورد تێدەگەین کە ناهێڵێت هیچ یۆتۆپیایەک لەنێو ئەو جوگرافیا تووندوتیژەدا دروست بێت کە دەبێتە هۆی ئازادکردنی تاک. ئەو جوگرافیا کۆمەڵایەتییەی کە هیچ جیاوازییەک قەبوڵ ناکات.

لێرەوە ئیتر دین دێت و سنوورێک لەبەردەمی ئازادی و ماناکانی ژیاندا دادەنێت. چونکە دین دوای چەسپاندنی یاساکانی خۆی داوامان لێناکات بە دوای ماناکانی ژیاندا بگەڕێین، بەڵکە دین دەبێتە ئەو دەستەڵاتەی کە مانایەکی دیار و بێ چەندوچوون لەناو یاساکانی خۆیدا دادەنێت، دەبێتە مەملەکەتی «موطلەق» و حەقیقەت. بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنییە لەدەرەوەی دەستەڵاتی دینەوە وەک ئایدۆلۆژیا، دین لەلایەنە ڕۆحی و «سۆفی»یەکەیدا بێبەربێت لە گەیشتن بە چەمکی ماناکانی ئازادی.

ئێمە لەدوا بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا لەسەر زمانی «خەندانی چکۆلە و زەینەبی کوێستانی و شەوگار»دەوە، جوانترین دیالۆگی ئەم بەرهەمە دەخوێنینەوە سەبارەت بە دین، کە پێمواید بە باری گشتیدا ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش ڕۆشنبیری کوردیی جگە لە تێهەڵچوونی نێوان تووندڕەویی کۆمۆنیستانەی حیزبی و فەندەمەنتالیستانەی فەتوادەرانە خاوەنی هیچ بە یەکگەیشتنێک نییە لە تێگەیشتنیدا سەبارەت بە ڕۆڵی دین.

«زەینەبی کوێستانی» کە مامۆستایەکی ناو قوتابخانەی «خوشکە تۆبەکارەکانە»، نموونەی تووندڕەوی و باڵی دەستەڵاتێکە کە تەنها تۆبەکردن و خۆپاکردنەوە لە ڕێی سزا و عیبادەتکردنەوە بەیەکەم ڕێگا دادەنێت بۆ نزیک بوونەوە لە خوا، ئەوتا دەڵێت: «ئایین لە منداڵییەوە پێماندەڵێت «لەشتان داپۆشن» شەیتان لە منداڵییەوە پێماندەڵێت «لەشتان ڕووتبکەن، عەورەتتان دەرخەن، لە ڕووتی مەترسن..» (١٣١) لەبەشێکی تردا خەندانی چکۆلە بەزەینەبی کوێستانی دەڵێت: «تەنها کەسانێک کە دەبێت تۆبەبکەن، ئەوانەن کە خودا بۆ ئەزیەتکردن و بەئەفرەتلێکردنی مرۆڤەکانی دی بەکاردەهێنن....» (ل ٢٤٨)

لێرەوە دوو تێگەیشتنی جیا بۆ دین دەبینین، کە یەکەمیان تەنها لەڕێی سزاوە، سزایەک بەڕێگەی پەیڕەوکردنیەوە لەسەر ئەرد و هەڕەشەی سزایەک کە لە ئاسماندا ئامادەیی هەیە مرۆڤ و دنیا و خوا دەبینێت؛ خەندانیش لەڕێی تێگەیشتنیەوە بۆ دین و هەندێ شەتەحاتی سۆفیانەوە، وەک سۆفییەک لەڕێی گومانی لە بەرانبەر سزای یاساکردنی دین و مانای گشتی بەزەیی یەوە خوا و مرۆڤ و هەمەڕەنگی جوانییەکانەوە ژیان دەبینێت.

لە یەکێک لە هەرە پەرەگرافە جوان و پر ماناکانی تردا خەندان بە شەوگار دەڵێت:

«مامۆستا، مانای چی خودا کە گەردوونی بەم هەمەڕەنگییە دروستکردووە، هەمەڕەنگی قبوڵنەکات؟ مانای چی خودا خۆی ئەو ئارەزووە مەزنەی هەبووە بۆ خولقاندن، ئارەزوویەک ملیۆنەها ئەستێرە و خۆری لێکەوتۆتەوە، ئارەزوویەک لە حیکمەتی خونچەیەکەوە تا هەموو حیکمەتەکانی دیکەی گەردوونی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئارەزووی خولقاندن و دۆزینەوەی مرۆڤی پێقبوڵنەکرێت؟ مانای چی، خودایەک کە گەردوونی لە جوڵەو نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدا دروستکردووە، دژی هێز و توانای فڕین و نوێبوونەوە و گۆڕان بێت لە مرۆڤدا؟ خودا کە مافی بەخشیوەتە هەموو شتەکان بژین و شوێنیان هەبێت و گەشەبکەن، مافی بەخشیوەتە دڕندەکان جوانی خۆیان، گەشانەوەی خۆیان، ڕەونەقی زیندووی خۆیان ئاشکرابکەن، مافی بەخشیوەتە گیاندارەکان، لە سنووری بوونی خۆیاندا ئازادبن، بۆ دەبێت مافە نەداتە مرۆڤ کە مەزنترین و قەشەنگترین داهێنانی خۆیەتی، یاخود مافە نەبەخشێتە عەقڵ کە سیحراویترین شتی ئەم گەردونەیە، بیربکاتەوە، شتی نوێ ببینێت، گومانبکات، هەڵەبکات؟ مانای چی، ئەوەی ئەم هەموو شێوە جیاوازەی بوونی خولقاندووە، ئەم هەموو مەخلوقە دژ و جودایەی لەسەر زەوی کۆکردۆتەوە، هەرگیزیش نەیگووتوە کە شێرێک لە کەنارییەک پیرۆزترە، کەنارییەک لە میشهەنگێک مەزنترە، بوار نەدات دیانەتەکان پێکەوە بژین، عەبدایەتی قبوڵبکات، لەسایەیدا تەفسیرە جیاوازەکانی دونیا وەکو یەک مافی خۆیان وەرگرن، سەیرکە مامۆستام، من تا زیاتر دەڕوانم زیاتر تێدەگەم کە گەورەترین عەشقی جیاوازی لەم گەردونە گەوردەیەدا خودا خۆیەتی... بۆئەوەی ئەو جەوهەرەش ببینین، دەبێت سەیری هەموو گەردون بکەین، بۆ ئەوەی مەزنی خودا ببینین بەسنییە تەنها بەچەند دێڕێکی ناو کتێبەکانییەوە بگیرسێینەوە، من تەنها یەک کوفر دەبینم، ئەو کوفرەش بچووکردنەوەی یەزدانە بۆ یەک واتا و یەک ووتە و یەک مانا، خودایەرستی گەورەش ئەو کەسە نییە کە بەسەر کتێبەکاندا دەکەوێت، بەڵکو ئەو گیانەیە کە خودا لە گەوردەیی و لایەنە گەردونی و موعجیزە گشتییەکاندا دەبینێت، گیانێکە کە تەنها لە نێوان دێڕەکاندا بۆ خودا ناگەڕێت، بەڵکو لە هەموو جێگایەکدا بۆ مانا و جەوهەری ئەو دەگەڕێت.» (ل ٢٤٨)

ئەم پەرەگرافە پیشاندانی جوانترین دیوی ئەو ژیان دۆستییەیە بۆ دین، بە پێچەوانەی ئەو دەستەڵاتە سزادەر و قیرسچمەیەی کە دەبێتە گەورەترین ترسی مرۆڤ و تابۆیەک، کە ژیان لە هەموو مانا جوانەکانی بێبەری دەکات و تەنها نومێدێک کە دەیهێڵێتەوە بەڵێنەکانی ئاسمانە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: بەختیار عەلی لە ڕێگەی ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە»وە پێماندەڵێت ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە بەردەڕوویان دەبینەوە و دەیانبیستین با نەهێڵین ڕاگوزەرانە تێپەڕن، چونکە لە پشتی هەموو ئەو ڕووداوانەوە دەیەها نهێنی و کۆدی غەریب هەیە، دەرککردن بەو نهێنییانە و کردنەوە و خوێندنەوەیان دەکرێت ببنە بەرهەمە هەرە جوانەکانی ئەدەبیی کوردی.

* ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە، لە نووسینی بەختیار عەلی، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ڕەهەند، ١٩٩٩، چاپی کوردستان.

# ساتیر و هونەری ڕاوەژن

# و

# چەند پەیڤێك

فەخرەدین تایەر

لەم ڕۆژانەدا دوا بەرهەمی ئەدەبیی شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری ناسراو حەمە سەعید حەسەن، کە بریتی یە لە کۆمەڵێک چیرۆکی ساتیر ئامێز، لە دووتوێی نامیلکەیەکی ڕەنگیندا بە نێوی «هونەری ڕاوەژن»[1]، کە لە سوێد لە چاپدراوە، گەیشتە کتێبخانەی کوردیی هەندەران و کەڵێنێکی گچکەی تژی کرد.

بەر لەوەی باس لە دوا بەرهەمی ئەدەبیی نووسەر بکەین، بە پێویستی دەزانین هەر لە دەستپێکدا ئاماژەیەکی سەر پێیی بە «ساتیر» لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی لە لایەک و ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیمان لە لایەکی دیکەوە بکەین.

ساتیر هەروەک ڕوون و ئاشکرایە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا پانتایەکی بەرچاوی لە وڵاتی داهێنانی: سێرڤانتس، ڤۆڵتێر، بەرنارد شۆ، گۆگۆڵ، عەزیز نەسین و داریۆ فۆ و زۆری دیکە داگیر کردووە.

وەڵێ لە نێو ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا، ئەگەر زۆر کۆنیش نەبێ، ئەوە گومانی تێدا نییە، کە زۆر تازەش نییە، دەتوانم بڵێم بناخەی ئەدەبی ساتیر لە بواری شیعر نووسیندا، شاعیری گەورەی کورد «شێخ ڕەزای تاڵەبانی» یە، هەروا مام «هەژاری موکریانی»یش بە هەمان ڕێچکەی ئەودا ڕۆیشتووە و تەواوکەری بووە. بێگومان لە نێوەراستی سەدەی ڕابردووشدا ئەم شێوازە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا باو بووە. مامۆستا «عەلائەددین سوجادی»یش هەوڵێکی لەم جۆرەی لە (ڕشتەی مرواری)یەکەیدا بەدی دەکرێت، هەربۆیە هەتا ئێستاکەش تامو چێژی خۆی هەیە و کۆن نابێت. هەڵبەتە لە خواروو کوردستاندا کەم تا زۆرێک هەوڵی لەم جۆرە بەردەوام بووە، هەربۆیە دەبینین لە دوای ڕاپەڕینیش مامۆستا «مەحمود زامدار» لە شاکاری «کۆمیدیای کەرایەتی» دا جێ پەنجەی بە ئەدەبیاتی کوردییەوە دیارە. هەر چەندە ماوەیەکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، لە نێو نووسەرانی ئەوێدا بە «تەنز» ناوزەد کراوە و گەلێک لە نووسەرانی ئەو بەشەی کوردستان سەرقاڵی ئەو جۆرە نووسینانەن، کە زێدەتر باس لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. لە کۆتایی هەشتاکاندا هونەرمەندی شانۆکار دکتۆر «فازڵ جاف» لە ئەورووپا بە گشتی و لە سوێدیش بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی شانۆنامەکاندا کە خۆی ئامادەیان دەکا، بەتایبەتی لە دەقەکانی شانۆنووسی پۆڵۆنی «سلاڤۆمیر مرۆژێک» دوە وەریاندەگرێ، زۆر هونەرمەندانە لە نێو دەقە شانۆنامەکانی وەک «گێژەن، ڕووتبوونەوە، دووپێغەمبەر» دا، دیالۆگی شانۆنامەکانی بە شێوازی ساتیر ئامێز دارشتۆتەوە و هەر لەبەر هەندێ بینەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و ماوەیەکی دوور و درێژیش ڕووداو و دیالۆگی نێو شانۆنامەکانی دکتۆر فازڵ جاف لە زەینی بینەری شانۆنامەکانیدا دەمێننەوە و وەندا نابن. شێوازی ساتیر لە شانۆنامەکانی دکتۆر فازڵ جاف دا، پێ بەندە بە ڕێچکەیەک لە ئێستێتکای شانۆدا بە (گرۆتێسک) ناودەبرێت. دیارە ئەمەش بۆ خۆی شێوازێکی نوێ یە لە شانۆی کوردیماندا. زێدەڕۆیی و پێوەنان و تیژکردنی حاڵەتە دراماییەکان، ڕوالەتی لە ماسک و دەمامک حەشاردراوی کەسانی دراماکە، سیفەتی ئاشکرای (گرۆتێسک)ن.

لە بواری نووسینی ئەدەبیشدا نووسەری ناسراو «حەمە سەعید حەسەن» مان هەیە کە سەرقاڵی نووسینی «ساتیر»ە. لە دەستپێکدا نووسەر بە ساتیرە شیعر دەستی پێکرد و بەو دوایەش جڵەوی ئەسپی خەیاڵی بەربڵاوی خۆی بۆ ساتیرە چیرۆک شل کردووە، لەو بارەوەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. بەر لەوەی باس لە ساتیرەکانی نووسەر بکەین. بەباشی دەزانم بە کورتی پەیڤی ساتیرلە ئەدەبدا شرۆڤە بکەم. ساتیریش هەروەک ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، بریتی یە لە نووسینێکی ئەدەبی کە بە زمانێک دەنووسرێت، تێکەڵاوە لە نێوان زمانی پەیڤینی ڕۆژانە و زمانی نووسینی ئەدەبیی و هەر لەم نێوانەدا دێ و دەچێت. هەر وەک نووسەر حەمە سەعید حەسەن دەبێژێ:

«گاڵتەئامێزانە باس لە شتە هەرە جیدییەکان دەکات و بەکلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە، تا هۆش بچێتە ژوورەوە. ساتیر بتی داب و نەریتی دێرین دەشکێنێ، ئابڕووی پارێزەرانی ڕەوشتی زاڵ دەڕووشێنێ و خوازیاری ئەوەیە ئینسان سەر بۆ فیکری سەروەر و واقیعی باو نەوی نەکا».[2] هەربۆیە نووسەر لەو گۆشەنیگایەوە دەیەوێ پێمان بڵێت کە ساتیرەکان ئەوها دەنووسم، یان ئەو لەو باوەردایە کە بەرهەمی ئەدەبی، نەک هەر دەبێ پێوەندییەکی قووڵ و پتەوی بە واقیعەوە هەبێ، بەڵکوو دەبێ بەشداری لە گۆڕینیشدا بکا، هەر بۆیە پێیوایە کە ڕۆمانی (کووخەکەی مام تۆم) یاسای ئەمریکای سەبارەت بە کۆیلە گۆڕیوە...!!

هەر لەبەر هەندێش نووسەر لەسەرەتاوە بە زمانی شیعری ساتیر ئامێز هەوڵیداوە کە خەو لە چاوی جەللاد بتۆرێنێ، بە پێچەوانەی ئەوانەی

شیعرفرۆشن و خەو بەوەوە دەبینن کە جەللاد بە شیعرەکانیان سەرسام بن.

«حەمە سەعید حەسەن»ی نووسەر لە نووسینێکی دیکەی دا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بۆ چ مەبەستێک دەنووسێ و لە یەکێک لە پەرەگرافی نووسینێکیدا، هەڵوەستەیەک دەکەین و بەم جۆرە ڕامان و دیتنەکەی دەخوێنینەوە کە دەبێژێت:

«من بۆ ئەوانە دەنووسم ئامێزی گەرموگوڕی دڵیان بۆ شیعرەکانم ئاوالەیە. من دژی ئەوانە دەنووسم لە چرپەی شیعرەکانم دەترسن».[٣]

نووسەر لەو بەرهەمەیدا کە بە شێوازی ساتیرەچیرۆک بڵاوی کردۆتەوە، زۆر وەستایانە و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ نێوەرۆکی چیرۆکەکانی بە خەیاڵێکی بەربڵاوی نەدەبی گاڵتە ئامێز کردووە و ئەوندە جوان گەمەی بە پەیف و زاراوەی زمانی شیرینی کوردی دەکا و ئەسپە شێتی خۆی لە بواری نووسیندا زۆر بە کوردییەکی پاراو تاوەدا، کە خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی تێر نابێ. لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوی نێو ساتیرەچیرۆک ئامێزەکانیدا، خوێنەر هەست بەوە دەکا کە باس لە ژیانی کەسێکی دیاریکراو دەکا و هاوکاتیش باس لە هەموو جۆرە کاراکتەرێکی نێو کۆمەڵ دەکا، کە خودان ڕەوشت و خەسڵەتی لەو جۆرەن. هەربۆیەش کەسانی خودان خەسڵەتی لەو جۆرە کە خۆیان لە نێوەرۆکی ساتیرەچیرۆک ئامێزەکانیدا دەبینەوە، خەو لە چاویان دەهەڕمێ و هەر ژبەر هەندێ بەم لاو ئەو لادا هەردەم هەڵپەیانە.

ئەوەبوو نووسینەکانی ئەم دواییەی نووسەر و نامیلکەی «هونەری ڕاوەژن» یش بە تایبەتی زێدەتر بازاڕی خوێندنەوەی کوردی لە ئەوروپا بە گشتی و لە سوێد بە تایبەتی گەرم و گوڕتر کرد.

«حەمە سەعید حەسەن»ی شاعیر و نووسەر هەتا هەنووکە، شێوازێکی ئەدەبیی بەرچاوی لە نووسیندا بۆ خۆی گرتۆتە بەر کە لە نووسەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە. هەردەم هەوڵدەدات نووسینەکانی بە گشتی و ساتیرەکانی ج شیعر، ج چیرۆک بە شێوەیەکی تایبەتی، ڕچەشکێن بن. هەربۆیە دەبینین کە خۆشی لەوباوەڕەدایە کە نابێت نووسینەکانی ڕۆڵی بەرد ببینن. لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە لە پەرەگرافێکی نووسینێکی دیکەیدا هەڵوەستەیەک بکەین، کە نووسیویەتی: «بەرد تەنیا بۆ دروستی بەردار دەهاوێژێت، حەز ناکەم هیچ سەرنجێکم ڕۆڵی بەرد ببینێ، ئەوی وەک بەرد بۆچوونەکانم دەڕوانێ، با ڕەخنە لێگیراوەکەیش وەک دروختێکی بەردار سەرنج بدات».[٤]

لە دوماهیدا بە چاکی دەزانم پێرۆزبایی و دەستخۆشی لە برای نووسەر حەمە سەعید حەسەن بکەم، کە لە دوا بەرهەمە ئەدەبییە گرانبەهاکەیدا، کە بەراستی لە خوێندنەوەی هیچ یەک لە ساتیرە چیرۆک ئامێزەکانیدا، کە بەشی زۆری پاڵەوانەکانی کەسانێکن لە زادەی خەیاڵی نووسەر، تێر نابێت. یان بە شێوەیەکی دیکە کەسانی سەردکی کە نووسەر وەک پاڵەوانی نێوەرۆکی هەر چیرۆکێکی نمایشیان پێ دەکا، لەمەودا کۆمەڵایەتیەکەدا، دەبنە هێما و ڕەمز بۆ گوزارشتکردن لە زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی. نموونەکان زۆرن، وەک شاعیری دەبل مۆرال و نووسەری موزایەدەکەر لە بواری سیاسەتدا. یان نیمچە شاعیر و نائیب ئەدیب و چەرچی ئەدەب، ئەوانە لە کەسایەتی کامیل حەقیبە و

کۆیلەی دڵۆڤان و ڕەحمان قەرەتەپەیی و شاعیری بیرەوان دا، خۆیان دەنوێنن. ئەم کەسانە چیرۆک دوای چیرۆک سیمایان ڕوونتر و ڕوخساریان تۆختر و باری سایکەلۆجیان لە بیری خوێنەردا کامڵ تر خۆیان دەنوێنن. ئەمەش سیفەتێکی سەرەکی چیرۆک نووسینە لە داهێنانی کەسانی زیندوو لە بواری نووسیندا. بۆنموونە ڕەحمان قەرەتەپەیی و ئەوانی دیکە، هەست دەکەی بوونەتە کەسایەتییکی ساتیر ئامێزی دەوڵەمەند، کە دەکرێ لە داهاتوودا بگوازرێنەوە بۆ جیهانی شانۆ و فیلمی سینەما. خوازیارم خامە بە برشتەکەی بەرێزیان و هەروا خەیاڵە بەربڵاوەکەی لە بواری ساتیری چیرۆک ئامێزدا لە بردو دابێ، بریا کاک حەمە سەعید حەسەن ژیانی نەدەبی خۆی لە ئەمڕۆ بە دواوە تەنێ بۆ چیرۆکی ساتیر ئامێز لەلایەک و ڕەخنەی نەدەبیش لەلایەکی دیکەوە تەرخان دەکرد و بازاڕی خوێندنەوەی کوردی زێدەتر گەرم و گوڕتر دەکرد و کتێبخانەی کوردیشی تژی دەکرد لە بابەتی مروار ئاسای نەدەبی بەرز و بێ وێنە...

ئومێدەوارێشم لەسەر هەڵوێستە نووسیندا هەروەک خۆی نووسیویەتی بەردەوام بێت و کە دەڵێ : «کە دەنووسم بەرژەوەندی و سیاسەت و سۆزی هیچ ڕژێم و پارتی و سوڵتانێک لەبەر چاو ناگرم، دەزانم هۆکارێکی ئەوەندە کاریگەرییە، هەردس بە ڕژێم و کۆتایی بە ژیانی سوڵتان بهێنێ، بەڵام دەتوانێ سەرە بزووتکی پەنجەی بە چاوی چەوسێنەراندا بکا. منیش وەک "هێرمان هیسە" ئەوەندە پەسند دەکەم بە دەستی فاشستەکان بکوژرێم نەک بیمە فاشست».[٥]

**سەرچاوەکان:**


١) هونەری ڕاوەژن، حەمە سەعید حەسەن، چاپی یەکەم ٢٠٠٠، ماڵموێ.

٢) ساتیر، دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم،حەمە سەعید حەسەن.

٣) کۆمەڵە شیعر، لە سایەی چەقۆدا، حەمە سەعید حەسەن.

٤) ڕەخنەی نەدەبی، با سوێسکەی شیعر بە شەواڕە نەکەوێ، حەمە سەعید حەسەن.

٥) ٣) کۆمەڵە شیعر، لە سایەی چەقۆدا، حەمە سەعید حەسەن.

# کتێبی تازە لە کتێبفرۆشی هەرزان




- حەفت هەرێمی باکووری کوردستان
- نووسەر: مەهاباد کوردی
- بابەت: لێکۆڵینەوە (١٦٨ لاپەڕەی مامناوەنجی)
- چاپ: بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، ٢٠٠٠

- گومانە یاخێکانی کەلات (ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر)
- بابەت: ڕۆمان (١١٢ لاپەڕەی مامناوەنجی)
- نووسەر: سەلام عەبدولا ئیبراهیم
- چاپ: چاپی ئێکێ، بەرلین ٢٠٠٠

## کوردی:

١) ژان و ژیان، د. حوسێن خەلیقی، بەرگی دووەم، ٣٤٠ ل.

٢) فەرهەنگی سویدی ـ کوردی (٥٠٠٠ وشە، ڕێڕکفت) ٣١٦ ل.

٣) ژیان و جیهانبینی، مەسعوود محەمەد، ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی، ٢٣٤ ل.

٤) کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، وەرگێڕانی S. K، ١٦٨ ل.

٥) مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا: ژیلا. ف ، تەیفور، چاپی هەرزان، ٢٢٨ ل.

٦) دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، ئامادەکردن: ئومێد کاکەڕەش، ٢٩٦ ل.

٧) دیوان و شەرحی حالی شێخ ئەحمەدی کۆر(موکریانی)، عەزیزی موحەمەد پوور (داشبەندی)، پێداچوونەوە: مامۆستا هەژار، ٤٢٠ ل .

٨) جغرافیای تاریخی کوردستان، جلال الدین شافعی کورد، ١٠٢٠ ل.

## فارسی:

١) کرد، تاریخ، زبان، فرهنگ: ولادیمیر مینورسکی، ترجمه: محمد رئوف توکلی، ١٤٤ ل.

٢) تاریخ تصوف در کردستان، تالیف و تحقیق: محمد رئوف توکلی، ٣٨٤ ل.

٣) اوضاع سیاسی کردستان (از سال ١٣٠٨ تا ١٣٣٥)، ٤١٦ ل.

٤) آخرین مستعمره: بحران کردستان ترکیه از آغاز تا کنون، بشوار الیما، ١٩٢ ل.

٥) سازهای کرد، مولف: علی اضغر نصراله‌پور، پیشگفتار: بیژن کامکار، ٢١٦ ل.

٦) چپ در ایران به روایت اسناد ساواک ــ حزب دموکرات کردستان ــ جلد اول، ٤٩٢ ل (ضمیمه ٤٤ شماره سند).

٧) نگاهی به تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ٥٦٤ ل.

٨) آشپزی کردستان ــ له سەر خوانی کوردەواری، ٣٦٠ ل.

**KITAB-I ARZAN**
**Helsingfors g 15**
**164 78 Kista - Sweden**
**Tel & fax. +46 (0)8 752 77 09**
**Mobil: +46 (0)8 492 69 24**
**Akalla: Helsingfors g 15 :(besök) نادرێسی سەرلێدان**
**e- postadress:** kitab.i.arzan@jonkoping.mail.com

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 28 Summer 2000 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
No 28 Summer 2000

لە بڵاوکراوەکانی "کتێبی هەرزان" :

## تاپۆ و بوومەلێڵ

سواره ئیلخانی زاده



**KITAB-I ARZAN**
**Helsingfors g 15**
**164 78 Kista - Sweden**
**Tel & fax. +46 (0)8 752 77 09**
**Mobil: +46 (0)8 492 69 24**
**Akalla: Helsingfors g 15** :(besök) ئادرێسی سەرلێدان
**e- postadress**: kitab.i.arzan@jonkoping.mail.com